کوراسەی فەرمی
ژمـرە / ١

نابێـت ئـەم کوراسـەیە بـەکاربهێنرێت
لەدەرەوەی هێزە چەکـدارەکـان

# کوراسەی
# فێرکردنی جوڵەکانی نمایش و پاسەوان
# بۆ هەموو ڕشتەکان

ئامادەکردنی


مقدم
فاروق حسن محمد

عقید
گوهدار محمد سعید

## پیشکەشە بە :-

١- هەموو ئە و شەهیدانەی دەرچووی کولیەی عەسکەری قلاچوالان بەهەموو خولە کاینەوە.

٢- هەموو ئەوماندونەناسانەی کەدەستیان هەبووە لە دامەزراندن وبەڕێوەبردنی کولیەی عەسکەری .

٣- هەموو ئەوانەی هاوکاریان کردوین لەم کارەدا.

# فــەرمــان

ئەم کوراسەیە ئامادە کراوە بـۆ مەشق پێکردنــی هـەموو هێـزە چـەکدارەکان بۆیـە پێویستە لەسەر هەمووان بە ووردی پابەند بن بە بڕگەکانی یەوە .

وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری پێشمەرگە
تشرینی یەکەم / ۲۰۰۷

شێخ جعفر شێخ مصطفی
وەزیری هەرێم بۆکاروبـاری پێشمەرگە

# بەشی یەکەم

**پێشەکی :**

مەبەست لەمەشقی عەسکەری بنەڕەتی بەهێزکردنی ملکەچی خۆیی ( الطاعة الغريزية ). لەلای سەربازدا کە هانی دەدات فەرمانەکان لە هەموو کاتێکدا جێ بەجێ بکات , لە ڕابردوو دا سەلمێنراوە کە بنەمای دسپلین لەکاتی جەنگدا وەستاوە لەسەر مەشقی عەسکەری بنەڕەتی .

جێ بەجی کردنی مەشقی ڕاست بە باشی دەبێت سەرپەرشتی بکرێت لە نزیکەوە ئەویش پێویستی بە چاودێرییەکی وورده بۆ ئەوەی رابهێنرێن بۆ ملکەچی و ووریا بوون هەروەها بۆ ڕێکخستنی ئاستی جێ بەجی کردنی هەر ئەرکێك لەلایەن هەر یەکەیەکەوە وە بەهێز کردنی متمانەی لە نێوان فەرماندەو ( الآمر ) و ئەفسەران و کارمەندانی خوار خۆی کە ئەویش زۆر پێویستە بۆ ووره‌ی یەکەکان .

مەشقی باش و ئاستی بەرز تەنها لە گۆڕەپانی نمایش و بۆنە و ئاهەنگەکاندا فێرکرێت , وە پێویستە لەسەر فەرماندەکان چاوپۆشی نەکەن لە جوڵانەوەیەکی خاو یان جوڵەیەکی ناڕاست ئەگەر لە کاتی مەشقی ( مستجد ) دابێت یان لە دوای مەشق بێت لەبەر ئەوەی ئاستیان دادەبەزێت وە ڕاپێچیان دەکات بۆ داب و نەریتی خراپ تر .

ئەم کوراسەیە چاپکراوە بۆ پێدانی هەموو مامۆستایەکی مەشقی بنەڕەتی بۆ هەموو ڕشتەکان , وە پێك هاتووە لەچەند بەندێك هەر بەندێك پەیوەستەبە بابەتێکی مەشق , وە هەربەندێك ڕێکخراوە بە پێی ( سياق المنطقي ) سەلمێنراوە بەگونجاندنی بۆ دووبارەکردنەوە ( ممارسة ) وە هەر بابەتێك دابەش کراوە بۆ چەند جوڵەیەکی تاکی ( الحركات المنفردة ) هەروەها ئاماژەی بە هەڵە بەربڵاوەکان داوە ( أخطاء الشائعة ) وە ڕوونکردنەوەی بە جوڵە ڕاستەکان داوە بە دوور و درێژی .

## بەندی – ١ -

## پێناسەکان

* هێڵی پێکێنان ( خط التشكيل ): هەموو هێڵێکی ڕاست یەکەیەکی سەربازی لەسەر پێک دەهێنرێت وە لەسەری ڕادەوەستێت پێشەنگی یەکەکە .

* ڕەتڵ ( الرتل ) : کۆمەڵە یەکەیەکی سەربازین کە لەسەر هێڵەکانی پێکهێنراو کە تەریب و یەك لە دوای یەکن . وە ئەم یەکانە هەر یەکەیان لە دوای یەکەیەکی ترەوەیە ئەگەر هاتوو ڕووەکەیان گۆڕی بە گۆشەیەکی وەستاو بۆ یەکێك لە لایەکان هەموویان نەبن بەنەسەق ( بفرجة ثلاثة بين قطعة و خرى ) .

* ڕەتڵی ڕۆیشتن ( رتل المسير ) : ئەو ڕەتڵەیە کە ژمارەی سەربازەکانی لە سیان تێناپەڕن وە لە تەنیشت یەکەوەن لە هەر بەشێك لەبەشەکانی وە لە ناویاندا ئەفسەرو ئەفسەری پۆل .

* ڕەتڵی سیانی ( رتل ثلاثي ) : ڕەتڵی ڕۆیشتوو کە ئەفسەرێك یان ئەفسەری پۆل پارێزگاری لە شوێنەکانیان دەکات , بێجگە لە فەرماندەی ڕەتڵ کە لە پێشەوەی یەکە یان یەکەی لاوەکی دەڕوات .

* ڕەتڵی ڕێکخراو ( الرتل المنظم ) : ئەو ڕەتڵەیە کە ماوەی نێوانیان کەم کراوەتەوە بۆ کاتی پێویست .

* زەکا : بریتی یە لە دوو ڕیزی سەرباز کە تەریبن بە یەك وە لە دوو دوو سەربازن .

* زەکای تاك ( الزكا المفرد ) : لە ڕوو سەربازێك و یەك لە دوای یەکن وە دووری نێوانیان دووری ڕۆیشتنی ئاسایی یە .

* زەکای ناتەواو ( زكا الناقص . زكا المنحل ) : دوو ڕیزی سەرباز تەریب بەیەك بە شێوەی تاك و کۆ وەستاون ( المتفاوته ) .
* یەکەی ئاراستەکراو ( القطعة الموجهة ): ئەو یەکەیە یە یان یەکە لاوەکی یە ڕێڕەوی و هەنگاو پێکهێنانی لێ وەرگیراوە .
* لا ( الجانب ) : دوو ڕووی جیاواز بۆ پێشەوە و بۆ دواوە لە هەر یەکەیەکی سەربازی .
* لای ئاراستە کراو ( الجانب الموجهة ) : ئەو لایەیە کە یەکەکان لەسەری دەڕۆن یان ڕێك دەبن .
* لای ناوەوە ( الجانب الداخلي ) : نزیکترین لایە لە لاکانی ئاراستە کراو وە دەست ئەدات وەکو ( ه حور ) ئەگەر یەکە پێویستی بەگۆڕینی ڕووەکەی بوو .
* لای دەرەوە ( الجانب الخارجي ) : ئەو لایە یەکە بەرامبەر لای ناوەوەیە یان لای ئاراستە کراو ( پێ ی دەوترێت لای هەڵگەڕاوە ) .
* گۆڕینی ئاراستە ( تغير الناصية ): ڕێگایەکە بۆ گۆڕینی ئاراستە بە شێوەیەکی جیاواز لە لادان .
* ڕوو ( الجبهة ) : ئەو ئاراستەیەیە کە یەکەکان ڕووی تێ دەکەن یان ئە جوڵێن بەرەو ڕووی لە کاتێکی دیاری کراو .
* پێش ( الواجهە ) : ئەو ڕووبەری زەوی یەیە کە یەکەکان بە کاری دەهێنێنن ( اشغالاً صفحياً ) .
* نسق ( النسق ) : کۆمەڵێك سەرباز لەسەر هێڵێکی پێکهێنان .
تەنیشت ( الصفحي ) : هەر شتێك لاتەوە بێت .
* لادان ( الانحراف ) : ئەو لادانەیە کە بۆ لاو و ڕوو لەیەك کاتدا دەبێت بەبێ ئەوەی گۆڕان بەسەر هێڵی پێك هێنانی بنەڕەتیدا بێت .

* دووری ( المسافة ) : ئەو نێوانەیە لە نێوان سەربازێك بۆ سەربازێكی تر یان یەکە یەك بۆ یەکەیەکی تر , وە پێوانە دەکرێت لە پێشەوە بۆ دواوە .

* قوڵی ( العمق ) : ئەو ڕووبەرە بە کارهێنراوەیە لەلایەن یەکەیەکی سەربازی یەوە لە پێشەوە بۆ دواوە .

* شاردنەوە ( الاستتارة ) : وەستانی یەکەیەك لە دوای یەکەیەکی ترەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ .

* سوڕانەوە ( الاستدارة ) :ئەو جوڵەیەیە کە یەکەیەکی سەربازی ڕووی خۆی دەگۆڕێت , بە پاراستنی ماوەی نێوانیان .

* نێوان ( الفرجة ) : نێوان سەربازێك یان یەکەیەکی سەربازی کە لەسەر یەك هێڵی پێك هێنان بن , وە پێوانە دەکرێت لە لاوە بۆ لا , وە پێوانە دەکرێت لە نێوان یە کە پیادە ڕەوەکاندا لە ئەنیشکەوە بۆ ئەنیشك , بۆ هەر سەربازێك بە درێژی ( ٦٠ ) سم ئەگەر سەربازەکان وبە دوو ڕیز وەستا بن , وە بە درێژی قوڵێکی بەنجە دخراو ئەگەر بەسێ ڕیز وە ستابن .

* ڕێك بوون (التراصف): وەرگرتنی هێڵێکی پێکهێنراو بە شێوەیەکی ڕاست .

* ڕیز ( الصف ) : نەسقێکە لە سەرباز وە ستاون یان ڕێ دەکەن لە تەنیشت یەکەوە .

* ڕیزی ئەفسەرە پۆلەکان ( صف العرفاء ) (ضابط الصف ): ئەو ئەفسەری پۆل جوڵاندنەیە کە ڕیزی سێ یەم دروست دەکەن لە ڕیزەکاندا , وە ڕیزی چوارەم دروست دەکەن لە ڕەتڵی سیانی .

* پێشڕەوەکان ( القدوات ) : ئەو سەربازە بەکارهێنراوانەن کە لە هەندێ کەشی تایبەتدا بۆ ئاماژە پێکردنی ئەو خاڵە دیاری کراوانەی کە لێوەی

جوڵەیەکی فێرکراو یان بە هۆیەوە ڕێکخستنی پێکهێنان ( تشكيل ) یان هێڵی پێك هێنان ( خط التشكيل ) دەکرێت .

* کتله (الكتلة) : ئەو فەوجەیە کە سریەکانی بە شێوەی ڕەتڵی فەصیل وە ستاون ( رتل فصائل المنظمة ) بە پێوانەی پێنج هەنگاو لە نێوان هەر سریەیەکدا .

* هەنگاو ( خطوة ) : پێوانەیەکە بۆ دووری و خێرایی جوڵە بە گوێرەی پێ ( نمونه ٧٥ سم بۆ ڕیزکردنەوە ) زیادکردنی دووری لە نێوان ڕیزەکان بۆ مەبەستی نمایش کردن یان پشکنین .

* قۆڵ (المحور) : ئەو ڕووەیە کەوا یەکەی سەربازی لەسەری دەسوڕێتەوە وە ئەو سەربازەی کە لەلای سوڕانەوە یە دەناسرێت بە سەربازی قۆڵ ( جندي المحور ) .

## بەندی - ٢ -

## زانیاری بۆ مامۆستاکان

مەبەست لە فێرکردن و ئاستی بەرپرسیارێتی بەرپرسیاران لەسەر ئاوەدان کردن و پەرەپێدانی ئاستی بەرزی پێویست گرنگی خۆی هەیە باس کراوە لە پێشەکی ئەم کوراسەیە بۆیە بەرپرسیارێتی مامۆستا لەمەشق دەربارەی سەربازەکانی تازە پێویستە گرنگی پێ بدرێ . بۆیە ئەم کوراسە دانراوە بۆ یارمەتیدانی هەر مامۆستایەك لە هەمان کاتدا بۆ یارمەتیدانیان بۆ مەشق پێ کردنی مامۆستایانی تازە .

## بەندی - ٣ -

## ڕووکەشی مامۆستایان

١. لەبەر ئەوەی مامۆستا لە هەموو ڕوویەکەوە چاوی لەسەرە بۆیە ڕوو کەشی مامۆستا گرنگی زۆری هەیە لە هەموو کاتێك دا , وە پێویستە جل و بەرگ و سیمای بە جوانترین شێوە بێت .

٢. پێویستە لەسەر مامۆستا بە شێوەی ( ووریا بوون ) ڕاوە ستێت لە کاتی مەشق پێکردنی ( رهط ) , پێویست بە جوڵەی زیاد ناکات لە کاتی دەرکردنی ( أیعاز ) یاخود لە کاتی ڕوونکردنەوە .

٣. هاتووچۆ لە کاتی فێرکردندا باش نی یە یاخود هەڵەیە .

٤. پێویستە ڕوونکردنەوەی ( حرکات ) جوڵانەوە بە شێوەیەکی زۆر باشتر بێت , لە کاتی ڕوونکردنەوەی جوڵەی ( تفەنگ یان دار ) پێویستە ئەنجام بدرێت بە شێوەی پرسیار .

٥. نابێت جوڵەی تفەنگ بە دار بکرێت یاخود بە داری پێوانی هەنگاوەکان .

٦. پێویستە ڕۆیشتنی مامۆستا گونجاو بێت لەگەڵ ڕۆیشتنی یەکەکەی .

٧. نابێت مامۆستا ووشەی ناشرین بڵێت .

٨. بۆ بەردەوام بوونی ئاسێتێکی باش بۆ بەژنی ( قیافە )ی مامۆستاکان پێویستە بەردەوام ( بپشکنرێن ) .

٩. پێویستە مامۆستا ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەی تێدا بێت .

أ. پشوو درێژی : نابێت مامۆستا کۆنترۆڵ ( اعصاب ) ی خۆی لە دەست بدات .

ب. بۆ پێشەوە چوون ( اندفاع ) : پێویستە مامۆستا حەز و سوور بوونی هەبێت لە سەر فێرکردن .

ج. سووربوون ( اصرار ) : پێویستە مامۆستا ئاستێکی دیاری کراو بۆ خۆی و سەربازەکان دابنێت و و کاری بۆ بکات .

د. مرۆڤایەتی : پێویستە مامۆستا زانیاری هەبێت لەسەر سەربازەکانی خۆی وە چارەسەر کردنی کێشەکانیان کارێکی زۆر گرنگە وە نابێت هیچ کەسێکیان تانە یان ( إهانە ) لێ بدرێت .

ه. کەسێتی : پێویستە ( کەسێتی ) مامۆستا زاڵ بێت لەسەر ( رهط ) ە کەی ئەویش بەزانیاری باش و هەڵسوکەوتی بەرپرسیارانە و گونجاو وە کۆنترۆڵی ( رهط )ەکەی بکات بەپاکی و خوورەوشتی باش .

## بەندی - ٤ -

## چۆنیەتی بەدەست هێنانی بەرزترین کاریگەری لە ( رهط )

١. لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤایەتی ماوە وەکو خۆی بۆیە دوو شتی پێویستمان هەیە ئەبێ ڕەچاو بکرێن یەکەمیان ئارەزووی زیرەکی کە هەیە لە لای مامۆستا دووەمیان ووشیارکردنی ( رهط ) لەسەر دەربڕینی ئاستێکی زۆر بەرز لەسەر توانای مامۆستا دەوەستێت لەبەر ئەوەی فێرکردن شتێکی ئاسان نی یە .

٢. بەپێی خاڵی یەکەمی سەرەوە سەربازەکانی (رهط) بە پەلە ئاستی تۆ دەزانن هەروەها ئاستی خۆیان، هەروەها بەپەلە خەسڵەتەکانی تۆ شارەزادەبن .

( رهط ) توانای هەیە یاخود ئەبێ بگونجێ لەگەڵ مامۆستا وە نابێت ئەم پەیوەندییە تێك بچێت پێویستە ( رهط ) لە پێناوی تۆدا کار بکات وە پێویستە تواناش هەبێت بۆ هاندانیان بۆ ( مەشق ) کردن بە پێی زیرەکی تۆ کە مامۆستای بە پێی پێویست وە بەرکارهێنانی نەرمی لە گەڵیاندا لە کاتی پێویست ئەبێ سنووردار بێت وە پێویستە لەسەر مامۆستا کە بزانێت کەی توندوو تۆڵی بەکاردەهێنێت ئەویش نابێت لەسەر حسابی فێرکردن دا بێت لەبەر ئەوەی مەبەستی مامۆستا بە پلەی یەکەم فێرکردنی ( رهط )ە لەگەڵ ڕەچاوکردنی تواناکانیان وە فێریان بکات چۆن دەبنە خاوەن دیسپلینێکی باش بەقەدەر دیسپلینێکی تۆ وەکو مامۆستا .

٣. لەسەر مامۆستایان پێویستە بزانن فێرکردنی زۆر کاریگەر ئەبێ بە هۆی چاو ( بینین ) بێت . وە ئەتوانین بڵێین کە ئەنجام دانی ڕوونکردنەوە یەك ( أيضاح ) یاخود خۆ پیشان دان ( مظاهرة ) کاریگەر ترە لە هەر قسە کردنێك بە پێی کارپێکردن .

پێویستە مامۆستا کۆمەڵێك ووشەی کورت و بە سودی پێبێت کە بتوانێت بەهۆیانەوە کاریگەری لەسەر ( رهط ) ەکەی هەبێت کە وا وێنە بکات (بحيث يتصورن ) کەشێکی نەریتی ( إيجابی ) و ڕوونیان هەبێت پێویستە لەسەریان جێبەجێ بکەن .

## بەندی – ٥ –

## ڕاستکردنەوەی هەڵەکان

هەڵـەی ئـەنجام دراو لەلایـەن مامۆسـتاوە دەبینرێـت لەلایـەن ئەفسەری (اقـدم ) وە یـان جێگـر ئەفـسەری سەرپەرشـتیار لەسـەر مەشـق ڕاسـت دەکرێتـەوە لەلایەنیانـەوە وە پـێش ئـەوەی مامۆسـتا گۆڕەپـانی نمـایش بەجێ بهێڵێت وە پێویستە مامۆستا دیسپلین و وە فاداری خۆی دەربڕێت بۆ سەروو خۆی لە کاتی ڕاست کردنەوەی هەڵەکان .

## بەندی – ٦ –

## شێـوازی فـێرکـردن

١. ( رهط ) بەشێوەیەکی نیو بازنـە یاخود ( مربع ناقص ضـلع )لە دەوری خۆت دروست بکە .

٢. بابـەتی مەبەسـت و هۆیەکـەی بەشـێوەیەکی ئاسـان بـە ( رهـط ) ڕابگەیەنە .

٣. هەسـتە بـە ڕونکردنـەوەی تـەواو بـۆ بابەتـە کـە لەگـەڵ ڕەچـاو کردنـی کات .

٤. ڕوونکردنەوە بە ژماردن بکە ئەگەر بکرێت هەر جوڵەیەك لەیەك کاتدا چارەسـەر بکـە وە ( رهـط ) ڕابهێنـە لەسـەری پـێش ڕۆیـشتن بـۆ جوڵـەی داهاتوو .

٥. لەکاتی ڕوونکردنەوە ( أیضاح ) ( هەڵە بەربڵاوەکان ) بۆ ( رهط) دیاری بکە .

٦. پێکهێنانێك بۆ ( رهط ) دیاری بکە وە ڕایان بهێنە لەسەر جوڵەکان ( حرکات ) بە ژماردن وە دوایی بە لەبەر چاوگرتنی کات هەڵەکان ڕاست بکەرەوە ئەگەر هەبوون .

٧. زیاتر ڕایان بهێنەو سەرپەرشتی جوڵەکانیان بکە لە هەر شوێنێك و هەر کاتێك .

پرسیارەکان

٨. پێویستە لە نێوانی هەر ڕاهێنانێك پشوویەکی کورت بدرێت بە( رهط ) بە تایبەت لە کاتی قۆناغەکانی یەکەمی مەشق پێکردن ( مستجدین ) لەکاتی وەستانی ( رهط ) بە شێوەی پشوو ( راحة ) پێویستە لەسەر تۆ پرسیاریان لێ بکەیت نەك لەسەر کاروباری یەکە بەڵکو لەسەر کاروباری یارمەتی و مۆڵەت دان و فەرمانە جێگرەکانی یەکە وە پێویستە لەسەر ئەفسەران کە دڵنیا بن ماموستاکان ئامادەن بۆ ئەمە .پێویستە ماموستاکان سەرپەرشتی بکرێت بە شێوەی ( هونەری پرسیارکردن ) ( فن القاء الاسئلة )

٩. فێرکردنی ڕێکخراو ( تعلیم منظم ) دەکرێت بەردەوام بە شێوەی ( فتح النظام ) کردنەوەی ڕیز بە نێوانی گونجاو بە( نسق ) .

١٠. ڕێکخستنی باڵاکان شتێکی گرنگە لەکاتی فێرکردنی ڕێکخراودا .

## بەندی – ٧ –

## ایعـــــازەکــــان

١. ئەبێ ( أیعاز ) دەربکرێ بە شێوەی توند و ڕوون و ئاشکرا بۆ ( رهط ) چونکە بەو شێوەیە کاریگەری هەیە لەسەر جێ بەجێ کردنی .

٢. ( أیعاز ) دابەش دەکرێت بۆ :

أ. پێشەکی : ئاگادارکردنەوەی ( رهط ) یان یەکە بۆ هەر جوڵەیەك کە دەتەوێت بۆ نموونە ( پێشڕەوی ڕەتڵ لە ڕۆیشتندا بۆ لای ڕاست ) .

ب. ئاگادارکردنەوە ( أخبار ) بۆ ئامادە کردنی ( رهط ) یان یەکە لە بیری خۆیدا بۆ هەر جوڵەیەك نمونە بۆ ڕاست ( الى اليمين ).

ج. جێ بەجێ کردن ( أجراء ) : دەبێت بەدەنگێکی بەرزو بە شێوەیەکی کورت کە بشێت بۆ جێ بەجێ کردن نمونە وەرگەڕێ ( در ).

٣. هەموو کاتێك پێویست ناکات پێشەکی بوترێت بۆ نمونە ( رهط بوەستە ) ( رهط قف ) .

٤. پێویستە نێوانێکی کاتی هەبێت لە نێوان ئاگادارکردنەوە و جێ بەجێ کردندا , بەڵام مەرج نی یە لە هەموو ایعازەکاندا ئەم نێوانە هەبێت , چونکە أیعازەکان هەندێکیان دەدرێت لەکاتی ڕێکردنی ئاسایی وە هەندێکی تر لە کاتی ڕێکردنی لەسەرخۆ .

٥. لەم کوراسەیەدا لەنێوان ئاگادارکردنەوەو جێ بەجێ کردندا نێوانێك هەیە ( - ) بەڵام ئەگەر ویستمان بگەڕێینەوە بۆ جوڵەی پێشوو أیعازی وەك پێشوو ( کماکنت ) بەکاردەهێنین .

٦.پێویستە ایعاز وەکو گفتوگۆ یان قسە کردنی تایبەت نەبێت چونکە لە سەنگی ایعازە کە کەم دەکاتەوە وە ئەمەش دەبێتە هۆی فێرکردنی خراپ لە گۆڕەپانی نمایش دا یان شوێنی کارکردندا .

٧. ایعازەکان دەدرێت لە کاتی فێرکردنی ڕێکخراودا ( التعليم المنظم ) بۆ ( یەکە ) کە دەبێت لە شێوەی وریا بوون ( استعداد )وە ستابن , جگە لە أیعازاتی جوڵەکانی فێرکردنی پاسەوان و پشوو ( الراحة ) کە ایعازەکان دەدرێت و یەکە لە شێوەی پشوداندایە .

## بەندی – ٨ –

## کـــاتەکـــانی أیعـــاز

ئـەم خـشتەیەی لای خـوارەوە بۆمـان ڕوون دەکاتـەوە کـە لەسـەر چ قاچێك بەشـــی جـــیّ بـــەجی کـــردن ( أجـــراء ) دەدرێـــت لـــە أیعـــازدا .بەشـــی ئاگادارکردنـەوە لـە أیعـاز لـە کـاتی ڕێکردنـدا پێویـستە لەگـەڵ گەیـشتنی قاچی چەپ بۆ زەوی دەربکرێت پێویستە لە ماوەی چوار هەنگاودا لەگەڵ سەیرکردنی کۆتایی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ زەوی دەربکرێت , بەجیّ هێـشتنی نێوانێك کـە لـە ڕێکردنـی ئاسـایدا چـوار هـەنگاو دەبێـت و لـە ڕێکـردن لەسـەر خـۆدا سـی هـەنگاو دەبێـت لـە نێـوان کۆتـایی ئاگـادار کردنەوەو بەشی جیّ بەجیّ کردن لە ایعازدا .

| ایعاز | دەدرێت لە کاتی ڕۆیشتنی ئاسایدا | دەدرێت لە کاتی ڕۆیشتنی لەسەرخۆدا | تێ بینی یەکان | ا | ب | ج | د |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | ب | ج | د | | | | |
| بوەستە لە ڕێکردندا | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | لە ڕاکردندا لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ زەوی | هەنگاو بگۆ ____ ڕە | ایعازی هەنگاو بگۆ لەسەر قاچی چەپ دێت وە ایعازی ( ڕە ) لەسەر قاچی ڕاست دێت بە شێوەیەکی لە دوای یەك | ایعازی هەنگاو بگۆ لە سەرقاچی ڕاست دێت و ایعازی ( ڕە ) لەسەر قاچی چەپ دێت بە شێوەیەکی لە دوایەك | |
| ئاسایی یان لەسەر خۆ ڕێکە (لە کاتی هەبوونی یەکەی وەستاو و یەکەی ڕۆیشتوو | ئاسایی لەسەر قاچی چەپ دەدرێت وە بەجێ هێشتنی چەندهەنگاوێنگ ڕێکە : لەسەر قاچی ڕاست پێش گەیشتنی بۆ زەوی | لەسەرخۆ : لەسەر قاچی چەپ وە بەجێ هێشتنی چەند هەنگاوێك وە بە دواییدا ڕێکە لەسەر قاچی ڕاست کاتێك کە دەگاتە سەر زەوی | | ئاسایی – ڕێ کە لە کاتی ڕێکردنی لەسەر خۆ | | ایعازی ڕێ کە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | |
| بۆ ڕاست یان ( نیوەی ڕاست ) وەرگەڕێ | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | لەکاتی وەستاندا : بۆ چەپ وەرگەڕێ تێبینی پاژنەو بەنجەکانی قاچ دەکەین . بۆ چەپ لەسەرپاژنە دەبێت و قاچی ڕاست لەسەر پەنجەکان دەبێت وە بە پێچەوانەوە بۆ لای ڕاست وەرگەڕێ | لەسەرخۆ ڕێ کە لەکاتی ڕێکردنی ئاسایدا | | | |
| بۆ دواوە وەرگەڕێ | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | | هاووسەنگ – ڕاکە لە ( ڕێکردنی ئاسایی ) | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | | |
| لە شوێنی خۆت ڕێ کە | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | | بۆ کردنەوەو داخستنی ڕیز بڕۆ ( لەکاتی ڕێکردنی ئاسایدا ) | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | |
| بوەستە لەکاتی لە شوێنی خۆت ڕێکردندا | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | لەکاتی شوێنی خۆت ڕێکە لەسەر قاچی ڕاست | لەسەر ڕاست یان چەپ دروست ____ کە | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەدرێت ( في المراوح بالهروله ) | | | | |
| له شوێنی خۆت کردنەوە – بۆ ڕێکردنی ئاسایی بۆ پێشەوە – ڕێ کە | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆسەر زەوی | لەکاتی بەرز کردنەوەی ئەژنۆی ڕاست بەتەواوی | | هەموو جۆرەکانی سەلام کردن بێجگە لە : ا سەلامکردن بۆ ڕوو ( جهة ) ب سەلامکردن کە نیشکگر | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | | |
| | | | له ڕاکردن له شوێنی خۆ کردن لە کاتی گەیشتنی قاچی چەوپ بۆ سەر زەوی | له کاتی ڕێکردن وراهێنانی چەك وفێرکردنی شمشێری و عصادا | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی وەکو ایعازی بوەستە | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی وەکو ایعازی ( بوەستە ) | |
| | | | | | لەکاتی گەیشتنی قاچی چەپ بۆ سەر زەوی | لەکاتی گەیشتنی قاچی ڕاست بۆ سەر زەوی | |

## بەندی – ٩ –

## فێرکردنی ئاڵوگۆڕ بۆ ایعازدان و جێ بەجێ کردنی

١. ایعازەکان ڕوون و شی بکەرەوە بە تایبەتی لەسەرەتادا ئەو ایعازانەی کە لە کاتی وەستاندا دەدرێت وە لە گەڵیا ڕاهێنانەکانی چەك کە لە وەستاندا جێ بەجێ دەکرێت .

٢. دانانی مامۆستایەکی زیادە لە دوری ( ٥٠ متر ) لە ( رهط )ە کە . مەشق بە ( رهط ) کە بکە لەسەر دەرکردنی ایعازی ساکار ( بسیط ) لەکاتی وەستاندا وە دڵنیا بە کە ئەو ایعازە ڕوونە لەلایەن هەر کەسێك لە ( رهط )ە کەدا . وە پێویستە لەسەرمامۆستا بەڕێوەبردنی ئەم ڕاهێنانە مسۆگەر بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کەوا هەر ڕیزێك لەڕیزەکان ایعازی پێویست دەردەکات .

٣. ( رهط )ە کە دابەش بکە بۆ دوو ڕیزی بەرامبەر یەك کە نێوانیان ( ٣٠ ) مەتر بێت وە نێوان هەر سەربازێك بۆسەربازێکی تر ( ١٠ ) دە هەنگاو بێت بە شێوەیەك ایعاز بدە کە دواتر سەربازەکان ایعاز بە سەربازەکانی بەرامبەریان بدەن وە دوای ماوەیەکی کەم لە ( ١٠ ) دە خولەك تێنەپەڕێت ئەم کردارە پێچەوانە بکەرەوە .

٤. ( رهط ) بەسێ ڕیز دروست بکە وە بۆیان ڕوون بکە لە وەستان لە هەموو ایعازەکان وەکو ( رهط پێشڕەوی دەکات ) – ( رهط ) دەکشێتەوە – رهطی جوڵاو بە سیانی بۆ لای ڕاست .

٥. ڕوون و شی بکەرەوە شوێن پێ لەهەموو جۆرە ایعازە دەرکراوەکان بۆ خۆی و بۆ کەسێکی تر ئەمە بەردەوام دەبێت هەتا بنچینەی ایعازەکان ڕوون دەبێتەوە وە لای هەموان .

٦. دوو سەرباز دیاری بکە یەکێکیان بۆ فەرماندەیی ئەوی تریان بۆ چاودێری وە بەردەوام بە لەسەر مەشق پێکردنی ( رهط ) بە

گۆڕانکاری لە نێوانیاندا . پێویستە لەسەر مامۆستا پشوو درێژ و هاندەر بێت بۆ سەربازەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەردەوام وە لە بیری نەچێت کە پێویستە لەسەر هەموو سەربازەکانی ( رهط )ە کەی گوێ بگرن لە هەموو ئەوانەی کەی دەیڵێت .

٧. پێویستە شوێنێك بۆ سەربازە تازەکان لە ( رهط ) دا بەجێهێڵرێت بە شێوەیەکی بەردەوام .

## بەندی - ١٠ -

## بانکردن بە کات

١. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مەشق پێویستە لەسەر هەر کەسێك لە ( رهط ) ە کە ئامادە بێت بۆ بانکردن بە کات لە هەر جوڵەیەکدا . ئەمەش لە مێشکی هەر کەسێکدا جێگیر دەکات کاتی پێویست بۆ هەر جوڵەیەك ئەویش ( ٤٠ ) جوڵەیە لەیەك خولەکدا , پێویستە سەرباز بیری لێ بکاتەوە . پێویستە لەسەر سەربازی تازە بە دەنگێکی بەهێز بانك بکات بۆ ئەوەی سنگ فراوان بێت و بڕوای بە خۆی هەبێت .

٢. فێرکردنی پێوانەی خێرایی جوڵەکان ( ٤٠ جوڵە / خولەك ) دەست بە جێ بە ( یەك – دوو – سێ ) دەبێت جوڵە دەست پێ دەکات لە کاتی بانکردن بە ژمارە ( یەك ) پاشان ( رهط ) بە شێوەیەکی جێگیر دەمێنێتەوە لەکاتی ئەژمارکردنی نێوانەیەکی کاتی ڕێسا لە نێوان ( دوو , سێ ) لەکاتی جێ بەجێ کردنی جوڵەیەکی خێرا دەکرێت بە ژمارە ( یەك , دوو ) نموونە لەکاتی سوڕانەوە لە وەستان بانگی ( رهط ) دەکرێت ( یەك , دوو , سێ ) جوڵەیەك دەکرێت لەکاتی بانکردنی ( یەك ) دا لەسەر ڕاست ڕێك بە بانگی

( رهط ) دەكرێت ( یەك , دوو ) بۆ هەنگاوی كورت بۆ پێشەوە ( دوو , سێ ) بۆ نێوانی كاتی ڕێسا ( یەك ) سووڕانی سەر لەگەڵ ژماردنی ( یەك ) دا ڕەچاوكردنی كاتێكی گونجاو ( یەك , دوو , سێ ) ( پێش خۆت ) ( رهط ) بانگ دەكات ( یەك ) لەگەڵ سوڕانی سەرداو چاو بۆ پێشەوە .

## بەندی – ١١ –

## كات و هەنگاو

١. درێژی هەنگاو :

أ. درێژی هەنگاو لەكاتی ڕێكردنی ئاسایی و لەسەر خۆ ( ٧٥ سم ) .

ب. درێژی هەنگاو لەكاتی ( ڕاكردنی هاوسەرنگ ) ڕێكردن (١٠٠ سم) .

ج. درێژی هەنگاو بۆ لا ( ٣٧,٥ سم ) .

د. درێژی هەنگاو لەكاتی درێژ كردنی هەنگاو ( ٨٥ سم ) .

ه. درێژی هەنگاو لەكاتی كورت كردنی هەنگاو (٥٣ – ٥٨ سم ) .

٢. خێرایی ڕێكردن :

سەرباز ( ١٢٠ ) هەنگاو ڕێ دەكات لەیەك خولەكدا لەكاتی ڕێكردنی ئاسایی یاخود( ٥ كم / كاتژمێر ) ئەمە لەسەرەتای هەفتەكانی یەكەم لە مەشق پێكردنی سەربازە تازەكان بەلآم سەربازە تازەكان لە كاتی فێربووندا ( ١٣٠ ) هەنگاو لەیەك خولەكدا ڕێ دەكەن وە لە كاتی ( ڕاكردنی هاوسەرنگ ) ڕاكردن دا ( ١٨٠ ) هەنگاو یاخود ( ١٨٠ م / خولەك ) وە بە هەمان شێوە لە كاتی ڕێكردندا بۆ لاكان ( ٦٥ هەنگاو / خولەك ) بەلآم لە كاتی ڕێ كردنی لەسەر خۆ ( بطیء ) دەبێت (٦٥ هەنگاو / خولەك ).

## بەندی – ١٢ –

## کەرەسەکانی میکانیزمی بۆ فێرکردن

١. ئەو کەرەسانەی لە خوارەوە هاتوون هەموویان کەرەسەی میکانیزمی پێوانەیین بۆ کات وە درێژ کردنەوەی هەنگاو , بۆ نمونە ( رەقاص ) کاتی دیاری کراومان بۆ دیاری دەکات وەتەپڵ لێدەر دەتوانێت لەگەڵ چرکەی ( رەقاص ) دا تەپڵ لێبدات وە تەپڵی هەنگاو ئاشکرا بکات .هەروەها پرگاڵ درێژی هەنگاوی ڕاستمان بۆدیاری دەکات .پێویستە ووردبینی بەردەوام بکرێت لەسەر ( خێرایی رێکردن وە درێژکردنەوەی هەنگاو ) بەم کەرەسانە بۆ پارێزگاری کردنی کاتی گونجاو لەنێوان یەکەکاندا . وە بەکارهێنانی ئەم کەرەسانە بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ فێرکردنی مامۆستاکان کە ئەمە گرنگی یەکی زۆری هەیە .

رەقاص

٢. رەقاص : کاتی ڕێکردنی ڕاهێنانی چەکمان بۆ دیاری دەکات ئەم کەرەسەیە زۆر توشی پەك کەوتن دەبێت بۆیە پێویستی بە چاودێری ووردی بەردەوامە ئەمەش تەنها بە دیاری کردنی کات دەکرێت ئەتوانین لێدانی رەقاص ڕێك بخەین بە ویستی خۆمان بەهەر خێراییەك لە خولەکدا .

٣. تەپڵ :

سێ جۆر بەکارهێنانی هە یە :

أ- خێراکردنی جێ بەجێ کردنی جوڵەکان لە فێرکردنی قاچەکان لە وەستان وە لە ڕاهێنانەکانی چەك لە کاتی جێ بە جێ کردنی بە ژمارە . کە تەپڵ بە کاردێت بەم شێوەیە پێویستە لەسەر تەپڵ لێدەر لە پشت مامۆستاوە بوەستێت وە بە مەرجێك تەپڵ شاراوە

بێت له چاوی یەکەکان , وه لەم کاتەدا ئەتوانن ایعاز دروست بکەن نمونه ( ڕاهێنانەکانی چەك لەگەڵ تەپڵ , به ژماره بۆ شان , چەك ) لەم کاتەدا مامۆستا کۆنترۆڵی تەپڵ لێدەر دەکات و ئامازەی بۆ دەکات ئەویش به بەرزکردنەوەی دەستی ڕاستی و کردنەوەو داخستنی پەنجەکانی دەستی ڕاست , تەپڵ لێدەر دەست دەکات به تەپڵ لێدان لەکاتێ کە ئامازەی بۆ کرا بەدەست وه ( رهط )ه کە دەست پێدەکات به جوڵەی یەکەم له لەشان چەکدا , وه بۆ ئەوەی مامۆستا ( رهط )ه کەی خۆی ڕابهێنێت لەسەر خێرایی جێ بەجێ کردنی جوڵەکان پێویسته وەستانێکی ( وقفات ) جۆراو جۆر لەنێوان ایعازەکان و ئامازه بۆ تەپڵ لێدەر بێت .

ب- بۆ کۆنترۆڵ کردن لەسەر کات وه دەنگی تەپڵ لەکاتی هەستانی ( رهط ) به جوڵەکانی خۆی ڕەچاوکردنی کات بۆ ئەم مەبەسته رەقاص به کاردەهێنرێت لەگەل تەپڵ ڕاهێنانەکانی چەك دەکرێت به خێرایی ( ٤٠ جوڵه / خولەك ) داوه لەسەر ئەمه رەقاص به خێرایی (١٢٠ ) ڕێك دەخرێت , تەپڵ لێدەرو رەقاص له پشت ( رهط )ه کانەوه دەوەستێن بۆ ئەوەی ( رهط ) گوێی له دەنگی رەقاص نەبێت وه لەم کاتەدا ایعازی مامۆستا بەم شێوەیه دەبێت ( بۆ ڕاهێنانەکانی چەك لەگەڵ تەپڵ بۆ شان چەك ) وه پێویسته لەسەر تەپڵ لێدەر هەر سێ جوڵەی رەقاص یەك تەپڵ لێ بدات بۆ ئەوەی بگەینه ئەو جوڵەیەی کە مەبەسته , نموونه ( لەکاتی له لا چەکدا بۆ شان چەك لەسەر تەپڵ لێدەر پێویسته ڕەچاوی نێوانه ڕێسایی یەك بکات و سێ تەپڵ لێبدات .

## بەندی -١٣-

## چەند تێبینی یەك لە پشكنین

١. ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبنە تایبەتمەندیەكی زیادەی مرۆڤ بە شارەزایی وەرگرتن , وە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بكرێت لە هەموو یەكە باشەكاندا لە كاتی پشكنین یان تێبینی كردن لەلایەن خودی سەربازەكەوە . وە سود وەرگیرێت لە لەبەر كردنی بەرگی سەربازی تا باشتر بێت بۆ بە كارهێنان .

وە هیچ پاساوێك نیە بۆ پیس بوونی بەشێك لە جل و بەرگە كانت یاخود قۆپچەی پێوە نەبێت . وە پێویستە لەكاتی پشكنین دا تێبینی جل و بەرگی سەربازەكان بكەیت كە گەیشتوەتە ئەو ئاستەی كە سوودی لێ وەرناگیرێت بۆ لەبەر كردن . پشكنین دەست پێدەكات لە یەكەم سەربازی ریزی پێشەوە پاشان لە پشتەوە و سەربازەكان دەپشكنرێن پاشان چەكەكانیان , لەسەر مامۆستا پێویستە كە یەك هەنگاو لەبەرامبەر ڕیزەكە دووربێت , وە پێویستە مامۆستا بە هەنگاوی ڕێسایی لاكان ( خطوة جانبية نظامية ) بۆ لای چەپ بروات .

٢. **تێبینی یە گشتیەكان :**

ئایا كەسی عەسكەری پاكە ؟ ئایا جل و بەرگەكەی پاكە ؟ ئایا جل و بەرگەكەی پڕبەبەرێتی بەشێوەیەكی ڕاست ؟ ئایا چەكەكەی پاكە ؟ ئایا شێوەی وەستانەكەی بە شێوەی وریا بوون وە بۆ شان چەكەكەی ڕاستە ؟

**تێبینی** : ڕاست كردنەوەی هەر شێوەیەكی ناڕاست لە سەربازەكاندا پێش دەست كردن بە پشكنین گرنگە , پێویستە لەسەر ئەفسەر یان جێگری ئەفسەری پشكنەر لەكاتی پشكنیندا دوو كەسی بە پلە لە خوارووی خۆی لە گەڵیاندا بێت . یەكەمیان هەڵدەستێت بە تۆماركردنی هەر

تێبینی یەك کە لە لایەن پشکنەرەوە پێی دەوترێت دووەمیان بەرامبەر ( رهط )ە کە دەوەستێت بۆ چاودێری کردنی سەربازەکان لە ( رهط )ە کەدا .نموونە ( لەکاتێکدا کە فەرماندەی سریە هەڵدەستێت بە پشکنینی یەکێك لە فصیلەکان پێویستە لەسەر فەرماندەی فصیل بە تۆمارکردنی هەموو شتێك کە لەلایەن فەرماندەی سریەوە ڕەچاو دەکرێت وە عریف فصیل بەرامبەر فەصیلەکە دەوەستێت بۆ چاودێری کردنی نەجوڵانی سەربازەکان .

٣. سەرپۆش ( غطاء الراس )

أ- لە پێشەوە :

یەکەم : ئایا پاکە ؟ وە هیچ ئارەق و چەوری پێوە نیە ؟

دووەم :بێری : ئایا ڕێك و پڕ بە سەرە ؟ ئایا دروشمی دەوڵەت ( بۆ نمونە لە عێراق داڵی عەرەبیە ) لە شوێنی ڕەوای خۆیەتی ؟ وە بەشە زیادەکەی ڕاکێشراوە بۆ لای ڕاست و خوارەوە ؟ وە ئایا دروشمە کە بریقەدارە وە هیچ کۆنیەکی پێوە دیارنیە یان پاشماوەی گیراوەی بریقەدانی ئاسنی پێوەنەماوە ؟ وە ئایا سەری داڵەکە ( داڵی عەرەبی ) ڕووی لەلای چەپە لەڕووی پشکنەرەوە داڵی ڕەنگاو ڕەنگ لەلایەن ئەفسەران و جێگری ئەفسەرانەوە بەکار دەهێنرێت , وە داڵی ڕەش و سپی لەلایەن کارمەندانەوە ( مراتب ) بەکار دەهێنرێت .

سێیەم : سێدارەو خوزە ( السدارة و الخوذة ) : پێویستە بە شێوەیەکی ڕەواو گونجاو لەسەر بکرێت نیشانەی ڕشتە ( علامة الصنف ) تەنها لەسەر سێدارە دەبەسترێت وە نابێت لەسەر خوزە یان بێریە ببەسترێت .

ب- لە دواوە :

یەکـەم : ئایـا قـەیتانی بێریەکـەی بـە ڕێـك و پێکـی بەسـتووە ؟ وە کۆتاییەکەی خستووەتە وناو چەرمی بێرییەکەیەوە ؟

دووەم :ئایـا ەسەرپۆشـەکەی پاکـە لـە دواوە وە لێوانـەی قەراغـە چەرمیەکەی لە ناوەڕاستدایە ؟

سێیەم :ئایا قژی کورتە ؟ ئەگەر دوو دڵ بوویت داوا لەسەر بازەکە بکە سەرپۆشەکەی لابەرێت بۆ ئەوەی سەرو پشت ملی ببینی سەرتاشینی ڕێسای بۆ کارمەندان ( ٢×٢) .

٤. دەم و چاو و مل ( الوجه و الرقبة ):

پاك و تاشراو بن :

تـێبینی : چـاودێری چـاوی سـەربازەکە دەکـەیت کـە نابێـت بـەهیچ شێوەیەك سەیری پشکنەر بکات , لە کات و لەپێش و لە دوای تەواو بوونی پشکنین .

٥. بەرگی سەرەوەی گۆڕەپانی نمایش :

أ- لە پێشەوە :

یەکـەم : شـێوەی لەبـەر کـردن و گونجانـدن کـە گـرنگن بـۆ دەرکـەوتنی ڕووکەشـی شیاو , وە دەبێـت یەخەکـەی بە شێوەیەکی چاك و جوان و فـراوان جێگیر بوبێـت قۆپـچەکانی بـە ڕێـك و پێکـی لەسـەر یـەك هێـڵ داخرابێـت بـە شـێوەیەکی ڕاسـت وە پێویـستە خـەتی قۆپـچەکانی لە ناوەڕاسـتدا بێت بە شێوەیەك لەسەر یەك هێڵ بێت لەگەل ناوەڕاستی ئاوێنەی پشتێنی وە هێڵی قۆپچەی پانتۆڵ .

تێبینی : پانتۆڵی بەرگی سەربازی بە هیچ جۆرێك نابێت لە باتی قۆپچە زنجیر بێت .

دووەم : لەگۆڕەپانی نمایشدا نابێت بەهیچ شێوەیەك گیرفانی پانتۆلی بەرگی سەربازی نەپارە نەجگەرە نەوەرەقەی تیابێت , وە پێویستە بە تاڵ بێت .

سێیەم : نابێت بە هیچ شێوەیەك دەزووی دورمانی شوێنێکی دووراو دیاربێت .

چوارەم : لەکانی لەبەر کردنی کراسی ناوەوە و بۆینباخ لە زستاندا دڵنیا بێت کە پاکە . لە ناوەڕاستی یەخەی بەرگی سەرەوەدایە .

پێنجەم : تەنها فانیلەی سپی لە ژێرەوە لەبەر دەکرێت وە نابێت بە هیچ شێوەیەك لەسەرەوە دەربکەوێت .

ب- لە دواوە :

یەکەم : ئایا یەخەکە پاکە ؟ ئایا کەمەرو سەر دەست بە شێوەیەکی باشە ؟ ئەبێت ڕێگە نەدرێت بەدەرکەوتنی کراس وە یان هاتنە دەرەوەی بلوس لە قۆڵی کراسەوە .

دووەم : پێوستە یەخەو قۆڵ و بەدەنی بەرگەکە ئوتو بکرێت وە ڕەچاوی بانسی سەرقۆڵەکان بکرێت .

سێیەم : لە قۆڵی بەرگی نمایش کردنەوە وە نابێت بە هیچ شێوەیەك لەسەر دەستی کراسی زستانەی ناوەوە و بلوزی زستانە ( جرسی ) دەرکەوێت .

چوارەم : پێویستە بەرگی نمایش لە هاویندا بەتەنها لەبەر بکرێت وە سەر قۆڵەکانی قەد بکرێت بە پانی ( ٨ سم ) یان چوار پەنجە هەتا سەری ئانیشك ( دەبێت ئانیشك دەربکەوێت ) بەڵام لە زستاندا کراسێك یان بلوزێکی زستانە لەژێر بەرگی نمایشدا لەبەر دەکرێت وە قۆڵەکان قەد ناکرێت .

٦. پشتێن ( نطاق )

أ- له پێشەوە :

یەکەم : پێویستە پشتێن بە شێوەیەکی ڕاست و باش بەسترا بێت وە نابێت قورسایی کێرد ( حەربە ) پشتێنەکە شۆڕبکاتەوە وە نابێت کراسەکە بەسەر بشتێنەکەدا دادرابێتەوە .

دووەم : پێویستە ئاوێنەی پشتێن لە ناوەڕاستی جەستەدا بێت وە لە سەر یەك هێڵ بێت لەگەڵ قۆپچەکانی کراسەکەدا . وە پێویستە نێرەی پشتێن لە لای ڕاست بێت .

سێیەم : ئەگەر پشتێن ئەلقەی مسی جێگیر بوونی هەبوو پێویستە پاکبێت لە پێشەوە و لە دواوە .

ب- لە دواوە :

پێویستە هەردوو ئەلقەی مسی دواوەی پشتێن لەلای ڕاست و چەپی حەباسی دواوەی ناوەڕاست بێت . لەکاتی هەبوونی کێردا ( حربه )پێویستە بپشکنرێت ئەویش بە ڕاکێشانی لە کێلان ( الغمد ) یان بەستنی لەسەر چەکەکەی بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە ژەنگی پێوەنییە وە تیژی کێردەکە ( نصل الحربة ) پاك بێت لە شوێن پەنجە .

٧. هەردوو دەست ( الیدان ) :

پێویستە پاك بن و زەردی و دووکەڵی جگەرەی پێوە نەبێت وە یان پیسی تر , وە نینۆکەکان کرابن وە پاك بن .

تێبینی : پێویستە مامۆستا بە ووردی تەماشای هەردوو دەستەکان بکات هەرچەندە لەوکاتەدا چەك بۆ شانە .

٨. پانتۆڵی بەدلەی نمایش :

أ- لە پێشەوە :

یەکەم : پاك و خاوێن بێت و هیچ چرچیەکی تیا نەبێت , وە قۆپچکانی داخراو و شاراوە بێت وە قۆپچەی کۆتایی پانتۆڵ لەژێر بشتێنەوە بێت دڕاوی پێوە نەبێت بە تایبەتی لەو شوێنانەی نوشتاوەتەوە وە لە گیرفانەکانیشدا .

دووەم : لەگەڵ لەبەرکردنی پانتۆڵ کۆتاییەکەی پێویستە کەمێك بنوشتێتەوە بۆ ناوەوە لەگەل ڕەچاو کردنی دەرنەکەوتنی گۆرەوی بۆ ڕێك بوونی پانتۆڵ لەگەڵ پێڵاودا .

ب- لە دواوە :

کەمەری پانتۆڵ گونجاو بێت لەکاتی لەبەر کردنی دا .

٩. پێڵاوی خزمەت ( حذاء الخدمة ) :

أ- لە پێشەوە :

یەکەم : پێویستە پێڵاو گونجاو بێت بۆ لەپێ کردن و نەدڕابێت . وە پێویستە قەیتان بەهێز بێت . وە لە کاتی بەستنیدا هێڵی تەریب یەك دروست بکەن نەك بە هێڵی یەکتر بڕ وە بەشێوەیەکی توند بەسترابێت کە هەردوو لاکەی لە یەکتر نزیك کرابێتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەپەنجەکانی پێ بکات ( مشط القدم ) , وە پێویستە قەیتانەکان بەشێوەیەکی تەواو ببەسترێت وە هەردوو سەری قەیتانەکە بشارێتەوە بۆ ئەوەی نەیەتە دەرەوە .

دووەم : پێویستە پێڵاو بە شێوەیەکی گشتی بریقەدار بکرێت وە بە تایبەتی بەشی سەرەوەی پێشەوە .

ب- لەدواوە :

بۆ پشكنينى پێڵاو دەبێت مامۆستا فەرمان بۆ سەربازەكان دەربكات كە قاچ بەرز بكەنەوە بۆ ئەوەى دڵنيا بێت بنى پێڵاوەكەى نەدڕاوە و باشە بۆ بەكارهێنان .

ج-

يەكەم : پێويستە لەسەر ئەفسەرانى هێزى پيادە لە هاويندا پێڵاوى سور وە گۆرەوى خاكى لە پێ بكەن وە لەزستاندا ڕەنگى گۆرەوى دەبێت زەيتونى بێت , ئەگەر هاتوو بەرگى هاوينى زەيتونى بوو دەبێت گۆرەوى زەيتونى لە پێبكات .

دووەم : پێويستە لەسەر كارمەندان هەرسێ هێزى پيادە و ئاسمانى و دەريايى پێڵاو گۆرەوى ڕەش لەپێبكەن .

سێ يەم : پێويستە لەسەر ئەفسەرانى هێزى ئاسمانى و دەريايى پێڵاو و گۆرەوى ڕەش لەپێ بكەن .

١٠. پشكنينى چەكەكان :

پێويستە چەكەكان پاك و ووشك بن لەكاتى پشكنيندا وە دەبێت ئەڵقەى هەڵگرتنى چەكەكان بەو شێوەيە بێت كە لە لايەن يەكەكەوە ديارى كراوە وە پێويستە بەشێوەيەكى ڕاست بەسترا بێت نەك لول بوو بێت , لەگەل ئەوەشدا دەبێت لەكاتى پشكنيندا سەربازەكە پارچەيەك قوماشى سڕينى چەكەكەى پێ بێت .

## بەندی – ١٤ –

## نموونەی پرۆگرامی مەشق لەسەر جوڵەکانی نمایش کردن و پاسەوان

١. وانەکانی گەیشتن بە مەبەستەکان ( الدروس المستهدفة )

أ. گەشەپێدانی دسپلین و ملکەچی خۆی لەلای سەربازی تازە کە وای لێ بکات فەرمانەکان بە ووردی و بە خێرایی لە هەموو کاتەکاندا جێبەجێ بکات وە چاندنی گیانی بەرز ڕاگرتنی بەیەکەکەوە وە متمانە کردن بە خۆی .

ب. تەنسیق کردنی کاردانەوەی جوڵەکانی بەدەن لە هەموو وەرزەکاندا بە پێی ئیعازەکان .

ج. بەتوانایی لە جێبەجێکردنی جوڵەکانی مەشق کە جوڵەکانی نمایش و پاسەوان و چەك و بەبێ چەك دەگرێتەوە .

د. گەشەپێدانی توانای لەش و ووردەکاری بە ژنی سەربازی نایاب و یەکخستنی فێرکردنی ڕێك و پێك ( تعلم منظم ) لەسەر ئاستی سوپا بۆ دەرخستنی ڕوو کەشێکی گونجاو بە مسۆگەری .

هـ. دروستکردنی گیانێکی بەکۆمەڵ و هاندانیان بۆ کێ برکێ .

و. شێوازی جێبەجێ کردن ( أسلوب التنفيذ )

٢. پێویستە تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین :

أ. سوود وەرگرتن لە کاتی ڕۆیشتن و گەڕانەوەی مەیدانی نمایش بۆ دووبارە کردنەوە لەسەر جوڵەکانی ڕۆژی ڕابردوو لە ڕۆیشتن و جوڵەکانی ڕۆژی داهاتوو لە گەڕانەوەدا .

ب. پێویستە مامۆستا چەك لەگەڵ خۆی بەرێت لە کاتی فێرکردنی ئەم بابەتانەدا .

ج. پێشتر نوسینەوەی هەڵە دیارەکانی لەسەر تەختە ڕەشەکە بۆ دوورکەوتنەوە لێ ی لەکاتی جێبەجێکردنیدا .

د. جێ بەجێ کردنی ووردەکاری ئەم بابەتە دەکرێت بە شێوەیەکی تێکەڵاو بە هەندێ لە بابەتەکانی چەك و پیشەی گۆڕەپان و مەشقی توانای لەش .

هـ. جەخت کردن لەسەر فێرکردنی سەربازەکان لەسەر بابەتی ( تێبینییەکان لە پشکنین ) کە لە کوراسەی مەشق دا هەیە لەسەر جوڵەکانی نمایش و پاسەوان وە دوبارە کردنەوەی ناوبەناو .

و. تێبینی کردن لەهەبوونی بوق و تەپڵ لێدەرێك ( بوق و طبال ) لەسەرەتاکانی کاتژمێری مەشق لەسەر جوڵەکانی نمایش و پاسەوان .

ز. تاقیکردنەوەی سەربازەکان دەکرێت لەسەر بابەتی جوڵەکان بەبێ چەك وە هەروەها بۆ مەشقی جوڵەکان لەگەڵ چەکدا بۆ مەبەستی ئاشکرا کردنی لاوازەکان کە پێویستە تێکەڵ بکرێت لەگەڵ کەوتووەکاندا بۆ خولی تێروتەسەل بە کاتژمێرێ دوای پرۆگرامی مەشق ( ساعات الامنهجية ) وە تاقیکردنەوەیان جارێکی تر .

ح. دروست کردنی گۆڕەپانەکانی مەشق لەسەر جوڵەکانی نمایش و پاسەوان بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکردن وە یەکخستنی هەنگاو و چاککردنی بەژنی سەربازی .

ط. دڵنیابوون لەسەر بابەتی فێرکردنی ئێشکگر و پاسەوان و کۆبونەوەی پاسەوان و پشکنین و بلاوەپێکردنی بە شێوازی بانگکردن .

## وردەکارییەکانی بابەتی مەشق لەسەر جوڵەکانی نمایش و پاسەوان

| ز | بابەت | بنەڕەتی | پێداچوونەوە | دانە | خۆپیشاندان | ڕاهێنانی شەو | کۆ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | تێبینییەکانی پشکنین | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٢. | ووریا بوون پشودان و پشوو | ٢ | ٢ | | | | ٤ | |
| ٣. | ڕێکبون و ژماردن و جێگیر بوون | ١ | | | | | ١ | |
| ٤. | کردنەوەو داخستنی ڕیز | ٢ | ٢ | | | | ٤ | |
| ٥. | سوڕانەوەو لادان | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٦. | ڕۆیشتن و بڵاو بوونەوە ( انصراف و التفرق ) | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٧. | ڕێکخستنی باڵاکان | ١ | | | | | ١ | |
| ٨. | سەلام لە وەستاندا | ٢ | ٢ | | | | ٤ | |
| ٩. | ڕێکردنی ئاسایی و وەستان | ٢ | ٢ | | | | ٤ | |
| ١٠. | هەنگاو بۆ پێشەوە بۆ دواوە و بۆ لاکان و درێژ کردنەوەی هەنگاو و کورت کردنەوەی | ١ | | | | | ١ | |
| ١١. | پێچکردن و سوڕانەوە و ڕێکردنی لادان و ئاسایی | ٢ | ٢ | | | | ٤ | |
| ١٢. | ڕێکردن لە شوێنی خۆت – بۆ پێشەوە و وەستان بە کاتی ئاسایی | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ١٣. | گۆڕینی هەنگاو ڕێکردنی ئاسایی و لە شوێنی خۆت ڕێکردن | ١ | | | | | ١ | |
| ١٤. | ڕێکردن بە هەروەلە و ڕێکردن لە شوێنی خۆت و وەستان | ١ | | | | | ١ | |
| ١٥. | ڕێکردن بەئەسەق و گۆڕینی ڕوو ئاسایی | ٢ | ١ | | | | ٣ | |
| ١٦. | ڕێکردن بە ڕەتلی تاکی بۆ ( رهط ) بە ڕەتلی سیانی ڕووەو یەکێك لە لاکان | ١ | | | | | ١ | |
| ١٧. | ( رهط ) بەئەسەق ڕێدەکات بە ڕەتلی تاك | ١ | | | | | | |
| ١٨. | سەلام لە ڕێکردندا | ٢ | ٢٠ | | | | ٤ | |
| ١٩. | سەلام کردن کاتێك کە سەرباز بەبێ سەرپۆش دەبێت | ١ | | | | | ١ | |
| ٢٠. | ووریا بوون و پشوودان و پشوو بەچەکەوە | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٢١. | بۆ زەوی و هەڵگرتنەوەی چەك | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٢٢. | بۆ شان چەك لە لاچەکەوەو بە پێچەوانەوە | ٢ | ٢ | | | | ٤ | |
| ٢٣. | ڕێکبون لە کاتی لەشان چەك و لەلاچەکدا | ١ | | | | | ١ | |
| ٢٤. | سەلام کردن بەچەکەوە | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٢٥. | سلاو کردن لە لەشان چەکەوە بە پێچەوانەوە | ٢ | ٢ | | | | ٤ | |
| ٢٦. | بەستنی و لابردنی کێرد و بە پێچەوانەوە | ٢ | | | | | ٢ | |
| ٢٧. | پشکنینی چەك لەلاچەکەوە و بە پێچەوانەوە وە ڕاکێشانی و بەردانی اسپرنگ | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٢٨. | پشکنینی چەك لەلەشان چەکەوە و بە پێچەوانەوە | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٢٩. | فەحس کردنی چەك لە کاتی پشکنیندا | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٣٠. | بەرزکردنەوەی چەك لەلاو لەشان چەکەوە و بە پێچەوانەوە | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٣١. | خۆئامادە کردن لەسەرو لەلاچەك و بە پێچەوانەوە | ١ | ١ | | | | ٢ | |
| ٣٢. | بۆ بەرزی چەك لە تهیوء | | | | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .٣٣ | دانان لە لەشان چەك و لاچەك و بە پێچەوانەوە | | | | | | | |
| .٣٤ | ڕێكردنی پشودان - ووریا بوون - هەڵواسینی چەك | ١ | | | | | ١ | |
| .٣٥ | فێركردنی نیشكگر و سەلام كردن كاتێك پاسەوان لە شوێنی خۆیدایە. | ٢ | | | | ٢ | (٢)+٢ | |
| .٣٦ | پشودانی پاسەوانی تاك وە گەڕانی و خۆئامادەكردنی بۆ سەلام | ٢ | | | | | ٢ | |
| .٣٧ | پاسەوان و نیشكگر وە خاڵەكانی دەوری پاسەوانیەكان | ١ | | | | | ١ | |
| .٣٨ | پشكنینی كۆمەڵەكانی پاسەوان | ١ | | | | | ١ | |
| .٣٩ | كۆبوونەوەو بڵاوبوونەوەی پاسەوان | ١ | | | | | ١ | |
| .٤٠ | بانگ كردن | ٢ | | | | ٢ | (٢)+٢ | |
| .٤١ | تاقیكردنەوەی جوڵەكان بەچەكەوە | ٣ | | | | | ٣ | |
| .٤٢ | تاقیكردنەوەی جوڵەكان بە چەكەوە | ٣ | | | | | ٣ | |

## مەشق پێکردنی ڕاهێنەرەکان

أ. ئەمەی لای خوارەوە پرۆگرامی خولی پێداچونەوەیە کە ماوەی یەك مانگ بۆ ئەفسەرە تازەکان و جێگری ئەفسەرو ئەفسەری پۆل و سەربازی ڕاهێنەر . بە تێکڕای یەك کاتژمێر ڕۆژانە بۆ ماوەی ( ٢٤ ) ڕۆژ .

| کاتژمێر | بابەتەکان |
|---|---|

١. بەشی دووەم – هەموو بەندەکان . فێرکردنی ( رهط ) لەوەستاندا بەبێ چەك .

٢. بەشی سێ یەم – ڕێکردنی بەندەکانی ( ٢٦ – ٣٢ ) لەناویدا .

٣. بەشی سێ یەم – ڕێکردن بەندەکانی ( ٣٣ – ٣٦ ) لە ناویدا .

٤. بەشی سێ یەم – ڕێکردن بەنەسەق و گۆڕینی ڕوو ئاسایی بەندی ( ٣٧ )

٥. بەشی سێ یەم – ڕێکردن بەنەسەق و گۆڕینی ئاراستە و دووبارە کردنەوەی بەندەکانی ( ٢٧ – ٢ ٨ )

٦. بەشی چوارەم – دروست کردنی رهط ( بةندی ٣٨ ) .

٧. بەشی پێنجەم – دروست کردنی دوو ڕیز بەندی ( ٣٩ و ٤٠ ) .

٨. بەشی شەشەم – ڕێکردن , بەزەکاءی تاکی بەندی ( ٤١ و ٤٢ )

٩. بەشی حەوتەم – سەلام کردن بەندی ( ٤٣ )

١٠. بەشی حەوتەم – سەلام کردن بەندی ( ٤٤ )

١١. بەشی حەوتەم – سەلام کردن بەندی ( ٤٥ )

١٢. بەشی هەشتەم – فێرکردن بەدارو قامچی هەموو بەندەکانی (٤٦ – ٥٢ )

١٣. بەشی نۆیەم – ڕاهێنانەکانی چەك بەندەکانی ( ٥٣ – ٥٩ ) لە ناویدا .

١٤. بەشـی نۆیـەم – ڕاهێنانـەکانی چـەك بەنـدەکانی ( ٦٠ – ٦٦ ) لـە ناویدا .

١٥. بەشـی نۆیـەم – ڕاهێنانـەکانی چـەك بەنـدەکانی ( ٦٧ – ٧٣ ) لـە ناویدا .

١٦. بەشـی نۆیـەم – ڕاهێنانـەکانی چـەك بەنـدەکانی ( ٧٤ – ٨١ ) لـە ناویدا .

١٧. بەشـی سـیانزە – فێرکردنـی ئێـشکگر بەنـدەکانی (١٠٨ – ١١١ ) لـە ناویدا

١٨. بەشـی سـیانزە – فێرکردنـی ئێـشکگر بەنـدەکانی (١١١ – ١١٣ ) لـە ناویدا .

١٩. بەشی چواردە – پاسەوان و ئێشکگر . هەموو بەندەکان .

٢٠. بەشی پانزە – فێرکردنی فصیل . هەموو بەندەکان .

٢١. بەشـی شـانزە – فێرکردنـی سـریە بەنـدەکانی ( ١٢٨ – ١٣٤ ) لـە ناویدا .

## مەشق پێ کردنی کەسە هونەرییەکان و پسپۆڕەکان

ب . ئەمەی لای خوارەوە پرۆگرامی مەشقە بۆ ماوەی شەش مانگ کە دەوەستێت لەسەر یەك کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بۆ سەربازە هونەرییەکان

| وانە | بابەت |
|---|---|
| ١. پێداچوونەوە | لەڕێکردن و وەستانی ئاساییدا. |
| ٢. پێداچوونەوە | لە فێرکردنی ڕێکردنی لەسەرخۆ . |
| ٣. پێداوچوونەوە | لەسەلام کردندا . |
| ٤. وەرگرتنی سەلام | لەخاڵە جێگیرەکان و جوڵاوەکاندا . |
| ٥. پێداوچوونەوە | لەمەشقی چەك . |

٦. بۆ ئەفسەری پۆل - پێشەکی لە بابەتی ایعازەکان بۆ سەربازەکان - پێداوچوونەوە لەڕێکردن بە ڕەتڵی سیانی .

٧. بۆ ئەفسەری پۆل - فێرکردنی هاوبەش بۆ ایعازدان و جێ بەجێ کردنی بۆ سەربازەکان پێداچوونەوە بەنەسق لە ڕێکردنی لەسەرخۆدا

٨. بۆ ئەفسەری پۆل - هاوبەش - ڕێکردنی رهط بە ڕەتڵ لە دەرەوە پارێزگاری دوری ڕەتڵ و سەلام کردن لە ڕێ کردندا .

٩. پێداوچوونەوە لە پێشڕەوی بە ڕێسای نمایشکردن .

١٠. نمایشە ئاهەنگیەکان - ڕێکردنی لەسەرخۆ و ئاسایی - پێشڕەوی بەڕێسای نمایشکردن .

١١. بۆ ئەفسەری پۆل - چۆنێتی پشکنینی رهط - شێوازەکانی نزیك بوونەوە و قسەکردن بۆ سەربازەکان . پێشەکی بۆ اعازەکان .

١٢. بۆ ئەفسەری پۆل - فێرکردنی هاوبەش - بۆ سەربازەکان - ایعازدان ، پێداچوونەوە لە فێرکردنی ڕێکردن . شێوازەکانی قسەکردن و

پێشرەوی بەرەو سەرو خوّت ، چۆنیەتی چوونە ژوورەوەی فەرمانگەکان ... هتد .

١٣. بۆ ئەفسەری پۆل – فێرکردنی هاوبەش .

بۆ سەربازەکان – فێرکردنی هاوبەش – سوڕان لەکاتی ڕێکردنی ئاساییدا ، سەلامکردن .

١٤. بۆ ئەفسەری پۆل – پێشەکی لە فێرکردنی سریە .

## بەشی دووەم

## فێرکردنی ( رهط ) لە وەستان- بەبێ چەك

لەم کوراسەیەدا دوو جوڵەی جیاوازی بۆ قاچ بە بەردەوامی ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەوانیش:

١. ئەژنۆ ... بنوشتێنەوە:

جوڵەیەکە دەدرێت بە تازەکان بۆ ڕاهێنانیان لەسەر نوشتانەوەی ئەژنۆ پێش فێربوونیان لەسەر ووریا بوون یان پشودان وە گرنگ نیە جەستەیان جێگیر بێت.

٢. پێ ... بۆ پێشەوە – پاڵنێ – جێبەجێ دەکرێت بۆ جوڵانەوەی قاچ ( لە ئەژنۆ بۆ نوکی پێ ) بۆ پێشەوە لە شێوەی پشودا. ئەم دوو جوڵەیە بنەڕەتین بۆ مەشق پێ کردنی پێ. بۆ نوشتانەوەی ئەژنۆ...قاچەکەی تر بە شێوەیەکی ڕێك و چەسپاو دەمێنێتەوە لەسەر زەوی، ئەژنۆکەی تر دەنوشتێتەوە ئەویش بە بەرزکردنی لە بەردەمی جەستەوە کە دەبێت ڕان تەریب بێت لەگەڵ زەوی وە نوکی پێ شۆڕبێتەوە بۆ خوارەوە بە بەرزی ( ٦ عقدە) بەلای کەمەوە. دوای خێرایی قاچ ڕێك دەکەین ئەگەر هاتوو پێ گەیشتە سەر زەوی ئەژنۆت ڕێك ببێتەوە وە قاچت دوبارە جێگیردەبێتەوە بەو شێوەیەی

داواکراوە کە (وریا بوونە) بۆ پاڵ پێوەنانی پێ بۆ پێشەوە-قاچەکەی تر دەبێت ڕاست بێت بەڵام ڕێگا بەشۆڕبونەوەی نوک و پشتی پێ دەدات، بەڵام قاچەکەی کە لە ئەژنۆدا ڕێکە ئامادەیە بۆ هەڵگرتنی قورسایی لەش. لە هەموو جوڵەکانی مەشق پێکردنی پێ پێویستە دوورکەوینەوە لە :

أ- خشاندنی پێ لەسەر زەوی .

ب- بەرزکردنەوەی نوکی پێ و نەدانی پاژنە بەیەکدا.

ت- خۆهەڵدان یان بەرزکردنەوەی پێکان یان پاژنەکان لە زەوی بەیەکەوە.

## بەندی -١٥-

## وریا بوون

( رهط ) وریا ____ بە ( لەکاتی پشودانندا ئەدرێت ) ئەژنۆی چەپ بنوشتێنەوە ئەویش بە بەرزکردنی قاچی چەپ لە بەرامبەر جەستەدا. بەمەرجێك دەبێت جەستە توند بێت وە قورسایی جەستە بخرێتە سەر قاچی ڕاست بەو مەرجەی کە ئەژنۆی ڕاست نەشکابێتەوە وە ڕانی چەپ تەریب بێت لەگەڵ زەوی وە نووك و پشتی پێ شۆڕ بوبێتەوە وە پاژنەو نوکی پێ بەیەکەوە بە خێرایی و گوج و گۆڵی ، کە هەردوو پاژنە بە یەکەوە نوسابن وە نوکی هەردوو پێ کراوە بێت بە گۆشەی ( ٣٥° ) یان بە درێژی یەك پێ لە نێوان هەردوو نوکی پێدا. هەردوو ئەژنۆ ڕێکەو جەستە توندە وە قورسایی جەستە دابەشکرابێت بەسەر هەردوو پاژنەو نوکی پێدا وە هەردوو شان بەرەو دواوە دابەزیووە سنگ لە حاڵەتی ئاسایی خۆیدایە بە ڕێکی، هەردوو قۆڵ بە شێوەیەکی ڕێك دابەزیون بۆ خوارەوە، هەردوو ئەنیشك نوساوە بە کەمەرەوە وە هەردوو دەست بە

شێوەی ئاسایی داخراوون وە نوساون بەهەردوو ڕانەوە. هەردوو پەنجە گەورە ڕێکەو لەدوای درومانی پانتۆڵەکەوەیە.

سەر ڕێکە پشت مل نوساوە بە یەخەکەوە، هەردوو چاو کراوەیە دەڕوانێت بۆ پشتی خۆی وێنەی ژمارە ( ٢ )



وێنەی ژمارە ( ١ )
جوڵەی یەکەم لە ووریا بوون



وێنەی ژمارە ( ٢ ) لەکوراسەدا

ووریا بوون

هەڵە بەربڵاوەکان:

ا- وەستان بە شێوەیەکیماندوو بە ڕاگرتنی هەناسە.

ب- جوڵانەوەی هەردوو چاو.

ج- جەستەو هەردوو پێ ڕوو لە پێش نین، وە پاژنەکان بەر یەك نەکەوتوون.

د- قۆڵەکانی شکاوە بن یان بەرەو پێشەوە هاتبن.

ه- پشتی دەست ڕووی لە پێشەوە بێت. وە لەو کاتەدا هەردوو شان بەرەو پێشەوە دێن وە سنگ دەچێت بە ناوەوەدا وە شکانەوەی هەردوو ئانشك وەختنی پەنجە گەورە بۆ ناو لەپی دەست.



وێنەی ژمارە ( ٣ )

پشوودان

## بەندی - ١٦ -

## پشوودان

**پشوو بە:**

ئـەژنۆی چـەپ دەشـکێنیتەوە وە پارێزگـاری لـەجێگری قاچـی ڕاسـت دەکرێـت وە قاچی چـەپ دەگوێزرێتـەوە بـۆ لای چـەپ بەمـەرجێك دەبێـت نێوانی هەردوو پاژنەی پێ (٣٠)سم بێت یان نێوان هەردوو پاژنـە یـەك پـێ بێت) وە لە هەمان کاتدا هەردوو قۆڵت دەبەیتە دواوە لـە کـورترین ڕێگـاوە. وە بەڕێکی دەیـان هێڵیتـەوە وە پشتی دەستی ڕاست دەخەیتـە نـاو لـەپی دەستی چـەپەوە وە هـەردوو پەنجـە گـەورە بـە شـێوەی یـەکتر بـڕ دەبـن و پەنجەکانی تر ڕێك دەبن و ڕوویـان لـە زەوی دەبێـت وێنـەی ژمـارە (٣) وە لـە هـەمان کاتـدا قورسـایی جەسـتە کـەمێك دەگوێزیتـەوە بـۆ لای چـەپ بـۆ ئەوەی دابەش ببێت بە سەر هەردوو قاچدا بە شێوەیەکی یەکسان.

هەڵە بەربڵاوەکان :

أ. نشوستی هێنـان لـە گواستنەوەی پـێ (٣٠سم) وە بەرامبـەر نـەبوونی لەگەڵ قاچی ڕاستدا.

ب. شکانەوەی هەردوو قۆڵ لە کاتی شکانەوەی ئەژنۆدا.

ج. جوڵانی قاچی ڕاست کە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕێکی ڕیزەکە.

د. چەمانەوەی مل لە کاتی بەرزکردنەوەی پێ لەسەر زەوی.

هـ. بەرنەکەوتنی قاچی چەپ بۆ زەوی بەیەکەوە .

و. شکاندنەوەی پەنجەکانی دەست لە کاتی پشوداندا.

**تێبینی**: لەکاتی لەبەرکردنی کۆڵەپشتدا بەبێ چەك یان لـەکاتی هـەڵگرتنی کوراسـە یـان جانتـا هـەردوو قـۆڵ لـە تەنیشتەکاندا دەمێنێتـەوە ( وەك لـە حاڵەتی ووریا بوون ).

## بەندی -١٧-

## پشوو

پ ___ شوو:

جولاندنی سەرو بەشی سەرەوەی جەستە.

هەڵە بەربڵاوەکان :

ا. جولاندنی هەردوو قاچ کە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕیزەکە.

ب. خاوبوونەوەو قسە کردن.

ج. شکاندنەوەی ئەژنۆکان.

**تێبینی یەکان:**

ا. تەنها لە نمایشی ئاهەنگی دا ناکرێت – بەکارهێنانی دەستە سڕو پاککردنەوەی جلو بەرگ بە فەرمان وەرگرتن لە مامۆستا.

ب. لە کاتی بیستنی ووشەی – ئامادەبە – دەچیتەوە حاڵەتی پشوودانی تەواو وە ئەمە تەنها ایعازێکە کە بەشی ئاگادارکردنەوەی نیە تەنها جێ بەجێ کردنە .

## بەندی -١٨-

## دروست کردنی ریزێك و دوو ڕیز وە سێ ڕیز

١. دروست کردنی یەك ڕیز: سەربازەکان بەیەك ڕیز دەوەستێنین کە دووری نێوان سەربازێك بۆ سەربازێکی تر یەك قۆڵی شکاوە لە ئەنیشکەوە بێت . وە سەربازەکان لەناو ڕیزەکەدا بە شێوەی ووریا بوون دەوەستن.

٢. دروست کردنی دوو ڕیز:

سەربازەکان لە ڕیزی یەکەمدا دەوەستێنین وەك لە خاڵی ( ١ )دا ئاماژەمان پێکردووە. ڕیزی دووەم لە دوایانەوە دەبن کە دووری نێوان

(٧٥سم) یەك هەنگاو دەبێت وە پێوانی ئەم دووری یە لە پاژنەی پێ ی سەربازی ڕیزی یەکەمەوە بۆ نوکی پێ ی سەربازی دواوەی دەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو نێوانە وەرگیراوەی لە ڕیزی یەکەم دایە وە دەبێت سەربازەکانی ناو هەردوو ڕیزەکە بەشێوەی ووریا بوون بووەستن.

٣.دروست کردنی سێ ڕیز: سەربازەکان بە سێ ڕیز دەوەستێنین (پێشەوەو ناوەڕاستو دواوە) بە نێوانەی قۆڵێکی شکاوە لە ئەنیشکەوە لەسەر دووری ٧٥سم لە نێوان ڕیزێكو ڕیزێکی تر داو ئەم پێوانەیە بەو شێوەیە دەکرێت کە لە خاڵی (٢) ئامارەمان پێکردووە وەهەموو سەبازەکان لە هەر سێ ڕیزەکەدا بە شێوەی ووریابوون دەوەستن.

**تێبینی:** ئەو أیعازانەی کە پێشتر هاتوون کافین بۆ فێرکردنی وانەی یەکەمی پێشەکی بەهەرحاڵ پێویستە پێش وەخت بەندی(٨) فێربکرێن لە ماوەی ڕۆیشتنی مەشقدا.

## بەندی – ١٩ –

## ڕێك بوون

ڕێك بوون تەنها لەسەر وەستانی ڕیزەکان بەنەسەق بۆ لاکانی چەپوڕاست نیە بەڵکو لە هەمان کاتدا ڕێك بوونە بەدوریەکی ڕاست لەگەڵ ڕیزی پێشەوە وە هەروەها بەدوریەکی ڕاست لەگەڵ سەربازەکانی لای ڕاستو چەپی خۆیدا وەستا بێت کەواتە ڕێك بوو ( التراصف ) دەبێت بۆ پێشەوەو لا بێت.

**تێبینی:** نابێت ایعازی ڕێك بوون بدەیت لەکاتێکدا یەکە وەستابێت لە لەشان چەکدا بەلاَم ایعازی بۆلاچەك بدەین پاشان ایعازی ڕێك بوون.

ڕێك بوونەوە بە ایعاز:

١.لەسەر ڕاست ڕێك ___ بە: ( رهط ) هەڵدەستێت جگە لە سەربازی لا ڕاست بەهەڵدانی قاچی چەپ بۆ پێشەوە بەشێوەیەکی ڕێك و دوری نیو هەنگاو (٣٧,٥سم) بەزەوی دا دانی قاچی بەشێوەیەکی تەواو , شکاندنەوەی ئەژنۆی ڕاست , وەهێنانی قاچی ڕاست بۆلای قاچی چەپ وەك شێوەی وریابوون , هەردوو قۆڵ جووتن لەگەڵ جەستەدا وەئەژمارکردنی نێوانەیەکی ڕێسایی کە (٤٠جوڵە/ خولەك ) دا وەهەموو سەربازەکان سەریان دەسوڕێنین بۆ ڕاست و کەمێك سەرەوە جگە لەسەربازی یەکەمی لای ڕاست لەهەر ڕیزێکدا . لەهەمان کاتدا سەربازەکانی ڕیزی پێشەوە قۆڵیان نوشتاوە تەوە لە ئەنیشکەوە، کەدەبێت ئانیشکی بە دورمانی کراسی سەربازەکەی لای ڕاستی بکەوێت ، هەروەها ئاماژە کردنی نێوانەیەکی کاتی ڕێسایی کە پاشان سەربازەکان دەست دەکەن بە خۆڕێك کردن بە هەنگاوی کورت و خێرا بۆ ئەوەی بتوانی بەشی خوارەوەی ڕوومەتی سەربازی دووەمی لای خۆی ببینیت ، بەڵام سەربازی لای ڕاست لەهەردوو ڕیزی ناوەڕاست و دواوە دوری نێوانیان (٧٥سم)یان هەنگاوێك دەبێت لەگەڵ ڕیزەکەی بەردەمیدا وە پێوویستە لەسەر ئەم دوو سەربازە کە قۆڵ درێژ بکەن بەشێوەیەکی ڕاست و بەتیلەی چاو سەیری تەنیشتی بکات.

٢.پێش – خۆت: سەرو چاوت دەسوڕێنیت بۆ پێشەوە بە گورج و گۆڵی قۆڵت دادەگریت بەخێرایی وە هەردوو قۆڵت بەشێوەیەکی ڕێك دەبێت لەگەڵ درومانی پانتۆڵەکەتدا.

تێبینی:

أ. ئەگەر ئەم جوڵەیەت کردوو چەکت پێبوو وە لەلاچەکدا بوویت قۆڵی چەپ لە ئەنیشکەوە دەشکێتەوە وەسەرو چاوت بەلای ڕاستدا دەسوڕێنیت.

ب. لەسەربازە مەشق پێکراوەکان داواناکرێ قۆڵ بەرزبکەنەوە.

هەڵە بەربڵاوەکان:

أ. خۆ هەڵدان بۆ پێشەوە لەگەڵ فڕێدانی قاچدا بۆ سەر زەوی.

ب. ڕێک نەبوونی شان و قاچ لەلاوە لەکاتی ڕێک بووندا.

ج. خۆ شکاندنەوە لەکاتی جوڵەی قاچدا.

د. سوڕان بەهەڵە ، دووری ناڕاستی نێوانەکان .

هـ. دانەواندنی سەربۆخوارەوە لەکاتی سەیرکردنی بۆ لای ڕاست.



وێنەی ژمارە ( ٤ )

جوڵەی یەکەم لەسەر ڕاست ڕێك بە

## بەندی – ٢٠ –

## ژماردن و جێگیربوون (العدد والثبات)

**ژماردن:**

١. لە قۆناغی داهاتووی مەشقدا، لەکاتێکدا کە مامۆستا ناوی سەربازەکان نازانێت بۆ قسەکردن بەژمارە ناویان دەبات، بۆیە دەبێت بەبەردەوامی ( رهط ) ئەژماردن بکەن.

٢. رهط - بژمێرە: سەربازەکانی ڕیزی یەکەم دەست دەکەن بە ژماردن لەلای ڕاستو بۆ لای چەپ بەگورجو گۆڵیو خێرایی، سەربازی لای ڕاست دەبێت بە ... یەکەم وەسەربازی لای چەپ کەلە تەنیشتیەتی دەڵێت ( دوو ) وەبەم شێویە لەسەر هەر سەربازێك پێویستە کەسەری نەجوڵێت وەسەیری پێشەوەی خۆی بکات. وەسەربازەکان هەردوو ڕیزی ناوەڕاستو دواوە ژمارەی سەربازەکانی ڕیزی یەکەم وەردەگرن.

**تێبینی:** ئەگەر هاتوو هەڵەکرا لە ژماردندا ئەوا مامۆستا ایعازی ( وەك پێشوو ) دەردەکات وەسەربازی ڕیزی یەکەمی لای ڕاست دەست دەکاتەوە بە ژماردن.

**جێگیربوون :**

٣. ئەگەر هاتوو مامۆستا ویستی ( رهط )ەکە دابەش بکات بەدوو بەشەوە بۆ هەڵسان بەم کارە دەبێت سەربازی ناوەڕاستی ( رهط )ەکە دیاری بکات وە بە ژمارەی خۆی بانگی بکات وەشێوەی جوڵانەوەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە.

٤. ژمارە(١٢): ئەگەر مامۆستا پێویستی بەدابەش کردنی ( رهط)ەکەی هەبوو بۆ دووبەش سەربازی لای چەپی بەشە ڕاستەکەی دیاری

دەكات هەروەها بانگی دەكات بەژمارەكەی وەشێوەی جوڵانەوەكەی بۆ روون دەكاتەوە.

**تێبینی**: ئەگەر پێویست بوو ( رهط ) دابەش بكەین بەچەند بەشێكەوە لەسەر مامۆستا پێویستە بانگی ژمارەكانی (٦،١٢،١٨) هتد وە پێویستە لەسەر ئەو سەربازانەی ژمارەكانیان بانگ كراوە دەستیان بەرز بكەنەوە بۆ دڵنیا بوون وەك پێشتر باس كراوە.

**هەڵە بەربڵاوەكان:**

أ. بە هەڵە ژماردن.

ب. جوڵانەوەی سەرو هەردوو چاو.

ج. نەزانینی فێركردنی، جێگیر بوون.

## بەندی -٢١-

## كردنەوەو داخستنی ڕیز

١. بۆ پشكنین و مەشق پێكردنی ( رهط ) گرنگە ( رهط ) ڕیزەكانی كراوە بێت نمونە ( ڕیزی پێشەوە دوو هەنگاو نیو پێشڕەوی دەكات بۆ پێشەوە وە هەروەها ڕیزی دواوە دوو هەنگاوو نیو ڕێدەكات بۆ دواوە، بەڵام ڕیزی ناوەڕاست جێگیر دەبێت.

٢. .بۆ ڕیزكردنەوە – بڕۆ:

سەربازەكانی ڕیزی پێشەوە، پێشڕەوی دەكەن بە قاچی چەپ بۆ پێشەوە بە هەنگاوێكی تەواو هەروەك لە شێوەی ڕێك كردنی ئاسایی دا وە بە دوایدا قاچی ڕاست هەنگاوێكی تەواو ڕێدەكات وە لە دوایدا بە قاچی چەپ نیو هەنگاو (٣٧,٥سم) ڕێدەكات هەروەها ئەژنۆی ڕاست دەشكێنێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە شێوەی وریا بوونی تەواو وە

هەردوو قۆڵ لە تەنیشتەکاندا بە جێگیری دەمێنێتەوە هەروەها ڕیزی دواوە بە هەمان شێوە ڕێدەکات بۆ دواوە.

تێبینـی: لـەکاتی کردنـەوەو داخـستنی ڕیـزدا قۆڵـەکان جێگین وە سـەیر کردن بۆ پێشەوەیە .

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ. نەهاویـشتنی هـەنگاوێکی تـەواو بـۆ پێشەوە ئەمـەش بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت لەکاتی هەنگاو نان بۆ دواوە.

ب. جێگیر نەکردنی قۆڵەکان وە جووڵانەوەی هەردوو شان .

ج. سەردانەواندن .

د. شکانەوەی ئەژنۆ لەکاتی هەنگاوناندا.

هـ. پەلە کردن لەهەنگاوناندا.

٣. بۆ ڕیز داخستن ـــــ برۆ:

ئـەم جوڵەیـە جێبـەجێ دەکریـت بـە پێچەوانەی تـەواوی خـاڵی دوو لـە ( کردنەوەی ڕیز ) .

تێبینـی: باشـتروایە أیعـازی ( لەسـەر ڕاسـت ڕێـك بـە ) بـدرێت لـە دوای کردنەوەی ڕیزدا وە گرنگ نیە لە دوای داخستنی ڕیز هەمان أیعاز بدرێت، چونکە دەرکردنـی ئـەم أیعـازە بـێ گومـان دوای کردنـەوی ڕیـز دەدرێـتو لـەکاتی دەسـتپێکردن بـە نمـایش یـان لـە کـاتی پێکهێنـانی دوو ڕیـز لـە پاسەوانی ڕێـز لێنـان بـۆ نموونـە نابێـت ایعازی کردنـەوەو داخستنی ڕیـز بدرێت ئەگەر ( یەکە لە کاتی لەشان چەکدا بێت ) بەڵام دەدرێت لـە دوای بۆلاچەکدا .

## بەندی -٢٢-

## سوڕانەوەو لادان

١. به ژماره بۆ لای ڕاست وەرگەڕێ یەك: پارێزگاری له نوشتانەوەی ئەژنۆ وه سوڕانەوه به گۆشەی (٩٠°) لەسەر پاژنەی ڕاستو پەنجەکان (پێی چەپ) بەگورج و گۆڵی لەگەڵ دەرپەڕاندنی سنگ بۆ بەرزکردنەوەی پەنجەکانی پێی ڕاستو پاژنەی چەپ به شێوەیەك که قورسایی جەسته بکەوێته سەر پێی ڕاستو لەگەڵ تەواو بوونی ئەم جوڵەیه پێی ڕاست نوساوه به زەوی یەوه , قاچی چەپ له دواوەیەو پاژنەی بەرزەو هەردوو ئەژنۆی ڕێکه.

٢. گواستنەوەی پێی چەپ بۆ لای پێی ڕاست وەکو حاڵەتی وریابوون.

**تێبینی یەکان:**

أ. پێویست ناکات به دووبارەکردنی ایعازی ئاگادارکردنەوه ( به ژماره بۆ ...) وەرگەڕێ له هەر سوڕانێك که به ژماره دەکرێت.

ب. لەهەر سوڕانەوەیەك پێویسته پارێزگاری له قورسایی جەسته بکرێت.

٣. به ژماره بۆ دواوه وەرگەڕێ یەك: وەرگەڕان ( پارێزگاری له نەنوشتانەوەی هەردوو ئەژنۆو دەرپەڕاندنی جەسته دەکرێت ) بۆ دواوه لەسەر پاژنەی پێی چەپو پەنجەکانی پێی ڕاست لەگەڵ بەرزکردنەوەی پەنجەکانی پێی چەپ بۆ ئەوەی جێگیر بێت لەسەر زەوی. کەواته سوڕانەوه لەسەر پێی چەپ بۆ دواوه دەکرێت. لەگەڵ جێ بەجێکردن ئەم جوڵەیه پێویسته پێی چەپ تەخت بێت لەگەڵ زەوی وەپاژنەی ڕاست بەرز بێت وەهەردوو ئەژنۆ نەنوشتابنەوه وەهەردووقاچ یەکتر بڕن لەسەرەوە، قورسایی جەسته لەسەر پێی چەپ دەبێت وەك له وێنەی ( ٤ )دا .

دوو: گواستنەوەی پێی ڕاست بۆ لای پێی چەپ بەگورج وگۆڵی وەك لە (نوشتانەوەی ئەژنۆ).

٤. بە ژمارە نیوەی ڕاست وەر ـــــ گەڕێ: یەك:

ئەم جوڵانەوەیە دەكرێت وەك لە سوڕانەوەی بۆ لای ڕاست دا بەڵام بۆ گۆشەی ( ٤٥ ° ) نەك ( ٩٠ ° ).

دوو: وەك لە جوڵەی دووەم هاتووە لە سوڕانەوە بۆ لای ڕاست.

**تێبینی**: جیاوازییەكی بەرچاو هەیە لە نێوان ڕێك بوون و نزیكبوونەوە ( الاستتار )

كە شانی ڕاستی هەر سەربازێك لە ناوەڕاستی پشتی سەربازی دوای خۆی بەڵام سەربازەكانی ڕیزی ناوەڕاست و دواوە پێویستە شانیان ڕووەو ناوەڕاستی پشتی سەربازی پێشەوە بێت.

سوڕانەوە بە هەڵسەنگاندنی كات ( بتقرير الوقت ): بۆ لای ڕاست وەرگە ـــــ ڕێ:

لەكاتی دەركردنی ئەم ایعازە ( رهط ) هەڵدەستێت بەهەردوو جوڵانەوەی سوڕانی دیاری كراو لە ( هەموو جۆرە سوڕانەوەیەك ) لەگەڵ ڕەچاوكردنی نێوانەیەكی كاتی ڕێسایی لە نێوان هەر جوڵەیەك.

**تێبینی**: لەكاتی دەركردنی ایعاز بۆ سوڕانەوە لە وەستان بە هەڵسەنگاندنی كات پێویستە لەسەر مامۆستا لەپێش دەركردنی ایعازی سوڕانەوە ایعاز بدات بە ( رهط ) بۆ لای ڕاست یان چەپ بە گوێرەی پێویست یان ایعاز بدات بە پێشڕەوی یان كشانەوە لەهەر سوڕانەوەیەكدا كە لە نەسق دا بێت نمونە (جوڵانەوە بۆ لای ڕاست - ( رهط ) بۆ لای ڕاست - وەرگەڕێ ). ( رهط ) دەكشێتەوە - بۆ دواوە وەرگەڕێ - ئاسایی ڕێ كە)

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ.خستنی قورسایی جەستە لەسەر پێی دواوە.

**تێبینی:**

لەکاتی سوڕانەوە بۆ لای چەپ قورسایی جەستە ئەخرێتە سەر پاژنەی پێی چەپەوە نوکی پێی ڕاست وە بە پێچەوانەوە لە سوڕانەوە بۆ لای ڕاست).

ب. جوڵانەوەی هەردوو قۆڵ بە تایبەتی لەکاتی گواستنەوەی پێی دواوە.

ج.چەمانەوەی کەمەر لەکاتی گواستنەوەی پێی دواوە بۆ لای پێ کەی تر.

د.نەسوڕاندنەوەی جەستەو هەردووشان بەرێکی لە جوڵەی یەکەم.

## بەندی -٢٣-

## ڕۆیشتن و بلاّو بوونەوە (الانصراف و التفرق)

١.پێویستە ( رهط ) فێربکرێت لە کۆتایی یەکەم مەشقی لە نمایش چۆن دەڕوات.

٢.بلاّوبوونەوە جیاوازە لە ڕۆیشتن. چونکە بلاّوبوونەوە مەبەست لە کۆتایی هێنان بە نمایش کردن نیە بەڵکو بۆ پشوودانە (استراحة) هەروەها سەلام کردنی تێدا نیە بۆ ئەوەی سەربازە بلاّوکراوەکان شوێنی مەشق بەجێ بهێڵن بۆ نزیکترین شوێنی تر.

**بلاّو بە:** لەکاتی پشوودان ( استراحة ) دەدرێت. ( رهط ) هەڵدەستێت بە وریا بوونو سووڕانەوە بۆ لای ڕاستو بلاّو دەبێت بە ڕێککردنی ئاسایی یان ( هرولة ) بەپێی فەرمانی دەرکراو بەلاّم پێویستە نێوانیەکی کاتی ڕێسایی لە نێوان هەر جوڵەیەك هەبێت.

ڕێکە ( انصرف ): ئەم ایعازە لە کاتی وووریابوون دەدرێت. ( رهط ) بۆ لای ڕاست دەسوڕێتەوەو سەلام دەکات بۆ ئاڕاستەی داواکراو لە وەستان دوایی بە نێوانەیەکی کاتی ( رهط ) دەست بەڕۆیشتن دەکات بەسێ هەنگاوو هەر سەربازێك بلأودەبێتەوە بە ئاڕاستەیەك بەمەرجێك بەهەمان هەنگاو وخێرایی تا گۆڕپانی نمایش بەجێ دەهێڵن.

**تێبینی یەکان:**

أ. سەلام دەکرێت لەکاتی ڕۆیشتن (انصراف) بەلێدان لەسەر قۆناغ ئەگەر سەرباز چەکی پێ بێت ( بەندی ٥٧ ).

ب. ئەگەر ( انصراف ) ڕۆیشتن کراو سەرباز داری پێ بێت ( عصا ) پێویستە دار ( عصا ) لەژێر باڵی دابنرێ پێش سەلام کردن بەندی ( ٥١ ).

ج. ئەگەر لەکاتی ڕۆیشتندا ( انصراف ) ئەفسەری لێ نەبێت ئەوە ( رهط ) هەمان جوڵەکان دەکەن بێجگە لە ( سەلام کردن ) .

## بەندی -٢٤-

## ڕێکخستنی باڵاکان ( التنسیق القامات )

١. ( رهط ) یان سریە یان کۆمەڵەی پاسەوان و ئەوانەی ڕێکخراون بۆ چونێکی جوان لەسەرخۆیان دەدەن بە تەماشا کەران هەروەها ڕێکخستنی باڵاکان باشترین هەل دەدات بە سەربازەکان بۆ بەیەکەوە مەشقکردنی بۆیە پێویستە ڕێکخستنی باڵاکان زوتر بکرێت .

٢. ڕێکخستنی باڵاکان دەکرێت بە دانانی کورترین باڵای سەرباز لە ناوەڕاست , وە ئەمە دەکرێت ئەویش بە ڕیز کردنی سەربازەکان بەیەك ڕیز بەپێی باڵاکانیان ( باڵا بەرزترینیان لەلای ڕاست وە باڵا

کورترینیان لەلای چەپ ) وە هەروەها ئەمە دەکرێت بە پشکنین لە سێ ڕیز یاخود زیاتر بە پێی پێویست .

٣. بالا بەرزترین لەلای ڕاست وە کورترین بالا بۆ لای چەپ لە یەک ڕیزدا – بوەستە ( رهط ) بۆ لای ڕاست دەسوڕێتەوە دوای نێوانەیەکی ڕێسایی سەربازەکان هەڵدەستن بە ڕێکخستنی بالاکانیان بە پێی بەرزی بالاکانیان وە بە شێوەی وریابوون دەوەستن دوایی مامۆستا هەڵدەستێت بە پشکنینی ڕیکی بەرزی بالاکان .

٤. رهط – بژمێرە :


ژماردن دەست پێ دەکات لە لای ڕاستەوە بۆ لای چەپ .

٥. ژمارە تاکەکان بۆ پێشەوە هەنگاوێك بڕۆ ژمارە جوتەکان بۆ دواوە هەنگاوێك بڕۆ پێویستە لەسەر مامۆستا چاودێری جوڵەکان بکات .

٦. ژمارە تاکەکان بۆلای ڕاست وەرگەڕێ وە ژمارە جوتەکان بۆلای چەپ وەرگەڕێ هەموو سەربازەکان ئەم ایعازە جێبەجێ دەکەن بێجگە لە سەربازی یەکەمی لای ڕاست کە ڕووی لە پێشەوەیە .

٧. سێ ڕیز درووست کە , ئاسایی ڕێکە : ( رهط ) سێ ڕیز دروست دەکات وەك ( لەبەندی شەش ) دا هاتووە دوای تەواو بوونی ڕیز ژمارە تاکەکان لەگەڵیان ڕیزی ژمارە جوتەکان دەست دەکات بە ڕێکردن , ژمارە ( ١ ) دەمێنێتەوە وەك ژمارە ( ١ )ی ڕیزی پێشەوەی هەر سێ ڕیزەکان , ژمارە ( ٣ ) دەبێتە ژمارە ( ١ ) ی ڕیزی ناوەڕاست ژمارە ( ٥ ) دەبێتە ژمارە( ١ ) ی ڕیزی دواوە , وە ژمارە( ٧ ) دەبێتە ژمارە( ٢) ی ڕیزی پێشەوە و هەروەها , هەر سەربازێك لە شوێنی خۆی لە ناو ڕیزدا دەوەستێت و خۆی ڕێك دەخات لەگەڵ سەربازەکانی لای ڕاست و چەپ و بە شێوەی وریابوون دەوەستێت .

٨. تێبینی : - نابێت ڕێکخستنی باڵاکان لەسەر بنەمای بەرزی بەرەو کەمی بێت وە لە باڵا بەرزترین بۆلای ڕاست وە کورترین بۆ لای چەپ وە یان بە پێچەوانەوە .



فصیل بە نەسەق وەستاوە ( ڕوکەشی پێشەوە ) دوای ڕێك بوون ( درێژترین بۆ دەرەوە وە کورترین بۆ ناوەوە )

## بەشی سێ یەم

## ڕێکردن

١. ڕێکردن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە مەشقی عەسکەری بنەڕەتی ( پیادە ) کە شێوازێکە لە شێوازەکانی دیسپلین , ئەو یەکەیەی کە ڕێ دەکات لە سەر شێوازێکی یەکگرتوو خاوەن دیسپلینێکی باشەو وورەی بەرزە هەروەها لە ڕێککردنی لەسەرخۆ فێری هاوسەنگی و هەڵسوکەوت و بەژنی ڕێك دەکات ,خێرایی ڕێسایی لەلای هەموو ڕشتەکان لە کاتی نمایشکردن ( ١١٦ هەنگاو/ خولەك ) لە ڕێکردنی ئاسایی , بەهەر حاڵ سەربازی تازە مەشقی ڕێکردن دەست پێدەکات بە خێرایی ( ١٤٠ هەنگاو / خولەك ) دا بۆ ئەوەی فێری گورج و گۆڵی و ووشیاری و ملکەچی فەرمانەکان بێت , بەڵام خێرایی ڕێکردنی لەسەرخۆ ( ٦٥ هەنگاو / خولەك ) دا .

٢. لەکاتی فێرکردنی سەربازە تازەکان چۆنیەتی ڕێکردن پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی بکرێت :

أ. درێژی هەنگاو , ئەویش ( ٧٥ سم ) لە پاژنەوە بۆ پاژنە .

ب. پێویستە یەکەم جار پاژنە بەر زەوی بکەوێت و ئەژنۆ نە نوشتابێتەوە .

ج. پێویستە هەر قاچێك بۆ پێشەوە بجوڵێت بە ئاراستەیەکی ڕێك .

د. پێویستە هەردوو قۆڵەکان بە ئازادی و بە ڕێکی بجوڵێنەوە بۆ پێشەوە و بۆ دواوە . پێویستە لەکاتی گەیشتنی پاژنە بۆ سەر زەوی جوڵەی قۆڵ لە بەرزترین ئاستی ئاسایی خۆیدا بێت . هەردوو قۆڵ بە ڕێکی دەبێت و وە جوڵەکەی لە شانەوە دەبێت هەتا ئاستی شانی سەربازی پێش خۆی وە پشتێنی سەربازی دواى خۆی وێنەی ژمارە

( ٥ ) ئەنیشك نەشكاوەتەوە ، پەنجەكان داخراون و پەنجە گەورەكان ڕوویان لە پێشەوەیە ، هەردوو شان ڕوو لە پێشن .

٣. كە سەرباز ڕێ دەكات بەرەو پێشەوە پێویستە خاڵێك دەستنیشان بكات وە بەو ئاراستەیە بڕوات وە هەموو سەربازێك لەناو ( رهط )ەكەدا بەرپرسیارە لە پارێزگاری كردن لە ڕێك بوون و ( استتار ) و ماوەو نێوان و هەنگاوی ڕاست .

**هەڵە بەربڵاوەكان :**

أ. دووری هەڵە لە كاتی ڕێكردن بە ڕەتڵی سیانی .

ب. ماوەی هەڵە لەنێوان زكاء لە كاتی ڕێكردن بەنەسەق .

ج. تێكچونی ڕێك بوون ، جوڵاندنی ناتەواوی ڕێك بوونی دەستەكان لەگەڵ جوڵانی قاچەكان وە لە دەستدانی كێشی ڕێكردن ، ڕێكردن بە هەنگاوی كورت تر لە ( ٧٥ سم ) .

د. سەیركردن بۆ خوارەوە ( پێویستە سەیری بەشی هەرەسەرەوەی سەرپۆشی كەسی پێش خۆی یان هەر خاڵێكی تر كە لە ئاستی بەرزی ئەودا بێت ) .

هـ. زیادەڕەوی لە جوڵاندندا وەك سڕینی ئارەق یان ڕێككردنی سەرپۆش یان سوڕانی سەر .


و. بەرز نەكردنەوەی هەردوو قۆڵەكان بۆ یەك ئاست لە كاتی ڕێكردندا .

ز. كردنەوە یان داخستنی هەردوو قۆڵ .

ح. هەڵگەڕانەوەی پەنجە داخراوەكان بۆ خوارەوە .

ط. شكاندنەوەی ئەژنۆ .

**تێبینی :** پێویستە لەسەر مامۆستا كە بەتوانابن لەبەكارهێنانی رقاص و تەپڵ و پڕگاڵدا .



وێنەی ژمارە ( ٥ )

ڕێکردن

## بەندی – ٢٥ –

## ڕێکردنی ئاسایی و وەستان

١. ڕێکردنی ئاسایی ( ئاسایی ڕێ ____کە ) :

سەرباز دەست دەکات بە ڕێکردن تەنها لە کاتی ووریا بووندا , لە هەموو کاتەکاندا جێبەجێ دەکرێت لەگەڵیا ڕاستەوخۆ لەگۆڕەپانی نمایشداو هتد ...

کاتێك ایعازی ئاسایی ڕێ ____کە دەدرێت بۆ یەکخستنی ڕێککردنی ( رهط ) لەگەڵ بوق لەگەڵ ( رهط )ێکی تر , باشتروایە کە دەرکردنی ڕێك بخرێت لەگەڵ لێدانی یان هەنگاوە بەدوا یەکەکاندا ( چوار هەنگاو ) نموونە ایعازی ئاسایی دەدرێت و چەند هەنگاوێك تەرك دەکەین پاشان ایعازی ( ڕێکە ) لەسەر پێی ڕاست پێش گەیشتنی بۆ سەر زەوی لە ( رهط)ی پێشکەوتوو دا وە لەسەر سەرباز پێویستە کە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت بە پێی چەپ بە جوڵانەوەی قۆڵی ڕاست بۆ پێشەوە .

٢. وەستان : ( رهط – بوەستە )

ئەم ایعازە کاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ سەرزەوی دەدرێت وەلە هەمان کاتدا پێی ڕاست یەك هەنگاوی تەواو بەرەو پێشەوە دەنێت دادەنرێت کە شوێنی وەستانە بۆ جوڵە هەروەها بە دوا داهاتنی پێی چەپ بە هەنگاوێکی کورت وە ئەژنۆ نوشتانەوە وکێشانی بە زەویدا بە شێوەیەکی مامناوەند وە هێنانی پێی ڕاست جارێکی تر بە خێرایی و گورجو گۆڵی بۆ تەنیشتی پێی چەپ و بە ئەژنۆ نوشتانەوە و کێشانی بە زەویدا بە شێوەیەکی مامناوەندی بۆ وەرگرتنی شێوەیی ووریا بوون ( دوو پیا کێشانی بەهێز ) ە هەردوو قۆڵ لە جوڵانەوەدا دەبێت هەتا نوشتانەوەی ئەژنۆی ڕاست و هێنانی بە خێرایی و گورج و گۆڵی بۆ تەنیشتەکان وەك لە شێوەی وەستاندا ( هەنگاو نیو ) .

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

أ. شکانەوەی هەردوو قۆڵ و جەستە .

ب. سەیرکردن بۆ خوارەوە ( سەردانەواندن ) .

ج. ڕاکێشانی پێی چەپ لەسەر زەوی .

د. لە رزاندنی خێرا دوای وەستان .

ه. سەرنەکەوتن لە نوشتانەوەی ئەژنۆی ڕاست بە گورج و گۆڵی تەواو , دەبێت ئەم جوڵەیە بە کاتێکی کورت جێبەجێ بکرێت .

**تێبینی :** ژماردن بەم شێوەیە دەبێت :

( تەرکی کە ) لەسەر پێی ڕاست وەستاوە .

( یەك ) لەسەر ئەژنۆی چەپ کاتێك دەدرێت بەزەویدا .

( دوو ) لەسەر پێی ڕاست کاتێك دەدرێت بە زەوی دا .

## بەندی – ٢٦ –

## درێژی کردنەوەو کورت کردنەوەی هەنگاو

١. هەنگاو درێژ ___کە : تەواو کردنی جوڵەی پێ لە هەنگاو نانـدا هەروەها سەرباز هەنگاوەکەی درێژ دەکات نزیکەی ( ١٠ سم ) بۆ پێشەوە بە بێ گۆڕان لە کاتی ڕێکردندا . ئەم هەنگاوە بە کاردێت کاتێك پێویست بە زیادکردنی خێراییە , زیاد کردنێك کە گۆڕان لە کاتی ڕێکردندا ڕوونەدات .

٢. هەنگاو کورت ___کە :

تەواو کردنی جوڵەی پێ لە هەنگاو نانـدا , وە دوای ئەوە سەرباز هەنگاوەکەی کورت دەکاتەوە ( ٢٢ سم ) .

٣. لە هەردوو خاڵی پێشودا هەنگاو بە درێژایی ئاسایی دەست پێدەکات لە کاتی دەرکردنی ایعازی ( ئاسایی یان لەسەر خۆ ) .

## بەندی – ٢٧ –

## هەنگاو بۆ پێشەوە و بۆ دواوە

**بۆ پێشەوە و بۆ دواوە ... برۆ :**

هەردەم هەنگاو ( بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە ) دەکرێت .

وە بنچینەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە یە :

١. دەبێت بۆ پێشڕەوی پێی چەپ بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە بە دوری مەبەست ئەمەش بۆ جوڵانی جەستەیە .

٢. بەرگری لە نەجوڵانی جەستە دەکەین بەو خێرایی ڕێکردنە لە کاتی هەنگاو نانێکدا ، وە وەستان دێت لەسەر پێی چەپ ( نوشاتەوەی ئەژنۆی ڕاست وە دانانی لەڕێکی پێی چەپ وە ( هەردوو پاژنە نوسابن بە یەکەوە ) بۆ مەبەستی تەواو کردنی هەنگاوێکی تەواو بە درێژایی ( ٧٥ سم ) .

٣. ئەگەر هاتوو ڕێکردن لە هەنگاوێك زیاتر بوو ڕێگە دەدەین بە قاچی ڕاست و قاچی بە دوایدا هاتوو ( هەریەکەیان بە ئەرکی خۆی ) بە جوڵە بۆ پێشەوە یان ( دواوە ) بە شێوەیەکی ئاسایی وەك لە ڕێکردنی ئاسایدا . ئەویش بە هەنگاوێکی ڕێکی تەواو کە هەر هەنگاوەی ( ٧٥ سم ) وە لە کاتی دەرکردنی ایعازی ( دوو هەنگاو بۆ پێشەوە ـــــ ڕێکە ) دوو هەنگاوی تەواو دەنێین وە جێبەجێ دەکرێت بە ڕێککردنی ئاسایی و بە دوری دوو هەنگاو وە وریا بوون بە پێی چەپ وە بۆ سێ هەنگاو بۆ هەمان کرداری پێشوو جێبەجی دەکەین وە وریا بوون بە پێی ڕاست دەبێت یان بە نوشتانەوەی ئەژنۆی قاچی ڕاست و کێشانی بە زەوییدا ... وە هەروەها .

٤. دەبێت هەردوو قوڵ جێگربن و نوسابن بە کەمەرەوە و هەردوو شان ڕوویان لە پێشەوە بێت لە شێوەی وریا بووندا .

٥. زۆرترین هەنگاو نان بە ژمارە سێ هەنگاو دەبێت بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە ئەگەر ( رهط )ەکە لە کاتی وەستان دا بوو .

**تێبینی یەکان :**

أ. دەبێت فێرکردنی ئەم جولانە لە پێش فێرکردنی ڕێك بەو کردنەوەی ریز بێت .

ب. ئەم جولانە دەکرێت لە کاتی دەرکردنی ایعازی ( لەسەر ڕاست ڕێك ___ بە ) یان بۆ ( ڕیز کردنەوە ) یان ( ڕیز داخستن ) بڕۆ بە وێنەی هاوشێوەی کە پێشتر وەرمان گرتووە .

**هەڵە بەربلاوەکان :**

ج. پەلەکردن لە جولانەوە دەبێتە هۆی هەنگاو نانی هەڵەو درێژ .

د. چەمانەوەی جەستە لە کەمەرەوە .

ه. سەیرکردنی زەوی لە کاتی جولانەوەدا .

## بەندی – ٢٨ –

## هەنگاو بۆ لاکان

١. بەکاردێت بۆ ڕێکردن بۆ لاکان و درێژی ( ٣٧,٥ سم ) ﴿ نیو هەنگاو ﴾ ٥ بۆ جولاندنی رهط کە لە هەشت هەنگاو تێ ناپەڕێت بۆ هەرلایەك ﴿ وە ئەگەر هاتوو دووری لەهەشت هەنگاو زیاتر بوو ئەوا ایعازی سوڕانەوە و جولانەوە بە ڕەتلی سیانی یان تاکی یان زەکا ﴾ بەدیاری کردنی ژمارەی هەنگاوەکان بە ڕێکی لەهەنگاونان بۆلاکان هەتا چوار هەنگاو دەبێت وەستان بە شێوەیەکی خۆیی بێت و بەبێ ایعازی ﴿ بوەستە ﴾ وە لەم کاتەدا ﴿ بۆ چەپ / بۆ چەپ بڕۆ ﴾ بەردەوام دەبێت رهط لە ڕێکردن بۆ لاکان هەتا بە ایعازی ﴿ بوەستە ﴾ دەبیستێت وە باشتر

وایە پێشتر بۆلای چەپ ڕێکردن فێربکرێن , پاشان بۆلای ڕاست کە پێشتر فێرکراون لە بابەتی پشودان ڕاستەوخۆ .

٢. ﴿ ٠٠٠٠٠ ﴾ هەنگاو بۆ چەپ – بڕۆ : ﴿ نوشتانەوەی ئەژنۆی چەپ ﴾ و گواستنەوەی پێی چەپ ﴿ ٣٧,٥ سم ﴾ بۆ چەپ ﴿ وەکو جوڵانەوەی پشوودان جگە لە داخستنەوەی بەپێی ڕاست دەست بەجێ بەهەمان شێوە بە کاتێکی زیاتر بۆ تەواو کردنی هەنگاو ﴾ بەردەوام بە لەجوولە تا تەواوبوونی ژمارەی دیاری کراو لەهەنگاوەکان . بێجگەلە جوولەی هەردوو پێ پێویستە پارێزگاری لە شێوەی وورپابوون بکەی .

٣. بۆ چەپ بڕۆ : ژمارەی هەنگاوەکان دیاری نەکراوە , رهط بەردەوام دەبێت لە جوولە هەتا هەشت هەنگاوەکە تەواو دەکات پاشان دەوەستێت .

٤. رهط – بوەستە : ئەم ایعازە لەکاتێکدا دەبێت کە هەردوو پاژنە جووتە بەیەکەوە ﴿ لەکاتی پیاکێشانی پێ ﴾ دا . رهط هەڵدەستێت بە هەنگاوێکی تر , پاشان جێگیر دەبێت .

**هەڵەبەربلاوەکان :**

أ . هەنگاوەکان یەکسان نین , ماوەو ڕێکی رهط تێکدەدات .

ب. دانەخستنی هەردوو پاژنە لەکاتی تەواوبوونی هەر هەنگاوێکدا .

ج. خوار بوونەوە ﴿ خۆهەڵدان ﴾ لەجیاتی گواستنەوەی پێی ڕاست بە گورج وگۆڵی بەرەو پێی چەپ تا ئەوکاتەی پێی بەر زەوی دەکەوێت .

## بەندی – ٢٩ –

## پێچ کردنەوە ( الاستدارة )

١. ئەگەر ڕێکردن بە زەکای تاکی یان ڕەتڵی سیانی یان شەشی بێت , سەربازی ناوەکی پێچ دەکاتەوە بە بازنەیەك کە تیرەکەی چوارپێ یەو ڕووی خۆی دەگۆڕێت بە گۆشەیەك کە ( ٩٠ ° ) یە . وە خێرایی پێچ کردنەوە وبەندە بە توانای سەربازی دەرەکی کە پێویستە لەسەری پارێزگاری لە هاوسەنگی هەنگاوەکان بکات بە درێژ کردنەوەی هەنگاو لەسەر سەربازی تەنیشتی ناوەوە پێویستە کە بە تیلەی چاو سەیری لای دەرەوەی خۆی بکات بۆ ئەوەی هەنگاوێکی کورت بکاتەوە بە گوێرەی هەنگاوی تەنیشتی دەرەوەی خۆی .

٢. ڕێکردنی زەکا بە ڕێکی و بە دوای یەکدا بەرەو یەك ئاراستە وە هەروەها ڕێکردنەوەی لەسەر هەمان شێوە کە ڕەتڵی پێشکەوت و پێچی لەسەر کردۆتەوە ئەگەر ایعاز درا بە ڕەتڵ بە وەستان یان لە شوێنی خۆ ڕێکردن لەو کاتەدا لەسەر سەربازەکان پێویستە پێچ بکەنەوە بۆ ڕووە تازەکەی وەریان گرتووە .

٣. دوای دەرکردنی ایعازی ( بۆ چەپ – بسوڕێ ) : وە مامۆستا ویستی کە پێچ کردن گۆشەی وەستاو نەبێت ایعازی ( بۆ پێشەوە ) دەردەکات لە کاتێکدا کە ( رهط ) بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات وە لە کاتی گەیشتن و دەرکردنی ایعازی ( بۆ پێشەوە ) بە ئاراستەیەکی ڕێك دەڕوات بە بێ پێچ کردنەوە وە ئەگەر مامۆستا ویستی پێچکردن زیاتر بێت لە گۆشەیەکی وەستاو ئەوا ایعازی ( بۆ ڕاست , بۆ چەپ بسوڕی ) دەردەکات .

٤. ئەگەر هاتوو ژمارەی سەربازەکان بە نەسق وەستاون لەشەش سەرباز زیاتر بوو کارێکی گونجاو نیە کە پێچیان پێ بکرێتەوە لە ڕێکردندا

هەرچەندە ئەم جۆرە پێچ کردنەوەیە هەیە وەك لە ( نمایشە ئاهەنگیەکاندا ) وە ئەگەر ژمارەی سەربازەکان زیاتر بوو لەشەش سەرباز ئەوا گۆڕانی ڕوو دەکرێت بەدروستکردن لە ئاراستەدا ( التشکیل بالتجاه )

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

أ. دوور کەوتنەوەی زیاتر لە ڕیزەکانی دواوە لە خاڵی پێچکردنەوە لەکاتی پێچکردنەوەدا .

ب. نەتوانینی بەشێك لە سەربازەکانی ناوەوە لەبەردەوام بونی پێچکردنەوەدا .

ج. لە دەستدانی دووری دوای هەڵسانی سەربازەکانی دەرەوە بە درێژکردنی هەنگاو .

**بەندی – ٣٠ –**

**سوڕانەوەو ڕێکردنی ئاسایی لادراو ( الدوران و المسیر الاعتیادی المنحرف )**

١. پێویستە لەسەر مامۆستا ( رهط ) فێربکات لەسەر سوڕانەوە بە کاتی ئاسایی و کاتی لەسەرخۆ هەروەها چۆنیەتی پەرەپێدانیان شێوەی وریا بوون و بەرز کردنەوەی پێ ڕوون بکاتەوە وە هەروەها چۆنیەتی پێچکردنەوە بە شێوەیەکی تەریب بۆ ڕووی تازە .

سوڕانەوە بۆ لا بە ژمارە :

پێویستە لەسەر مامۆستا بە ژمارە سوڕانەوەیان فێربکات وە جوڵەی یەکەم دەبێت ( هەنگاوێکی وەستاو بێت ) ( خطوة الموقفة ) ئەویش پێویستە بۆ وەستانی جوڵەی پێشەوە بۆ دەست پێکردنی گۆڕینی ئاراستە .

( يـەك ) : ئـەم ايعـازە دەدرێت لـە كاتی
٢. بە ژمارە بۆ چەپ وەرگەڕێ ( يـەك ) : ئـەم ايعـازە دەدرێت لـە كاتی گەیشتنی پێی ڕاست ( پاژنە ) بۆ سەر زەوی . سەرباز لەسەر شوێنی خۆی دەوستێت بە بێجوڵەو پێی چەپی بۆ پێشەوە لەسەر زەوی وەك شـوێن پـێ ,پـێی ڕاسـت دوورە لـە پـێی چـەپ بـە دووری ( ٧٥ سم ) , پاژنـە بەرزە هـەردوو ئـەژنۆ ڕێكن و نەنوشتا ونەتـەوە , جەستە جێگیرە لەسەر هەردوو پێكان قوڵی ڕاست پاڵی پێوەنراوە بۆ پێشەوە وە قوڵی چەپ بۆ دواوە .

٣. بە ژمارە ( دوو ) : هەردوو قوڵ بە خێرایی دەنوسێنێت بە جەستەوە , وە لەهەمان كاتدا ( ئەژنۆی ڕاست ئەنوشتێتەوە ) وە بەرزی دەكەیتەوە تا ئاستی پشتێن بە مەرجێك پەنجەكانی ڕوو لە زەوی بێت , هەردوو قۆڵ لە تەنیشتەكانە , جەستە لە شێوەی وریا بووندایە و سەرو سنگ بەرزن وە هەردوو شان بەرەو دواوەن .

٤. بە ژمارە ( سێ ) : ئەژنۆی ڕاست بسوڕێنە بۆ ناچار ركردنی جەستە بـۆ سـوڕانەوەی بـۆ ئاراسـتەی تـازەو وە لـە كـاتی گەیـشتنی پـێ بـۆ سەرزەوی ( قاچی چەپ بەرەو پێشەوە بە دووری ٣٧,٥ سم ) ئەمـەش لـە كاتی دابڕانی پەنجەكانی پـێ لـە سـەر زەوی . قۆڵـەكان بجوڵێنـە – قۆڵی ڕاست بۆ پێشەوە و قۆڵی چەپ بۆ دواوە .

٥. ( رهـط ) بـۆ پێـشەوە : ( رهـط ) ئاسـايی دەڕوات بـە دەركردنـی پـێی ڕاست وە جولاندنی هەردوو قۆڵ .

**هەڵە بەربڵاوەكان :**

نەتوانینی وەستانی جوڵەی پێشەوە وە نەتوانینی سوڕانەوەی تەواو .

بۆ دواوە سوڕانەوە بە ژمارە :

٦. بە ژمـارە بـۆ دواوە ( يـەك ) : ئـەم ايعـازە دەدرێـت كاتێـك پـێی ڕاسـت دەگاتـە سـەر زەوی ) پـێی چـەپ لەسـەر زەوی دەمێنێتـەوە وە هـەروەها

پـێی ڕاسـت نیـو هـەنگاو بۆ پێشەوە لەگـەڵ پیا کێشان بە زەویـدا بـە تەواوی یان بە جێ هێشتنی  نیو هەنگاو ) .

( دوو ) : هــەردوو قــۆڵ جــێگیر دەکــەین  لەســەر کەمــەر وە بــۆ دواوە دەسوڕێتەوە لەسەر هەردوو نوکی پێو هێزی سنگ .

( سێ ) : پێشڕەوی بەپێی ڕاست دەکەین یەك هەنگاوی تەواو وە دەست دەکەوین بە ڕێکردنی ئاسایی بە پێی چەپ و قۆڵی ڕاست وە بەردەوام دەبین لە ڕێکردندا .

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

أ. ناتەواوی لە دانانی پێی چەپ بۆ سەر زەوی بە شێوەیەکی گونجاو لە جوڵەی یەکەمدا .

ب. جێگیر نەکردنی هـەردوو قـۆڵ بەکەمـەرەوە بـە شێوەیەکی ڕێك وە سـوڕانەوە  بـە گـورج و گـۆڵی و خێرایـی لەسـەر پاژنـەی چـەپ و پەنجەکانی پێی ڕاست .

ج. بەرزکردنەوەی قۆڵی چەپ و پێی ڕاست لە جوڵەی سێ یەمدا .

د. خوار بوونەوەی جەستە بۆ پێشەوە .

**بەندی – ٣١ –**

**لە شوێنی خۆ ڕێکردن – بۆ پێشەوە – وەستان لە کاتی ئاسایدا**

لە شوێنی خۆت ڕێکردن دەکرێت بە هەمان کێشی  ئاسایی و ڕێکردن و دەبێت پارێزگاری لە شێوەی ووریا بوون بکرێت .

١. دەبێت شێوەی ئەم فێرکردنە بە ژمارە بێت ئەگەر پێویست بوو لە کاتی ایعازی ( یەك ) ئەژنۆی چەپ بەرزدەکەیتەوە  وە ایعازی ( دوو ) ئـەژنۆی چـەپ دا ئەنێیتـەوە وە شـێوەی ووریـا بـوون وەردەگیرێـت , هــــەروەها ئــــەژنۆی ڕاســـت بەرزدەکەیتـــەوە بـــە خێرایـــی وە

ئـەم جوڵەیـە بـەردەوام دەبێـت هـەتا دەرکردنـی ایعـازی ( بوەستە ) ( لەسـەر قاچی ڕاسـت ) پـێی چـەپ وازی لێ دێـنین وە پـێی ڕاسـت دادەنێین لەسەر زەوی بۆ گەڕانەوە بۆ شێوەی ووریا بوون .

**هەڵە بەربلاّوەکان :**

ا- نەمانەوە لە شوێنی خۆیدا ( لە کاتی لە شوێنی خۆت ڕێکردن ) کە ئەمـە دەبێتـە هـۆی لەدەسـت دانـی ڕێکبـوون و نێوانـە ( التراصف الفرجات ) .

ب- جولاّنەوەی جەستەو قۆڵەکان و شانەکان .

ج- سەردانەواندن .

د- خێرایی کردن لە شوێنی خۆڕێکردندا لە چاو ئاسایی ڕێکردندا .

٢. لە شوێنی خۆ ڕێکردن لـە وەسـاندا ( عـادة راوح في الوقـوف ) : ئـاسایی ڕێکە ئەژنۆی چەپ بەرز دەکەیت وە ئـەم جوڵەیـە دەکرێت وە لـە ( شوێنی خۆت ڕێکردن بە ژمارە ) .

**هەڵە بەربلاّوەکان :**

وەك لە شوێنی خۆت ڕێکە زیاد دەکرێت بۆی :

ا- چەمانەوە بۆ پێشەوە .

ب- بەرزکردنەوەی پـێ کە کۆتـایی پەنجـەکانی زۆر دوربـن لـە دواوە لـە جیاتی کە لە ژێر کۆتایی ئەژنۆی بن .

ج- پێشڕەوی بۆ پێشەوە وە لە جیاتی شوێنی خۆڕێککردن لە هـەمان شوێندا.

د- زیاد کردنی خێرایی .

لە شوێنی خۆت ڕێکردن لە ڕێکردنی ئاسایی :

٣. ڕێ ___کە :

یەکەم جار بەشی ئاگادارکردنەوە لە ایعاز دەدرێت ( ڕێ ___ ) وە دوای گەیشتنی پێی ڕاست بۆ سەر زەوی بەشی جێبەجێ کردن لە ایعاز دەدرێت ( کە___ ) وە پێی چەپ بەکاردێت وەك شوێن پێ ( ترك ) دوایی پێی ڕاست دەخشێنرێت بۆ لای پێی چەپ وە دوای ئەوە دەست دەکرێت بە لە شوێن خۆت ڕێکردن بە بەرزکردنەوەی قاچی چەپ وەکو کێشی ئاسایی ڕێکردن .

بەندی – ٣٢ –

## گۆڕینەوەی هەنگاو لە ڕێکردنی ئاسایی و لە شوێنی خۆت ڕێکردن

گۆڕینەوەی هەنگاو لە ڕێکردنی ئاساییدا :

هەنگاو ___بگۆڕە ( لەسەر پێی ڕاست ) :

دوای دەرکردنی ئەم ایعازە پێی چەپ بە کاردێت وەکو هەنگاوێکی وەستاو( ترك ) وە پێی ڕاست بەرز دەکرێتەوە بە خێرایی وە دەدرێت بە زەویدا وە لە کاتی لێداندا پێی چەپ نیو هەنگاو دەردەکەیت بۆ پێشەوە بۆ بەردەوام بوونی ڕێکردن وەیەك خستنی هەنگاو .

لە شوێنی خۆت ڕێکە : ( لەسەر پێی ڕاست ):

لێدانی پێ بە زەویدا دوو جار بە دوای یەکدا ( پێی چەپ دووجار ) :

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

١. لە ڕێکردن :

أ- دانەواندنی هەردوو شان بۆ پێشەوە .

ب- نەنوشتانەوەی ئەژنۆ .

٢. له لەشوێنی خۆت ڕێکردن :
ا- سوڕانەوەی جەستە یان لەرینەوەی جەستە .
ب- زیادکردنی خێرایی ڕێکردن .

## بەندی – ٣٣ –

## ڕاکردن بە هاوسەنگی ( هرولة ) لە ڕێکردنی ئاسایی لە شوێنی خۆت ڕێکە و لە وەستان

**ڕاکردن بە هاوسەنگی ( هرولة ):**

١. هاوسەنگ ڕاکە : هەنگاو بنێ بە پێی چەپ وە ڕاکە لەسەر پەنجەکانی پێ بە هەنگاوی فراوانی نەرمی ئاسان لەگەڵ بردنی جەستە کەمێك بۆ پێشەوە لەگەل پارێزگاری کردنی شێوە ڕاستەکەی , دەبێت ( لەهەر هەنگاوێك پی بەرزبکرێتەوە لە زەوی جومگەی ئەژنۆ و جومگەی لەپی پێ بە ئاسانی لە جوڵەدا بێت , وە پێویستە جەستە بەرەو پێشەوە بەرێت بە هاوکاری ئەو پێ یەی کە دەکەوێتە دواوە بە بێ هیلاکی . وە هەردوو پاژنە بەرزناکرێتەوە بەرەو دواوە بەلام پێ دەگوێزرێتەوە بۆ پێشەوە وە پەنجەکانی پێ لەسەر زەوی دادەنرێت بە ئاسانی . پێویستە هەردوو قوڵ بجوڵێنرێتەوە بۆ پێشەوە وە بۆ دواوە وەك لە ڕێکردنی ئاساییدا کە لە ئەنیشکەوە شکاوە دەبن بەمەرجێك باسك و مەچەك بەگۆشەی ( ٤٥ ° ) بن .درێژی هەنگاو لە ڕێکردن ( ١٠٠ سم ) دەبێتوە خێراییەکەی ( ١٨٠ هەنگاو / خولەك ) .


**هەڵە بەربڵاوەکان :**

ا- جوڵاندنەوەی هەردوو شان .
ب- سەردانەواندن .

ج- ڕاكردنی پێشەوەی ( رهط ) بە هەنگاوی درێژ کەبێتە هۆی پچڕاندنی سەربازەکانی دواوە

د- ڕاکردن لەسەر هەردوو پاژنەی پێ و لەدەستدانی ڕێکبوون و دووری و نێوان .

هـ- دانەخستنی پەنجەکانی دەست وە نەجولاندنەوەی قۆڵەکان .



وێنەی ژمارە (     )

لە شوێنی خۆ ڕێکردن بە ڕاکردن ( المراوحة بالهرولة )

٢. دەکرێت وەکو لە شوێنی خۆت ڕێکردن بە کاتی ئاسایی ڕێکردن ( لە شوێنی خۆت ڕێکە ) تەنها پەنجەکانی پێ بەرزەوی دەکەون وە هەردوو قۆڵ بە شکاوەیی نوساون بە جەستەوە . لەگەڵ پارێزگاری کردنی خێرایی ڕاکردن ( ئەم ایعازە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ سەر زەوی ) .

وەستان :

٣. وە ك لە وەستان لە ڕێکردنی ئاسایی دەکرێت وە هەردوو قۆڵ ڕێك دەکرێت لەگەڵ جەستەدا لە نزیکترین ڕێگەوە . ایعازی ( بوەستە ) لە هەردوو کاتی ( ڕێکردنی ئاسایی و ڕاکردن ) دەدرێت لەگەڵ گەیشتنی پێی چەپ بۆ سەر زەوی هەرچەندە ڕاکردن دەکرێت بە ڕێکردنی ئاسایی پاشان ایعازی وەستان دەدرێت .

هەڵە بەربڵاوەکان :

أ- خۆهەڵدان بۆ سەر زەوی بە هەردوو پێ .

ب- لەدەست دانی ووردی لە وەستان .

ڕاکردن لە ڕێکردنی ئاسایی :

٤. هاوسەنگ ڕا___کە: ( ئەم ایعازە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ سەر زەوی ) ئەم گواستنەوەیە بۆ ڕاکردن دەکرێت بەجوڵانەوەی قاچ بۆ پێشەوە بە خێرایی ڕاکردنی ڕاست . لەگەڵ شکانەوەی هەردوو قۆڵ لە هەمان کاتدا ( ١٨٠ هەنگاو / خولەك ) .

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

أ- خاوبوونەوەیەکی دەست بەجێ لە کۆنترۆڵ کردندا وە لەدەست دانی ڕێکی ڕێکردن .

ب- جوڵانەوەی سەر لەگەڵ ڕاکردندا بۆ پێشەوە .

**٥. گواستنەوە لە ڕاکردن بۆ ڕێکردنی ئاسایی :**

**ئاسایی ڕێکە :**

ئەم ایعازە دەدرێت لەسەر دوو هەنگاوی بە دوای یەکدا بۆ نموونە ( ئاسایی ) لەگەڵ گەیشتنی پێی چەپ بۆ سەر زەوی دەدرێت وە ( ڕێکە ) لەگەڵ گەیشتنی پێی ڕاست بۆ سەر زەوی وە بۆ جێبەجێ کردنی ئەمە دوو هەنگاوی لە دوای یەك بە ڕاکردن تەواو بکەوە بگەڕێرەوە بۆ هەنگاوی ئاسایی وەك لە ڕێکردنی ئاسایی ( ٧٥ سم ) .

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

هەڵە کردن لە کاتی گەڕانەوە بۆ ڕێکردنی ئاسایی لە ڕاکردنەوە .

**بەندی – ٣٤ –**

**کردنەوە و داخستنی ڕیز( لەکاتی ڕێکردندا )**

**١. بۆ کردنەوەی ڕیز ____ برۆ :**

( ئەم ایعازە دەدرێت لەگەڵ گەیشتنی پێی ڕاست بۆ سەر زەوی )ڕیزی ناوەڕاست لە شوێنی خۆی دوو هەنگاو ڕێ دەکات ( چەپ ڕاست ) دوایی بەردەوام دەبێت لە ڕێ کردن بە دەرکردنی پێی چەپ .

ڕیزی دواوە – لە شوێنی خۆی چوار هەنگاو ڕێ دەکات ( چەپ ڕاست – چەپ ڕاست )

هەروەها بەردەوام دەبێت لە ڕێکردنی پێی چەپ وە ئەمەش دووری لە نێوان ڕیزەکان دەکاتە سێ هەنگاوی ڕێسایی .

٢. بۆ داخستنی ڕیز – بڕۆ :

ڕیزی پێشەوە – چوار هەنگاو لە شوێنی خۆی ڕێ دەکات .

ڕیزی ناوەڕاست – دوو هەنگاو لە شوێنی خۆی ڕێ دەکات .

**بەندی – ٣٥-**

**گۆڕینەوەی ڕوو بەگۆڕینی ئاراستە لە ڕێکردن و لە وەستان**

**لە وەستان :**

**١. بۆ وەستانی بۆ لای ڕاست بسو____ڕێ :**

سەربازی لای ڕاست دەسوڕێت بۆ لای ڕاست وە پاشماوەی سەربازەکانی ڕیزی پێشەوە نیوەی ڕاست دەسوڕێنەوە وە سەربازەکانی تری ( رهط ) لە شوێنی خۆیان جێگیر دەبن .

**٢. ( رهط ) ئاسایی ڕێ کە :**

سەربازی لای ڕاست لە ڕیزی یەکەم سێ هەنگاو ڕێ دەکات و دەوەستێت وە دوو سەربازی دوای خۆی لە ( زەکا ) ڕاستەوخۆ دوای دەکەون وە دەسوڕێنەوە و دەوەستن لە دوایەوە بە ئاراستە تازەکە .بە دوری هەنگاوێك لە نێوان هەر یەکێکیان بەڵام زەکاکانی تر ڕێ دەکەن بۆ پێشەوە و دەسوڕێنەوە بۆ ئاراستە تازەکە . وە دەوەستێت بە نەسەق وە ڕێك دەبێت لەگەڵ زەکائی لای ڕاست .

**تێبینی** : ئەم جوڵەیە بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی ڕوو لە کاتێکدا کە ژمارەی سەربازەکانی نەسەق زیاتر بن لەشەش سەرباز **( بگەڕێرەوە بۆ بەندی ٢٦ )**

أ- ئەم جوڵەیە فێردەکرێت بە شێوەیەکی ئاسایی لە وەستان بۆ وەستان بۆ زەکاکان بە شێوەیەکی جیاجیا پێش مەشق کردنی ( رهط ) بە شێوەی کۆمەڵ .

ب- ئەگەر لەبەشی ئاگادارکردنەوە لە ایعاز ووشەی ( بۆ وەستان ) لەگەڵ ایعاز ئەوترا ئەوە ( رهط ) لەسەر هێڵی دروست کردنی تازە لە شوێنی خۆی ڕێ دەکات وە لەوانەیە دوای ئەمە ایعازی ( بۆ پێشەوە یان بوەستە ) بدرێت .

لە ڕێکردن :

٣. لەکاتی دەرکردنی ایعازی ئاماژە پێکراو لەمادەی ( ١ ) سەربازی لای ڕاست ڕیزی پێشەوە دەسوڕێت سوڕانەوەیەکی تەواو بۆ لای ڕاست وە سێ هەنگاو ڕێ دەکات بۆ ئاراستەی تازە پشان دەوەستێت ( ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ووشەی بۆ وەستان لەگەڵ ایعازدا بوو ) یان لە شوێنی خۆی ڕێدەکات ( ئەگەر ئەم ووشەیەی لەگەڵدا بوو ) وە دوو سەربازی دوای خۆی لە زەکا دوای دەکەون .

٤. پێویستە بەشی جێبەجێ کردنی ئەم ایعازە بدرێت وەکو لە سوڕانەوە بۆ لای چەپ وە لە سەر زەکا پێویستە ڕێ بکات بەرەو ئاراستەی تازە دوایی دەوەستێت یان لە شوێنی خۆی ڕێ دەکات بەپێی پێویست .

هەڵە بەربڵاوەکان :

أ- سەرنەکەوتن لە پارێزگاری کردن لەنێوانەکان ( الفرجات ) .

ب- زیاد کردنی خێرایی ڕێکردن بۆ لای دەرەوەیان خێراکردن لە کاتی لە شوێنی خۆت ڕێکردندا .

ج- زیاد کردنی درێژی هەنگاو .

د- سەرنەکەوتن لەوەستان یان لە شوێنی خۆت ڕێکردن لەسەر ڕێی ڕاستە .

بەندی - ٣٦ -

ڕێکردنی ئاسایی بە ئەسەق و گۆڕینەوەی ناراستە

پێویستە پابەندبین بە هەموو وردەکارییەکانی بنەڕەتی تایبەت بە تاکەکان کە پەیوەندی بە ڕێکردنی ئاساییەوە هەیە لەگەڵ پێداگرتن لەسەر ڕێک بوونی تاکەکان لەیەک ڕیزدا وە بە تایبەتی لەکاتی گۆڕینەوەی ناراستەو پارێزگاری کردن بەهەمان نێوانەکان لە نێوان تاکەکاندا .

بەشی چوارەم

دروست کردنی ( رهط )

جوڵەیەکە مەبەست لێی گۆڕینی ( رهط )ە کە بە ڕەتێکی سیانی دەڕوات پێکهێنانی خۆی بۆ ئەسەق بەبێ ئەوەی ئاراستەی ڕێکردنی خۆی بگرێت .

بەندی - ٣٧ -

پێکهێنانی ( رهط ) لە وەستان بە ڕێکردنی لەسەرخۆ

( لە ڕەتلی سیانی بۆ ئەسەقی سێ ڕیز )

١. بە وەستاوی لەسەر چەپ پێک بهێ___ نە :

هەموو ( رهط ) دەسوڕێت - جگە لە سەربازی لای چەپ لە سیانی یەکەم ( ئەویش سەربازی سەنتەرە ) بۆ نیوەی لای چەپ .

٢. ئاسایی ڕێ___کە :

سەربازی سەنتەر سێ هەنگاو ڕێ دەکات و دەوەستێت بەڵام سەربازەکانی تر دەسوڕێن و ڕێدەکەن بۆ شوێنە ڕاستەکانی خۆیان لەئەسەق داو پاشان دەوەستن .

تێبینی :

أ- ئەگەر هاتوو ووشەی ( بوەستە ) مان لە بیرکرد لەگەل ئیعازەکەدا ئەوا دوای گەیشتن لە شوێنێ خۆی ڕێدەکات لەجیاتی وەستان .

ب- باشتر وایە لە کاتی فێرکردنی ( رهط ) بۆ پێك هێنان بۆ جاری یەکەم لەسەر سیانی پێشکەوتوو بە شێوەیەکی تاکی هەروەها لەسەر سیانیەکان، دواوە پێویستە بە دوایاندا ڕێ بکەن .

ج- دەکرێت ئەم هەمان جوڵە بۆلای ڕاست بێت وە سەربازی لای ڕاست لە سیانی پێشەوە دەبێت بە ( سەربازی سەنتەر ) لەم کاتەدا سوڕان دەبێت بۆ نیوەی لای ڕاست بێت .

## بەشی پێنجەم

### پێك هێنانی ( رهط ) لە دوو ڕیز

( لە ڕەتڵی سیانی بۆ ئەسەق و هەروەها بۆ ئەسەق بە دوو ڕیز )

زۆر جار گرنگە لەئاهەنگەکان کە یەکەکان بەسێ ڕیز ڕێبکەن بۆ گۆڕەپانی نمایش دوای شێوەی خۆیان دەگۆڕن بۆ دوو ڕیز بۆ مەبەستی نمایش و پشکنین وە ئەم مەبەستەش تەنها ڕیزی ناوەڕاست دابەش دەبێت بۆ سەر دوو ڕیزەکەی پێشەوە و دواوەی خۆی .

## بەندی -٣٨-

### دروست کردنی دوو ڕیز لە سێ ڕیز

١. لەکاتی دەرکردنی ایعازی پێك هێنانی دوو ڕیز :
مامۆستا هەڵدەستێت بەژمارە تاکەکان و جوتەکان وە لەسەر سەربازەکانی ڕیزی ناوەڕاست و دواوە پێویستە هەمان ژمارەی سەربازی پێش خۆی بزانێت بە گوێرەی ڕێکبوون بە قوڵایی ( حسب تراصف بالعمق )

أ- ژمارە جوتەکانی ڕیزی ناوەڕاست پێشڕەوی دەکەن بە پێی چەپ بۆ لای چەپ و کەمێك بۆ پێشەوە بە هەنگاو بۆ لاکان بە درێژی ( ٦٠ سم ) لەهەمان کاتدا ژمارە تاکەکان لەهەمان ڕێزدا هەڵدەستن بە پاڵنانی بە پێی چەپ بۆلای چەپ بۆدواوە و بەهەنگاو بۆ لاکان بە درێژی ( ٦٠ سم ) .

ب- ژمارە جوتەکان لە ڕیزی ناوەڕاست هەڵدەستێت بە پاڵنانی پێی ڕاست هەنگاوێکی تەواو بۆپێشەوە بە درێژی ( ٧٥ سم ) لە هەمان کاتدا ژمارە تاکەکان لەهەمان ڕیزدا هەڵدەستن بە پاڵنانی پێی ڕاست بۆ دواوە بە هەنگاوی تەواو بە درێژی (٧٥ سم ) ژمارە تاکەکان وجوتەکان لە ڕیزی ناوەڕاست پێی چەپیان دەگوێزنەوە بۆ ڕاست و دەچنە شێوەی ووریا بوون لە هەمان کاتدا پێویستی بەم ایعازی لەڕاست ڕێك ___ بە ) تاکات دوای تەواو بوونی پێك هێنانی دوو ڕیزی دواوە بەدووری دوو هەنگاو دەمێنێتەوە لەگەڵ ڕیزی پێشەوە بۆ ئەوەی ئەم دوورییە داخرێتەوە هەتا لەکاتی ڕێکردنیشدا لە پێکهێنانی دوو ڕیز .

ج- بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جوڵەیە دەبێت بەسێ جوڵانەوە دەبێت یەکەم . یەك ... ژمارە جوتەکانی ڕیزی ناوەڕاست پێشڕەوی دەکەن

بە پێی چەپ بۆ لای چەپ و کەمێك پێشەوە بە هەنگاوتان بۆ لاکان بەدرێژی ( ٦٠ سم ) ، هەروەها ژمارە تاکەکان لە ریزی ناوەڕاست پێی چەپیان بۆ لای چەپ و کەمێك دواوە بە هەنگاوتان بۆ لاکان بەدرێژی ( ٦٠ سم ) دەبێت .

دووەم ، دوو ... ژمارە جوتەکانی ریزی ناوەڕاست پێی ڕاست دەهێنن بە هەنگاوی تەواو بۆ پێشەوە بۆ ئەوەی پێی ڕاستی خۆیان لە تەنیشت پێی چەپی ژمارە جوتەکانی ریزی پێشەوە دابنێن ، وە هەروەها لە هەمان کاتدا ژمارە تاکەکانی ریزی ناوەڕاست پێی ڕاست پاڵ پێوە دەنێن بەهەنگاوێکی تەواو بۆ دواوە بۆ ئەوەی پێی ڕاستی خۆیان لە تەنیشت پێی چەپی ژمارە تاکەکانی ریزی دواوە دابنێن .

سێیەم ، سێ ... ژمارە جوتەکان و تاکەکانی ریزی ناوەڕاست پێشڕەوی بە پێی چەپ دەکەن بۆ تەنیشت پێی ڕاست و گەڕانەوە بۆ شێوەی ووریا بوون .

د- چالاکیەکان بەم شێوەیە دەبێت .

یەکەم ، ریزی پێشەوە

ژمارە تاکەکان و جوتەکان جێگۆڕن .

دووەم ، ریزی ناوەڕاست .

١. ژمارە تاکەکان بۆ دواوە .

٢. ژمارە جوتەکان بۆ پێشەوە .

سێ یەم ، ریزی دواوە .

ژمارە تاکەکان و جووتەکان جێگۆڕن

ه. ایعازی ( لەسە ڕاست ڕێك ___ بە ) دەدرێت دوای تەواو بوونی پێك هێنانی دوو ریز .

## بەندی – ٣٩ –

## پێك هێنانی سێ ڕیز لە دوو ڕیز

سێ ڕیز پێك بهێنە . لەکاتی دەرکردنی ئەم ایعازە دا ئەم کردارە پێچەوانەی کرداری پێکهێنانی دوو ڕیز لە سێ ڕیز .

١. **یەك . ژمارە جوتەکان** : تاکەکان ( لە ڕیزی ناوەڕاستی پێشوو ) پێشڕەوی دەکەن بەپێی چەپ لە هەردوو ڕیزی پێشەوە / دواوە هەنگاوێکی تەواو بۆ دواوە / پێشەوە .

٢. **دوو . ژمارە جوتەکان** : تاکەکان ( لە ڕیزی ناوڕاستی پێشوو ) پێشڕەی دەکەن لەهەردوو ریزی پیشەوە / دواوە بە پێی ڕاست هەنگاوێك کەمێك بۆ لای ڕاست بۆ دواوە / پێشەوە بە درێژی ( ٦٠ ) سم .

٣. **سێ . ژمارە جوتەکان** : تاکەکان ( لە ڕیزی ناوەڕاست ) پێی چەپ دەگوێزنەوە بۆ لای پێی ڕاست بۆ گەڕانەوەی شێوازی ووریا بوون .

٤. **چوار** دوای تەواو بوون لە پێك هێنانی سێ ڕیز ایعازی لەسەر ڕاست ڕێك بە دەدرێت .

## بەشی شەشەم

## ڕێکردن بە ڕەتلی تاکی

زۆر جار گرنگە بۆ یەکەیەکی سێ ریز کە ڕەتلێکی تاکی پێك بهێنێت بۆ نموونە لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵێك یان لە کاتی هەبوونی ڕێگایەکی تەسك .

## بەندی -٤٠-

## ڕێکردن بە ڕەتڵی تاکی بۆ ڕهط ێکی ڕێکردوو بە ڕەتڵی سیانی ڕووەو یەکێك لە لاکان

لە وەستان :

١. ڕیزی چەپ ئاسایی ڕێ___کە : ڕیزی لای چەپ دەردەچێت بەرەو پێشەوە بە ڕەتڵی تاکی و بە ڕێکردنی ئاسایی .

٢. ڕیزی ناوەڕاست ئاسایی ڕێ___کە : ئەم ایعازە دەدرێت لە کاتی تێپەڕینی کۆتایی ڕیزی چەپ لەسەرەتای ڕیزی ناوەڕاست و بە دوایدا ڕێکردنی ڕیزی ناوەڕاست بە شێوەی ڕەتڵی تاکی .

٣. ڕیزی ڕاست ئاسایی ڕێ___کە : ئەم ایعازە دەدرێت لە کاتی تێپەڕینی کۆتایی ڕیزی ناوەڕاست لە سەرتای ڕیزی ڕاست و بە دوایدا ڕێکردنی ڕیزی ڕاست بە شێوەی ڕەتڵی تاکی لە ڕێکردن :

٤. لە ڕاست یان لە چەپ ( ڕهط ێکی تاکی ( پێکهێ___نە ) بەردەوام دەبێت ڕیزی ڕاست یان ڕیزی چەپ لە ڕێکردن لە هەمانکاتدا هەردوو ڕیزەکەی تر لە شوێنی خۆیان ڕێ دەکەن .

٥. لەگەڵ گەیشتنی دواین سەرباز لە ڕیزی دەرچوو بۆ ئاستی سەربازی یەکەم لە ڕیزی ناوەڕاست ، ڕیزی ناوەڕاست دەردەچێت و وە هەروەها ڕیزی سێ یەمیش بەم شێوەیە دەبێت لەوەستان .

٦. لەسەر ڕیزی چەپ سێ ڕیز پێکبهێنە ، ڕیزی ناوەڕاست و لای ڕاست ئاسایی ڕێ کە : ڕیزی لای چەپ لە شوێنی خۆی جێگیر دەبێت ، بەڵام ڕیزەکانی ناوەڕاست و لای ڕاست پێشڕەوی دەکەن وە ایعازیان بۆ دەدرێت بەم شێوەیە ( ڕیزی ناوەڕاست یان ڕیزی ڕاست – بوەستە ) لە ڕێکردن .

٧. بۆ وەستان لەسەر ڕیزی چەپ سێ ڕیز پێک بهێنە ڕیزی چەپ - بوەستە : ڕیزی چەپ دەوەستێت بەڵام ڕیزەکانی ناوەڕاست و لای ڕاست بەردەوام دەبن لە ڕێکردن بۆ شوێنی خۆیان پاشان ایعازیان بۆ دەردەکرێت بەم شێوەیە ( ڕیزی ناوەڕاست یان ڕیزی دواوە - بوەستە ) .

تێبینی : ئەگەر لەبەشی ئاگادارکردنەوە لە ایعازی ووشەی ( بۆ وەستان ) دەدرێت ئەوا بەشی جێبەجێکردن لە ایعاز بۆ هەر ڕیزێک بە دوای یەکدا ایعازی ( لە شوێنی خۆت ڕێ ___کە ) دەدرێت .

بەندی - ٤١ -

( رهط ) یکی ئەسەق ڕێ دەکات بە ڕەتلی تاکی

لە وەستان :

١. بۆ پێشەوە لە لای ڕاست بە ڕەتلی تاکی و ئەوانی تر لە شوێنی خۆتان ڕێ ___کە :

یەکەم سێ پێشەوای لای ڕاست ڕێ دەکەن بۆ پێشەوە بەڕێ کردنی ئاسایی ، بەڵام ئەوانی تر لە شوێنی خۆیان ڕێ دەکەن دوایی دەردەچن هەرسێ سێ بە دوای یەکدا بۆ پێکهێنانی ڕەتلی تاکی .

پێک هێنانی سێ ڕیز :

لە وەستان

٢. لەسەر چەپ سێ ڕیز پێك بهێنەوە ئەوانی تر ئاسایی ڕێ ___کە :

سێ سەربازی پێشەوە لەلای ڕاست جێگیر دەبن ئەوانی تر ڕێ دەکەن بۆ شوێنی خۆیان سێ‌سێ ( بۆ تەواو کردنی (رهطی) سیانی ) وە دوەستن بە شێوەی ئەسەق .

دەبەخشێت ، بەڕاستی سەلام کردن بە خێرهێنانە لە نێوان هاوڕێ چەکدار وە سەلام کردن لە عەسکەرێکەوە بۆ ئەفسەر کارێکی بنەڕەتی و گرنگە لەکارەکانی دسپلین وە جێبەجێ کردنی بە گورج و گۆڵی و جوانی کارێکە لەپەروەردەی سەربازی ڕاست ، وە نەکردنی سەلام یەکێکە لە شێوازەکانی نەبوونی ڕێزگرتن و تەمەڵی وە دسپلینی ئاست نزم . وە قبوڵ کردنی سەلام نەکردنی بۆ ئەفسەر کە جل و بەرگی سەربازی لەبەردایە پێشێل کردنی دسپلینی سەربازییە .

**بەندی – ٤٢ –**

**سەلام کردن لەوەستان**

١. ئەم وانەیە یەکێکە لە وانە بنەڕەتییەکان ، بەڵام باشتر وایە کە بەبەردەوامی لەسەر سەرباز دوبارە بکرێتەوە بۆ ڕاست کردنەوە و نەهێشتنی خوی خراپ ، سەلام فێر دەکرێت بۆ ڕوو وە لاکان لە وەستاندا بە ژمارە بۆ ئەوەی جوڵەی سەلام کردن بە سەربەستی و بەباشی بکرێت باشتر وایە لە ڕیز کردنەوە و نیو سوڕان لادان بۆ لایەك مەشق پێ بکرێت .

**سەلام کردن بۆ لاکان :**

٢. بە ژمارە بۆ لاکان سەلام کە ، یەك قۆڵی ڕاست بە ڕێکی دەمێنێتەوە هەروەها بەرز دەکرێتەوە هەتا تەریب دەبێت لەگەڵ زەوی وە لەپی دەست ڕووی لە پێشەوەیە وە پەنجەکان جوتن بەیەکەوە ، پەنجە گەورە نوساوە بە پەنجەی شایەتمانەوە وە پارێزگاری لە نیوەی سەرەوەی قۆڵت بکە لە جێگیر بوونەوە بەشی سەرەوەی قۆڵت لەگەڵ شاندا ڕێکن و ئەنیشك دەنوشتێتەوە بۆ ئەوەی کۆتایی پەنجەی ڕاست بەبەرزی یەك ( عقدە ) بێت لە چاوی ڕاستەوە .

ئەو خاڵانەی پێویستە ڕەچاویان بکەیت لەم شێوەیەدا ئەمانەن :

أ- دەبێت نیوەی سەرەوەی قۆڵ وەستاو بێت بە گۆشەیەکی وەستاو لەسەر لا ، وە لەپی دەست و پەنجە و مەچەك لەسەر یەك هێڵی ڕێك بن .

ب- لەپی دەست لە ڕێکی مەچەك بێت .

٣. دوو : بۆ گەڕانەوە بۆ شێوەی ووریا بوون قۆڵ دادەگیرێت بۆ لا بە گورج و گۆڵی و لەکورترین ڕێگەوە ، کە ئەویش بە داگرتنی مەچەك لە ڕێکی ڕووت ، وە پەنجەکان داخراون وە قۆڵ دادەگیرێت بۆ خوارەوە .

٤. لە سەلام کردن بە پێوانەی کات قۆڵ دەمێنێتەوە لە شێوەی سەلام کردن ماوەیەکی نێوانی کاتی ڕێنمایی وە ایعاز دەبێت بە بۆ (لا سەلام____کە).

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

**لەکاتی وەرگرتنی شێوەی سەلام :**

أ- سوڕان بۆ لای چەپ و شێوەی خۆ توندکردن ، سوڕانەوە بۆ دواوە .

ب- ئەنیشك بۆ پێشەوە ، مەچەك و لەپی دەست و پەنجەکان لە ڕێکی یەك ئەبن .

ج- دەست بەرز دەبێت یان بەرەو پێشەوە زیاتر ڕۆیشتبێت وە پەنجەکان ئەنوسابن بەیەکەوە ، هەروەها جوڵانەوەی قۆڵی چەپ یان بۆ پێشەوە چونی سەر لە کاتی بردنی قۆڵ بۆ تەنیشت .

د- دابەزاندنی دەست پێش مەچەك .

هـ- دوورکەوتنەوە لە لەریتەوەی دەست لە کاتی گەیشتنی بۆ سەرەوەی چاو وەرگرتنی شێوەی سەلام .

ناڕێکی قۆڵ کە دەبێتە هۆی ناڕێکی شێوەی ووریا بوون ، وە جوڵانی قۆڵی چەپ لە کاتی بردنی قۆڵی ڕاست بۆ تەنیشت دەکورترین ڕێگاوە .وە بە شێوەیەکی گشتی زۆرترین هەڵە لە سەلام کردن بۆ ڕوو دەکرێت ئەویش پێش ئەوەی جەنگاوەر بوەستێت یان کۆتایی بە قسەکانی بهێنێت ... هتد یان دەست کردن بە قسە کردن پێش ئەوی سەلام کردنەکەی تەواو کردبێت .



وێنەی ژمارە ( ٧ )

جوڵەی یەکەم سەلام کردن لە وەستان ( بۆ ڕوو )



وێنەی ژمارە ( ٧ )

جوڵەی دووەم لە سەلام کردن لە وەستان بۆ ڕوو

**سەلام کردن بۆ لاکان**

٥. بە ژمارە بۆ لای ڕاست سەلام کە یەك بۆ لای ڕاست سەلام __کە : باشتر وایە جۆری فێرکردنی ئەم سەلام کردنە بە شێوەیەکی ڕاست بێت لە سەلام کردن بۆ لاکان ، وە دەبێت سەرباز سەر و چاوەکانی

بسوڕێنن بۆ لای ڕاست بە شێوەیەکی ڕێك بەبێ تێکدانی لە شێوەی قۆڵی ڕاست یان مەچەك یان لەپی دەست وە لەپی دەست دەبرێت بەرەو سەر بە جۆرێك کە چاوی ڕاست سەیری درێژی لەپی دەست بکات .

وە سەرباز دەبێت بە بەرزی خۆی سەیر بکات یان بە چاوی ئەو ئەفسەرەی سەلامی بۆ دەکات . وە دەبێت ئەوەندە ڕاهێنانی لەسەر بکرێت هەتا ئەو کاتەی کە جوڵەی سەرو چاو ودەست بەیەك کات دەبێت .

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

ا- خواربوونەوە بۆ پێشەوە و سەیر کردنی پشتی دەست و سەیر نەکردنی دەم و چاوی ئەفسەر بە شێوەیەکی ڕێك .

ب- زیادە ڕەوی لەبەرزکردنەوەی قۆڵ .

ج- ڕێگەدان بە پاڵنانی شانی چەپ بۆ پێشەوە .

د- جوڵانەوی ئەنیشك بۆ پێشەوە و دواوە .

٦. بە ژمارە بۆ لای چەپ سەلام کە . یەك یان بۆ لای چەپ سەلام ___کە . ئەم جۆرە سەلام کردنە فێردەکرێن وەك پێشتر فێرکراین و دەستی ڕاست و مەچەك و قۆڵ زیاتر بەرەو چەپ دەبرێت بۆ ئەوەی بکاتە شوێنی ڕاستی خۆی لەسەر چاوی ڕاست .

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

ا- سوڕانی شان بۆ لای چەپ وە دابەزاندنی ئەنیشکی ڕاست بۆ پێشەوە.

ب- ڕێگە نەدان بە دەستی ڕاست بە جوڵە کردن بۆ شوێنی خۆی بە شێوەیەکی ڕاست .

ج- دابەزاندنی ئەنیشك .

## بەندی – ٤٢ –

## سەلام کردن لە ڕێکردن

سەلام دەکرێت لە ڕێکردن بۆ بەرامبەر بۆ لاکان وە دەکرێت لەکاتی ڕێ کردنی لەسەرخۆ یان ڕێ کردنی ئاسایی .

**سەلام کردن بۆ لاکان :**

لەسەرتادا ئەم جوڵەیە دەکرێت بە جێبەجێ کردنی بە ژمارە .

١. بۆ ڕاست / چەپ سەلام ___ کە ئەم ایعازە دەدرێت لە کاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ سەر زەوی .

٢. بانك بكە بە جێبهێڵە ( اترك ) لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی وە چاودێری ڕێکردن .

٣. بانگ بکە یەك لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ جاری دووەم بۆ زەوی لەگەڵ وەرگرتنی قۆڵی ڕاست گورج و گۆڵی بۆ شێوەی سەلام کردن وە سوڕانی سەرو هەردوو چاو بۆلای ڕاست ؛ چەپ وە دابەزاندنی قۆڵی چەپ بۆ تەنیشت وەکو لە شێوەی ووریا بووندا وە بەردەوام بە لە ڕێکردن .

٤. بانگ بکە دوو لە کاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی لەگەڵ شێوەی سەلام کردن وە بەردەوام بە لە ڕێکردن .

٥. بانگ بکە سێ لە کاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی لەگەڵ شێوەی سەلام کردن و بەردەوام بە لە ڕێ کردن .

٦. بانگ بکە چوار لە کاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی لەگەڵ بەردەوام بوونی بە شێوەی سەلام کردن و بەردەوام بە لە ڕێ کردن .

٧. بانگ بکە پێنج لە کاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی لەگەڵ بەردەوام بوونی بەشێوەی سەلام کردن و بەردەوام بە لە ڕێ کردن .

٨. بانگ بکە بۆ خوارەوە ( شەش ) لە کاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی و لەهەمان کاتدا داگرتنی دەستی ڕاست بۆ تەنیشتی ڕاست و وەرگرتنی بەجوڵە بۆ پێشەوە لەگەڵ پێی چەپ و سوڕانەوەی سەرو و هەردوو چاو و بۆ پێشەوە وە بەردەوام بە لە ڕێکردن بە جوڵانەوەی هەردوو قۆڵ.

٩. لەکاتی ڕەچاو کردنی کاتدا ایعاز بەم شێوەیە دەبێت : بۆ ڕاست سەلام ___ کە ( ئەم ایعازە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی ) شێوەی سەلام کردن وەربگرە و لەو کاتەی پێی چەپ دەگاتە سەر زەوی بۆ جاری دووەم وە دەست دابگرە بۆ تەنیشت دوای بڕاردنی شەشە هەنگاو ( لەسەر پێی ڕاست ).

تێبینی ( ١ ) : سەربازە تازەکان بەردەوام دەبن لە بڕاردن بە کات لەکاتی تێپەڕبوونیان بە لای ئەفسەرەکاندا .

١٠. لە کاتی تێپەڕبوونی سەربازێک بە لای ئەفسەرێکدا پێویستە سێ هەنگاو لە ئەفسەرەکە تێپەڕ بوو دەستی دابگرێت . ئەگەر هاتوو دار ( عصای ) پێبوو پێویستە لەسەری کە بە گورج و گۆڵی دارەکە بخاتە ژێر باڵی چەپیەوە وە دەستی دابگرێت بە شێوەیەکی خێرا پێش وەرگرتنی سەلام.

تێبینی ( ٢ ):

١. سەیری بەندی ( ٥١ ) بکە و لەسەر سەرباز پێویستە لەکاتی سەلام کردندا سەیری دەم و چاوی ئەفسەرەکە بکات .

٢. سەربازە تازەکان تێدەپەڕن دوو دوو یان سێ سێ وە چەند خاڵێکیان بۆ دیاری دەکرێت بۆ سەلام کردن لەسەر هەردوو لا وە ئەگەر هاتوو لەسەر بازێک زیاتر بوون ئەوا لەسەر نزیکترین سەرباز

لە خاڵی سەلام کردن کە کات بۆ جوولەکە ڕێك بخات ، وە پێویستە مەشقیان پێ بکرێت ، هەروەها لەسەر سەلام کردن لە خاڵی جوداوازی سەلام کردن وەك چۆن مەشقیان پێدەکرێت لە خاڵە جێگیرەکاندا .



وێنەی ژمارە ( ١٧ )

سەلام کردن بۆ ڕاست لە وەستان



وێنەی ژمارە ( ٢ ب )
سەلام کردن بۆ چەپ لە وەستان



وێنەی ژمارە ( ٧ ج )

سەلام کردن بۆ ڕاست لە ڕێ کردن



وێنەی ژمارە ( ٧ د )

سەلام کردن بۆ چەپ لە ڕێ کردن

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

بۆ زیاتر وەبیر هێنانەوە لێرەدا خواربوونەوەی هەردوو شان و لادان لە ڕێڕەوی ڕێکردن هەیە بەرەو ڕووی سەلام کردنەکە ، وە ئەمە ڕاست دەکرێتەوە بەدابین کردنی مامۆستایەك کە ببێتە پێشڕەو بۆ ( رهط ) .

**سەلام کردن بۆ ڕوو ( بەرامبەر)**

١١. ئەم ایعازە دەدرێت لە کاتی تێپەڕاندنی پێی چەپ لە پێی ڕاست وە کو لە وەستاندا ( رهط ) دەوەستێت و سەلام دەکات بۆ پێشەوە ( بەرامبەر ) وە چاوەڕێ دەبێت ماوەیەکی نێوانی کاتی ڕێسایی پاشان سەلام دەکات بۆ پێشەوە ( بەرامبەر ) دووبارە دەوەستێت پاشان بۆ دواوە وەردەگەڕێت و دەوەستێت ، پاشان بەردەوام دەبێت لە ڕێکردنی ئاسایی .

**تێبینی :**

أ- ئەمە ئەو جوڵانەوانەیە بۆ مەشق لە فێر بوون لەسەر چۆنیەتی نزیك بوونەوە لە ئەفسەر بۆ مەبەستی پێشکەش کردنی ئامادە بووان یان نامە یان هەر مەبەستێکی تر .

ب- لەسەر مامۆستا پێویستە دڵنیا بێت لەو نێوانە کاتیە ڕێساییە کە بەکاتێکی ڕاستی داواکراوە ، وە پێویستە هەموو فێرکردنەکان بە خێرایی ( ٤٠ جوڵە ) لەیەك خولەکدا بێت .

**بەندی - ٤٤ -**

**سەلام کردن لە کاتێکدا سەرباز سەرپۆشی لەسەردا نەبێت یان جل و بەرگی مەدەنی لەبەردا یە**

ئەم بەندە باسی ئەو سەربازە دەکات ئەوەی بەلای ئەفسەرێکدا تێپەڕێ یان قسەی لەگەڵ دەکات لەکاتێکدا سەرپۆش نەبێت یان جل و

بەرگی مەدەنی لەبەر دابێت وەك بەشێك لە مەشقی سەربازی تازە , ئەم جوڵانەوەیە ڕوون دەكرێتەوە و ڕاهێنانی لەسەر دەكرێت لەمەیدانی نمایش .

## كاتێك كە سەرپۆشت لەسەر دا نەبوو

١. لەهەموو كاتێكدا كە سەرباز سەرپۆشی پێ نەبێت پێویستە لەسەری :

ا.لە كاتێك بە لای یەكدا تێپەڕین بەلای ئەفسەردا پێویستە لەسەری هەردوو قۆڵی بنوسێنێت بە تەنیشتییەوە وە سەرو هەردوو چاوی بسوڕێنێ بەلای ئەفسەرەكەدا ( لەسەر پێ ی چەپ ) وە لەحسەر ئەم شێ وە یە دەمێنێت بۆ ماوەی ( ٦ هەنگاو ) , پاشان سەرو هەردوو چاوی دەسوڕێنێتەوە بۆ ڕوو ( جهة ) وە بەردەوام دەبێت لە ڕێكردنی ئاسایی .



وێنەی ژمارە ( ٨ )

...کردن کاتێک کە سەرباز سەرپۆشی لەسەر دا نەبێت لە کاتی ڕێکردندا



وێنەی ژمارە ( ١٨ )

سەلام کردن کاتێک کە سەرباز سەرپۆشی لەسەر دا نەبێت لە کاتی وەستاندا

ب. لە كاتی گفتوگۆ كردنی ئەفسەر لەگەڵ سەربازدا كە سەرباز سەر پۆشی لەسەر دا نەبێت پێویستە لەسەری بەشێوەی ووریا بوون بوەستێت .

ج. لەكاتی تەواو بوونی گفتوگۆ لەگەڵ ئەفسەردا پێویستە لەسەر سەربازی بێ سەرپۆش یەك هەنگاو بۆ دواوە بڕوات بە شان بسوڕێت بۆ دواوە وە پاشان بەردەوام دەبێت لەڕێ كردن ( ئەم جوڵەیە لە شوێنی سەلام كردنە ) .

**لە كاتی دانیشتن**

٢. ئەگەر هاتوو سەرباز دانیشتبوو و ئەفسەرێك لێ ی نزیك بووە وە پێویستە لەسەری بە شێوەی ووریا بون بوەستێت پێش گەیشتنی ئەفسەر بە« ٦ هەنگاو » « ئەگەر سەرباز بێ سەرپۆش بوو ) وە بەدەست سەلام دەكات ( ئەگەر سەرپۆشی لەسەردا بوو ) وە ئەگەر دوو سەرباز یان زیاتر دانیشتبوون یان وەستابوون وە لەسەر پێشترینیانە « اقدم » كە ڕوو لە ئەفسەر بكات وە ایعازی ووریا بوون دەربكات بۆ ئەوانی تر وە تەنها خۆی ڕوو دەكاتە ئەفسەرو سەلامی بۆ دەكات .

**لەكاتی گفتوگۆ كردن لەگەڵ ئەفسەر یان نامە پێدانی**

٣. پێویستە لەسەر سەرباز كەمر ڕێ بكات بەرەو ڕووی ئەفسەر ( ڕێكردنی ئاسایی ) بە گورج و گۆڵی پاشان دەوەستێت بە دووری دوو هەنگاو لە ئەفسەرەوە و سەلامی بۆ دەكاتەوە وە بۆ دواوە وەردەگەڕێت وە پاشان بە ڕێككردنی ئاسایی ڕێدەكات ( بگەڕێرەوە بۆ بەندی ٤٢ ) .

**هەڵە بەربڵاوەكان :**

أ. سەلا م كردنی زیاد لە پێویست .

ب. سەلام كردن بە دەست لە كاتێكدا كە سەرباز سەرپۆشی لەسەردا نەبێت .

ج. بەرز كردنەوەی هەردوو پاژنە لە كاتی سەلام كردندا ( بە بێ سەرپۆش ) .

د. نوشتانەوەی سەرو جەستە لە كاتی سەلام كردن كە سەرپۆشی لەسەردا نەبێت .

٤.ئەو كاتانەی كە سەلامی تیادا دەكرێت :

**أ. سەلام دەكرێت بۆ :**

یەكەم . بەڕێز سەرۆك كۆمارو جێگرەكەی یان نوێنەرەكەی .

دووەم . وەزیرە بەڕێزەكان یان بەرامبەریان لە پا یەدا لە وەفدەكان .

سێ یەم . یەكەكان لە كاتی تێپەڕبوونیان بە خاڵ ی پاسەوانیدا .

چوارەم .ئاڵای كۆماری عێراق و ئاڵای یە كەكان لە كاتی پێپەڕبوونیان .

**تێبینی** : بە شێوەی وریا بوون دەوەستێن لە جیاتی سەلام كردن لە كاتی تێپەڕبوونی ئاڵای دەوڵەتانی تر .

پێنجەم . سەلام دەكرێت بە دەست یان بە شمشێر یان بە چەك كە ئەویش بەڵگەیە لەسەر وەفاداری و رێز گرتنی بەرامبەر .

**ب. سەلامی كۆماری :**

یەكەم . لە كاتی نمایشەكاندا هەموان بە وریا بون دەوەستێن تەنها ئەفسەر سەلام دەكات .

دووەم . ئەگەر كەسی عەسكەری جل و بەرگی مەدەنی لەبەردا بوو بە شێوەی وریا بون دەوەمەستێ .

سێ یەم . ئەگەر هاتوو پاسەوان لە خاڵی پاسەوانیدا بوو وە گوێی لە سەلامی كۆماری بوو تەنها بە وریا بوون و بۆ شان چەك دەوەستێ .

ج. له كاتی لێدانی سەلامی فەرماندە ( الامراء )

سەلام كردن دەكرێت تەنها لەلایەن پێشترین ئەفسەری سەرپەرشتیاری نمایشەكە بەلام ئەفسەرانی تر بە شێوەی ووریا بوون دەوەستن .

د. بەرزكردن و داگرتنی ئاڵای عێراق :

یەكەم . جیاوازی هەیە لە نێوان ( داگرتنی ئاڵا ) وە ( خواركردنەوەی ئاڵا ) ، داگرتنی ئاڵا واتە داگرتنی لە ساریە ، بەلام ئاڵای عێراقی خوار ناكرێتەوە بە هیچ شێوەیەك لە كاتی نمایش كردندا .

دووەم . سەلام كردن دەكرێت لەلایەن گروپی تایبەت بە مەراسیمی بەرز كردنەوەو داگرتنی ئاڵا .

سێ یەم . لە كاتی بەرز كردن یان داگرتنی ئاڵای عێراقی هەموو كەسێك بە ووریا بوون دەوەستێت تەنها ئەو كەسانە نەبێت كە لە ژێر سەقفدا وەستاون .

ه. جەنازەی سەربازی :

یەكەم . هەموو كەسی عەسكەری سەلام دەكات لە كاتی تێپەڕبوونی تابوتی عەسكەری .

دووەم . یەكەكانی وەستاو سەلا م دەكەن بە ایعاز .

سێ یەم . هەروەها سەلام دەكرێت بۆ جەنازەی مەدەنیش .

و. سەلام كردنی پاسكیل سوار ( پایەدەر و ماتۆڕ ) :

یەكەم .سەلام كردن ناكرێت لەلایەن پاسكیل سوارەوە لە كاتی ڕێكردندا .

دووەم . سەلام دەكرێت تەنها لەكاتی وەستانی ئەویش تەنها بە سەیر كردنی بۆ لای ڕاست یان چەپ .

ز. سەلام كردنی سەرنشینەكانی ئۆتومبیلی سەربازی :

یەكەم . شۆفێر سەلام ناكات لە كاتی لێ خوڕین .

دووەم . سەلام دەکرێت بەدەست لەلایەن ئەو کەسانەی کە دانیشتوون لە لای شۆفێرەوە .

سێ یەم . سەلام ناکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە دواوەی ئۆتۆمبیلەکاندا دانیشتوون یان وەستاون وە پێویستە لەسەریان تەنها شێوەی وەستان یان دانیشتن بەسەیر کردن بۆ پێشەوە .

**و. سەلام کردن لەلایەن یەکەکان لە کاتی رێککردن :**

یەکەم .سەلام دەکرێت بۆ بەرێز سەرۆك ئۆمارو جێگرو نوێنەرەکەی , وەزیرە بەرێزەکان .

دووەم . سەلام دەکرێت بۆ خاڵەکانی پاسەوان .

سێ یەم . گەورە ئەفسەرەکان و فەرماندەی یەکەکان (قادة التشکیلات) وە هەروەها بۆ فەرماندەی یەکە .

چوارەم . سەلام دەکرێت لەلایەن ئەو یەکەیە کە ئەفسەرێکی پۆل فەرماندەیی دەکات .

پێنجەم . ئەو یەکە نمایش کەرە کە کێردی بەستووە ( حربە ) سەلام دەکات بە سەیرکردن بۆ ڕاست یان چەپ .هەروەها کۆمەڵەی ئالا .

شە شەم . سەیرنەکردنی هەردوو ڕیزی پێشەوەو لای نزیك لەو کەسەی سەلامی بۆ دەکرێت بۆ پێشەوە بۆ پاراستنی ڕێکی ڕیزەکان .

**ط. سەلام کردن بۆ ئالاکان :**

سەلام دەکرێت بۆ ئالاکان جگە لەم دوو شێوەیە .

یەکەم . لەکاتی بەشداربوون لە مەراسیمی ناشتن , سەلام دەکرێت تەنها بۆ تابوت .

دووەم . ئەگەر هاتوو ئالا لوول کرابوو لە ناو بەرگەکەیدا .

**ی. سەلام کردن لە کاتێك دا ئەفسەر بی سەرپۆش بێت :**

یەکەم . ئەفسەر بە شێوەی ووریا بوون ئەوەستێت کە کاتێک کە سێک بەرو ڕووی دێت و سەلامی بۆ دەکات .

دووەم . ئەگەر کەسێکی سەربازی کە سەرپۆشی لەسەر دا نەبوو بەرەو ڕوی ئەفسەرێک هات ئەوا بە تەنها بە شێوەی ووریا بوون ئەوەستێت ، بەلام ئەفسەرەکە بە دەست سەلام دەکات ئەگەر سەرپۆشی سەردا نەبوو .

سێ یەم .کەسی عەسکەری سەلام دەکات کە بێ سەرپۆش بێت بۆ لای ڕا ست یان چەپ لەکاتی تێپەڕبوونی بەلای ئەفسەرێک ئەویش بەسوڕانەوەی سەرو هەردوو چاوی بۆ ئەو لایەی کە ئەفسەرەکەی لێ یە وە بەم شێوەیە دەبێت بۆ ماوەی ( ٦ هەنگاو ) دوایی سەری خۆی دەسوڕێنێ بۆ پێشەوە وە هەردوو قۆڵ نوساون بە تەنیشتەوە .

**ك. سەلام کردن لە کاتێک دا ئەگەر دەستی ڕاستی ئەفسەر بریندار بێت :**

ئەفسەر سەلام دەکات بەدەستی چەپ ئەگەر هاتوو دەستی ڕاستی توانای کردنی سەلامی نەبێت . هە روەها دەربارەی جێگر ئەفسەرو ئەفسەری پۆل و سەرباز .

**ل. سەلام کردن لەکاتێک دا هەردوو دەستی سەر قاڵ بێت :**

ئەگەر دەستی سەرباز سەرقاڵ بێت بە هەڵگرتنی کەل و پەلێک ئەوا سەلام دەکات وەك ئەوەی کە بێ سەرپۆش بێت وە ئەگەر کەل و پەل دەستی کەم بوو ئەوات کەل و پەلەکان بەدەستی چەپ هەڵدەگرێت وە دەستی ڕاست بە کاردەهێنێت بۆ سەلام کردن .

**م. سەلام کردن ئەگەر ئەفسەر چەکی پێبێت یان شمشێر :**

ئەگەر ئەفسەر چەکی پێ بێت ئەوا سەلام ناکات بە لێدانی قۆناغ بەلام چەکەکە هەڵدەواسێت لەسەر شانی وە بە دەست بە شێوەی ئاسایی سەلام دەکات . ئەگەر ئەفسەر شمشێری پێبێت وە شمشێرەکە لە ناو کێلاندا بێت ئەوا بە شێوەیە کی ئاسایی سەلام دەکات ، ئەگەر شمشێر

بەدەستی یەو بێت ئەوا سەلام بە شمشێر دەکات وەك لە فێرکردنی شمشێردا هاتووە .

بەندی (٤٥)

## سەلام کردن لەکاتێکدا کەیەکەکان بەکۆمەڵ ڕێ دەکەن

( بۆ ڕاست سەیر کە )

لێرەدا چەند شێوەیەکمان هەیە کەیەکەکان کەدەبێت بە کۆمەڵ سەلامی تیا بکەن بەکۆمەڵ وەك نمایشەکان وەتێپەڕبوونی یەکەکان بەخاڵەکانی پاسەوانیدا وەسەلام کردن بۆ ئەفسەرە گەورەکان بەشێوەیەکی کۆمەڵ لەلایەن یەکەیەکی ڕۆیشتووەوە وەسەلام کردن بۆ ئەفسەری نیشکگر لەلایەن یەکەیەکی ڕۆیشتوو یان پاسەوان لەکاتی ڕۆیشتن (الانصراف) هەموو ئەم شێوانەی لای سەرەوە جێبەجێ دەکرێن بەکۆمەڵ ایعازێکی بەیەکەوە لەلایەن فەرماندەی یەکە.

١.سەلام کردنی یەکەکان (القطعات) لەکاتی نمایشکردن:

أ. یەکەکان ڕێ دەکەن لەکاتی نمایش کردن بەشێوەی کردۆسەکان یان فصیلە ڕێکردووەکان بەشێوەی ڕەتڵ یان نەسەق وەلەهەموو کاتێکدا کەسێك لەپێشی یەکەکەوە ڕێ دەکات یان فەرماندەیی دەکات لە کاتی نمایش کردنەکەدا وەئەو کەسە لێپرسراوە لەسەلام کردن لەلایەن خۆی و یەکەکەیەوە وەئەمە دەکرێت بەایعازێکی بەیەکەوە (موحد) دەردەکرێت لەلایەن خودی خۆیەوە وەپێویستە هەموو تاکێکی یەکەکەی گوێ بیستی ایعازەکە بێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێك وپێك جێ بەجێ ی بکەن.

ب. لەکاتی نمایش کردندا پێویستە یەکەکان تێپەڕن لەبەردەم کەژاوەی سڵاو ( منصة التحية ) کەلەشێوەی کەپرێکی بەرز وەلەژێریدا ئەو کەسە دادەنیشێت کە پێویستە سەلامی بۆ بکرێت

( الذات ) وە ماوەکان دیاری دەکرێت لەپێش‌و دوای کەژاوە بەتالاً بۆ دیاری کردنی شوێنی دەستپێکردن‌و کۆتایی هێنانی سەلام کردن بەشێوەی کۆمەڵ.

ج. ئەو کەسەی کەفەرماندەیی یەکەکە دەکات لەکاتی نمایش ایعازی بۆ ڕاست دەردەکات پێش گەیشتنی بەسەرەتای کەژاوەو بەپێنج هەنگاو دەکرێت دوری یەکان دیاری بکرێت بەتالاً لەگەڵ گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی پێی ڕاست بەجێ بهێڵە وەلەگەڵ گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی دوبارە سەیری لای ڕاست دەکەین یان چەپ وەئەم جوڵەیە جێ بەجێ دەکرێت بەسەیرکردنی ڕیزی ناوەڕاست وەڕیزی دوور لەکەژاوەی سڵاو بە ڕاست بەگورج‌و گۆڵی وەسەربەرزە بەڵام ڕیزی نزیک لەکەژاوە سەیری هیچ لایەک ناکات هەروەها پێشڕەوەکان سەیرناکەن ( ئەگەر یەکە فصیلێک بوو ئەسێ ڕیز پێک هاتبوو) ئەگەر یەکە کردۆس بێت ئەوا هەموو سەیری لای ڕاست دەکەن جگە لەڕیزی نزیک لەکەژاوەو ڕیزی پێشەوە (پێشڕەوەکان) وەلەکاتی ڕێکردنی فصیل بەتەسەق ئەوا ڕیزی پێشەوەو ڕیزی نزیک لەکەژاوە سەیری لای ڕاست ناکەن وە ئەوانی تر سەیری کەژاوەکە دەکەن.

٢.سەلام کردنی یەکەکان لەکاتی تێپەڕبوونیان بەخاڵی پاسەوان:

أ. ئەگەر یەکەکە چەکی پێ نەبێت: لەکاتی تێپەڕبوونی یەکەیەکی عەسکەری بەکۆمەڵ لەژێر فەرماندەی ئەفسەرێک یان ئەفسەرێکی پۆل وەچەکیان پێ نەبێت پێویستە لەسەر پاسەوان بۆشان چەک بکات پێش گەیشتنی سەرەتای یەکە کەیەسێ هەنگاو بۆ پاسەوان وەلەگەڵیا فەرماندەی یەکە ایعازی بۆ ڕاست - بۆ چەپ سەیرکە دەردەکات وەپاسەوان سەلام دەکات لەگەڵیا تا تێپەڕبوونی کۆتایی یەکە ( بۆ وەلاًم دانەوەی سەلام کردنی پاسەوان ) پاشان ایعازی

پێش خۆت نەردەکرێت دوای تێپەڕبوونی کۆتای یەکە بەسێ هەنگاو لەپاسەوان وەپاشان فەرماندەی یەکە کەدەستی دادەگرێت و بەردەوام دەبێت لەرێکردن وە هەمان پاسەوان دەستی ڕاستی دادەگرێت لە قۆناغی چەکەکەو کۆتایی بەسەلام کردن دەهێنێت.

ب. لەکاتی تێپەڕبوونی یەکەیەکی عەسکەری کەڕێ دەکات بەشێوەی کۆمەڵ بەفەرماندەی ئەفسەرێك یان ئەفسەری پۆل کە یەکە کە چەکی پێ بێت ئەوا فەرماندەی یەکە ایعازی بۆشان چەك دەردەکات پێش گەیشتنی یەکە بۆ خاڵی پاسەوان بەدووری پانزە هەنگاو ( ئەگەر هاتوو یەکەکان چەکیان لەسەرشان نەبوو ) بۆ ئامادە بونیان لەسەلام کردنی پاسەوان پێویستە لەسەر پاسەوان کەچەکەکەی بگوازێتەوە بۆسەرشان وەسڵاو دەکات ( سلام خذ ) پێش گەیشتنی سەرەتای یەکە بەسێ هەنگاو وەلەگەڵ ئەم جولەیەدا فەرماندەی یەکە ایعازی بۆ ڕاست / چەپ سەیرکە وەسەلام دەکات لەهەمان کاتدا لەگەڵ یەکەکەدا.

( ئەگەر فەرماندەکە ئەفسەر بوو ئەوا سەلام بەدەست دەکات ئەگەر هاتوو چەکیشی پێ بوو وە ئەگەر ئەفسەری پۆل بوو وە چەکی پێ بوو ئەوا سەلام دەکات بە لێداتی قۆناغ وە ئەگەر چەکی پێ نەبوو ئەوا بە دەست سەلام دەکات) تایەکەکە بەتەواوی تێپەڕدەبێت لەبەردەم پاسەواندا بۆ وەڵام دانەوەی سەلام کردنی پاسەوان پاشان ایعازی پێش خۆت نەردەکرێت وە دوای تێپەڕبوونی کۆتایی یەکە لەپاسەوان بەسێ هەنگاو دەست دادەگرێت لەهەمان کاتدا پاسەوان چەکەکەی دەگوازێتەوە بۆسەرشان.

٣.سەلام کردنی یەکەکان بۆ فەرماندەی یەکە یان خاوەن روتبە بەرزەکان:

أ. کاتێک سەلام بۆ کراو جێگربێت: یەکەکان ڕێزەکەن بەبەردەوامی بەشێوەی کۆمەڵ ئەگەر هاتوو ڕووبەڕووی ئەفسەرێک بوونەوە ئەگەر هەڵگری هەرڕووتبەیەک بوو وەلێپرسراو بوو لەفەرماندەی ئەو یەکەیە پێویستە لەسەر فەرماندەی یەکە ایعاز بۆ ڕاست/چەپ سەیر کە دەربکات پێش گەیشتنی سەرەتایی یەکە لەئەفسەر بەسێ هەنگاو وەپێویستە لەسەر فەرماندەی یەکە سەلام بکات لەگەڵ یەکەکەدا لەهەمان کاتدا وەئەگەر هاتوو چەکی پێ بوو ئەوا سەلام دەکات بەلێدانی قۆناغ وەدوای تێپەڕبوونی یەکەکە لەئەفسەری وەستاو بەسێ هەنگاو فەرماندەی یەکە ایعازی پێش خۆت دەدات وەدەستی دادەگرێت لەگەڵ یەکەکەدا لەهەمان کاتدا.

بەڵام ئەفسەری وەستاو وەڵامی سەلام کردنی یەکەکە بەم شێوەیە دەداتەوە دوای گوێ بیستی فەرمانی ایعازی فەرماندەی یەکە ( بۆڕاست / چەپ سەیر کە ) بەشێوەی وریابوون دەوەستێت وەڕوودەکاتە یەکەکە وە دوای تەواو بوونی ایعازەکە جێبەجێ کردنی سەلام لەلایەن یەکەکەوە ئەفسەر سەلام دەکات بۆ وەڵام دانەوەی سەلامی یەکەکە پاشان لەگەڵ ایعازی پێش خۆت ئەفسەر دەست دادەگرێت بۆ کۆتایی هێنان بەسەلام کردن.

ب. ئەگەر هاتوو کەسی سەلام بۆ کراو لەڕێکردندا بوو: یەکە هەموو ناوەڕۆکی خاڵی ( أ ) لەسەرەوە جێ بەجێ دەکات بەڵام پێویستە لەسەر کەسی سەلام بۆ کراو کەڕێ دەکات بوەستێت وەڕوو بکاتە یەکەکەو وەڵامی سەلامەکە بداتەوە.

ج. ئەگەر هاتوو یەکەکان جێگیر بوو: ئەگەر هاتوو یەکەکان جێگیربوون وە ئەفسەرێک لەبەردەمیاندا تێپەڕی پێویستە لەسەر فەرماندەی یەکە

یان پێشترین کەس لەیەکە ئیعازی ووریابوون بۆیەکە دەربکات وەتەنها خودی خۆی ڕوودەکاتە ئەفسەرو سەلامی بۆ دەکات.

د. ئەگەر هاتوو یەکەکان لەژێر فەرماندەی ئەفسەرێکدا بوون.

ئەگەر یەکەکان لەژێر فەرماندەی ئەفسەرێکدا بوون ئەوا سەلام دەکەن لەگەڵ ئەفسەر تەنها بۆ فەرماندەی یەکەکەی خۆی یان کەسە گرنگەکان یان وەزیرە بەڕێزەکان یان بەڕێز سەرۆک کۆمار.

٤. لەکاتی نمایش ئەو کەسەی کەفەرماندەییەکە دەکات دەبێت لەپێش یەکەکەوە بێت بەسێ هەنگاو بەڵام لەکاتی ڕێکردنی ئاسایی (نەك لەکاتی نمایش)، ئەو کەسەی کەوا فەرماندەییەکە دەکات دەبێت بەشێوەیەکەی تەریب لەگەڵ کۆتایی یەکەو لەلای چەپ بێت کە بتوانێت جوڵەی هەموو سەربازانی یەکەکە ببینێت.

٥. لە هەموو کاتێکدا ئەگەر فەرماندەی یەکە ئیعازی بۆ ڕاست سەیر کە بۆ یەکەیەك کە بەسێ ڕیز یان زیاتر ڕێ دەکات یان فصلێك بەنەسەق ئەوا جێ بەجێ کردنی ئەم ئیعازە سەیر کردن بۆلای ڕاست یان چەپ لەلایەن یەکەکەوە دەبێت لەگەڵ فەرماندەکەی جگە لەڕیزی پێشەوە وە ڕیزی نزیك لە کەسی سەلام بۆکراو بۆ مەبەستی پارێزگاری کردن لەڕێکبوون.

ئەگەر هاتوو یەکە کە بچوك بوو بۆ نموونە (حضیرەیەك) وەڕێ دەکات بە زەکانی تاکی وە لەژێر فەرماندەی یەکێکدا کەسێکدا ئەوا سەلام دەکات وەك یەکەکانی تر بۆ نموونە (لەگەڵ ئیعازی بۆ ڕاست/ چەپ سەیرکە) ئەوا هەموو سەیر دەکەن جگە لەپێشڕەو ( قدوة ) بۆ پارێزگاری کردن لەڕێڕەوی ڕێکردن.

٧. لەکاتی جێ بەجێکردنی ئیعازی بۆ ڕاست/ چەپ سەیرکە لەلایەن یەکەکان ئەوا جێبەجێ دەکرێت بە گورج وگۆڵی بە کاتێکی بەیەکەوە

وە بەسوڕانەوەی سەرو سەیرکردنی بۆ ئاڕاستەی داواکراو لەگەڵ پارێزگاری کردنی پاشماوەی جەستە کەڕووی لەپێشەوەیە وەسەیرکردن دەبێت بۆ سەرەوە بێت لەگەڵ پارێزگاری کردن لەڕێک بوون و درێژی هەنگاو.

## بەشی هەشتەم

### فێرکردنی دار (العصا)

ئەمانەی فێرکردنی دار وەبیربهێنینەوە بۆ تێڕوانینی ئەفسەرو جێگیری ئەفسەرو ئەفسەری پۆل وە ئەو کەسانەی ڕێگە پێدراون بە هەڵگرتنی دار ئەمانەن:

**یەکەم.** خوێندکاری کولیەی وە پەیمانگا عەسکەریەکان لەکاتی دابەزینیان بۆ ناو شارو شارۆچکە.

**دووەم.** ئەفسەری کولیەو دامەزراوەکانی مەشق و بارەگاو یەکەکان و پێکهێنراوەکان لە گۆڕەپانی مەشق.

**سێیەم.** کارمەندانی انضباطی عەسکەری لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

**چوارەم.** ر.ع یەکەکان و عەریفی ئێشکگر.

درێژی دار دوو پێ یە (٦٠سم) وەجیاکراوەتە باسێ بەش سەر، بەدەن، کلك، وە دەبێت بەدەنی دار ساف بێت و هیچ خواریەك یان چاڵیەکی تیا نەبێت و نابێت داری خوارو خێچ بە کاربهێنرێت وەك داری ڕێسایی.

**پێنجەم.** (زج) کلك بریتی یە لە پارچە ئاسنێك کە بەشی دواوەی داری داپۆشیووە.

## بەندی-٤٦-

## ووریا بوون بەدار

دار دەگیرێت بەدەستی ڕاست بەشێوەی ستوونی وەنوساوە بە تەنیشتی لای ڕاستەوە بە شێوەیەك بکەوێتە یەکەم جومگەی پەنجەی شایەتمانەوە لە دەستی ڕاست وە لە ژێر سەری داردا وە ڕوی لە ڕان بێت ، پەنجە گەورە بۆ خوارەوەو پێشەوەی سەری دار ڕووی لە خوارەوەیە بەرەو زەوی و هەر سێ پەنجەکەی دارەکە دەگرن



وێنەی ژمارە ( ٩ )
ووریا بوون بە دار



وێنەی ژمارە ( ١٩ )

وریا بوون بە دار

## بەندی – ٤٧ –

## پشوودان بەدار

شێوەی پشوودان وەرئەگرین بەشێوەیەك كە پشتی دەستی ڕاست لەناو لەپی دەستی چەپدا بێت وە بە دەستی ڕاست دارەكە دەگریت وەك لە شێوەی ووریا بووندا وە پارێزگاری لە دارەكە دەكەیت لە بەینی ئەنیشكی قۆڵی ڕاستو جەستەدا وەكلكی دار لای دواوەو سەرەوە بەشێوەیەكی لارو بەرەو لای ڕاست وەك وێنەی ژمارە ( ١٠ )



وێنەی ژمارە ( ١٠ )

پشوودان بە دار

## بەندی - ٤٨ -

## ڕێکردن بەدار

دەست دەکەین بە ڕێ کردن لەگەڵ دانانی پێی چەپ بۆ زەوی بە یەکەم هەنگاو هەر دوو قۆڵ دەگوێزێتەوە بە گورج و گۆڵی بۆ ناوەڕاستی دار بۆ گرتنی لە ناوەڕاستدا دار کە دەمێنێتەوە بە شێوەیەکی ستوونی لەلای شانی ڕاست بەهاوکاری دەستی چەپو لەگەڵ دانانی پێی چەپ بۆ جاری دووەم قۆڵی ڕاست ڕێك دەکەیت وە دارەکە ئاسۆی یە وەقۆڵی چەپ دادەگریت بە گورج و گۆڵی بۆ تەنیشت، وەلە کاتی دانانی پێی چەپ بۆ سەر زەوی بۆ جاری سێیەم هەردوو قۆڵ دەجوڵێنیت وەك لە ڕێ کردنی ئاساییدا وە دارەکە دەگریت بە پەنجە گەورەو لەلای چەپو سەرەوەی دار بۆ هاوسەنگی، وەپارێزگاری لێ دەکەیت کە ئاسۆی بێت لەگەڵ زەوی لەکاتی جوڵە پێکردنیدا بۆ ئەوەی جوڵانەوەکەی ئاسۆیی بێت بۆ پێشەوەو بۆ دواوە.



وێنەی ژمارە ( ١١ )

تێبینی:

١. لەم کاتەدا دار لە شێوەی بەرزی دایە.

٢. ئەگەر ڕێک بوونی ( رهط ) نێوانەکەیان لەیەک ئەنیشک کەمتر بوو وە پێویست بوو بگوێزرێتەوە بۆ لا دارەکە دەمێنێت وەک لە شێوەی ووریا بوون لەگەڵ جوڵانەوەی هەردوو قۆڵ کەواتە دارەکە دەمێنێت لە ژێر باڵ لەکاتی ڕێکردندا تەنها لەم کاتەدا.

بەندی ( ٤٩ )

وەستان



وێنەی ژمارە ( ١٢ )

جوڵەی یەکەم لە وەستان بەدارەوە

( رهط ) بوەستە:

لە کاتی وەرگرتنی ایعازی بوەستە دار دەمێنێتەوە لە شێوەی بەرزی دا وە دوای ماوەیەکی نێوانەی ڕێسایی دەبرێت بۆ شێوەی ووریا بوون وەك لە خوارەوە:

جوڵەی یەکەم : شێوەی دارەکە بگۆڕە بەهۆی لەپی دەستی ڕاست بۆ ئەوەی بخرێتە ژێر شانی ڕاست و ستوونی بێت لەسەر زەوی وێنەی ژمارە ( ١٢ ) و دارەکەی بگرە بەدەستی چەپ لەناوەڕاستەوە پاشان دەستی ڕاست لە ناوەڕاستی دارەکەوە بگوێزەرەوە بۆ سەری دارەکە وە لە شێوەی وووریابوون ئەویش بە ڕاکێشانی دەستی ڕاست و دارەکە بۆ خوارەوە .

جووڵەی دووەم. دەستی چەپ دابگرە بۆ تەنیشت بە گورج و گۆڵی .

**بەندی ( ٥٠ )**

**سوڕانەوە بۆ دواوە**

١. لە وەستاندا – دار بهێڵەرەوە بەهەڵگیراوی وەك لە شێوەی ووریا بوون.



وێنەی ژمارە ( ١٣ )
سووڕانەوە بە دارەوە

٢. لە کاتی ڕێکردندا – لەگەڵ یەکەم جووڵە لە جوڵانەوەی سوڕانەوە دار ڕێگوێزەرەوە بۆ شێوەی ستوونی لەبەردەم شانی ڕاست بۆ ئەوەی پێوەی بنوسێت بە لەنیشت وەمەچەك بەشێوەی ستوونی پەوە دەست لە ڕێکی پشتێنەوە لەگەڵ هەنگاوی یەکەمدا دوای تەواوکردنی سوڕانەوە، دار دەبەیتەوە شێوەی بەرزی لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی.

## بەندی (٥١)

## ڕۆیشتن (الانصراف)

١. ئەگەر هاتوو ئەفسەرێك ئامادەبوو لەسەر ( رهط ) پێویستە لەکاتی ڕۆیشتندا کەوەك ڕوونکراوەتەوە لەبەندی( ٥٢) وەبۆ نمونە ( رهط ) دەسوڕێ بۆ ڕاست وە دار لە ژێر باڵی چەپدایە ، هەروەها داگرتنی دەستی ڕاست بە خێرایی و گورج و گۆڵی ، وەسەلام دەکات ، پاشان دەست دەگێڕێتەوە بۆ تەنیشت، پاشان سەربازەکانی ( رهط )ەکە دەست دەکەن بەڕۆیشتن وە دار دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بەرزی لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی .

تێبینی:

أ.پێویستە لەسەر ئەو سەربازانەی کە داریان پێ نیە چاوەڕێ ی تەواو بوونی جوڵانەوەی هەڵگری دار بکەن لە ( رهط )ەکە.

ب.جوڵانەوەکان بە تێکڕایی ٤٠ جوڵە لەخولەکێکدا دەکرێت.

٢. ئەگەر هاتوو ئەفسەر ئامادەنەبوو، ( رهط )دەسوڕێت بۆ لای ڕاست، پاشان دوای کەمێك وەستان بڵاو دەبنەوەو دار دەگەڕێنێنەوە شێوەی بەرزی لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی.

## بەندی ( ٥٢ )

## سەلام کردن بەدار

ئەم جوڵانەوەی سەلام کردنە هاوشێوەیە وەك پێشتر باسمان کردووە بەڵام جوڵانـەوەی گواستنەوەی داری بـۆ زیـادکراوە لـە دەستی ڕاستدا، وە جوڵانەوەکان بە تێکڕایی ٤٠ جوڵەیە لەیەك خولەکدا.

لەوەستانتا:

١. بـە دەستی ڕاست دار لەسـەری دارەکـەوە بگـرە لەشێوەی وورییا بووندایت وەبیخەرە ژێربالی چەپەوە بەناسۆی وەکلکی دار بۆ دواوە، وە بەدەستی چەپ سەری داربگرە وەهـەر چوار پەنجەکان بەیەکەوە نوساون و پێکـن وسـەری دار لـە نێـوان هـەر چوار پەنجەو پەنجە گەورەدایـە وە قـۆڵی ڕاسـت بـە خێرایـی و گـورج و گـۆڵی دابگرە بۆ لەنیشتی ڕاست پێش سەلام کردن، وەلەکاتی سەلام کردندا قۆڵی چەپ دابگـرە وە قـۆڵی ڕاسـت بـەرز بکـەرەوەو بەدەسـتی ڕاسـت سـەلام بکە.وێنەی ژمارە (١٤) هەروەها قۆڵی چەپ بەرزبکەرەوەو قۆڵی ڕاست ڕابکێشە بۆ لەنیشتی ڕاست وەلـەکاتی تـەواو بـوونی سـەلام کـردن دەستی ڕاست ببە بۆ گرتنی دارەکە لەسەری دارەکەوە. جاری دووەم هـــەروەها دەگەڕێنیتـــەوە شـــێوەی ووریـــا بـــوون وەك لـــە وێنەی ژمارە ( ٩ ).



وێنەی ژمارە ( ٩٤ )

سەلام کردن بەدار

٢. هەروەها پێشتر ئیعاز دراوە. کاتێک پێی چەپ دەگاتە سەر زەوی- دوای ئەواو بوونی ایعاز-بەگورج وگۆڵی دارەکە دەخەینە ژێر باڵی چەپەوە وەلەکاتی دابەزینی پێی چەپ بۆ زەوی بۆ جاری دووەم دەستی ڕاست دەبەیت بەخێرایی و گورج وگۆڵی بۆ تەنیشت و لەگەڵ دابەزینی پێی چەپ بۆ زەوی جارێکی تر دەست دەکەیت بە سەلام کردن.

تێبینی :

بۆ ڕاست / چەپ سەلام کە

لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی، پێ ی ڕاست بەجێ دەهێڵێن دارەکە بخەرە ژێر باڵی چەپەوە لەگەڵ گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی جارێکی تر، پێی ڕاست بەجێ بهێڵە ، دەستی ڕاست دابگرە بۆ تەنیشتی ڕاست وەلەهەمان کاتدا لەسەری دارەکەوە دار بەدەستی چەپ بگرە لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی، پێی ڕاست بەجێ دەهێڵێن وەدەستی ڕاست ببە بۆ سەلام کردن وەلەهەمان کاتدا دەستی چەپ دابگرە بۆ لای چەپ لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی وە ئەمە یەکەم جوڵانەوەی یە لە سەلام کردن

یەک - پێی چەپ لەسەر زەوی- دوو - پێی ڕاست لەسەر زەوی سێ - چەپ - چوار - ڕاست - پێنج - چەپ - شەش لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی دەستی ڕاست لە شێوەی سەلام کردن دابگرە بۆ تەنیشتی ڕاست و لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی دارەکە لە ناوەڕاستەوە بە دەستی ڕاست بگرە لە ژێر باڵی چەپدا ، پێی ڕاست بەجێ بهێڵە وەلەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی دارەکە بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی ڕاست و بەردەوام بە لەرێکردن.

سەلام کردن بۆ پێو – لەڕێکردندا

٣. ایعاز دەدرێت وەك لەوەستاندا بوەستەو دارەکە بخەرە ژێر بالی چەپەوە، قۆلی ڕاست بەگورج وگۆلی بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی ڕاست سەلام بکە، هەروەها جارێکی تر سەلام بکەوە پاشان بۆ دواوە وەریگەڕێ وەبەردەوام بە لەڕێکردنی ئاسایی، هەروەها دارەکە بەدەستی ڕاست بگرە، وەلەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی دارەکە بەگورج وگۆلی بگوازەرەوە بۆلای ڕاست و لە هەنگاوی سێیەمدا هەروەها هەردوو قۆلْ بجولێنە وەك زانراوە لەڕێکردنی ئاسایی لە هەنگاوی پێنجەم.

تێبینی: هەردەم دەستی چەپ دابگرە لەکاتی سەلام کردن بەدار.

## بەشی نۆهەم
## ڕاهێنانی چەك لە وەستان و ڕێکردن
## جگە لە سەلام کردن

ئەو مەشقانەی دەستمان دەکەوێت لەکاتی ڕاهێنانی چەك بە هاوئاهەنگی لەگەلْ عەقل و ماسولکەکان وەبە هاوسەنگی پێشکەش کردنی ئەم ڕاهێنانانە بۆ مەشق پێ کردنی پێ کەوای لێ دەکات ببێت بە بەشێکی گرنگ کە دەچێتە هەر پرۆگرامێکی مەشق.

فێرکردنی هەموو ڕاهێنانەکانی چەك بە ژمارە دەبێت و لەگەلْ ئەوەشدا فێرکردن بەرچاوکردنی کاتە هەموو جولەکان بەگورج وگۆلی دەکرێت لەگەلْ ڕەچاوکردنی نێوانەیەکی کاتی ڕێسایی لە نێوان جولەیەك و جولەیەکی تردا ( جولەکان دەکرێت بە تێکڕایی (٤٠ جولە / خولەك ) .

ایعازدان بۆ جولەکردن بەرەچاوکردنی کات وەکو ایعاز دانە بۆ جێبەجێ کردنی بەژمارەیان ئەگەر ووشەی چەك لەسەرەتای جێبەجێ کردنی ایعاز

بەرەچاوکردنی کات، وەدەبێت ژمارەیەک سەرەتای جێبەجێکردن بێن لەکاتی ایعاز بە ژمارە.

هەڵە زۆر دیارەکان لە ڕاهێنانی چەکدا کۆنترۆڵ نەکردن بەسەریدا کە دەبێتە هۆی جوڵانەوەی جەستە ، لە ڕاهێنانی چەکدا پارێزگاری بەشی سەرەوەی جەستە بکە لە قۆڵ و لەنیشکدا کەنوسابێت بەجەستەوە بە بەردەوامی، وەدەبێت سەرو جەستە نەجوڵێت، تەنها لە ڕابردوودا کە بە بیرمان بێتەوە لە بەندەکانی ڕابردوودا. وەلە گۆڕەپانی نمایش دەبێت چەک و کێرد پاک و وشک بن بۆ ئەوەی کە ئامادە بێت بۆ پشکنین.

## بەندی -٥٣-

## وریا بوون

بمێنەرەوە لە شێوەی وریابوون وەک پێشتر جگە لە دەستی ڕاست چەکەکەی پێ دەگرێت بەشێوەی ستوونی لەلای ڕاست (دەرەوە) وەپەنجە گەورە چەکە کە دەگرێت لەلای چەپ (ناوەوە) وە هەر چوار پەنجەکەی تر نوساون بەیەکەوە و لەلای ڕاست چەکەکەی گرتووە ڕووی لە زەوی یە، پشتی دەستی ڕاستی ڕووی لەلای ڕاستەوە مەچەک لە دواوەی چەکەکەوەیە، قۆناغ جێگیرە لەسەر زەوی، وەسەرەتای قۆناغەکە ڕێکە لەگەڵ درووماتی سەری پێشەوەی پۆستاڵ وە مەخزەن ڕووی لە پێشەوەیە (یان بۆشایی مەخزەن لەکاتی نەبوونی مەخزەن لەسەر چەک ).

**تێبینی**: لەسەر مامۆستا - لەکاتی ڕوونکردنەوەی بەستنی کێرد وە ( رهط ) سەیر بکات چۆن چەک لەدوای جێ بەجێکردنی کێرد دەکرێت لە دەرەوەی هەردوو قۆڵ نە لە نێوانی جەستە ئەم شێوەیە ئاسایی یە، بەڵام ئەوە تەنها شێوەیەکە گرنتی بە بەرنەکەوتنی کێرد بەجل وبەرگ لەکاتی- بۆشان چەک - کێرد بەستراوە.



وێنەی ژمارە ( ١٥ )

وریا بوون بەچەك

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ. قۆناغ لە شێوەی هەڵەدا بێت.

ب. چەك لەشێوەی ستوونی نەبێت و هەڵگر ڕێك نەبێت بەرەو پێش.

ج. هەڵگەڕانەوەی پشتی دەست بۆ پێشەوە.

د. مەچەك لەدوای چەکەوە نەبێت، وەنەنوسانی ئانیشك بە تەنیشتەوە.

هـ. نەنوساندنی پەنجەکانی دەستی ڕاست بەیەکەوە یان نوشتانەوەی پەنجەکان بە دەوری لولەی چەکەکەدا.

## بەندی (٥٤)

## پشوودان وپشوو

**پشودان:**

١. پشوو- بە: ( ئەژنۆی چەپ بشکێنەوە ) وە پێی چەپ بگوازەرەوە بۆ ماوەی ٣٠سم بە پارێزگاری کردنی قۆڵی چەپ لەسەر تەنیشت، وەلە هەمان کاتدا، پاڵ بەچەکەوە دەنێێت بە ڕێکی بۆ پێشەوە وەبەمە قۆڵی ڕاست ڕێك دەبێت بە پاڵنانی بۆ پێشەوە وەبەبێ جولانی ئەو دەستەی کە چەکەکەت پێ گرتووە یان جولانەوەی پێشەوەی قۆناغ یان دابەزاندنی شانی ڕاست.

وەگواستنەوەی قورسایی جەستە کەمێك بۆ چەپ بۆ دابەشکردنی قورسایی بە سەر هەردوو قاچدا بەشێوەی یەکسان.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ. جولانەوەی قۆناغ.

ب. لەراندنەوەی چەك بۆ ڕاست وچەپ.

ج. جولانی قۆڵی چەپ.

د. گرتنی چەك بە دەوردانی پەنجەكان.

هـ. نەبوونی بەیەكەوە جوڵان لە نێوان قۆڵی ڕاست و قاچی چەپ.

و. چەمانەوەی جەستە بەرەو ڕووی چەك.

**پشوو:**

٢. پ ___ شوو:

بە دەستی ڕاست پاڵ دەنێی بۆ سەرەوە هەتا ئەگاتە قەپاغی كزمەڵەی قەروڵی چەك ، وە پەنجە گەورەو پەنجەكانی تر لول بووە بە دەوری چەكەكەدا قۆڵی ڕاست بنوشتێنەوە بۆ گۆڕینی گۆشەی چەك.

پشوودان لە شێوەی پشوورەوە:

٣. ئامادە بە:

لەكاتی دەركردنی ووشەی ئاگاداركردنەوە ( تنبیە ) قۆڵی ڕاست ڕابكێشە بۆ خوارەوە بۆ شوێنی ڕاستی خۆی لە شێوەی پشوودان‌دا وە جەستە ڕێك بكە.

وورپابوون لە شێوەی پشودان:

٤. ( رهط ) وورپا = به

چەكەكە ڕابكێشە بـۆ تەنیشت بە پارێزگاری لە قۆناغ لەسەر زەوی ( ئەژنۆی چەپ بشكێنە) وە قۆڵی چەپ بنوسێنە بە تەنیشتەوە.



وێنەی ژمارە ( ١٦ )

پشوودان بەچەک

**هەڵە بەربڵاوەکان :**

ا. قۆناغ دان بە زەوی دا یان جوڵانەوەی.

ب. ڕێک نەبوون لە نێوان پێ و قۆڵداو نوشتانەوەی کەمەر بۆ پێشەوە.

ج. گەڕانەوەی دەستی چەپ بۆ دواوەی جەستە لە پشوودان بەبێ چەک.

**بەندی ( ٥٥ )**

**بۆشان چەک لەلاچەکەوە وە بە پێچەوانەوە**

**بۆشان چەک لەلاچەکەوە:**

١. بە ژمارە بۆشان چەک بە___ک:

فرێ دانی چەک بۆ سەرەوە لەلای ڕاست بە جوڵەیەکی خێراو گورج وگۆڵ لە مەچەکەوە وە تەنیشک جێگیرە هەروەها بەردانی پێش گەیشتنی دەستی ڕاست بە ئاستی بەرزی پشتێن و گەڕانەوەی دەستی ڕاست بە ڕێکی بۆ شوێنی خۆی لەسەر هەڵگری سەرەوەی قۆناغ، وەلەهەمان کاتدا جوڵانی قۆڵی چەپ بە برینی جەستەو گرتنی چەک لەسەرەوەی ژێردار_دا، بەشێوەیەک کە قۆڵی چەپ لە ڕێکی ژێریانی ڕاست و وەپاڵنان بۆ دواوە بەرەو شانی ڕاست وەپیاکێشانی بەلەپی دەستی چەپ و کۆتایی مەچەک، هەروەها داخستنی پەنجەکانی دەستی و پەنجە گەورە بەدەوری ژێرداری چەکەکەدا، وەلەوکاتەی کەبەدەستی چەپ دەکێشیت بە چەکەکەدا بەپەنجە گەورەو پەنجەکانی تری دەستی ڕاست قۆناغەکە بگرە.

تێبینی : پەنجە گەورەو چوار پەنجەکەی تری دەستی ڕاست دەمێنێتەوە وەک لە شێوەی ووریا بوون لە گەڵیا قۆناغەکە بگرە بەمەرجێک لەسەریەک هێڵی ڕاست بن لەگەڵ زمانەی قۆناغ وەچەکەکە ستوونی بەو مەخزەن بەروی لەپێشەوەیە.



وێنەی ژمارە ( ١٧ )

جوڵەی یەکەم لە پۆشان چەك



وێنەی ژمارە ( ١٧ )

جوڵەی یەکەم لە پۆشان چەک

دوو:
چەکەکە بگوازەرەوە لەبەردەم جەستەوە بەجۆرێك كە لولەكەی لەپێش
دەبو چاوتا تێپەڕێت وە قەرەوڵ بە بەردەم چاودا تێپەڕێت.



وێنەی ژمارە (١٧ أ)
جوڵەی دووەم لە لەشان چەك



وێنەی ژمارە ( ١٧ ب )

جوڵەی سێ یەم لەلەشان چەك

وە قۆڵی ڕاست لەسەریەك هێڵی ڕاستن لەگەڵ گیرفانی سنگی چەپ، واتە چەکەکە بهێنە بۆ دەستی چەپ وە دەستی ڕاست دابگرە بەمەرجێك ئەنیشکی دەستی چەپ توسابێت بەکەمەرەوە ( وەك لە شێوەی وریابوون ) وە مەچەك ئاسۆی یە لەگەڵ زەوی وە بەگۆشەی وەستاو لەگەڵ جەستە، لەپی دەست ڕێکە ، بۆ ئەوەی قۆناغ لەلەپی دەستی چەپدا جێگیر بێت ، وەئەمە پێش بەرکەوتنی مەخزەن بەشانی چەپ. قۆناغ بگرە بە پەنجەکانی دەستی چەپ و پەنجە گەورە بە مەرجێك پەنجە گەورە بەسەرەتای قۆناغ لەسەر بەرزی یەك ( عقدة ) لە پلێتی قۆناغی کانزایی، بەڵام پەنجەکان جووتن ( لەگرێ کانی پەنجەوە جوتن هەتا سەری پەنجە ) لەسەر بەشی سەرەوە لە قۆناغ و ڕووی لە لولەی چەکەکەیە، بەڵام دەستی ڕاست دەمێنێتەوە لە گرمری قۆناغەوەو پەنجە گەورە لەژێر چوار پەنجەکەی ترەوەیە لەسەرەوە دەوری گرمری قۆناغی دواوە وە ئەنیشکی دەستی ڕاست بەرزە بە جۆرێك کە ئاسۆیی یە لەگەڵ زەوی.

بۆ دروستکردنی لاکێشەیەکی درێژ لە مەچەك و سنگ و باڵ و بەشێکی چەك و دەستی ڕاست ) .

تێبینی: مەخزەن لەم کاتەدا ڕووی لەلای چەپە هاوڕێکە لەسەر شان لە ژێر ئێسقانی مل کەمێك خوارتر.

٣. سێ: گەڕاندنەوەی دەستی ڕاست بە خێرایی و گورج و گۆڵی لە کورترین ڕێگاوە بۆ شێوەی وریابوون ، پارێزگاری لە مەچەك بکە بەرێکی بمێنێتەوە وە بە پەنجەکانی دەست چەکەکە بگرن لەکاتی دابەزاندنی بۆ خوارەوە وە پارێزگاری لە جێگیری چەکەکە بکە.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

لەجوڵەی یەکەم دا:

أ.بەرزەکردنی چەک لەدەستی ڕاستەوە بەیەک کات و گرتنی لەیەک کاتدا بە هەردوو دەست.



وێنەی ژمارە ( ١٨ )
جوڵەی یەکەم لە لاچەکدا

ب. پاڵنانی شانی ڕاست بۆ دواوە.

ج. بەرنەکەوتنی بەشی سەرەوەی قۆڵ و ئەنیشك بەجەستە.

لە جوڵەی دووەم:

د. گرتنی چەك بە دەستی چەپ لە شوێنی خۆی، دورتر لەوەی کە پێویستە کە ئەمە دەبێتە هۆی بەرکەوتنی مخزن بەشان پێشگرتنی قۆناغ بەدەست.

هـ. جوڵانەوەی سەر و جەستە.

و. نە نوساندنی بەشی سەرەوەی قۆڵ و ئەنیشك بە تەنیشتەوە لـــــەم جوڵەیەدا.



وێنەی ژمارە ( ١٦٨أ )

جوتەی دووەم لە لا چەکدا

لە جوڵەی سێیەم:
أ. بەرنەکەوتنی بەشی سەرەوەی قۆڵ ، کە ئەمە دەبێتە هۆی تێپەڕبوونی دەست لەبەردەم جەستەوە لەکاتی داگرتنی بۆ تەنیشت.
ب. جوڵانەوەی چەك لەسەر شان ،
لەشان چەکەوە بۆ لاچەك :
٤. بە ژمارە بۆ لاچەك یە__ك:
چەکەکە ڕابکێشە بۆ دوورترین درێژی قۆڵی چەپت، وەپارێزگاری لە گرتنی سەری چەك بکە بە دەستی چەپ بەشێوەیەك کە چەکەکە ستوونی بێت مەخزەن ڕووی لە دەرەوە بێت، وەلەهەمان کاتدا دەستی ڕاست بیە کە جەستە ببڕێت بەشێوەیەك کە دەستی ڕاست بگاتە سەر چەکەکە لە کۆتایی ژێر داردا لەخاڵی بەیەك گەیشتنی لولەی گاز لەگەڵ لولەی چەکەکەدا وە ئەنیشکی دەستی ڕاست دوورە لە جەستەوە ئاسۆیی یە لەگەڵ زەوی (تێبینی وێنەی (١٨ أ) بکە.
تێبینی: لەسەر مامۆستا پێویستە کە ئەمە ڕوون بکاتەوە لەکاتی هەستانی بە جوڵەکان .
٥.دوو: چەکەکە بگوازەرەوە بۆ برینی جەستە بۆ خوارەوە وە دەستی ڕاست لە سەروو شوێنی گرتنی شێوازی وورپا بووندایەو، هەرچوار پەنجەکە لەلای ڕاست وە پەنجە گەورە لەلای چەپە وە پەنجە گەورەو هەر چوار پەنجەکەی ڕوویان لە پێشەوەو خوارەوەیە مخزن ڕووی لە پێشەوەیە وە قۆنداغ یەك عقدە لە زەوی یەوە بەرزەو چەکەکە ستونی یە لەسەر زەوی وە لەبەردەم پێی ڕاستدایە وەلەهەمان کاتدا دەستی چەپ بگەڕێنەرەوە سەرەوە بەشێوەیەك یەکتربڕین لەگەڵ جەستەدا بۆ ئەوەی کۆتایی لەپی دەست بیدات بە کۆمەڵەی قەرەوڵ دا بە تەواوی

وە هەر چوار پەنجەو پەنجە گەورە نوساوبن بەیەکەوەو بەر بەشی سەرەوەی لولەی چەکەکە کەوتبێت.

٦.سێ: دەستی چەپ بگوێزەرەوە بەرەو تەنیشتی چەپ بەخێرایی بۆ شێوەی وورریابوون ی ڕاست.

تێبینی: دابەزاندنی قۆناغی چەکەکە بەهێمنی بۆ سەر زەوی وە ڕاکێشانی سەرەتای لولە کەمێك بۆ دواوە بۆ ڕێك بوونی قۆڵی ڕاست.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

جوڵەی یەکەم:

ا.جوڵانەوەی سەر

ب.جوڵاندنی دەستی ڕاست لەبەردەم جەستە بەشێوەی بازنەیی لە جیاتی جوڵاندنی بۆ سەرەوەو یەکاڕ لەگەڵ جەستەو نزیك بوون لەجەستەوە

ج.بەهێواشی گرتنی چەك بەدەستی چەپ

د.نەگەیشتنی دەستی ڕاست بۆ بەرزی مەبەست

هـ.نوساندنی ئەنیشك بە جەستەوە

و.پاڵنانی چەك بۆ پێشەوە بەدەستی چەپ وە دوورخستنەوەی لەجەستە

جوڵەی دووەم:

ز.جوڵاندنی قۆناغ لە دەوری بەردەم جەستە

ح. بردنی شانی ڕاست بۆ دواوە

ط. نەگەیشتنی دەستی چەپ بۆ چەکەکە لەگەڵ جوڵەی پەنجەکانی دەستی ڕاست لە یەك کاتدا.

جوڵەی سێ یەم:

ی.قۆناغ دان بە زەوی دا.

ى. گەڕاندنەوەی قۆڵی چەپ دور لە جەستەو بە جوڵەیەکی بازنەیی ڕێگەپێدانی بەپاڵنانی بۆ دواوە زیاتر لە پێویست.

### بەندی -٥٦-

### ڕێکردن لەکاتی لەسەر شان چەكو لەلاچەك

لەکاتی ڕێك بوون لەشێوەی لاچەکدا سەربازەکانی ڕیزی پێشەوە قۆڵی چەپیان بەرزدەکەنەوە وە لەکاتی ڕێکبوون لەشێوەی لەشان چەك سەربازەکانی ڕیزی پێشەوە قۆڵی ڕاستیان بەرز دەکەنەوە بە شکاوەی لە ئەنیشکیانەوە.

### بەندی -٥٧-

### سەلام کردن بە چەکەوە

١. سەلام دەکرێت بەچەکەوە ئەویش لەشێوەی لەشان چەکداو وە ئەم سەلام کردنە لەهەمان جوڵەی دەستە کە سەلام کردن بۆ ڕووەلاکان، وە سەرو هەردوو چاو بسوڕێنە بەرەو لا ئەگەر هاتوو سەلام کردن بۆ یەکێك لەلاکان بوو.

٢. بۆ پێشی خۆت سەلام ___ کە:

بمێنەوە لە شێوەی لەشان چەك وەچەکەکەت بەدەستی چەپ گرتووە دەستی ڕاست ببە لە نزیکترین ڕێگەوە بە پیادانی قۆناغداو لەپی دەست کەمێك لەخوار گرەری قۆناغەوە پەنجە گەورە لەسەر یەك هێڵە لەگەڵ زمانی گرەری قۆناغ دا، وەدەست جوونە لەگەڵ قۆناغداو پەنجەکان ڕێکن و نوساون بەیەکەوە پەنجە گەورە نوساوە بە پەنجەی شایەتمانەوە بە جۆرێك کە پەنجەکان و لەپی دەست و مەچەك لەسەریەك هێڵی ڕاست بن وە جێگیربوونی بنکەی پەنجەکان لەگەڵ

قەراغی قۆناغ نزیك لە ئەلقەی هەلگرو وە ئەنیشك بەشێوەی بەرزی ، بمێنەوە بە ماوەی نێوانی كاتی ڕێنمایی وەپاشان دەست بگوێزرەوە بەگورج وگۆڵی بۆ ئەنیشت.

تێبینی:

ا.دەكرێت ئەم جوڵەیە بەژمارە بێت لەكاتی پێویستیدا.

ب.ڕێگا دەدرێت بۆ سەلام كردن بە چەكەوە بەهەمان شێوەی سەلام كردن بە دەست.

ج.زیادەڕەوی نەكردن بەبەرزكردنەوەی دەست پێش پیادانی بەقۆناغدا.



وێنەی ژمارە ( ١٩ )

سەلام کردن بەچەك

## بەندی -٥٨-

## سڵاوکردن لەشان چەکەوەو بە پێچەوانەوە

### سڵاوکردن لەشان چەکەوە

١. بەژمارە سڵاو کە یەك:

دەستی ڕاست ببە بە گورج وگۆڵی لەنزیکترین ڕێگاوە بۆ سەرەوەو، بە یەکتربڕینی لەگەڵ جەستە بۆ گرتنی چەك لە گەرەی قۆناغەوە بە جۆرێك پشتی دەست لەسەرەوە بێت و پەنجەکان لەژێر پەنجەی شایەتمانەوە بێت کەمێك لە سەروی زمانی قۆناغەوە وە پێویستە ئەنیشك جوت بێت لەسەر جەستە بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی بەسەر چەکەکەدا.

٢.دوو وێنەی ژمارە (٢٠ أ و ب):

داخستنی پەنجەکانی دەستی ڕاست بە دەوری گەرەی قۆناغدا وە بەرزکردنەوەی چەکەکە بە خێرایی ستونی بۆ ناوەڕاستی جەستە وە مخزن ڕووی لەپێشەوەیە لەهەردوو چەکی (سمنیۆف وکلاشینکۆف) بەجۆرێك کە سەرەوەی سەردارو ژێردار ڕێك بن بەرامبەر بەهەردوو چاو (ئاستی بینین) وەچەك چوارپەنجە دوور دەبێت لەجەستەوە. لەکاتی گواستنەوەی چەکەکە بۆ ناوەڕاستی چەکەکە بۆ ناوەڕاستی جەستە دەستی چەپ دور دەخەیتەوە لەسەر دارو ژێردار بە دوری شەش عقدە پاشان پیادانی بە مەچەك و جومگەو لەپی دەستی چەپ بەجۆرێك پەنجەکان لەڕێکی بەرزی سەردارو ژێردار بن و پەنجە گەورە بۆ سەرەوە بێت وە مەچەك و جومگەو لەپی دەست نوسابن بە چەکەکەوە.

٣. سێ: داگرتنی چەك بەڕێکی بۆ خوارەوەو بەردەمی جەستە تائەنیشکی ڕاست ڕێك دەبێت ، بۆ خوارەوە بە پارێزگاری کردنی چەك لە شێوەی ستونی بە دوری چوار پەنجە لەجەستەوە ، بەجۆرێك

شوێنی پەنجەکان و دەستی ڕاست و پەنجە گەورە بۆ سەرەوە تەریب بێت لەگەڵ لێواری سەردارو ژێردار وە هەر چوار پەنجەکە ڕوویان کردۆتە لای ڕاست وە لە هەمان کاتدا ئەژنۆی پێی ڕاست بشکێنەوە وەبیدە بە زەویدا لە پشتی پاژنەی پێی چەپەوە بە جۆرێك لەشێوەی وشەی پیتی ( T ) دروست بکات .

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ.جوڵەی یەکەم:

یەکەم. جوڵانەوەی قۆڵی ڕاست بەشێوەی بازنەیی وەرێگەدان بەئەنیشك بەدوور کەوتنەوەی لە جەستە.

دووەم. نەگرتنی چەك بە پەنجەکانی دەستی ڕاست بە جۆرێك دەوری قۆناغ بدات.

سێ یەم. جوڵانەوی قۆناغ بۆ ڕاست بۆ گەیشتنی بەدەستی ڕاست.

ب.جوڵەی دووەم.

چوارەم. بەرزکردنەوەی دەستی ڕاست زیاتر لە پێویست

پێنجەم. دانەنانی ئەنیشکی دەستی چەپ لەسەر درێژی قۆناغ .

شەشەم. بەوردی سەیرکردن بۆ چەکەکە دەبێتە هۆی خواربوونەوە بۆ دواوە .



وێنەی ژمارە ( ٢٠ )

جوڵەی یەکەم لە سڵاو کردن

ج. جوڵەی سێیەم:

حەوتەم. پاڵنانی چەك بۆ سەرەوە پێش دەستكردن بەجوڵەی قۆڵی ڕاست بۆ سەرەوە.

هەشتەم. بەرنەدانی دەستی چەپ لەچەكەكە دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی دەست زیاد لە پێویست

نۆهەم. دوور خستنەوەی جەستە بەرەو دواوە لەچەك

دەهەم. سوڕاندنی نوكی پێی ڕاست بۆ دەرەوە كە دەبێتە هۆی ڕاكێشانی شانی ڕاست بۆ دواوە.

یانزەهەم. جوڵانێكی ناڕێك لە نێوان هەردووقۆڵ و پێ دا.



وێنەی ژمارە ( ٣٠أ )

جوڵەی دووەم لە سڵاو کردن ( لەڵاوە )



وێنەی ژمارە ( ٢٠ ب )

جوڵەی دووەم لە سڵاو کردن ( لە ڕوو )



وێنەی ژمارە ( ٢٠ ج )

جوڵەی سێیەم ( كۆتایی ) لە سلاو كردن

## بەندی -٥٩-

## بۆ زەوی چەك - هەلگرەچەك

### بۆ زەوی چەك

**١ بە ژمارە بۆ زەوی چەك یە___ك:**

پێی چەپ دەردەکەیت بۆ پێشەوە بە ڕێکی وەبیدە بە زەویدا بەتەواوی ( پاژنەوتوکی پێ ) بە دووری نێو هەنگاو (٣٧.٥)سم وەك لە وێنەی (٢١ أ)دا هاتووە.

٢.دوو:

بنوشتێرەوە بۆ خوارەوە لەگەڵ نوشتانەوەی هەردوو ئەژنۆ بە پارێزگاری کردنی لەڕێکی جەستەو سەر وە چەکەکە بسوڕێنە بۆ لای چەپ بەجۆرێك زمانی میل ڕاکێشان بکەوێتە خوارەوە وە مخزن بۆ چەپ بێت وە چەکەکە بە شێوەیەکی ڕێك بێت بەجۆرێك کۆمەڵەی قەروڵ ڕێك بێت لەگەڵ دروماتی بەشی پێشەوەی پێڵاوەکەی پێی ڕاست وەك لە وێنەکەدا هاتووە وە قۆڵ بەڕێکی دەمێنێتەوە لەسەر تەنیشتی چەپ وەك لە وێنەی ژمارە ( ٢١ ب ) .



**وێنەی ژمارە ( ١٢٦ )**

**جوڵەی یەکەم لە بۆ زەوی چەک**

٣.سێ:

دەستی ڕاست لە چەكەكە بەربدەو چەكەكە لەسەر زەوی بهێنێتەوە. وە پارێزگاری ئەمانەوەی پێی چەپ بكە لە پێشەوە.

٤.چوار:

پێ بدە بەزەویدا لە تەنیشت پێی ڕاستەوە بۆ گەڕانەوە بۆ شێوەی وریابوون.

**هەڵگرەچەك:**

١. بەژمارە هەڵگرەچەك یە___ك وەك لە جوڵەی یەكەمی بۆ زەوی چەك.

٢. دوو. بنوشتێرەوە بۆ زەوی بە نوشتاندنەوەی هەردوو ئەژنۆ بە پارێزگاری كردنی ڕێكی جەستەو سەر وە گرتنی چەكەكە لە خوارەوە لە كۆمەڵەی قەوڵ.

٣.سێ: هەستەو چەكەكە بسوڕێنە بۆ لای ڕاست و مەخزەن بۆ پێشەوە.

٤. چوار: بگەڕێرەوە بۆ شێوەی وریابوون بە زەویدا دانی پێی چەپ لە تەنیشت پێی ڕاست.

**هەڵە بەربڵاوەكان:**

١. سەردانەواندن.

٢. خواربوونەوەی جەستە بۆ پێشەوەو لای ڕاست.

٣. چەك بەزەویدا دان.



وێنەی ژمارە ( ٩٦ ب )
جوڵەی دووەم بۆ زەوی چەك

## بەندی (٦٠)

## کێرد بەستن و لێکردنەوەی لەچەکی کلاشینکۆف

بەستنی کێرد: ( لەشێوەی ووریابووندا دەکرێت تەنها )

١. ( رهط ) کێردەکان:

پاڵ بە چەکەوە بنێ بە دەستی ڕاست وەك لەشێوەی پشوودان لەنیشکی چەپ بنوشتێنەوە بۆ چەپ و دواوە، بەستەرەوەی کێرد بگرە بەدەستی چەپ و پشتی دەستی چەپ بە جەستەوە بێت، بە پەنجە گەورەو چوار پەنجەکەی تر دەوری بەستەرەوەی کێرد بدە و قۆڵی ڕاست ڕێك بکەرەوە بە درێژکردنەوەی بۆ خوارەوە بەشێوەیەك نوسابێت بەجەستەوە، خوارەوەی کێلانەکە بسوڕێنە بە پێچەوانەی جوڵەی میلی کاتژمێر، وەلەنیشکی چەپ شکاوە بێت بۆ ئەوەی چەقۆی کێرد ستوونی بێت لەسەر پشتی پەنجە گەورە وە دەستی چەپ لەدوای قاچی چەپەوە بێت بە جۆرێك کە لە تەنیشتەکانەوە نەبینرێت.



وێنەی ژمارە ( ٣٢ )

جوڵەی یەکەم لە بەستنی گێزە



وێنەی ژمارە ( ٢٢آ )

جوڵەی یەکەم لە بەستنی کێرد ( لە دواوە )

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

ا.خواربوونەوەی جەستە بەرەو لای ڕاست

ب.نەگونجاندن لە نێوان جوڵەی دەستی ڕاستو چەپدا.

ج.هەوڵدان بە ڕاکێشانی کێرد لە کێلانەکەی بە جوڵاندن بەرەو سەرەوە.

٢. بیەستە:

سەرت بسوڕێنە بۆ خوارەوە بە شێوەیەک هەردوو چاوت توانای بینینی قەوڵی چەکەکەیان هەبێت ، هەروەها کێرد بهێنە بۆ نێوان جەستەو هەردووقۆڵ وە بیبەرە سەر چەکەکە . هەروەها بکێشە بەبەستەرەوەی کێردا بۆ ئەوەی قۆڵی چەپ ڕاست ببێتەوە، جومگەو مەچەک لەسەر یەک هێڵ بێتو پەنجە گەورەو هەرچوارپەنجەکەی تر بەیەکەوە نوساونو داخراون وە قۆڵو ئەنیشکو پەنجەکان بەرەو ڕووی نوکی پێ ی ڕاستن.



وێنەی ژمارە ( ٦٢ ب )

جوڵەی دووەم لە پەستنی کێرە



وێنەی ژمارە ( ٢٢ ج )
جوڵەی یەکەم لە لێکردنەوەی گێرە

تێبینی: دەکرێت پەنجە گەورە درێژ بکرێتەوە لەسەر درێژی بەشی چەقۆ نزیک لەدەمی چەقۆ

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ.دورخستنەوەی قۆڵ لە تەنیشت زیاد لە پێویست.

ب.نوشتانەوەی جەستە لە کەمەرەوە بۆ پێشەوە لە کاتی بەستنی گێرددا.

٣. ( رهط ) ووریا___بە:

بگەڕێرەوە بۆ شێوەی ووریا بوون بە بردنی چەکەکە بۆ تەنیشتی ڕاست وەقۆڵی چەپ بۆ لای چەپ لە نزیکترین ڕێگاوە وەسەرت بەرز بکەرەوە بۆ پێشەوە بڕوانە وەک لە شێوەی ووریابوونی تەواودا وە ووشەی (ووریابە) دەدرێت بە ڕوانینی تاتەواوی ووریابوون وەئەم ووشەیە دەردەکرێت لەلایەن فەرماندەی کۆمەڵەوە یان مامۆستای سەرپەرشتیار.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ.نەبوونی ڕێکی لە نێوان جوڵەی سەرو قۆڵدا.

ب.جوڵاندنی قۆناغ لەسەرزەوی.

جـ.بردنی دەستی چەپ بۆ تەنیشت و ڕێک نەبوونەوەی ئەنیشك.

د.بەکارهێنانی ایعاز (أب) لە جیاتی (ووریابە).

**لابردنی گێرە:**

٤. ( رهط )-گێردەکان:

بەدەستی ڕاست چەکەکە بیە بۆ بەردەم پەنجەی ڕاست وە قۆناغ لەسەر زەوی دابنێ لە نێوان هەردوو پێیدا بەجۆرێك کە سەرەتای قۆناغ لە ڕێکی درومانی دواوەی سەری پێڵاو بێت. چەکەکە بەهەردوو ئەژنۆ بگرە (کەدەبێت کەمێك شکاوە بن) وەبەدەستی چەپ بکێشە

بەچەکەکەدا لە کۆتایی خوارەوەی کێرەکە بە جۆرێک پەنجەکانی ناوەڕاستی دەستی چەپ بەرامبەر ئیسپرنگی کێرەکە بێت وە شکاوە بێت لە لای ڕاستەوە وە لەهەمان کاتدا بە دەستی ڕاست بدە لە گرەری کێرەکەو بە پەنجەکان دەورەی بدە وە بەپەنجەگەورە هێز بخەرە سەر پەنجەکانی ناوەڕاستی دەستی چەپ وە پەنجەگەورە لەسەر ئیسپرنگی جێگیرکردن کێرد وە گردنەوەی لەچەك. کێرەکە کە خواربکەرەوە بەرەوچەپ وەدوری بخەرەوە لەلولەی چەکەکە.

وە بیسوڕێنە بۆ لای ڕاست وە بەرزی بکەرەوەو کۆتایی پێ بهێنە لەلولەی چەکەکە بۆ ئەوەی چەقۆکەی ستونی بێت لە بەرامبەرت.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

ا. نەگرتنی چەکەکە بە هەردوو ئەژنۆ.

ب. کردنەوەی هەردوو پێ یەکان.

ج. نوشتانەوەی جەستە لە کەمەرەوە بۆ پێشەوە بۆ لێ کردنەوەی کێرد لە چەکەکە.

د. سەیرکردنی کێرد

ە. لایەرە: بە جوڵەیەکی کورت لەلەپی دەستی ڕاستەوە کێرد بسوڕێنە بەرەو لای چەپ بە جۆرێك نوکی کێرد بەرکەلەکەی چەپ بکەوێت. بازنەی کێردکە بەدەستی چەپ بگرە وەپاڵی پێوەنێ بۆ پێشەوە بۆ ئەوەی بتوانێت کێردەکە بگرێت پاشان کێرەد پاڵپێوەنێ بەشێوەیەك کەتەریب بێت بەڕووت، ئەنیشکی لای ڕاست نزیکە لە ڕووی جەستەوە، ئەنیشکی لای چەپ ڕێکە بەرەو دواوە، هەردووشان ڕوویان لە پێشەوەیە، لەکاتی سوڕانی ئەنیشکی ڕاست بە کێردەکە لە جوڵەی یەکەم، سەرت بسوڕێنە بۆ خوارەوەو لای چەپ بۆ بینینی چونە ناوەوەی کێرد بۆ ناو کێلانەکەی.

هەڵە بەربڵاوەکان :

أ.دابەزاندنی شان بەرەو دواوە .

ب.بردنی ئەنیشکی چەپ بۆ پێشەوە .

ج.دور خستنەوەی ئەنیشکی راست لە جەستە .

٦.دوو – سێ

چەکەکە بگرە بە پیاکێشانی هەردوو دەست بەیەکەوە (دوای لێکردنەوەی کێرد) دەستی ڕاست لەسەرەوە لە ژێر کۆمەڵەی قەرەوڵدا بێت وەدەستی چەپ لە خوارەوە وەچەکەکە لەنێوان هەردوو قاچدایە.

٧. وریابە. چەکەکە بگرە لەژێر قەرەوڵەوە بەدەستی ڕاست وە بەرزی بکەرەوە لەبەردەم سەرەتایی پێی ڕاست وە بگەڕێرەوە بۆ شێوەی وریا بوون وە لەهەمان کاتدا دەستی چەپ بگەڕێنەرەوە بۆ تەنیشتی چەپ.

**تێبینی:**

یەکەم. ئەم جوڵەیە لە ریز کردنەوەدا دەکرێت.

دووەم. ووشەی ئاگادار کردنەوە لەم ایعازەدا ووشەی ( رهط )ە بەشێوەیەکی ئاسایی کاتێک مامۆستا هەڵدەستێت بە ڕاست کردنەوەی هەڵەکان تەنها.

## بەندی -٦١-

## شێوەی پشکنینی چەك لەلاچەکەوەو بە پێچەوانەوە

١.بۆ دڵنیا بوون لەبەتاڵی مەخزەن و حوجرە لەتەقەمەنی.

شێوەی پشکنینی چەك لەلاچەکدا:

١. بۆ پشکنین –چەك :

بەجوڵەیەکی خێرا لەدەستی ڕاست و لەپ و مەچەك چەکەکە فڕێ بدە بەشێوەی لادان بەرەو جەستەو لولەکە ڕووی لەسەرەوە بێت، وە

بەخزمن بۆ پێشەوە، وەلولەکە یەکتربڕ بن لەگەڵ جەستەدا بەرامبەر کۆتایی شانی چەپ (دەست بەرزناکرێتەوە لەئاستی پشتێن زیاتر) چەکەکە بگرە لە چەقی قورساییەوە بەدەستی چەپ وەبازنەکەی بەچوارپەنجەو پەنجە گەورە بەجۆرێك کەبەرزی یەکە یەك بەرزی بێت لەگەڵ قۆپچەکانی گیرفانی سنگی چەپ، لەو کاتەدا کە چەکەکەت بەدەستی چەپ گرتووە بەدەستی ڕاست بدە بەچەکەکەدا لە قۆناغەوە بیگرە.

هەڵە بەربڵاوەکان:

ا. گواستنەوەی چەك لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر.

ب. پاڵنانی جەستە بۆ دواوە لەکاتی هەڵدانی چەکەکە بۆ یەکتربـــــڕین لەگەڵ جەستەدا.

لەپشکنینی چەکەوە بۆ لاچەك

٢.بە ژمارە بۆ لاچەك بە – ٤:

یەك: بدە بەچەکەکەدا بەدەستی ڕاست لەشوێنی گرتنیدا ( لەجوڵەی یەکەم لەلاچەکەوە وەبۆ شان چەك)و دەوری بگرە بەهەرچوار پەنجەو پەنجە گەورە کە دەکرێت نزیکترینێت لە جەستەو مەچەکی ڕاست و تەنیشك نزیکە لە چەکەکە.

دوو: بەدەستی ڕاست چەکەکە بگوازەرەوە بۆ خوارەوەو تەنیشتی ڕاست وە بەدەستی چەپ لـێ ی بدە وەك لەجوڵەی دووەم لەشان چەکەوە بۆ لاچەك ( بەندی ٥٤ )

سێ: چەکەکە بگوازەرەوە بۆ تەینشت پێ ی ڕاست بۆ ئەوەی چەکەکە جێگیر بێت لەسەرزەوی لەشێوەی ووریابوون وەلەهەمان کاتدا دەستی چەپ بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی چەپ بـەگورجی وەبووەستە بەشێوەی ووریابوون.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

یەکەم. وەک لەجوڵەی دووەمی لەشان چەک بۆلاچەک (بەندی ٥٤)

سێ یەم: وەک لە جوڵەی سێ یەم لەشان چەکەوە بۆلاچەک.



وێنەی ژمارە ( ٢٥ )

جوڵەی یەکەم لە شێوەی پشکنینی چەک



وێنەی ژمارە ( ١٢٥ )

جوڵەی دووەم لە شێوەی پشکنینی چەک

## بەندی -٦٢-

## شێوەی پشکنین لەشێوەی شان چەك و بە پێچەوانەوە

شێوەی پشکنین لەشان چەك:

شێوەی پشکنینی چەك یە _ ك:

١. بە ژمارە بۆ پشکنینی چەکەکە لە قۆناغەوە بگرە بەدەستی ڕاست وەك لەجوڵەی یەکەی سڵاوکردن بەچەك.

٢. دوو:

چەکەکە ڕابکێشە بۆ خوارەوە بە دەستی ڕاست یەکتربڕ لەگەڵ جەستە هەروەها دەستی چەپ بەربدە لە قۆناغ وەچەکەکە بجوڵێنە بۆ بەردەم گیرفانی سنگ وە چەکەکە بگرە لەسەرداو ژێردارەوە بۆ ئەوەی چەکەکە تیرەی بێت لەسەر جەستە.

٣. سێ:

مەخزەنەکە بەدەستی ڕاست بگرە بە جۆرێک کەپشتی دەست بۆ سەرەوە بێت و هەرچوار پەنجەکە دەورەی مەخزەنیان دابێت لەڕووی چاڵیەکەی یەوە پەنجەگەورە لەسەرگرەری جێگیرکردنی مخزن بێت وەهێزێکە لەگرەری مخزن بە پەنجەگەورە وەمخزن دەربهێنە لەشوێنی خۆی بینوسێنە بەسەرداو ژێردارەوە بەجۆرێك هاورێك بێت لەگەڵ چەکەکە وەبەدەستی چەپ بیگرە لەگەڵ چەکەکە بەجۆرێك بەشی چاڵیەکەی مخزن بۆ پێشەوە دەبێت وەکوتی مخزن بۆ سەرەوە بێت

٤. چوار.

پاڵ بەعەتەلەی گۆڕینەوە بنێ بۆ یەکێك لەشێوەکانی تەقە کردن بەهۆی پەنجە گەورەی دەستی ڕاستەوە.

٥. پێنج.

دەسکی ترپاس بگرە بە پەنجەی شایەتمان و پەنجەگەورەی دەستی ڕاست وەپەنجەکانی تر بەڕێکی و ئەتیشك توسابێت بە جەستەوە وە دەسکی ترپاس ڕابکێشە بۆ دوای دواوە .

٦.شەش:

دەسکی ترپاس بەریدە بۆ ئەوەی بڕوات بۆ پێشەوە وەدوای دڵنیا بوون لە نەبوونی تەقەمەنی لەناو حوجرەدا.

٧.حەوت:

هێز بخەرە سەر پەلەپیتکە بەپەنجەی شایەتمانی دەستی ڕاست بۆ ئەوەی چەکوش بڕوات بۆ پێشەوە.

٨.هەشت:

عەتلەی گۆڕین بخەرە سەر شێوەی ئەمن کردن.

٩.نۆ:

مخزن بەدەستی ڕاست بگرەو بیخەرە شوێنی خۆی وەدڵنیابە لەدەنگی داخستنی کلاپ.

١٠. : چەکەکە بەدەستی ڕاست بگرە لەگرەری قۆناغەوە.

## بەندی - ٦٢ -

## لەشێوەی پشکنینەوە بۆ شان چەك

١. بەژمارە بۆشان چەك یەك: پاڵبنێ بەچەکـــــەوە بەدەستی چەپ وەك لەجوڵەی دووەم لەلاچەکەوە بۆشان چەك (بگەڕێرەوە بۆ بەندی ٥٥)

٢. دوو: دەستی ڕاست بگوازەرەوە بەخێرایی و گورج وگۆڵی بۆ تەنیشتی ڕاست وەك لە جوڵەی سێ یەم لەلاچەکەوە بۆ شان چەك.

تێبینی : ایعاز دەردەکرێت (بۆ پشکنین چەك) لەم شێوەیەدا.



وێنەی ژمارە ( ٢٦ )

شێوەی پشکنینی چەک



وێنەی ژمارە ( ٢٧ )
شێوەی پشکنینی چەک

هەڵە بەربڵاوەکان:

١. جوڵەی یەکەم: وەك بیرهێنانەوەی جوڵەی یەکەم لەسەلام کردن بەچەك.

٢. جوڵەی دووەم: ڕێگەدان بە بەرکەوتنی چەك لەسەر دەستی چەپ لەجیاتی هەستان بەڕاکێشانی بەهەمان دەست.

٣. ڕێگەدان بەجوڵانەوەی چەك و کۆنترۆڵ نەکردنی بەسەریدا بەدەستی چەپ.

٤. ڕێگەدان بە دەستی ڕاست بەلەرزین لە جوڵەیەکەوە بۆ جوڵەیەکی تر بەبێ وەستان.

وە قونـــاغ هێـــز دەخاتـــە ســـەر بەشـــی دەرەوەی کەمـــەری ڕاسـت .پەنجەگـەورەی دەسـتی ڕاسـت لـە چـاڵی پەنجەگـەورەوە بـۆ پێشەوەو سـەرەوە بەگۆشـەی پێـچەوانەی ڕونـاکی لولـەی چـەکی سمنیۆف، بەڵام بۆ چەکی کلاشینکۆف دەتوانین هەستین بە پشکنین بەبەکارهێنانی پارچەیەك کارتۆنی بچوك لـە پێچەوانەی ڕووناکی بۆ لوولە.

هەڵە بەربڵاوەکان:

أ. نوشتانەوەی جەستە لە کەمەرەوە.

ب. سوڕانی سەری ڕێزی چەپ بۆ سەرەوە.

ج. پەنجەگەورەی ڕاست بەگۆشەی پێچەوانەی ڕووناکی نەبێت

١. سپرنگ بەربەد

٢. بەربەد_سپرنگ (وەك بیرهێنانەوەی لە بەندی (٦٣)

پشکنین لە شێوەی چاوپیاخشاندن:

٣.بۆپشكنین چه_ك:

چەكەكە بەدەستی ڕاست بگرە لە گەرەی قۆناغەوە وەپەنجەی شایەتمان لەدەرەوەی بازنەی پەلەپیتكە بێت (ئەژنۆی چەپ بنوشتێنەوە) هەردوو پاژنە جووت بكە وەك لە شێوەی وووریا بوون.

**لەچاو پیاخشاندنەوە بۆ شێوەی لاچەك:**

٤.بەژمارە بۆ لاچەك یە_ك:

بەدەستی ڕاست بكێشە بە هەمان شوێندا كە لەكاتی بۆلا چەكدا دەیگریت ، بە پەنجە گەورەو هەرچوار پەنجەكەی تر دەورەی بدە ، مەچەكو ئەنیشك نزیك بن لەسەرداو ژێردارەوە (ئەژنۆی چەپ بنوشتێنەوە بۆ جووت بوونی پاژنەكان ).

٥.دوو:

چەكەكە بەدەستی ڕاست بگوازەرەوە بۆ خوارەوە وە بەدەستی چەپ بدە لە پارێزگەری سەری لوولە وەك لە جوڵەی دووەم لە شان چەكەوە بۆلاچەك ﴿ بەندی ٥٥ ﴾

٦. سێ : چەكەكە بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی ڕاست وەدەستی چەپ بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی چەپ بەخێرایی و گورج وگۆڵی وەك لەجوڵەی سێ یەم لەشان چەكەوە بۆلاچەك.

**هەڵە بەربڵاوەكان:**

لەجوڵەی یەكەم:

أ. نەگەیشتنی دەستی ڕاست بۆ شوێنی مەبەست.

ب. ڕاكێشانی چەكەكە بەرەو جەستە بەدەستی چەپ.

ج . زیادەڕەوی كردن لەجەمانەوەی جەستە.

**لەهەردوو جوڵەی دووەمو سێ یەم:**

د.وەك لەشان چەكەوە بۆ لاچەك

تێبینی:

یەکەم - لەکاتی کۆتایی هاتنی پشکنینی چەکدا یەکێك لەسەربازەکانی ( رهط ) دوای ئەوەی کە پشکنینی سەربازی تەنیشتی دەستی پێکرد سپرنگ بەردەدات و دەگەڕێتەوە شێوەی بۆ لاچەك وە چەك دەگەڕێتەوە شێوەی پشوودان.

دووەم: ئەگەر هاتوو هەموو سەربازەکانی ( رهط ) لەشێوەی پشکنینی چەکدا بوون وەسەربازێك فەرمان دەردەکات یان زیاتر بەشێوەی تاك بۆ وەرگرتنی شێوەی چاوپیاخشاندنی چەك کەئەمە ( دوای کۆتای هێنانی چاو پیاخشاندن ) دەگەڕێنەوە بۆ شێوەی پشکنین پێش هەستان بەبەردانی اسپرنگ

سێ یەم: ئەگەر ایعاز دەرکرا بۆ ( رهط ) بەکۆمەڵ (بۆ چاوپیاخشاندن چەك) ئەوا هەموویان اسپرنگ بەردەدەن وەدەگەڕێنەوە بۆلاچەك لەشێوەی چاوپیاخشاندنەوە

## بەندی -٦٤-

## لەلاچەکەوە بۆ ئاسۆیی چەك و بە پێچەوانەوە

ئاسۆیی لەلاچەکەوە:

١. ئاسۆیی-چەك: بەجوڵەیەك لەلەپی دەست و مەچەکەوە چەکەکە فڕێ بدە بۆ پێشەوەو خوارەوە وەبەدەستی ڕاست لەسەنتەری چەقی قورسایی وەبەدەورەداتی هەرچوار پەنجەکە کەلەدەرەوەو پەنجەگەورە لەناوەوەو پشتی دەستی ڕاست بۆ لای ڕاست و قۆڵ ڕێك بێت بۆ ئەوەی چەکەکە ئاسۆیی بێت.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ. چەکەکە ئاسۆیی نەبێت.

ب. لولەی چەکەکە ڕووی لەلای چەپ یان ڕاست بێت.

ج . پەنجە گەورەی ڕاست لەلای ڕاست بێت لەجیاتی دەورەدانی.

**لەشێوەی ئاسۆیی چەکەوە بۆ لاچەك:**

٢. بۆلا_چەك: پاڵێنی بە قۆناغەوە بەدەستی ڕاست بۆ زەوی و وەلولەی چەکەکە بەرزبکەرەوە بۆ سەرەوە بۆ گەڕانەوە بۆ شێوەی بۆلاچەك بەتەواوی.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ. دانەنانی قۆناغ لەشوێنی خۆی بەڕاستی.

ب. بەزەوی دا دانی قۆناغ.

## بەندی -٦٥-

## لەشان چەکەوە بۆ ئاسۆیی و بە پێچەوانەوە

**لەشان چەکەوە بۆ ئاسۆیی:**

١.بە ژمارە بۆ ئاسۆیی چەك یە_ك. بەدەستی ڕاست چەکەکە بگرە لە سەنتەری چەقی قورساییەوە و هەرچوار پەنجەو پەنجەگەورە دەورەی یان دابێت و پشتی دەست ڕووی لەسەرەوە بێت.

٢.دوو. چەکەکە بەدەستی ڕاست ڕابکێشە بەبەردەم جەستەدا بۆ خوارەوە بۆ وەرگرتنی شێوەی ئاسۆیی ڕاست، وەدەستی چەپ ڕابکێشە بۆ تەنیشتی چەپ بە خێرایی وەك لەشێوەی وریابوون.

**هەڵە بەر بڵاوەکان:**

جوڵەی یەکەم:

أ. دورکەوتنەوەی ئەنیشکی ڕاست لە جەستە کە دەبێتە هۆی لەدەست دانی کۆنترۆڵ.

ب. جوڵانەوەی سەر.



وێنەی ژمارە ( ٢٩ )

جوڵەی یەکەم لە لەشان چەکەوە بۆ بەرزی چەك



وێنەی ژمارە (١٢٩)

بەرزی چەك لە لەشان چەكەوە

لە ئاسۆیی چەکەوە بۆشان چەك:

٣.بەژمارە بۆشان چەك یە_ك: چەکەکە هەڵبـدە بەبـەردەم جەستەدا و قۆناغ بخەرە لەپی دەستی چەپەوەو وەك لەجوڵەی دووەم لە لاچەکەوە بۆشان چەك بەندی(٥٤).

٤.دوو. دەستی ڕاست بگەڕێنەرەوە لە کورترین ڕێگاوە بۆ ئەنیشتی ڕاست وەك لە جوڵەی سێ یەم لە لاچەکەوە بۆشان چەك .

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

بەرزنەکردنەوی چەکەکە هەتا ئاستی مەبەست لەجوڵەی یەکەمدا .

## بەندی -٦٦-

## لەشێوەی لەشان چەکەوە بە پێچەوانەوە

ئامادە باشی (التهیوء)

سوودمەند دەبین لەم جوڵەیە لەکاتی کرداری ڕوو بە ڕووبوونەوەی نزیك و کێردولێدان و لێدان بە قۆناغ.

تێبینی: کێرد دەبەسترێت و ریزەکان دەکرێنەوە بە پێوانەی هەشت هەنگاو.

ئامادە باشی لەشێوەی لەشان چەکەوە:

١.بەژمارە ئامادەبە یەك:

چەکەکە بەدەستی ڕاست بگرە لەگەرمی قۆناغەوە وەك لەجوڵەی یەکەم لەپشکنینی چەك لە لەشان چەکدا (بەندی ٦٢)

٢.دوو: ( نوشتانەوی ئەژنۆی چەپ) وەپێشبردنەوی کردنی پێی ڕاست بەدووری ٧٥سم بۆ پێشەوە. ئەژنۆی چەپ بە نوشتاوەیی بهێڵەرەوەو کەمێك جەستە بەرەو پێشەوە بەرە بۆ ئەوەی قورسایی بکەوێتە سەرقاچی چەپ، وەشانی چەپ بۆپێشەوە. قاچی ڕاست بەرێکی

بهێڵەرەوەو بیبە بۆ دواوە وەپێ جێگیر بوبێت لەسەرزەوی. سەرت ببە بۆ پێشەوەو لەهەمان کاتدا وەچەکەکە بگوازەرەوە بۆ خوارەوەو بەردەم شانی ڕاستو بەدەستی چەپ لە بەرزترین شوێنی گونجاودا بیگرە. وەئەمە بۆ ئەوەی بەشی سەرەوەی قۆڵ نوسابێت بە جەستەوە وەقۆڵ کەمێك نوشتاوە بێت وەکێرد لە ئاستی قورگدا بێت وە قۆناغ لەدەرەوەو سەروی کەمەری ڕاستو مخزن بۆ خوارەوەو پەنجەکانو پەنجەی شایەتمان لە دەرەوەی بازنەی پەلەپیتکەبێت وەدەست لەبەردەم ڕانی ڕاستدا بێت وەمەچەك هێزبخاتە سەر کۆتایی قۆناغ.

٣. سێ: پاڵنێ بەبژماری ژامن کردن بۆ پێشەوە

٤. چوار: گرەری ترباس بگرە وەك لەشێوەی پشکنینی چەك (بەندی ٦٣)

٥. پێنج: بەشە جوڵاوەکان ڕابکێشە وە بەری بدە بەخێرایی بڕوات بۆ پێشەوە.

٦. شەش: بەپەنجەی شایەتمان بژماری ژامن بگەڕێنەرەوە شێوەی ژامن

٧. حەوت: دەستی ڕاست بگەڕێنەرەوە بۆ قورگی قۆناغو پەنجەی شایەتمان لە دەردوەی بازنەی پەلەپیتکە بێت.

**هەڵە بەربڵاوەکان؛**

جوڵەی دووەم:

ا. نەگەیشتنی دەستی چەپ تا ئەو شوێنەی ئەتوانرێت لەچەکەکەدا.

ب. کورتی هەنگاو کە بەپێی چەپ نراوە بۆ پێشەوە.

ج. نوشتانەوەی ئەژنۆی ڕاست وەبەرزکردنەوەی پاژنەی پێی ڕاست لەسەرزەوی.

د. دانانی قۆناغ لە نێوان ئەنیشكو جەستەدا.

هـ. پەنجەی شایەتمان لەسەر پەلەپیتکەیە.

لە ئامادەباشی یەوە بۆشان چەك:

**تێبینـی :** پـێش دەركردنـی ایعـازی بۆشـان چـەك فـەرمان بـۆ بـەردانی اسـپرنگەكان دەدرێـت. وە دەكرێـت ئـەم جوڵەیـە لەشـێوەی ئامادەباشـی بەهـەمان شـێوازی پێـشوو وە بـۆ مەبەسـتی ڕاهێنـان دەكرێـت واز لـەم فێركردنـی جوڵەیـە بهێـنین هـەتا كۆتـایی فێركـردن ( ئامادەباشـی لەشـان چەكەوە )

٨.بە ژمارە بۆشان چەك یە_ك:

ئەژنۆی چەپ بنوشتێنەرەوەو هەردوو پاژنەی پێ جووت بكەو جەستەو سەر ڕێك بن وەك لە شێوەی وورياﺑوونﺪا. وە هەر لەوكاتەدا چەكەی ڕابكێشە دواوە بە یەكتر بردنی لەگەڵ جەستە پاڵبنێ بەقۆناغەوە بەرەو لەپی دەستی چەپ وەك لە جووڵەی دووەم لەلاچەكەوە بۆشان چەك.

٩. دوو : دەستی ڕاست بگوازەوە بۆ تەنیشت بەخێرایی وگورج و گۆڵی .

هەڵە بەربڵاوەكان:

ﻫ. هاوكات نەبوونی جوڵەی قاچ و قۆڵ .

و. ڕێك نەبوونەوەی جەستە بەخێرایی مەبەست .

## بەندی -٦٧-

## ئامادە باشی لەلاچەكەوە بە پێچەوانەوە

١.لەلاچەكەوە بۆ ئامادەباشی:

ئامـادە_بـە: چـەكەكە هەڵبـدە بـۆ سـەرەوە بـۆ بـەردەم شـانی ڕاسـت وەشێوەی ئامادەباشی وەربگرە بەرهـەردوو دەست لەهـەمان كاتدا میل ڕابكێشە بۆ ئامادەبوونی چەكوش بە شێوازێكی ڕاست.



وێنەی ژمارە ( ٣٠ )

ئامادە باشی لە لاچەکەوە

هەڵە بەربڵاوەکان:

گواستنەوەی چەکەکە لەدەستی ڕاستەوە بۆ دەستی چەپ بەدوو جوڵە لە ئامادەباشی یەوە بۆ لاچەک

تێبینی: ( رهط ) هەڵدەستێت بەبەردانی اسپرنگەکانیان بەشێوازێکی ڕاست و بۆ مەبەستی ڕاهێنان دەکرێت ئەم جوڵەیە واز لێ بهێنین هەتا کۆتایی لە فێرکردنی ئەم شێوەیە.

٢. بە ژمارە بۆ لاچەک یە_ک: ئەژنۆی چەپ بنوشتێنەوەو هەردوو پاژنەی پێ جووت بکە وەجستە ڕێک دەبێت وەک لە شێوەی ووریابوون وەلەهەمان کاتدا چەکەکە بەدەستی ڕاست بگرە لەو شوێنەی لەشێوەی چاوپیاخشاندنەوە بۆلاچەک دەیگریت.

٣. دوو: چەکەکە بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی ڕاست وەک لەجوڵەی دووەم لەچاوپیاخشاندندا بۆ لاچەک لەبەندی (٦٤).

٤. سێ: دەستی چەپ بگوازەرەوە بۆ تەنیشت بەخێرایی و گورج وگۆڵی.

هەڵە بەربڵاوەکان:

وەک لەشێوەی چاوپیاخشاندنی چەک لەلاچەکەوە.

## بەندی – ٦٨-

## لە ئامادە باشی و شان چەک و لاچەکەوە بۆ بەرزی چەک

بەرزی چەک بەکاردێت لەکاتی ڕاکردن و هەندێ کاتی ڕێکردن وەکێرە بەستراوە لەسەر چەکەکەیان نەبەستراوە.

لەئامادەباشەوە بۆ بەرزی وەبەپێچەوانەوە.

١. بە بەرزی – هەڵگرە: ( ووریابەئەژنۆ ) ڕاست و شێوەی پاژنەی پێی ڕاست لەتەنیشت پاژنەی پێی چەپەوە وە ئەژنۆی چەپ و جەستەوە شێوەی ووریابوون وەلەهەمان کاتدا پاڵبنێ بەچەکەکەوە بۆ بەردەم

جەستە بەبێ گۆڕانکاری لەهەردوو دەستدا لەشوێنی گرتنی چەکەکە هەڵگیراوە بەشێوەی وەتەری لەبەردەم جەستە، مطرن ڕووی لە پێش خۆتە. دەستی چەپ لەبەردەم گیرفانی چەپدایە ئەوەندە دووریێت کەبتوانی ڕاستەوخۆ قۆناغ بگوازیتەوە بۆ شێوەی تەقەکردن.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

هەڵگرتنی چەکەکە بەنزیکی لەجەستەوە زیاتر لە پێویست.

٢. ئامادەبە: (ئەژنۆی چەپ بنوشتێنەرەوە) وە شێوەی ئامادەباشی وەربگرە.

**هەڵە بەربڵاوەکان:** نەبوونی توانای وەرگرتنی شێوەی شەڕکردن دەست بەجێ.



وێنەی ژمارە (٣١)

جوڵەی یەکەم لە شێوەی بۆ بەرزی چەک لە شانەوە



وێنەی ژمارە (٣٦ أ)
بۆ بەرزی لە شان چەکەوە

بۆ بەرزی چەك لەشان چەكەوەو بەپێچەوانەوە:

٣.بەژمارە بۆ بەرزی چەك یە_ك:
چەكەكە بە دەستی ڕاست لە قۆناغەوە بگرە وەك لە جولەی یەكەم لەشێوەی لەشان چەكەوە بۆ پشكنین بەندی (٦٢)

٤.دوو:
چەكەكە بگوازەرەوە بۆ بەرزی چەك لەبەردەم جەستەدا وەمخزن ڕووی لە پێشی خۆت و بەدەستی چەپ چەكەكە بگرە.

٥.بەژمارە بۆ شان چەك یە___ك : چەكەكە بگوازەرەوە بۆ سەرشان وە لەجولەی دووەم لە لاچەكەوە بۆشان چەك (بەندی ٥٤).

٦.دوو: دەستی ڕاست بەخێرایی و گورج وگۆڵی بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی ڕاست.

**هەڵە بەربڵاوەكان:**

وەك لە جولە هاوشێوەكاندا.

بۆ بەرزی چەك لەلاچەكەوەو بە پێچەوانەوە.

٧. بۆ بەرزی _چەك: بەجولەیەك لەلەیی دەستی چەكەكە بەیەكتربڕی لەگەڵ جەستە بهێنیتەوەو بەیەك كات بەهەردوو دەست بیگرە وەلە شێوەی ڕاستی بەرزی چەكدا.

٨. بە ژمارە بۆ لاچەك یەك: چەكەكە بگرە بەدەستی ڕاست وەك لە شێوەی لەلاچەك لەشێوەی پشكنین لەبەندی (٦١) جگە لەپشتی دەست كەدەبێت لەسەر چەكەكە بێت لەسەرەوە.

٩. دوو. چەكەكە دابگرە بۆ لای ڕاست وەك لەشێوەی لەلاچەك.

١٠. سێ: دەستی چەپ بگوازەرەوە بۆ تەنیشت بەخێرایی و گورج وگۆڵی.

**هەڵە بەربڵاوەكان** : وەلە جولەكانی هاوشێوەیدا.

## بەندی (٦٩)

## دانانی چەك (التصب) لەشان چەكو بە پێچەوانەوە.

سوودمەند دەبێن لەشێوەی دانان لە ووردبینی دووریە هەڵبژێردراوەكان لەسەر سەدادەی چەك.

دانان لەشان چەكدا:

١.بەژمارە دانانی چەك – یەك :

چەكەكە بگرە لە گرەری قۆناغەوە بەدەستی ڕاست وەك لەجوڵەی یەكەم لەپشكنین چەك لەلەشان چەكدا (بەندی (٦٢)

٢.دوو

چەكەكە بگوازەرەوە بۆ شێوەی ستوونی لەبەردەم جەستەداو مەزن ڕووی لەدواوەیە قۆناغ لەبەشی سەرەوەی بگرە بەدەستی ڕاستو پشتی دەست ڕووی لەپێشی خۆتەوە لەهەمان كاتدا دەستی چەپ بەردەدەیت لەچەكەكە بۆ ئەوەی جارێكی تر چەكەكە بگریتو لەپی دەستی لەژێر پلێتەكانزاییەكەی دەوری قۆناغدایە وەپەنجە گەورە لەدوری یەك عقدە لەپشتی قۆناغەوە وەپەنجەكان لەسەر لای ڕاستە لەقۆناغدا وەئەنیشك نوساوە بەجەستەوە كۆتایی قۆناغ لەگەڵ بەشی سەرەوەی پشتێندایە.

**هەڵە بەربڵاوەكان:**

أ.خواربوونەوەی لولەی چەكەكە بەرەو جەستە

ب.گرتنی چەكو دانەواندنی زیاتر لە پێویست.

لەدانانەوە بۆشان چەك:

٢. بەژمارە بۆ شان چەك یە_ك:

دەستی چەپ بەریدە لەشوێنی قۆناغدا وە چەکەکە بگرە وەك لە (جوڵەی دووەم لەشان چەکدا ) وە لەهەمان کاتدا پاڵ بەچەکەکەوە بنێ بۆ شانی چەپ .

٤. دوو. دەستی ڕاست بەخێرایی و گورج وگۆڵی دابگرە بۆ تەنیشت .

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ. جوڵانی سەر.

ب. پیاکێشانی قۆناغی چەك بۆ بیستنی دەنگی گونجاو.

## بەندی (٧٠)

## لەدانانەوە بۆ لاچەك و بە پێچەوانەوە

لەدانانەوە بۆ لاچەك:

١. یەك : چەکەکە ڕابکێشە بۆ خوارەوەو چەپ بەهۆی دەستی چەپ بۆ درێژکردنەوی. پاشان کت وپڕ چەکەکە بەدەستی ڕاست بگرە وەك لەجوڵەی یەکەم لەشان چەك جگە لە ڕووی مخزن (بەندی ٥٤)



وێنەی ژمارە ( ٣٢ أ )

جوڵەی یەکەم لە شێوەی لە شان چەکەوە بۆ دانان



وێنەی ژمارە ( ٣٢ ب )

وڵەی دووەم لە شێوەی لە شان چەکەوە بۆ دانان ( شێوەی دانان )

٢.دوو:

پاڵ بەچەکەکەوە بنێ بەرەو تەنیشتی ڕاست بەیەکتربڕین لەگەڵ جەستەداو سوڕانی مخزن بۆ پێشەوە. لەچەکەکە بدە بەدەستی چەپ وەك لەجوڵەی دووەمی لەشان چەکەوە بۆ لاچەك.

٣.سێ:

دەستی چەپ بەخێرایی و گورج وگۆڵی بگوازەرەوە بۆ تەنیشت.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

وەك لەشان چەکەوە بۆ لاچەك .

لەلاچەکەوە بۆ دانان

٤.بەژمارە بۆ دانانی چەك یە_ك:

چەکەکە بەستونی بهێڵەرەوە لەسەر لای ڕاست وەك لە جوڵەی یەکەم لەلاچەکەوە بۆشان چەك (بەندی ٥٤)

٥.دوو: چەکەکە بەدەستی ڕاست بەرزبکەرەوە بۆ سەرەوە بەرەو شێوەی ڕاستی دانان وەلەهەمان کاتدا قۆناغەکە بەدەستی چەپ بگرە.

**تێبینی:** لەسەر مامۆستا پێویستە ( رهط ) ئاگاداریکاتەوە کە مەشق کردن لەسەرئەم جوڵەیە سوودمەند دەبێت لێی لەکاتی مەشق کردن لەسەر نیشانەتاوەیان.

**بەندی ( ٧١ )**

**ڕێکردن بە پشوودانەوە ( چەك لەسەر شان ) ڕێکردن بەووریابوون**

ئەم جووڵەیە دەکرێت لەشان چەکدا لەکاتی ڕێکردندا :

١-ڕێکردن بەپشوودانەوە:

أ- هەنگاوی یەکەم:

گـرەری قۆنـاغ بگـرە بەدەسـتی ڕاسـت وەك لـە جوولـەی یەكـەم لەشـێوەی پشكنینی چەك لەشان چەكەوە .

ب. هەنگاوی دووەم:

پـاڵبنێ بەچەكەكەوە بـۆ سـەرەوەو مخـزن بسـوڕێنە بـۆ پێش خـۆت وە ( مخـزن لەسـەر شـان و بـۆ سـەرەوە) بێـت وە قۆنـاغ بەرامبـەر گیرفانی سنگی چەپ و لولەی چەكەكە بۆ دواوە.

ج. هەنگاوی سێ یەم:

دەستی چەپ بگوازەرەوە لەبەشـی خـوارەوەی قۆنـاغ بـۆ سـەرەوەی ڕ پاشـان لـە گـرەری قۆناغـەوە بیگـرەوە دەسـتی ڕاسـت بگوازەرەوە بـۆ تەنیشت بەخێرای و گورج و گۆڵی.

**هەڵە بەربڵاوەكان :**

یەكەم: دوورخستنەوەی قۆناغ لەجەستە.

دووەم: بەركەوتنی قەرەوڵ بە جل وبەرگ.

٢-ڕێكردن بەووریابوون:

أ. هەنگاوی یەكەم: گرەری قۆناغ بگرە بەدەستی ڕاست.

ب. هەنگاوی دووەم:

چەكەكە رابكێشە بۆ خـوارەوەو بیگەڕێنـەرەوە سـەر شـێوەی پۆشـان چەك بەراستی.

ج. هەنگاوی سێ یەم:

دەستی ڕاست بگوازەرەوە بۆ تەنیشت بە خێرای و گورج و گۆڵی.



وێنەی ژمارە ( ٣٣ )

ڕێکردنی پێشوودان بە چەکەوە

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

یەکەم: جوڵاندنی سەر.

دووەم: بەرکەوتنی قەرەوڵ بەجل و بەرگ.

## بەندی -٧٢-

## ڕێکردنی پشودان - هەڵواسینی چەك

لەشان چەکەوە:

چەکەکە ڕابکێشە بۆ خوارەوە وەك لە جوڵەی یەکەم لەلاچەکەوە

١- لەشان چەکدا:

**تێبینی:** هەڵگرەکان درێژ بکەرەوە چەکەکە هەڵبواسە بەشانی ڕاست / چەپ ، هەڵگر بۆ پێشەوە و چەکەکە بۆ دواوە ئامادە دەکرێت بەکاتی سەربازی تایبەت (بەبێ کاتی دیاریکراو) وە دوای کردنی جوڵەی هەڵواسینی چەك ( رهط ) ڕێزەکان بە یاری کردن دەستی ڕاست / چەپ .

٢- لەلاچەکدا:

لەکاتی بیستنی ایعازی لەسەر شانی ڕاست/چەپ چەکەکە هەڵبواسە. جوڵەی یەکەم: پاڵبنێ بەچەکەکەوە بۆ سەرەوە وەك لە جوڵەی یەکەم لەلاچەکەوە بۆ شان چەك .

جوڵەی دووەم: بەدەستی چەپ هەڵگرەکە لەبەشی سەرەوەی بگرە ئەگەر هەڵواسینەکە لەسەر شانی چەپ بوو وەبەدەستی ڕاست هەڵگرەکە لەبەشی سەرەوە بگرە ئەگەر هاتوو هەڵواسینەکە لەسەر شانی ڕاست بوو.

جووڵەی سێ یەم: چەکەکە هەڵبواسە ئەمە دەکرێت بەکاتی سەربازی تایبەت وەئەم جوڵەیە دەکرێت بەدرێژکردنەوەی دەستی چەپ لە نێوان هەڵگرو چەکدا بۆ جێگیربوونی لەسەرشان وەپاشان بەدەستی

ڕاست / چەپ هەڵگرەکە بگرەو لەسەرو گیرفانەوە پاڵی پێوەبنێ بۆ پێشەوە.



وێنەی ژمارە ( ٦٤ )

هەڵواسینی چەك

## بەشی دەهەم

## ڕاهێنانەکانی چەك بۆ ڕێ ورەسمی بە خاك سپاردن

### بەشی یەکەم

ئـــەم ڕاهێنانـــەی خـــوارەوە تـــەنها پێویـــستن کۆمـــەڵی هەڵـــدان (جماعة- الرشق) وە یەکە ڕیزکراوەکانی سەر شەقام بۆ بەخاك سپاردنی جەنازەیەکی عسکەری یان لەکاتی نمایشەکاندا .

### بەندی – ٧٢ -

### ڕێکردن و وەستانی لەسەرخۆ

ڕێکردن لەسەرخۆ :

١- ڕێکردنی خاو بەکاردەهێنرێت لەفێرکردنی ( رهط ) لەسەر جووڵەکانی ڕێکردن پێش داواکردن لەڕێکردنی ئاسایی وەئەم جوڵانەش فێردەکرێن بەهۆی ژماردنەوە ( هەنگاوە هاوڕێکەکان ) وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

٢- بەهەنگاوە هاوڕێکەکان لەسەرخۆ ڕێکە پێی چەپ دەربکە بۆ پێشەوە ٣٧,٥سم وە پەنجەکانی پێ بۆ دەرەوەو کەمێك ڕووەو زەوی بێت بێ ئەوەی بەرزەوی بکەوێت، وەبەشی سەرەوەی جەستە ڕێکەو هەردوو قۆڵ جێگیرن لەسەر تەنیشتەکان و قورسایی جەستە لەسەر پێی ڕاستە.

٣- ( رهط ) بۆ پێشە___وە:

هەنگاوی ٧٥سم تەواو بکە بەبردنەپێشەوەی پێی چەپ ٣٧,٥سم تر بۆ پێشەوە وەلەسەرپەنجەکانی پێی چەپ کەدەبێت بەرزەوی بکەوێت یەکەم جار پێش ئەوەی کەپاژنە یان بەشی دەرەوەی پێ قورسایی جەستە بگوازەرەوە سەر پێی چەپ وەپاڵبنێ بەپێی ڕاستەوە بۆ

پێشەوە بەشێوەی ڕێك بۆ ئەوەی دووریەکەی ببێتە ٣٧,٥سم لەپێی چەپەوە، وە پەنجەکان ڕووەو زەوی بن.

٤- پێی ڕاست بۆ پێشەوە:

ئەژنۆی ڕاست بنوشتێنەرەوە زیاتر لەوەی کەدەتوانیت ( ئەم نوشتانەوەیە لەدواوە ) پاشان بجوڵێنە بۆ پێشەوە بەشێوەیەکی ئاسایی پێش ڕێکبوونەوەی لەدووری ٣٧,٥سم لەپێی چەپ وە دەبێت پەنجەکانی پێ ڕووی لەزەوی بەو لەوێ وە تەواوی بکە دەست بەجێ .

٥- ( رهط ) بۆ پێشەوە:

هەنگاوە کە تەواو بکە بەپێی ڕاست وەك لەپێی چەپدا، ئەمەش بەلەراندنەوەی قاچ وەبەبێ وەستان کاتێك کەڕێك دەبێتەوە لەبەردەم جەستەدا (وە لێرەدا جارێکی تر پەنجەکانی پێ بەرزەوی دەکەوێت یەکەمجار پاشان جەستە ڕێك دەبێت) هەردوو قۆڵ جێگیرن لەسەر تەنیشتەکان، وەئەنیشك نوساوە بەجەستەوە، هەردوو قاچەکان زیاتر دەجوڵێن لەقۆڵەکان، هەردوو شان جێگیرن و ڕووەو پێشەوەن. (وەلەکاتی کۆتایی هاتنی ئەم جوڵەیە دەبێت قورسایی جەستە لەسەر پێی ڕاست بێت، وە قاچی چەپ بۆ دواوە بێت، وەپەنجەکانی لەسەرزەوی نەمابن) وەئەم جوڵەیە بەردەوام دەبێت هەتا ( رهط ) هاوسەنگ دەبێت هەتا ئەو کاتە بەردەوام دەبن لەپێش زەوی) دوای ایعازی (پێی چەپ بۆ پێشەوە) بەایعازی ( رهط ) – بوەستە . وەستان:

٦- بەپێی چەپ هەنگاوی تەواوی ٧٥سم تەواو بکە پاشان (ئەژنۆی ڕاست بنوشتێنەرەوە) وەپێی ڕاست بدە بەزەوی دا لەتەنیشت پێی چەپەوە بۆ وەرگرتنی شێوەی وریابوون.

لەسەرخۆ ڕێگە:

٧- بۆ ئەوەی ( رهط ) ڕێ بکات لەسەر مۆسیقای یەکێك لە بوقەکان یان لەگەڵ یەکەکانی نزیکی کە بە لەسەرخۆ ڕێ دەکەن کەواتە ایعاز دەدرێت لەگەڵ ئەو کاتەی هەردوو پێ لەدوای یەك دێن لەگەڵ مۆسیقای بوقەکان یان لەگەڵ یەکەکانی نزیکی لەپێشەوەی وە ایعازی لەسەرخۆ دەدرێت لەسەر پێی چەپ وە ڕێگە دەدرێت لەسەر پێی ڕاست ، وە ئەم جوڵەیە دەکرێت بەگوێرەی ایعاز وەك بەبیر هێنانەوە لەپێشوودا بە نەبوونی نێوانەیەکی کاتی لەنێوان هەنگاوەکان کە دەبێت بە تێکڕایی( ٦٥هەنگاو / خولەك ) بێت .

هەڵە بەربڵاوەکان:

یەکەم : پاژنە دانان لەسەر زەوی یەکەم جار.

دووەم: ئەنیشکەکان دوورن لەتەنیشتەکانەوە.

سێ یەم: هێزکردنی هەردوو دەست لەسەر هەردوو قاچ کە دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەردوو دەست لەگەڵ هەردوو قاچ دا لەهەموو هەنگاوێك.

٨-( رهط )-بوەستە:

وەك پێشتر ئەم ایعازە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی.

هەڵە بەربڵاوەکان:

خۆهەڵدان لەجیاتی تەواوکردن هەنگاو بەشێوەیەکی ڕاست بە پێی چەپ (نوشتانەوەی ئەژنۆی ڕاست) وە بردنی پێی ڕاست بۆ ناوەوە بە خێرایی ڕێکردنی ڕاکردن .

شێوازی بدیل لە فێرکردنی ڕێکردنی لەسەرخۆ:

٩- دەبێت ئەم ڕێنمایەی کە هاتووە لە پێشوودا بەکاری بهێنین کە تەنها ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکردنی لەسەر خۆی باش بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

أ – وابكە کە سەربازەکانی ( رهط ) ڕێبکەن بۆ پێشەوە وە هەردوو قۆڵیان لە دواوەی شانیانەوە بێت بەخێرایی( ٦٥ هەنگاو/خولەك ) .

ب – هەروەها وا بکە کەنووکی پێ بۆ خوارەوەو دەرەوە بێت لەگەڵ دڵنیابوون لەنەبوونی وەستان لە گواستنەوەی پێ لەکاتی بردنی بۆ پێشەوە .

ج – وە لە کۆتایی دا هەردوو قۆڵ دەبێن بۆ تەنیشت .

**تێبینی:** دەتوانین هەڵەکان کەم بکەینەوە بۆ گەیشتن بەڕێ کردنی لەسەرخۆی باش .

## بەندی – ٧٤–

## سوڕان و ڕێکردنی لادراوی لەسەرخۆ

١.سوڕان فێردەکرێت لە ڕێکردندا بۆ یەکەم جار لەڕێکردنی لەسەرخۆ وە سەرباز فێردەکرێت بەژمارە بەهۆی هەنگاوی هاوڕێك.

٢.دەبێت پارێزگاری لەسەر شێوەی ڕێکردنی ڕاست لەهەموو جۆرە سوڕانێك کە دەکرێت لەکاتی ڕێکردندا وە دەبێت سوڕان تەریب بێت بەڕووە تازەکە بەڵام بۆ پێنج کردنەوە ڕێکی و دوریو نێوانە دەبێت لەلایەن هەرتاکێکی ( رهط )ەکە وە ڕاست بکرێتەوە دوای سوڕانی ڕاستەوخۆ.

٣.لەکاتی لێدانی یەکێك لە بوق لێدەرەکان لەنمایشە ئاهەنگیەکان سوڕان دەکرێت بە پارێزگاری کردن لەسەر هەنگاو وە بۆ فێرکردنی ( رهط ) بە سوڕان و بەخێراترین کات دەبێت بکرێت.

٤. سوڕانو لادان لەکاتی ڕێکردندا لەسەر دوو جوڵە دەبێت کەئەمانەن بۆ وەستانی جوڵەی پێشەوەو گۆڕینی ڕوو لەهەمان کاتدا هەروەها جوڵەی تازە بۆ پێشڕەوی لە ڕووەتازەکە وە زۆربەی سەربازەکان

پێی ڕاست پێشڕەوی پێ دەکەن لەکاتی ڕێکردندا بۆیە باشتر وایە فێرکردنی سوڕان بۆ لای چەپ بێت یەکەم جار.

٥.بە ژمارە بۆ چەپ بسوڕێ یە__ک:

( ئەم ئیعازە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی نوکی پێی چەپ بۆ زەوی ). ( ئەژنۆی ڕاست بنوشتێنەوەرەوە ) وە بەهاوسەنگی بیهێڵەرەوە لەسەر پێی چەپ ( ئەژنۆی ڕاست نوشتاوەیە ) وە بەشی سەرەوە لە قاچ ئاسۆیی و پێ بەرزەو بەگۆشەی ئاسایی و پەنجەکان لەسەر زەوی ستونی یە لەژێر ئەژنۆدا ، وەجەستەو هەردوو قۆڵ لەشێوەی وورپابووندان.

٦.دوو:

پارێزگاری لەجەستە بکە لە شێوەی وورپابووندا، هەستە بە ئەژنۆی ڕاست بەکێشی ڕێکردن بەگورج وگۆڵی، پارێزگاری لە بەرزی سەر بکە وەستنگ دەربەرپوبێت . بەهێزێک هەردووشان بسوڕێنەوە ڕووی لە ڕووە تازەکە بێت (لەناو گۆشەیەکی وەستاودا)

٧.سێ:

پاڵ بەپێی چەپەوە بنێ بۆ پێشەوەو پەنجەکان لەزەوی بوویشەوە وەك لەڕێکردنی لەسەرخۆ بە ژمارە .

( رهط ) بۆ پێشەوە: هەنگاوەکە بە پێی چەپ تەواو بکەو بەردەوام بە لە ڕێکردنی لەسەرخۆ.

تێبینی: سوڕان بەژمارە دەکرێت یەکەم جار بۆ فێرکردنی سەربازی تازەوە بۆ نەهێشتنی هەڵە سەرەتاییەکان لەلای سەربازە مەشق پێکراوەکان.

٨. بەهەنگاوی هاوڕێك بۆچەپ بسو _ڕێ:
ئەم ئیعازە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی وەلەکاتی نوشتانەوەی ئەژنۆی ڕاست و لەسەر یەك خاڵ نزیکەی ( ٩٠° )بسوڕێ بۆ چەپ لەسەر پێی چەپە وە قاچ تێکەڵە ، پاڵ بەپێی ڕاستەوە بنێ بەرەو زەوی بۆ شێوەی ووریا بوون . وە لە هەمان کاتدا پاڵ بنێ بەپێی چەپەوە بۆ پێشەوە (٢٧,٥سم)و پەنجەکانی پێ جیابووبنەوە لەزەوی وە ڕوویان کردبێتە ڕووە تازەکە بەم شێوەیە بمێنەرەوە لەسەر هەردوو قاچ کە بە شێوەیەکی ڕاست و باش بێت .
٩.بۆ پێشە _ وە:
هەنگاوەکە بەپێی چاپ تەواو بکەو بەردەوام بە لەڕێکردنی لەسەرخۆ.
تێبینی: سوڕان بەهەنگاوی هاوڕێك بەکاردەهێنرێت بۆ چاککردنی مەشقی ( رهط ) بۆ سەربازی مەشق پێکراو، بۆ فێرکردنی هاوڕێکیو کۆنترۆڵ کردن.

هەڵە بەربڵاوەکان:
أ. هەڵنەستان بە سوڕانی ڕێك و تەواوی سەروو هەردوو شان.
ب. نەوەستانی جووڵەی پێشەوە بە نوشتانەوەی ئەژنۆی ڕاست.
ج. ڕێگەدان بەهەردوو دەست و هەردوو قۆڵ بەجوڵانەوە یان لەشوێنی خۆیان لەشێوەی ووریابوون.
د.بەرزنەکردنەوەی پێی چەپ بۆ پێشەوە بۆ دەستکەوتن لەسەر گەورەیی پێویست بۆ جوڵە بۆ ڕووە تازەکە.
١٠. ( رهط ) دەسوڕێ بۆ چەپ ، بۆ چەپ بسو____ ڕێ :
بسوڕێ (بەرەچاوکردنی کات) بە پارێزگاری کردنی لەکاتی ڕێکردن.

**١١ بەژمارە بۆ دواوە بسوڕێ یەـك:**

**وێنەی ژمارە (٣٦) (دوای ئیعازی سەرەوە) جەستەو شان بۆ چەپ** لەهەمان کاتدا پێی ڕاست بدە بەزەوی دا لەبەردەم پێی چەپدا وەرووی لەلای چەپ دەبێت بەجۆرێك کەنوکی پێی چەپ ڕووی **لەچاڵی پێی ڕاست بێت.**



وێنەی ژمارە ( ٣٦ )

جوڵەی یەکەم لەسوڕان لەڕێ کردنی لەسەرخۆ



وێنەی ژمارە ( ١٣٦ )

جوڵەی دووەم لەسوڕان لەڕێ کردنی لەسەرخۆ

١٢.دوو: وێنەی ژمارە (٣٦أ) شان جارێکی تر ڕووی لەلای چەپەوە ئەمجار کاتدا پێی چەپ بدە بە زەویدا وە هەروەها ڕووی بۆ چەپ بێت (ئەبێت پاژنەی چەپ لەناوەوەی چاڵ ی پێی ڕاستدا بێت).

١٣.سێ: پێی ڕاست بدە بە زەویدا لەتەنیشت پێی چەپەوە (وەک لەشێوەی ووریابووندا).

١٤.چوار: پاڵبنێ بەپێی چەپەوە بۆ پێشەوە بەردەوام بە لەڕێکردنی لەسەرخۆ (وێنەی ٣٦ب)

تێبینی: ( ڕەھط ) بانگ بکە ( یەک ، دوو ، سێ ، چوار ) وە ئەمە بۆ بەردەوام بوون لەجوڵە دەبێت بانگکردن جوڵانەوە بەهەمان خێرایی ڕێکردنی لەسەرخۆ بێت.



وێنەی ژمارە ( ٣٦ پ )

جوڵەی سێ یەم لە سوڕان و بەردەوام بوون لەسەر ڕێکردن



وێنەی ژمارە ( ٣٦ ب )

جوڵەی کۆتایی لە سوڕان و بەردەوام بوون لەسەر ڕێکردن

هەڵە بەربڵاوەکان:

ا.هەڵنەمستان بەسوڕانەوەی بەیەکەوەی سەروو هەردوو شان و جەستە.

ب.سەیرکردن بۆ زەوی لەکاتی سوڕانەوەدا.

ج.پارێزگاری لەڕێکی جەستەو هەردووقۆڵ و نەنوساندنی بەجەستەوە.

١٥ بەلادان ڕێگە، نیوەی چەپ: ئەم ئیعازە دەدرێت وەك ئیعازدانی بۆ چەپ بسوڕێ وەپێویستە فێربکرێت ڕێکردنی لادان بەهەمان ڕێگەی فێرکردنی سوڕانە بەڵام توندوتۆڵی لەسەرپێچ کردنەوەو ڕێکی بکە.

بەندی -٧٥-

لەشوێنی خۆت ڕێکردن-بۆ پێشەوە-وەستان بەکاتی لەسەرخۆیی

وەستان لەشوێنی خۆ ڕێکردندا:

١.لەسەرخۆ لەشوێنی خۆت ڕێ کە:

ئەژنۆی چەپ بەرزبکەرەوە بەجۆرێك پەنجەکانی پێ ئاسۆیی بێت لەگەڵ زەویدا وەبەشی خوارەوەی قاچ ستوونی بێت وەپێ بەگۆشەیەکی ئاسایی بێت. قاچ بگەڕێنەرەوە جارێکی تر بەخێرایی بۆ وەرگرتنەوەی شێوەی ووریابوون وە لەکاتی گەیشتنی پێ بۆ زەوی (ئەژنۆی ڕاست بنوشتێنەرەوە) پاشان ئاسۆیی بکە بەهەمان ڕێگەی پێشوو. جەستە ڕێکەو هەردووشان ڕوویان لەپێشەوەیە وە هەردووقۆڵ جێگیرن لەسەر تەنیشتەکان.

٢.دەکرێت ئەم شێوەی فێرکردنە بەژمارەبێت ئەگەرهاتوو گرنگی زۆر بوو وە لەکاتی ئیعازی ( یەك ) ئەژنۆی چەپ بەرزبکەرەوەو ئیعازی (دوو) ئەژنۆی چەپ دابەزێنەوە شێوەی ووریابوون وەربگرە. پاشان ئەژنۆی ڕاست بەرزبکەرەوە دەست بەجێ وەئەم جوڵەیە بەردەوام

دەبێت هەتا دەرکردنی ئیعازی (بوەستە) وەپێی ڕاست بۆ زەوی بۆ گەڕانەوە بۆ شێوەی ووریابوون.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ.جێگیرنەبوون لەکاتی لەشوێنی خۆڕێکردن کەدەبێتە هۆی لەدەست دانی ڕێکبوون و نێوانەکان.

ب. جوڵانەوەی جەستەو هەردووشان وهەردووقۆڵ.

ج. سەردانەواندن.

د. زیادبوونی هاوسەنگی لە لەشوێنی خۆڕێکردندا بەرامبەر هاوسەنگی ڕێکردن.

لەڕێکردنی لەسەرخۆ وە بۆ لە شوێنی خۆ ڕێکردن بە لەسەرخۆیی :

٣.لەشوێنی خۆت ڕێ کە:

ئەم ئیعازە دەدرێت بەدرێژایی (بەشی ئاگادارکردنەوە) وەبەشی جێ بەجێ کردن لە ئیعاز دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی. هەنگاوێک تەواوبکە بەپێی ڕاست وە دەست بە لەشوێنی خۆت ڕێکردن بکە بەپێی چەپ.

٤.بۆ جوڵەی (بۆ پێشەوە لەکاتی لەشوێنی خۆت ڕێکردن بە لەسەرخۆیی ئیعازی (بۆ پێشەوە) دەدرێت لەکاتێکدا کە پێ ی ڕاست بەتەواوەتی لەبەرزیدا بێت دوای بەزەوی دا دانی پێی ڕاست ( وە پێی چەپ پاڵی پێوە بنێ بۆ پێشەوە ) بۆ بەردەوام بوون لەڕێ کردنی لەسەرخۆ.

**بەندی (٧٦)**

**گۆڕینەوەی هەنگاو لەڕێکردنی لەسەرخۆو ئاسایی**

**تێبینی:** ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ ڕێکردنی لەسەرخۆیە .

١.بەژمارە هەنگاو بگۆڕە_یەك: ئەم ئیعازە دەدرێت لەكاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی، هەنگاوێك تەواویكە بە پێی چەپ تاجێگیر دەبێت لەسەر زەوی بە دووری ﴿ ٧٥ سم ﴾ لە پێشەوەی بەپێی ڕاست.

٢.دوو: (ئەژنۆی ڕاست بنوشتێنەرەوە) بەمەرجێك پێی چەپ جێگیربێت لەسەر زەوی وە دەبێت چاڵی بنی پێی ڕاست لەلای پاژنەی پێی چەپ بێت.

٣.سێ: پاڵبنێ بەپێی چەپەوە بۆ پێشەوە بۆ ئەوەی جێگیر بێت لەسەر زەوی لەپێش پێی ڕاستەوەدا بەدوری (٧٥سم)

٤.دوای تەواوبوونی فێركردنی جوڵەكان بەژمارە ( رهط ) هەڵدەستێن بەجێ بەجێكردنی بەشێوەیەكی بەردەوام بەبێ نێوانە (بدون فاصل) هەردوو جوڵەكانی ( یەكەم،سێ یەم ) دەكرێت بەكاتی ڕێكردن بەڵام جوڵەی دووەم دەكرێت بەدوو هەندەی كاتی ڕێكردن.

ئەم ایعازە دەدرێت لەسەر هەردوو پێی بەدوای یەكدا هاتوودا.

٥.گۆڕینەوەی هەنگاو فێردەكرێت بەكاتی ئاسایی بەشێوەی ڕابردوو كەوەرمان گرتووە ودبەهەمان ایعاز.

٦.گۆڕینی هەنگاو لەشوێنی خۆ ڕێكردن: ایعاز دەدرێت لەسەر یەكێك لە پێیە لەدوایەكەكاندا ئەگەر ایعازی (هەنگاو) لەسەر پێی چەپ و (بگۆڕە) لەسەر پێی ڕاست درا پێی چەپ بەر زەوی دەكەوێت دوو جاری لەدوایەك بەهەمان كاتی ڕێكردن . وە لەدوایدا لەشوێنی خۆڕێكردن دووجاری لەدوای یەك ( وە بەردەوام دەبێت لە لەشوێنی خۆڕێكردندا) جوڵەكانی لەشوێنی خۆڕێكردندا لەیەك دەچن ئەگەر لەسەرخۆ بێت یان ئاسایی.

**هەڵە بەربڵاوەكان:**

أ.لەكاتی ڕێكردندا:

یەکەم: جوڵانەوەی هەردووشان.
دووەم: نەنوشتانەوەی ئەژنۆ.
سێیەم: نەبونی هەنگاو هەنگاوی تەواو لە جوڵەی سێیەمدا.
ب.لە لەشوێنی خۆ ڕێکردندا:
یەکەم: سوڕانی جەستە.
دووەم: زیادکردنی خێرایی ڕێکردن.

بەندی -٧٧-

**گواستنەوە لە ڕێکردنی لەسەرخۆ و ئاسایی و ڕاگرتنی هاوسەنگ**

گواستنەوە لە ڕێکردنی لەسەرخۆوە بۆ ڕێکردنی ئاسایی.

١.ئاسایی ڕێکە:

ئەم ایعازە دەدرێت وە جێبەجێ دەکرێت لەسەر دوو هەنگاوی بەدوایەکدا. ایعازی (ئاسایی) دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ زەوی وە(ڕێکە) لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی وە پاشان دەست دەکرێت بە جوڵانی پێی چەپو قۆڵی ڕاست بۆ پێشەوەو قۆڵی چەپ بۆ دواوە بەخێرایی ڕێکردنی ڕاستو بەردەوامی لەسەر ڕێکردنی ئاسایی.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ.هەنگاونان بەهەنگاوی یەکەم بەخێرایی زیاد کەئەمە دەبێتە هۆی بەرجەستە نەکردنی هاوسەنگی ڕێک لەکاتی دەست کردن بەڕێکردن.

ب.دانانی پێی چەپ لەسەرزەوی بەهەموو پێ کە ئەویش دەبێتە هۆی لە دەست دانی بەرزی.

جـ.سەرنەکەوتن لەبردنە دواوەی قۆڵی چەپ بۆ دواوە.

گواستنەوە لەڕێکردنی ئاسایی بۆ ڕێکردنی لەسەرخۆ:

٢.ئەم بابەتە بەژماردن فێردەکرێن: هەردوو جولەی یەکەم هاوشێوەن لەهەردوو جولەی یەکەمی (هەنگاوبگۆڕە) وە پێی چەپ پێش دەکەوێت.

٣.بەژمارە لەسەرخۆ ڕێکە یەک:

ئەم ئیعازە ئەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی، هەنگاو تەواو بکە بەقاچی چەپ بەجۆرێك کەوانەکانی بنی پێ (باطن القدم) وەك جێ پێ یەك( موقف ) وەپێی ڕاست دەمێنێتەوە لەسەرزەوی و پاژنە بەرز دەبێت. قۆڵی ڕاست بجولێنەرەوە بۆ پێشەوەو قۆڵی چەپ بۆ دواوە وەبەم شێوەیە بوەستە جەستەت ڕێك و بەرز بێت بەتەواوەتی.

٤.دوو: ئەژنۆی ڕاست بنوشتێنەرەوە بەکاتێکی زیادەوە تا گەیاندنی بۆ سەرزەوی وە کەوانەی بنی پێ بەرامبەر پاژنەی پێی چەپ بێت وە هەردوو قۆڵ بیبە بۆ تەنیشتەکان لەکورترین ڕێگاوە.

٥.سێ: پێی چەپ پاڵبنێ بۆ پێشەوە.

٦.بۆ پێشە___وە: بەردەوام بە لە ڕێکردن لەسەرخۆ.

٧.باشتروایە ئیعاز بدرێت ( لەسەرخۆ ڕێ__کە) پاشان دەگوازرێتەوە بۆ ڕێکردنی لەسەرخۆ بەبێ وەستان وە بەشی جێ بەجێ کردن ئیعاز ئەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ سەر زەوی.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

أ.سەرنەکەوتن لە نوشتانەوەی ئەژنۆی ڕاست بەخێراییەکی گونجاو کە دەبێتە هۆی خۆهەڵدان.

ب.خواربوونەوەی شانی ڕاست بۆ دواوە بەهۆی نەنوشتانەوەی ئەژنۆ بەبەرزکردنەوەی گونجاو.

ج.ڕێگەدان بە بردنی جەستە بۆ دواوە.

د.سەرنەکەوتن بەبردنی هەردوو قۆڵ بۆ تەنیشت بە گورج و گۆڵی.

بەندی ( ٧٨ )

## ڕێکردنی لەسەرخۆ بەئەسەق

ڕێکردنی لەسەرخۆ لەئەسەق فێردەکرێن یەکەم جار ، لەسەر مامۆستا پێویستە بابەتەکە ڕوون بکاتەوە جارێکی تر، وە چۆنێتی بەکارهێنانی ووشەی (پێشڕەوی)و (کشانەوە) لەبەشی ئاگادارکردنەوە لە ئیعاز وە ئەمەش بەچۆنێتی بەکارهێنانی تەنیشتەڕوو وە لەکاتی ڕاهێناندا دەبێتە لەدەست دانی درێژی هەنگاو و دووری لەنێوان ریزەکان وە ئەمەش (هەنگاوی یەکەم) بەشێوەی دووبارە بوونەوە.

دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکرێتەوەو ڕاهێنانی لەسەربکرێت کە ئەمانەن:

ا.هەڵبژاردنی ئامانج وەرێکردن بەرەو ڕووی بۆ پارێزگاری کردن لە ڕێکی هێڵی پێشڕەوی کردن.

ب.چۆنێتی پارێزگاری لەسەر نێوانەو ڕێکی.

ج.چاکردنی ڕێکی لەدەست چوو بەهێواشی.

د.هەنگاو بنێ هەنگاوی تەواو بەجۆرێك کە ڕێکی لە دەست نەدەیت.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

یەکەم: سەرنەکەوتن لەپەرەدان بەنێوانەی ڕێك‌و دووری‌و ڕێکی.

دووەم: پاڵنانی کتوپڕ یان وەستان بۆ ڕێك کردنەوەی ڕێکی لەجیاتی هەستان بە چاکردنی هێواشی.

سێ یەم: دەست کردن بەرێکردن یان وەستان بەهەنگاوی نایەکسان لەدرێژی ناراستی.

چوارەم: ڕێکردن بەهەنگاوێك کە درێژی یەکەی لە (٧٥سم) زیاتر بێت.

- بەندی – ٧٩ -

**گۆڕینی ڕوو بەگۆڕینی ئاراستە لەکاتی ڕێکردن و وەستان بەڕێکردنی لەسەرخۆ**

لە وەستان:

١.لەنەسق وەستانەوە بۆ ڕاست بسوڕێ:

سەربازی ڕاست دەسوڕێ بۆ لای ڕاست وهەموو سەربازانی ڕیزی یەکەم دەسوڕێت بۆ نیوەی ڕاست وەپاشماوەی سەربازانی ( رهط ) لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە.

٢. ( رهط )ئاسایی ڕێ کە:

سەربازی ڕاست پێشڕەوی دەکات لەڕیزی یەکەم بەسێ هەنگاو وەپاشان دەوەستێت ، وە دوو سەربازی دواوە لەزەکادا دەجوڵێن لەگەڵ جوڵەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ وە دەسوڕێن و دەوەستن لە دوایەوە بەرەو ڕووە تازەکە بەماوەی یەک هەنگاو لەنێوان هەر یەکێکیاندا بەلام پاشماوەی زەکا ڕێ دەکەن بۆ پێشەوەو دەسوڕێن بەرەو ڕوو تازەکە وە دەوەستن بەنەسەق ڕێک دەبن لەگەڵ زەکای ڕاست .

تێبینی :ئەم جوڵەیە بەکار دەهێنرێت بە بەردەوامی بۆ گۆڕینی ڕوو ئەگەر هاتوو ژمارەی سەربازەکان بەنەسەق زیاتربوون لەشەش سەرباز (بگەڕێرەوە بۆ بەندی ٢٩)

یەکەم: ئەم ئیعازەی تەنها بۆ ئەم جوڵەیە کە کرداری جێ بەجێ کردن دەکرێت پێش ئاگادارکردنەوە.

دووەم: ئەم جوڵەیە ئاسایی فێردەکرێت لەوەستان بۆ وەستان لەزەکادا بە شێوەی ئاکی پێش ئەوەی مەشق بە ( رهط ) بکرێت بەشێوەی کۆمەڵ.

سێ یەم: ئەگەر ئاگادارکردنەوە وەبیرنەکەوتنەوە (بوەستە) لەگەڵ ایعازی ( رهط ) لەشوێنی خۆت ڕێکە لەسەر هێڵی دروست کردنی تازە، وەپاشان ایعازی بۆ (پێشەوە) یان ( رهط بوەستە) دەدەیت.

لەڕێکردندا:

٢. لەکاتی ایعازدانی پێشووی لەمادەی (١)، سەربازی ڕاست لە ڕیزی یەکەم بەتەواوەتی دەسوڕێتەوە بۆ لای ڕاست وەپێشڕەوی دەکات بەسێ هەنگاو بەرەو ئاراستەتازەکە، پاشان دەوەستێت یان لەشوێنی خۆی ڕێ دەکات وەهەردوو سەربازی دواوەی بەدوابیدا دێن لەزەکادا.

٤.دەبێت بەشی جێبەجێ کردن بدرێت لە ایعازدا وەك لەسوڕانەوەدا بۆ چەپ وە لەسەر زدکا پێویستە ڕێ بکەن بەرەو ئاڕاستە تازەکە پاشان لەشوێنی خۆیان ڕێ بکەن یان بوەستن بەگوێرەی دەرکردنی فەرمان.

**هەڵە بەربلاوەکان؛**

ا.سەرنەکەوتن لەپارێزگاری نێوانەی ڕاست.

ب.زیاد کردنی خێرایی ڕێکردن بۆ لای دەرەوە یان زیادکردنی خێرایی لەکاتی لەشوێنی خۆڕێکردندا.

ج.زیاد کردنی درێژی هەنگاو.

د.سەرنەکەوتن لەوەستان یان لەشوێنی خۆت ڕێکردن لەسەر پێیە ڕاستەکە.

## بەندی - ٨٠ -

### پێچکردنەوە بە ئەسەق بەڕێکردنی لەسەرخۆ

ئەم جوڵەیە ناکرێت بەئەسەق ئەگەر سەربازەکان لەشەش زیاتر بن.
وە مەشق کردن وەك پێشوو ڕوون کراوەتەوە لەبەندی (٢٩)دا بەڵام پێویستە لەسەر تاکەکانی ناو ڕیزی ئەسەق سەیربکەن بۆ ئەو لایەی کەپێچی بۆ دەکەنەوە بۆ پارێزگاری لەسەر ڕێکی ڕیزەکە.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

١.ڕێگەدان بە چەمانەوەی ئەسەق لەسەنتەرەوە.
٢.ڕوودانی دەرچوون لەخاڵی پێچکردنەوە.

## بەشی یانزە

### ڕاهێنانی چەك لەڕێو ڕەسمی بەخاك سپاردندا

### بەشی دووەم

گشت

عەسکەر وەڵامی سەلام ئەداتەوە بەچەکەوە ئەگەر هاوبەشی کرد لەڕێوڕەسمی بەخاك سپاردن یان کۆچی دوایی کردن یان شەهید بوونی کەسێك کەپلە یان پایە بەرپرسێکی گرنگ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.لەکاتی وەستان و تێپەڕبوونی حەنازە هەڵگری چەك ڕوودەکات بەرەو جەنازەکە جۆرێك کە جەنازە کە بە بەردەمیا تێبپەڕێت وەشێوەی ( پاڵپشت لەسەرچەك ) وەردەگرێت یان لوولەی چەکەکە ڕووەو زەوی و لەبەردەم جەستەوە وە سەرخواربکەرەوە ڕووەو زەوی وەهەردوو لەپی دەست لەسەر پلێتی قۆناغ دەبێت وەك پێشتر وەرمان گرت بەوانەی تیروتەسەل وەبەردەوام دەبێت لەسەر ئەم شێوەیە هەتا گوێ بیستی

ئیعازێ دەبێت بەگەڕانەوە بۆشێوەی بۆشان چەک دوای تێپەڕبوونی جەنازەکە.

٢. لەکاتی ڕێکردندا شێوەی (چەک لەسەرشان) وەدەبێت چەک هەڵواسرابێت لەسەرشانی چەپ وەچەک لەدواوە بێت و هەنگری لەپێشەوەو لوولەی ڕووی لەزەوی بێت و دەستی ڕاست لەسەرلای ڕاست بەجۆرێك لەوەرگرتنی شێوەی لەسەرخۆ ڕێکردن.

٣. ئەم جوڵانەوانە دەکرێت بۆ مەبەستی ڕێکردنی لەسەرخۆ بۆ جنازە بەم ایعازانەی لای خوارەوە:

یەکەم: لەلاچەکەوە بۆشان چەک یان سەلام کردن یان پاڵپشت لەسەرچەک.

دووەم: چەک لەسەرشان.

سێ یەم : لەسەرخۆ ڕێکە.

٤. ئەم جوڵانەوانە بۆ جێگیربوون / وەستان دەکرێت لەکاتی تێپەڕبوونی جنازە لەلاچەکەوە بەم ایعازانە:

یەکەم : لەشان چەک .

دووەم: سلاٚوکە.

سێ یەم : چەک لەسەر شان ئەگەر هاتوو نیازی ڕێکردنی ڕاستەوخۆ هەبووە.

چوارەم: پاڵپشت لەسەرچەک ئەگەر هاتوو نیازی جێگیربوون یان وەستان بۆ چاوەڕوانی بۆ تێپەڕبوونی جەنازە.

## بەندی -٨١-

## لەشان چەكەوە بۆ چەك لەسەرشان

١.جوڵەكانی سەلام كردن بە چەك جێبەجێ دەكرێت وەك لەبەندی سەلام كردن بەچەك لەلەشان چەكەوە بەشێوەیەكی تەواو هەروەها گەڕانەوە بۆ شێوەی (شان چەك) لەشێوەی سەلام كردن وە دەبێت كێرد و هەلگرەكان بەسترابن لەسەر چەكەكە .

٢.بەژمارە چەك لەسەرشان یەـك: بەدەستی ڕاست چەكەكە بگرە لە گەرەی قۆناغەوە وەك لەجوڵەی یەكەم لەسڵاو كردن بەچەك بە تەواوی وەك لە وێنەی ژمارە ( ٣٧ ) دا وەپارێزگاری لە ئەنیشكی ڕاست بكە كە نوسابێت بەجەوستەوە



وێنەی ژمارە ( ٣٧ )

جوڵەی یەکەم لەنەشان چەکەوە بۆچەک لەسەر سەرشان

٢.دوو: پاڵبنێ بەچەکەکەوە بۆ پێشەوە بۆ ئازادکردنی لەشانی چەپ لەگەڵ هێشتنەوەی هەر دوو دەست لەهەمان شێوەدا بەمەرجێك چەکەی جێگیربێت لەسەرلەپی دەستی چەپ و ستونی بێت لەسەر زەوی و تەریب بێت لەگەڵ جاستە لەبەردەم جەستەدا وە هەر چوار پەنجەی دەستی چەپ دەوری قۆناغ بدات لەدەرەوە لەلای چەپ ڕووی لەلای ڕاست بێت وە ئەنیشکی دەستی چەپ نوسابێت بەجەستەوە، وەبە دەستی ڕاست چەکەکە لەگرەری قۆناغەوە بگرێت بەجۆرێك هەرچوار پەنجەکە لەدەرەوەو پەنجە گەورە لە ناوەوەو ئەنیشکی دەستی ڕاست تەریب لەگەڵ زەوی و مخزنی چەکەکە ڕووی لەلای چەپ بێت وەك لەوێنەی ژمارە (٣٨)



وێنەی ژمارە ( ٢٨ )

جوڵەی دووەم لەچەك لەسەر شان

٤ـ سێ: دەستی چەپ لەچەکەکە بەربدەو هەڵگرەکە بگرە لەنزیك بازنەی هەڵگری خوارەوەو هەر چوار پەنجە لەسەرەوەو پەنجە گەورە لەخوارەوەو لەنیشکی دەستی چەپ دەمێنێتەوە بەتوساوی بەچەستەوە لەگەڵ هێشتنەوەی دەستی ڕاست لەهەمان شێوەدا وەك لەوێنەی ژمارە (٣٩)



وێنەی ژمارە ( ٣٩ )

جوڵەی سێیەم لەچەك لەسەر سەرشان

٥. چوار: پاڵبێنی بەچەکەکەوە بۆ چەپ وەبیسوڕێنە (١٨٠°) بەمەرجێك لولەی چەکەکە ڕووەو خوارەوە بێت و لەهەمان کاتدا دەستی چەپ هەڵیگرێتەرەوە بەمەرجێك پشتی دەستی چەپ ڕووی لەخوارەوە بێت و هەرچوار پەنجە دەوری هەڵگریدات و بەرەو سەرەوە بێت و پەنجەگەورە بە سەرەوەو ئەنیشك تەریب بێت لەگەڵ زەوی و دەستی ڕاست دەمێنێتەوە بەچەکەکەوە دەیگرێت لەگرەری قۆناغەوە یەکتر بڕن لەگەڵ دەستی چەپ بەمەرجێك پشتی لەپی دەست بەرەو چەپ بێت و هەر چوار پەنجە لەدەرەوەو پەنجەگەورە لەناوەوە بێت وەك لەوێنەی ژمارە (٤٠)



وێنەی ژمارە ( ٤٠ )

جوڵەی چوارەم لەچەك لەسەر سەرشان

٦. پێنج: دەستی ڕاست بەرزدەبێت لەگرمری قۆناغەوەو هەڵگر دەگرێت لەسێ بەشی خوارەوەی (نزیک بازنەی هەڵگری خوارەوە) لەبەردەم جەستە. هەر چوار پەنجە لەدەرەوەو پەنجە گەورە لەناوەوە بەمەرجێك پشتی دەست ڕووی لەلای ڕاست بێت و ئەنیشکەو هەردوو دەست تەریب بن لەگەڵ زەوی وەك لەوێنەی ژمارە(٤١)



وێنەی ژمارە ( ٤١ )

جوڵەی پێنجەم لەچەك لەسەر سەرشان

٧ شەش: چەکەکە هەڵدەواسین لەسەر شانی چەپ وە دەستی چەپ دەگوازینەوە بۆ پێشەوە بۆ گرتنی هەڵگر. هەر چوار پەنجە ڕووی لەچەپەوە پەنجە گەورەی چەپ لە ڕاستەوە بۆ چەپ و ئەنیشکی دەستی چەپ تەریب دەبێت لەگەڵ زەوی و هەڵگر پاڵپێوە بنێ بەرەو پێشەوە (توند) بەهۆی دەستی چەپەوە بەمەرجێك دەستی چەپ لەسەر دەستی ڕاست بێت وەلەیەك شوێندا لەهەڵگرەوە وەك لەوێنەی ژمارە (٤٢)



وێنەی ژمارە ( ٤٢ )

جوڵەی شەشەم لەچەك لەسەر شان

٨.حەوت: دەستی ڕاست بەردەدەیت لە هەڵگرەوە دەیگەڕێنیتەوە بۆ تەنیشتی ڕاست بەگورج وگۆڵی.



وێنەی ژمارە ( ١٤٢ )

جوڵەی کۆتایی لەچەک لەسەر شان لەدانیشتنەوە



وێنەی ژمارە ( ٤٢ )

جوڵەی كۆشانی لەچەك لەسەرشان

هەڵە بەربڵاوەکان:

ـ جوڵـەی یەکـەم. وەك لەجوڵـەی یەکـەم لەسـەلام کـردن بەچـەکەوە

ـ جوڵەی دووەم کۆنترۆڵ نەکردن بەسەرچەکەکە.

ـ جوڵەی سێ یەم . سەردانەواندن

ـ جوڵەی چوارەم . چەمانەوەی جەستە

ـ جوڵەی پێنجەم:

١.کۆنترۆڵ نەکردنی بەسەر چەکەکەدا.

٢.گرتنی هەڵگر لە شوێنێکی ناڕاست.

## بەندی – ٨٢ –

## بۆ شان چەك لەچەك لەسەر شانەوە لەرێ و رەسمی بەخاك سپاردن

١.بە ژمارە بۆشان چەك یە_ك:

چەکەکە لەشانی چەپ بکەرەوە بەجوڵاندنی دەستی چەپ کەمێك بۆ سەرەوەو چەکەکە بسوڕێنە بۆلای چەپ بۆ ئەوەی بکەوێتە بەردەم جەستە گیرابێت لەهەڵگرەوە لەنزیك بازنەی هەڵگری خوارەوە وەهەر چوار پەنجە لە خوارەوە ڕووی بۆ جەستە بێتو پەنجە گەورەی چەپ بۆ سەرەوە بەمەرجێك چەکەکە ئاسۆیی بێت لەسەر زەوی و لە بەردەم جەستەدا بێت.لولەی بۆ خوارەوە بێت بەمەرجێك گرەری قۆناغ لەبەردەم پشتێندا بێتو دەستی چەپ ئەریب لەگەڵ گیرفانی بەدلەو ئەنیشکی دەستی چەپ نوسابێت بەجەستەوە وەك لە وێنەی ژمارە (٤٤)



وێنەی ژمارە ( ٤٤ )

جوڵەی یەکەم لەلەشان چەکەوە لەشێوەی چەک لەسەرشان

٢.دووەم: چەکەکە بەدەستی ڕاست لەسەر دارو ژێردار وە بگرە بەمەرجێک پشتی دەستی ڕاست لەڕووی جەستەوەو لەپی دەستی ڕاست ڕووی لە پێشەوە بێت و هەرچوار پەنجەکە لەچەپەوە دەوری سەردارو ژێرداری دابێت و پەنجە گەورە لەلای ڕاستەوە وەک لەوێنەی ژمارە (٤٥)



وێنەی ژمارە ( ٤٥ )

جوڵەی دووەم لەلەشان چەکەوە لەشێوەی چەك لەسەر شان

٣.سێ: چەکەکە بگوازەرەوە بۆ شانی چەپ بەسوڕانەوەی لەپێشەوە بۆ سەرەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی گواستنەوەی دەستی چەپ بۆ گرتنی قۆناغ لەخوارەوە (لەپلێتی قۆناغەوە) وەك لەجوڵەی دووەم لە لەشان چەکەوە وەك لەوێنەی ژمارە (٤٦)



وێنەی ژمارە ( ٤٦ )
جوڵەی سێیەم لەلەشان چەکەوە بۆ شێوەی چەک لەسەرشان

٤.چوار: دەستی ڕاست بگوازەرەوە بەگورج و گۆڵی بۆ تەنیشتی ڕاست وەك لەجوڵەی کۆتایی لەلەشان چەکدا.

**هەڵە بەربڵاوەکان:**

١. جوڵەی یەکەم: نەپاراستنی چەکەکەدا لەسەر شێوەی داواکراو.

٢. لەجوڵەی دووەم: کۆنترۆڵ نەکردن بەسەر چەکەکەدا.

٣. لەجوڵەی سێ یەم: خواربوونەوە و دابەزینی دەستی ڕاست بۆ ئاستێکی ناڕاست.

## بەندی - ٨٣-

## وەستان لەسەرچەك لەلەشان چەك و وەستانی بەخاك سپاردن

١.بە ژمارە لەسەرچەك پاڵپشت بەیەك:

لەگرەری قۆناغەوە چەکەکە بگرە بەدەستی ڕاست وەك لەجوڵەی یەکەم لەسەلام کردن لەچەکەوە.

٢.دوو: چەکەکە دابەزێنەو بیسوڕێنە لە پێشەوە بۆ ئەوەی لولەی چەکەکە ڕووی بەرەو خوارەوە بێت بەجۆرێك کێرد پاڵپشت چەکەکە بێت لەسەر زەوی و مەخزن لەڕووی جەستەوە بێت و چەکەکە ستوونی بێت لەسەر زەوی و قەپاغی بەدەن ڕووی لە پێشەوە وە لەپێ دەستی چەپ لەسەر پلێتی قۆناغی چەکەکە بێت بەجۆرێك پەنجە گەورە لە ڕووی جەستەوەو دەستی ڕاست چەکەکەی گرتبێت لە گرەری قۆناغەوە بەسەرجێك پشتی دەستی ڕاست لە ڕووی ڕاست و هەر چوار پەنجەکان دەوری گرەری قۆناغ بدات لەناوەوەو پەنجە گەورەی ڕاست لەدەرەوە وەك لەوێنەی ژمارە (٤٧)



وێنەی ژمارە ( ٤٧ )

جوڵەی دووەم لە وەستان لەسەر چەك

٣ سێ: چەکەکە بەرزبکەرەوە لەپێشەوە بۆ جێگیربوونی لەسەر شانی چەپ وەك لەجوولەی دووەم لەلەشان چەکدا وەك لەوێنەی ژمارە (١٤).
٤ بەسێ: ڕاست بگوازەرەوە بۆ تەنیشتی ڕاست بەگورج وگۆڵی.
**هەڵە بەربڵاوەکان:**
کۆنترۆڵ نەکردن بەسەر چەکەکەدا.



وێنەی ژمارە ( ٤٨ )

جوڵەی سێیەم لە وەستان لەسەر چەك



وێنەی ژمارە ( ٤٨ أ )

جوڵەی کۆتایی لەوەستان لەسەر چەك

## بەندی – ٨٤ –

### بۆشان چەك لەشێوەی وەستان لەسەرچەك لەوەستانی بە خاك سپاردنا

١.بەژمارە بۆشان چەك یە_ك: سەرت بەرزبكەرەوە بۆ شێوەی ئاسایی ٥
بەسەیركردنی سەرەوەو پێشەوە وەك لەجوڵەی سێ لەوەستان
لەسەرچەك.

٢.دوو: دەستی ڕاست بگوازەرەوەو چەكەكە لە گرەری قۆناغەوە بگرە بەسەرجێك هەرچوار پەنجە لەڕووی جەستەو پەنجەگەورە لەدەرەوە لەگەڵ مانەوەی دەستی چەپ لەهەمان شوێنی خۆی لەسەر پلێتی قۆناغ دا وەك لەوێنەكەدا.



وێنەی ژمارە ( ٤٩ )
جوڵەی دووەم لەشان چەك لە شێوی پاڵپشت لەسەر چەك

٣.سێ: دەستی ڕاست بگوازەرەوەو بیخەرە سەر دەستی چەپ وەئەو دەست کرابێتەوە بەتێبینی کردنی هەردوو دەست کەجووت بێ لەسەرجەستە وەك لەوێنەی ژمارە (٤٨)

٤.چوار: سەردانەواندن بۆ خوارەوە وەك لەوێنەی ژمارە (٤٨أ)

هەڵە بەربڵاوەکان: کۆنترۆڵ نەکردن بەسەر چەکەکەدا.



وێنەی ژمارە ( ٥٠ )

جوڵەی سێیەم پۆشان چەك لە شێوی پاڵپشت لەسەر چەك

## بەندی (٨٥)

### ڕاهێنانەکانی شمشێر لەڕێو ڕەسمی بەخاك سپاردن بەشی سێ

١. گەڕانەوەی شمشێر بۆناو کێلان:

ا. ئەم جوڵەیە دەکرێت کاتێك سەربازەکان شێوەی چەك لەسەرشان لەشێوەی لەشان چەکەوە وەربگرن دوای سەلام کردن بەچەك کاتێ کەبەنیازی ڕێکردن بن.

ب. لەکێلان کردنەوەی شمشێر بەچوارجوڵە دەکرێت وەك لە بابەتی لەکێلان کردنەوە لە هەڵگرتنەوە هاتووە (بەشی دوانزە) فێرکردنی شمشێر بەبێ ڕێکردن.

٢. دەرهێنانی شمشێر: شێوەی هەڵگرتن وەردەگرین وەك لەبابەتی دەرهێنانی شمشێر هاتووە لە (بەشی دوانزە) (فێرکردنی شمشێر بەبێ ڕێکردن).

٣. پاڵپشت بۆ چەك (شمشێر) لەشێوەی هەڵگرتنەوە.

ا. دوای دەرهێنانی شمشێر دەیخەینە شێوەی هەڵگرتن بەلەپی دەستی ڕاست هەڵدەستێت بەسوڕانەوەی شمشێر بۆ لای چەپ بۆ ئەوە کەنوکی شمشێر بگاتە سەرزەوی بۆ جێگیربوونی نوکی شمشێر لەسەرزەوی بەتەواوەتی لە نێوان هەردوو پێ دا (دەبێت ئەو کەسە لە شێوەی وریابووندا بێت) لەڕێکی نوکی پێڵاوە ، کلاوەی شمشێر ڕووی لەلای ڕاست بێت.

ب. پاشان لەپی دەستی ڕاست بەردەدەین لەجێ دەست (قائم)وەپاشان دەخەین سەر شمشێر بەمەرجێك بگات بە شاول (الثومة) لەناوەڕاستی لەپی دەست وەهەرچوار پەنجەکە کە نوشتاونەتەوە بەرەو نیوەی چەپ.

ج.پاشان دەستی چەپ بجوڵێنە لەلای چەپەوە بۆ خستنە سەر لەپی دەستی ڕاست و هەرچوار پەنجە بەدەوری لەپی دەست ڕاستدا دەبن و ڕوویان لە خوارەوەو نیوەی ڕاست دەبێت.

د.داتەواندنی سەر بۆ خوارەوە:

شێوەی هەڵگرتن لەشێوەی پاڵپشت لەسەرچەك (شمشێر)

ا.سەرت بەرزبکەرەوە بۆ سەرەوە بەشێوەیەکی ئاسایی.

ب.دەستی چەپ بگەڕێنەرەوە بۆ تەنیشتی چەپ.

ج.دەستی ڕاست دابگرە بۆ گرتنی جێ دەست (قائم).

د.شمشێر بسوڕێنە بۆ چەپ وەبگەڕێرەوە بۆ شێوەی هەڵگرتن.

## بەشی دوانزە

## فێرکردنی شمشێر بە پێ ڕێکردن

ئەوفێرکردنانەی شمشێر کەپێی ڕێبکەی لەسەر هەموو جوڵەکانی شمشێرو پیشەگەری جۆراوجۆر سەلام کردن لەلایەن ئەفسەرو کارمەندانەوە. وەرگرتنی فێرکردنی شمشێر لەم کاتەدا دەبێت سەرباز لەبنچینەدا بەهێزبێت لە بەکارهێنانی شمشێر لە بەپێ ڕێکردندا بەشێوەیەك ئاسان و توانای بەسەریدا هەبێت.

### بەندی – ٨٦ –

### ڕاڤەکردنی شمشێر ( وصف السیف ) ، ووریابوون و پشوودان

ا.تێبینی یەکانی مامۆستا

مەبەست:

١.فێرکردنی بەشەکانی شمشێرو ووریابوون و پشوودان


کەلوپەلەکان:

٢.شمشێر بۆ مامۆستا و هەموو سەربازەکان

ب.بەڕێوەبردنی وانە

٣.ئەوانەی لەخاڵی (٢،١)دا هاتووە ڕوونی بکەرەوە بۆ سەربازەکانت بەشەکانی شمشێر:

٤.ڕیزی بەشەکانی شمشێر پێك هاتووە لە (چەقۆ،ڕاگر،کێلاب)و چەند بەشێکی تر کە ڕوونە لەوێنەکەدا (سەیری شێوەکە بکە)




بەشەکانی شمشێر لەگەڵ کێلانە

١.شاوڵ
٢.کڵاوە
٣.گرەر
٤.شوێن پەنجەگەورە
٥.ئەستوری
٦.کوتەر
٧.تیژی شمشێر
٨.نوك
٩.ڕێرەوی خوێن
١٠.لولە
١١.جامی لولە
١٢.کێلان
١٣.سوڵەی کێلان ( نعل )

وێنەی ژمارە ( ٥١ )
بەشەکانی شمشێر

شمشێر .
٥.پرسیار بکە لە ( رەط ) ە کە لەسەر بەشەکانی

٦.سودی قەپاغ (القبیعة) ڕوون بکەرەوە کە بۆپاراستنی دەستەکی یارمەتی دەدات لەسەر زانینی هێرشەکان وەبەکاردەهێنرێت بۆ هێرش کردن هەروەها
^ وریابوون وشمشێر لەناو کێلانەکەیدا.
^ ڕوونی بکەرەوە و شی بکەرەوە ( رەط ) دووبارەی بکاتەوە.

٧.دەستی چەپ درێژ بکەرەوە بۆ تەنیشتی چەپ وەشمشێر بگرە لەژێر ڕاگرەوە بەمەرجێك پەنجەی شایەتمان ڕوی لە خوارەوە بێت و پەنجە گەورە بەدەوری کێلانەکەوە بێت لە لای ڕاستەوە لە جەستە .



وێنەی ژمارە ( ٥٢ )

ووریا بوون بەشمشێر

وە قەپاغ بۆ پێشەوە لەشێوەی وورپابووندا پێی چەپ بگوازەرەوە لەگەڵ شمشێر بۆ تەنیشت پێی ڕاست و بەبێ گۆڕانکاری لەشێوەی گرتنی شمشێرەکە

پشوودان و شمشێر لەناو کێلاندا بێت

٨.لەکاتی پشوودان پێی چەپ بگوازەرەوە بۆ چەپ لەگەڵ شمشێر لەتەنیشتدا بەنزیکەی (٣٠سم) وەدەبێت قۆڵی ڕاست درێژبکەیتەوە بۆ تەنیشت وەقورسایی جەستە بەیەکسانی لەسەرهەردوو پێ دا دەبێت و دەستی چەپ وەك لە شێوەی ووریباوون کەپێشتر لەسەرەوە وەرمان گرتووە.

٩. ( رهط ) ڕاهێنان دەکات: ڕێکردن بەشمشێر کەلەکێلانەکەیدا بێت.

١٠.لەکاتی ڕێکردندا کەشمشێر کە لەناو کێلانەکەدا بێت بەدەستی چەپ لەخوار قەپاغەوە کێلانەکە بگرە بەمەرجێك پەنجەی شایەتمان ڕووی لەزەوی بێت و پەنجە گەورە بە دەوری کێلانەکە وە دەبێت بۆلای ڕاست وەلەکاتی ڕێکردن بەشمشێر کەدەرهێنرابێت، بەهەمان شێوە دەستی چەپ دەجولێت،وەدەبێت پشتێنی چەرم لەگەڵ هەڵگری شمشێر بۆ دڵنیابوون لەنەجولآنەوەی کێلانەکە لەکاتی ڕێکردنداو جوڵە کردن.

١١.ڕاهێناتی ( رهط ) لەسەر ڕێکردن.

کۆتایی

١٢.پرسیار لە ( رهط ) بکەو وەڵامی پرسیارەکانیان بدەرەوە.

١٣.ڕاهێنـــان بـە ( رهـط ) بکـە بـۆ دورکەوتنــەوەی لەخاڵــەلاوازەکان کەدەردەکەون لەکاتی دووبارە کردنەوەی جوڵەکان .

## دەرهێنانی شمشێر لەکێلان و بە پێچەوانەوە

١.تێبینی یەکانی مامۆستا

مەبەست:

١.خێراکردنی دەرهێنان و تێکردنەوەی بۆ ناو کێلان

کەل و پەلەکان:

٢.شمشێر بۆ مامۆستاو هەموو سەربازەکان

ڕێنماییەکانی مامۆستا:

٣.جێگیربوونی گرێ ی شمشێر کەبریتی یە لەشێوەیەکی ئەسیجی تەشیلەیی کە جێگیربووە لەسەر بەشێکی قەپاغ کەنزیکە لە ( شاول) تێبینی شێوەی( ٤١) لەسەر شمشێر پێش دەست کردن بەوانەکە

٤.جوڵەکانی دەرهێنان و تێکردنەوەی شمشێر دەکرێت بەژمارە بۆ ئاسان کردنی فێرکردنی سەربازەکان.

٥.لەکێلان کردنەوە دەکرێت لەشێوەی هەڵگرتنی شمشێر.

٦.ئەگەر هاتوو شمشێر لەدەرەوەی کێلانەکەی بوو پێویستە لەشێوەی لەسەر شان بێت بەبەردەوامی ئەگەرهاتوو بەکارنەهێنرابوو وەلێرەدا پێنج جۆری سەرەکی بۆ شمشێر هەیە ئەوانیش ( پشوو ، لەسەرشان ، هەڵگرتن ، دانان ، خواربوونەوە ) .

دەرهێنانی شمشێرو بەپێچەوانەوە

دەرهێنانی شمشێر: ڕوونی بکەرەوە کەدەرهێنانی شمشێر پێك دێت لەچوارجوڵە

* گرتن
* ڕاکێشان
* دانان
* هەڵگرتن

٧.گرتن: لەکاتی دەرکردنی ایعازی (بۆ دەرهێنانی شمشێر بە ژمارە یەك)

هەرتاکێك هەڵدەستێت بەڕاکێشانی دەستی چەپ لەشوێنی خۆیەوە لەشێوەی وورپابوون بۆ سەرەوە (بەنوشتانەوەی کەمێك) بەجۆرێك بەیەك گەیشتنی پەنجە گەورە بەپەنجەی شایەتمان لەلای کاسی، لولەی کێلانەکەوە وەلێرەدا پەنجەگەورە نزیکە لەجەستەوە لەتاوەوە لەهەمان کاتدا هەرچوارپەنجەکە بۆ دەرەوەو دەوری بەشی خوارەوەی کاسی داوە، لەهەمان کاتدا کاسی کێلانەکە بەدەستی چەپ بەرزدەکەینەوە بەرەو پێشەوە بۆئاسان کاری کرداری گەیشتنی لەپی دەستی چەپ بۆ شمشێر، وەلەهەمان کاتدا کەتەم جوڵەیەی سەرەوە دەکەیت دەستی ڕاست بجوڵێنە بەرەو لای چەپ لەجەستە لەگەڵ مانەوەی بەشی سەرەوەی قۆڵ بە پارێزگاری کردنی لەسەرجووت بوونی بەجەستەوە وەلەوکاتەدا لەپی دەستی ڕاست بسوڕێنە بەمەرجێك لەپی دەست ڕووی لەپێشەوە بێت وەبەم جۆرە پێشرەوی بەدەست دەکەیت بەرەو لای چەپ بۆ ئەوەی بکەوێتە پشتی جێدەست (قائم) وەلێرەدا هەرچوارپەنجە بەدەوری جێدەست (قائم )دادەبن هەروەها پەنجە دەکەوێتە سەر شوێنی تایبەتی خۆی شوێن پەنجە ، پێویستە تێبینی سەیرنەکردنی شمشێر بکەیت بەڵام سەیرکردن بەبەردەوامی بەرەو پێشەوە وە مەچەك ڕاستە و تەریبە لەگەڵ زەوی‌و نوساوە بەجەستەوەو شمشێر کەمێك بەرزکراوەتەوە.

٨.ڕاکێشان: لەکاتی دەرکردنی ایعازی (دوو):پارێزگاری لەهەمان شێوەی پێشوو بکە لەگەڵ ڕاکێشانی شمشێر بۆ سەرەوە بەدەستی ڕاست ، ڕاکێشانێکی خێرا لەگەڵ ئەوەشدا دەستی چەپ بەکێلانەکەوە دەبێت وەپاڵی پێوەبنێ بۆ خوارەوە، ڕاکێشان بەردەوام دەبێت تاگەیشتنی

شاول (ئومة)و شمشێر بۆناسێتی سەرەوەی شانی چەپ دەبێت بەشی سەرەوەی دەست بەرەو پێشەوە بێتو تەریب بێت لەگەڵ زەوی، وەبەشی خوارەوەی دەست ڕووی بەرەو لای چەپ بێت وەتەریب بێت لەگەڵ زەوی پێویستە لەپی دەست لەگەڵ مەچەکدا لەسەریەک درێژبوونەوەو دەست جێ دەستی و شمشێری گرتبێت.



وێنەی ژمارە ( ٥٣ )

جوڵەی یەکەم گرتن



وێنەی ژمارە (١٥٣)
شێوەی دووەم ڕاکێشان

٩.دانان (لەکاتی دەرکردنی ئیعازی سێ):

شمشێرەکە دەربهێنە لەکێلانەکەی بەبەرزکردنەوەی دەستی ڕاست کەشمشێرەکەت پێ گرتووە بۆ سەرەوە بۆ ئەوەی لەکێلانەکە بێتەدەرەوە پاشان شمشێرەکە بسوڕێنەو شێوەی نیو بازنەی پێ وێنە بکێشە لەنێوەی چەقۆوە لەپشتەوە وەدەبێت لەپی دەستو قەپاغی شمشێر بکەوێتە چالأی شانی چەپ پاشان شمشێر بگوازەرەوە پێش دەموچاوت قەپاغ بۆلای چەپەو چەقۆ و جێ‌دەست و بەستی سەرەوە لەقەپاغ تەریب بن لەگەڵ دەمو ئاسۆیی بن لەسەرشمشێر وەتێ دەپەڕێت بە هەردووخاڵی چەناگەو لوت وەسەیرکردن بۆ پێشەوە دەبێت بەهەرچوار پەنجەی دەستی ڕاست شمشێر گیراوەو (پەنجە گەورە نوساوە بەقەپاغەوە) پەنجەکان دەوری جێ دەست یان داوە لەپێشەوەو پەنجەگەورە لەشوێنی تایبەتی خۆیەتی‌و نزیکە لەجەستەوەو دەستی ڕاست نوساوە بەجەستەوە لەشانەوە بۆ ئەنیشک وەلەدوای ئەنیشکەوە بۆ لەپی دەست هێڵێکی ڕاست دروست دەکات بۆ هەڵگرتنی شمشێر لەبەردەم چەناگەدا، دەستی چەپ بگێڕەرەوە بۆشێوەی ئاسایی بەڕێکی لەگەڵ درێژکردنەوەی بۆسەر کێلانەکە وەپاڵ پێوەنانی کێلانەکە بەدەستی چەپ بۆ خوارەوە (بۆ شێوەی ئاسایی خۆی )



وێنەی ژمارە ( ٥٢ ب )

جوڵەی سێ یەم دانان

١٠.هەڵگرتن-لەکاتی دەرکردنی ئیعازی (چوار)

ئەنیشکی دەستی ڕاست جێگیر دەبێت و مەچەک دابگرە بۆ ئەنیشتی لای ڕاست بەجۆرێك تەریب بێت لەگەڵ زەوی. ڕاستەی شمشێر (نصل) ستونی دەبێت و تیژی شمشێرو قەپاغ بۆ پێشەوەیە وە (گرص) وەبەشی سەرەوە لەقەپاغ (واقیە الید) جێگیردەبێت لەسەر هێڵی پەنجەکان (هێڵی هەرچوار پەنجەو هێڵی پەنجە گەورە) پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کەمەچەک و جومگەو لەپ و پەنجەکان لەسەریەك هێڵی ڕاست بن.



وێنەی ژمارە ( ٥٣ ج )

جوڵەی چوارەم

١١. ( رهط ) هەڵدەستێت بەدووبارەکردنەوەی دەرهێنانی شمشێر بەژمارە یەکەم جار بەماوەی نێوانەی کاتی ڕێسایی و بەم شێوەیەی لای خوارەوەیەو:

**گێڕانەوەی شمشێر بۆ ناو کێلان:**

ڕوونی بکەرەوە کەگەڕانەوەی شمشێر بۆ ناو کێلانەکەی بەچوار جوڵەی زیاتە کە ئەمانەن:

* گواستنەوە
* خولانەوە
* کێلان
* وووریابوون

١٢.گواستنەوە: لەکاتی دەرکردنی ایعازی (بەژمارە بۆ گەڕانەوەی شمشێر بۆ کێلانەکە ) یەك: شمشێرەکە بگوازەرەوە بە هۆی دەستی ڕاستەوە، باڵەمەچەك نوساون بەجەستەوە بۆچاڵی شانی چەپ لەگەڵ پارێزگاری کردنی شمشێر لەشێوەی ستونی بەدەستی چەپ پاڵ بە کێلانەکەوە بنی بۆ خوارەوە وەهەتا چەند ئەتوانی ئەمەدوای نوشتانەوەی ئەنیشکی قۆڵی چەپ بەجۆرێك لەپی دەستی چەپ لولەی کێلانەکە بگرێت بۆ دروست کردنی ڕێ پیشاندەرێك بۆ چونە ناوەوەی نوکی شمشێر بۆ نار کێلانەکە لەجوڵەی دووەمدا.

١٣.خولانەوە:

لەکاتی دەرکردنی ایعازی ( دوو ): بەدەستی ڕاست شمشێرەکە بسوڕێنەرەوە بۆ دواوە، ئەمەش بۆ ئەوەی نوکی شمشێر بگاتە لولەی کێلانەکە وەلێرەدا وەك جوڵەی دووەمی دەرهێنانی شمشێر (ڕاکێشان)

١٤.کێلان: لەکاتی دەرکردنی ایعازی سێ :- بەلەپی دەستی ڕاست پاڵ بنێ بەشمشێرەکەوە بۆ خوارەوە بەخێرایی بۆئەوەی قەپاغ بەسەر

لولەی کێلانەکە جێگیربێت وەدەست بەشمشێرەکەوە دەمێنێتەوە وەك بجوڵەی یەکەم لە دەرهێنانی شمشێر.

١٥. وورریابوون: لەکاتی دەرکردنی ایعازی (چوار): دەستی ڕاست ڕایکێشە لەنزیکترین ڕێگاوە لەتەنیشتی چەپەوە بۆ تەنیشت و گەڕانەوە بۆ شێوەی وورریابوون، وەلەهەمان کاتدا دەستی چەپ دابگرە لەشێوەی گرتنی لولەی کێلانەکە بۆ گرتنی شێوەی وورریابوون بە شمشێر وە کە لەکێلاندا بێت.

١٦. ( رهط ) هەڵدەستێت بەدووبارەکردنەوی گەڕانەوەی شمشێر بۆناو کێلانەکەی بەژمارە بەماوەی نێوانەی کاتی ڕێسایی.

پشوودان و شمشێر لەناو کێلاندایە

١٧.ئەم ایعازە جێ بەجێ دەکرێت و شمشێر بەتەنیایەو لەشێوەی هەڵگرتندایە لەکاتی دەرکردنی ایعازی ( پشوو- بە ) پێ بگوازەرەوە لەگەڵ کێلاندا بۆلای چەپ (٣٠سم ) بێ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردەستی ڕاست ولەپی ڕاستدا بەڵام پەنجەکان و لەپی دەستی ڕاست شل بکە وە کەمێك پاڵ بەشمشێرەکەوە بنێ بۆ دواوە بەجۆرێك پشت بیەستێت بە چاڵی شانی ڕاست، وەلەم کاتەدا مەچەك شێوەی بنکەی سێگۆشەو باڵ وەستاوی سێگۆشەو شمشێر تیرەی سێگۆشە دروست دەکات وەتێبینی هەمان تێبینی یەکانی تر کەتایبەتە بەشێوەی پشوودانی پێشوو بەبیر بهێنانەوە، وەناودەبرێت شێوەی شمشێر بەشێوەی (لەشان) وێنەی ژمارە (٤٣)



وێنەی ژمارە ( ٥٤ )

شێوەی پشوودان بەشمشێر ( شمشێر لەشێوەی لەشان دا )

١٨.لەکاتی دەرکردنی ئیعازی (وووریا___بە):

پێی چەپ بگوازەرەوە لەگەڵ کێلانە کە بۆ لای ڕاست ( ٣٠ )سم بەبێ گۆڕانکاری. وەبەلەپی دەستی ڕاست هێز بخەرە سەر جێ دەست بۆ جولاندنی شمشێر بۆ شێوەی هەڵگرتن لەهەمان کاتدا پێی چەپ بگوازەرەوە.

پشوو: ئەم ئیعازە دەدرێت لەشێوەی پشوودان (لەشان)

١٩.ئەم ئیعازە دەدرێت پشوو .... شمشێر ببە بۆ شێوەی هەڵگرتن یەکەم جار وەهەستە بەسوڕانەوەی شمشێر بەلەپی دەستی ڕاست بۆلای چەپ بۆ ئەوەی نوکی شمشێر بگاتە سەر زەوی وە لەهەمان کاتدا شمشێر لەلای ڕاستەوە بیگوازەرەوە بۆ ناوەڕاستی جەستە، دەبێت نوکی شمشێر لەناوەڕاستی دوری نێوان هەردوو پەنجەکانی پێ بێت و بۆ پێشەوە بێت بەدووری یەک پێ کلاو ڕووی لەڕاست بێت پاشان لەپی دەستی ڕاست بەرێیە لە جێ دەست و بیخەرە سەرشمشێر بەمەرجێك شاوڵ لەناوەڕاستی لەپی دەستدا بێت، پەنجەکان نوشتاوە بن و ڕوویان بۆ نیوەی چەپ بێت، لەدوایدا دەستی چەپ بجولێنە لەلای چەپەوە بۆ خستنە سەر لەپی دەستی ڕاست و پەنجەکانی دەستی چەپ دەوری لەپی دەستی ڕاست بدات و ڕووی بۆ خوارەوە و بۆ نیوەی ڕاست بێت. بەڵام پاشماوەی جولانەوەی پشوو وەك جێگیربوو لە پێشوودا.



وێنەی ژمارە ( ٥٥ )

شێوەی پشوو بەشمشێر ( شمشێر لەشێوەی پشوو )

ئامادە بە:

٢٠.لەكاتی دەركردنی ئیعازی ئامادە بە.... دەستی چەپ بگەرێنەرەوە بۆلای چەپو لەپی دەستی ڕاست كە جێ دەست ی گرتووە دابگرەو پاشان شمشێر بسوڕێنە بۆلا وە لەوێ وە بۆ شێوەی هەڵگرتن و لەوێ وە بۆ شێوەی سەرشان بەشێوەیەكی خێرا.

٢١. ( رهط ) هەڵدەستێت بەدووبارەبوونەوەی لەسەرشێوەكانی وریابوون و پشوودان و پشوو جێگیر.

٢٢.ووردبیەرەوە لەخاڵە لاوازەكان كەلەكاتی جێبەجێكردنی جوڵەكاندا دەردەكەون.

كۆتایی

٢٣.پرسیار لە ( رهط ) بكەو وەڵامی پرسیارەكانیان بدەرەوە.

بەندی - ٨٨ -

سەلام كردن و ڕۆیشتن

ا.تێبینی یەكانی مامۆستا

مەبەست:

١.فێركردنی ئەفسەران و كارمەندان لەسەرسەلام و ڕۆیشتن بەشمشێر.

كەل وپەل:

٢.شمشێر بۆ مامۆستاو هەموو سەربازەكان

ڕێنماییەكانی مامۆستا:

٣.سەلام كردن و ڕۆیشتن دەكرێت لەلایەن ئەفسەرو كارمەندان كاتێك كەشمشێر لەناو كێلاندا بێت وەك پێشتر هاتووە.

٤.دەبێت فێرکردنی مادەی ( ١١ ، ١٢ ) کە هاتووە لەم وانەیەدا لەلایەن ئەفسەرەوە جێبەجێبکرێت تەنها.

بەڕێوەبردنی وانە :

سەلام کردنی کارمەندان کاتێك شمشێر بەتەنها بێت ( السیف مسلولا ): شی بکەرەوەو ڕوونی بکەرەوە:

٥.لەکاتی تێپەڕبوونی ئەفسەردا سەربازی شمشێر هەڵگرتوو دەچێتە شێوەی ووریابوونو شمشێردەیان بۆ شێوەی هەڵگرتن پێش گەیشتنی ئەفسەر بە سێ هەنگاو پاشان دەگەڕێتەوە وەشێوەی پشودان شمشێر بۆ شێوەی لەسەرشان دوای تێپەڕبوونی بەسێ هەنگاو.

٦.لەکاتی تێپەڕبوونی کارمەند بەبەردەم ئەفسەرداکە شمشێر لەشێوەی هەڵگرتندا بێت بەسوڕانەوەی سەری بۆ ئەولایەی کەئەفسەرەکەی لێ یە کە ئەمەپێش گەیشتنی بەسێ هەنگاو پاشان سەری دەسوڕێنێ بۆ پێشەوە دوای تێپەڕبوونی بەسێ هەنگاو.

٧.لەکاتی پێشڕەوی کردن کارمەندێك بۆ لای ئەفسەر بەشێوەی هەڵگرتنو لەکاتی گەیشتنی دەوەستێت لەدوری دوو هەنگاوەوە لێوەیو دوای تەواوبوون لەگفتوگۆ دەسوڕێ بۆ دواوەو دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

٨.دووبارە کردنەوەی لەلایەن ( رهط )ەوە:

ڕۆیشتنی کارمەندان لەکاتێکدا کەشمشێر بەتەنیا بێت ( السیف مسلولا ) شی بکەرەوەو ڕوونی بکەرەوە:

٩.لەکاتی ڕۆیشتن کاتێك کە شمشێر بەتەنیا بێت لەشێوەی هەڵگرتن بسوڕێ بۆ لای ڕاست لەگەڵ سوڕانی سەربۆ ئەو لایەی ئەفسەری لێ وەستاوە.

١٠.دووبارەکردنەوەی لەلایەن ( رهط )ەوە:

سەلام کردن ئەگەر ئەفسەر شمشێری بەتەنیا بوو:

١١.لەکاتی تێپەڕبوونی ئەفسەرێکی پلەبەرزتر لەسەر ئەفسەری هەڵگری شمشێر دەبێت سەلام بکات لەشێوەی هەڵگرتنەوە (ئەگەر هاتوو ئەفسەر لەشێوەی پشوودانداا بوو) هەروەها دانان هەروەها شمشێر داگرتن بۆ خوارەوە (شێوەی داگرتن) بۆ ئەوەی نوکی شمشێر لەدوری (٤٥سم) لەزەوی بەوە ڕووی بۆ پێشەوەو کلاوەکە بۆ چەپ و قۆڵی ڕاست ڕێکەو لەدوای سمتەوەیە بە تەواوی ئەمەش پێش گەیشتنی ئەفسەر بەسێ هەنگاو و دوای تێ پەڕبوونی بەسێ هەنگاو بگەڕێرەوە بۆ شێوەی دانان و هەروەها بۆ هەڵگرتن و هەروەها پۆشان.

تێبینی : لانەدانی نوکی شمشێر بکە بۆ دەرەوەو ناوەوە.

١٢.لەکاتی تێپەڕبوونی ئەفسەرێك بەلای ئەفسەرێکی پلە بەرزتردا سەلام دەکرێت وەك لەخاڵی (١١)دا هاتووە لەگەڵ سوڕانی سەر بۆ ئەو لایەی کە ئەفسەرەکەی لێوە دێت.

١٣.لەکاتی پێشڕەوی کردنی ئەفسەرێك کەشمشێری پێ بێت بۆ لای ئەفسەرێکی بەرزتر لەپلەدا بۆقسەکردن لەگەڵیدا پێشڕەوی بکە بەرەو ڕووی بەشێوەی هەڵگرتن وەلە کاتی گەیشتنی بەسێ هەنگاو بوەستەوە سەلامی بۆ بکە وەك لەخاڵی (١١)دا هاتووە تێبینی دانەبەزاندنی شمشێر بکە لەکاتی داناندا بۆ دەرەوەی لاچەپی ئەفسەری هاتوو وەبگەڕێرەوە بۆ شێوەی هەڵگرتن وەلەکاتی کۆتایی هاتنی قسەکردن جارێکی تر سەلام بکەو بگەڕێرەوە بۆ شێوەی خۆت.



وێنەی ژمارە ( ٥٦ )

سەلام کردن بەشمشێر



وێنەی ژمارە ( ٥٦ أ )

سەلام کردن بەشمشێر بۆ لای ڕاست

١٤.ئەگەر هاتوو ئەفسەری پلە بەرز بەرەو ڕووی ئەفسەری پلە نزم پێشڕەوی کرد لەپێش یەکەکەوە شمشێری لەشێوەی هەڵگرتندابوو وەیەکەکەی دەخاتە سەر شێوەی هەڵگرتن وە تەنها خۆی پێشڕەوی دەکات و سەلام دەکات وەک لەخاڵی (١١)دا هاتووە وە ئەگەر ئەفسەرێکی پلە بەرز هەستا پشکنینی یەکەکەی ڕێ دەکات لەلای چەپییەوەو کەمێک دواوە بەشێوەی هەڵگرتن.

**سەلام کردن بەشمشێر بەوەستاوی و یەکخستنی لەگەڵ سەلام کردن بەچەک**

١٥.ئەگەر هاتوو ئەفسەرێک شمشێری هەڵگرتبوو وەلەپێش یەکەکەوە ی چەکیان پێبوو وە پاسەوانی ڕێز لێنان بوو .

ا.لەکاتی ایعازی سەلام کردن ئەگەر ئەفسەر شمشێری پێ بوو لەشێوەی هەڵگرتندا بوو وە ئەگەر یەکەکەی لەشێوەی لەشان چەکدابوون وە لەکاتی دەرکردنی ایعازی سلاو کە جوڵەی یەکەم دەکرێت وە ئەفسەرەکە لەهەمان کاتدا شێوەی دانان وەردەگرێت وە لەگەڵ کردنی جوڵەی دووەم لەلایەن یەکەوە ئەفسەرلەسەر شێوەی دانان دەمێنێتەوە وە لەکاتی کردنی جوڵەی سێ هەمدا ئەفسەرەکە شێوەی سەلام کردن وەردەگرێت ئەویش بەدانەواندنی شمشێر بۆ خوارەوە وێنەی ژمارە (٥٦) وەک پێشتر وەرگیراوە.

ب.ئەگەر ایعاز بە لەشان چەک بوو لەکاتی دەرکردنی ایعازی (بۆشان چەک) یەکەکە جوڵەی یەکەم وەرەگرن لەلەشان چەک و ئەفسەرەکە شێوەی دانان ڕاستەوخۆ وەردەگرێت وە لەکاتی جێ بەجێ کردنی جوڵەی دووەم لەلایەن یەکەکەوە ئەفسەرەکە شێوەی هەڵگرتن وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە شێوەی بنەڕەتی بەشمشێر.

سەلام کردن بەشمشێر لەکاتی ڕێکردندا و یەکخستنی لەگەڵ سەیرکردن بۆ مەبەست:

١٦.ئەگەر هاتوو ئەفسەر شمشێری پێ بوو لەپێش یەکەیەکی چەکدارەوە بۆ ( ڕێکردن و لەکاتی نمایشدا )

ا.بۆ ڕاست/ بۆ چەپ سەیرکە – دەبێت ئەفسەر ( یان هەرنمایش کارێکی تر یان خوێندکارەکانی کۆلێژی سەربازی بۆ نموونە ) شمشێر بەشێوەی هەڵگرتن هەڵدەگرن وەك لە وێنەی ﴿ ٥٢ ج ﴾ وە پێش گەیشتن بە کەژاوەی سڵاوکردن بە هەشت هەنگاو ﴿ یان دیاری کراو بە ئاڵا ﴾ ایعازی بۆ ڕاست / بۆ چەپ ... وە ووشەی سەیرکە دەدرێت پێش گەیشتن بەکەژاوەی سڵاو بە پێنج هەنگاو ﴿ دیاری کراوە بە ئاڵا ﴾ لەسەر پێی چەپ وە لێرەدا ئەفسەر یان خوێندکار شێوەی دانان وەردەگرن لەسەر پێی ڕاست و لەگەڵ سوڕانی سەر بەرەو لای مەبەست لەسەر پێی چەپ بۆ وەرگرتنی شێوەی سەلام کردن بە شێوەیەکی ڕاست . بەیەك کات دەستی چەپ بەجێگیری دەمێنێتەوە لەسەر گرتنی کێلان . کێلان بەهەرسێ پەنجەی ( زەرنەقوتە و برای توتە و توتە ) دەوری کێلان دەدەن لەلای چەپەوە وە کێلان لەتەنیشت قاچی چەپەوەیە لەکاتی جێگیر بوون و ڕێکردن وە لە کاتی سەلام کردن وە هەروەها دەستی چەپ بەجێگیری دەمێنێتەوە و درێژکراوەتەوە لە کاتی ڕێکردنداو لەکاتی سەلام کردندا .

ب. پێش خۆت – دوای تێپەڕبوون بەبەردەم کەژاوەی سەلام کردندا بە دووری پێنج هەنگاو ﴿ یان بە ئاڵا دیاری کراوە ﴾ ئەفسەر یان خوێندکار ایعازی پێش ... دەدرێت و دوای هەشت هەنگاو ایعازی خۆت لەسەر پێی چەپ دەدرێت و شێوەی دانان وەردەگرێت لەکاتی گەیشتنی پێی ڕاست بۆ زەوی ئەفسەر یان خوێندکار شێوەی هەڵگرتن وەردەگرێت لە هەمان کاتدا یەکەکەی سەیری پێشەوە دەکەن .

ج. لەکاتی نمایشەکاندا هەر فەرماندەیی یەکەیەک دەبێت لەپێش یەکەیەکەیەوە بێت وەپێویستە ایعاز بەدەنگێکی بەرزو یەکخستنی جوڵەکانی یەکەکەی لەگەڵیا یەک کات دەربکات.

د. ئەگەر هاتوو یەکە ئاڵایان پێ بوو، ئاڵاکە دادەبەزێنن بەهەمان کات کەسەلامی تیا دەکرێت لەنمایشەکاندا جگە لەئاڵای عێراق یان ئاڵای وڵاتان کەدانابەزێنرێت.

هـ. لەکاتی ڕێکردنی یەکەیەک بەرەتڵی سیانی یان کردوس یان نەسەق ایعازی بۆ ڕاست سەیرکە دەدرێت، ڕیزی پێشەوەو ڕیزی نزیکی کەژاوەکە سەیر ناکەن بەڵکو بەردەوام دەبن لەڕێکردن بۆ پارێزگاری لەڕێکی بەڵام ئەگەر هاتوو یەکەکە بەرەتڵی تاکی ( یان یەک ڕیز ) ئەوا ڕیز سەیری ئەو لایە دەکەن کەمەبەستە جگە لەپێشڕەو کەسەیرناکات.

و. لەکاتی دەرکردنی ایعاز بۆ ڕاست/ بۆ چەپ سەیرکە کرداری سەیرکردن بۆ لای ڕاستو بۆ سەرەوە بەگورج وگۆڵی جێ بەجێ دەکرێت لەگەڵ پارێزگاری کردن لەڕێکی.

ز. جوڵەی دەستەکان ئەگەر هاتوو شمشێر لەکێلاندا بوو، ئەوا بەدەستی چەپ دەگیرێتو لەسەر درێژ بوونەوەی کێلان هەرسێ پەنجەی ( توتەو برای توتەو زەرنەقوتە ) دەوری کێلان دەدەن لەلای چەپەوەو پەنجە گەورە دەوری کێلان دەدات لەلای ڕاستەوەو پەنجەی شایەتمان درێژ دەبێتەوە بەتەریبی لەگەڵ کێلاندا و پێوەی نوساوە بەرەو خوارەوەو دەستی چەپ و کێلان جێگیرنو جوڵە ناکەن لەکاتی ڕێکردندا وە دەستی ڕاست دەجوڵێت بەئاسایی ئەگەر هاتوو شمشێر لەکێلاندا بوو.

ح. جوڵەی دەستەکان ئەگەر هاتوو شمشێر ڕووت بوو ( لەشێوەی هەڵگرتندا ) ئەگەر هاتوو شمشێر ڕووت بوو وەلەشێوەی هەڵگرتندا بوو، دەبێت دەستی ڕاست تەریب بێت بەزەوی و ئەنیشک جووت بێت

لەگەڵ جەستەداو دەستو شمشێر بەشێوەی ستونی بن لەسەر زەوی وەجێگیربن بەبێ جوڵە بەڵام دەستی چەپ دەمێنێتەوە بەجێگیری و کێلان دەگرێت وەک هاتووە لەخاڵی ( و )دا.

ط. لەهەموو کاتێکدا دەستی چەپ جێگیرە لەکاتی سەلام کردندا.



وێنەی ژمارە ( ٥٧ )

ڕێکردن بەشمشێر کە ڕووتە ( شمشێر لەشێوەی هەڵگرتندا )


ی. سەلام کردن بەشمشێر لەکاتی ڕێکردنی لەسەرخۆدا:

هەمان فێرکردنی ڕابردوو جێ بەجێ دەکەیت وەبیرهێنانەوەیەکی تایبەت بەشێوەی ڕێکردنی ئاسایی بەلأم جولەکان جێ بەجێ دەکرێت بەگوێرەی کاتی ڕێکردنی لەسەرخۆ.

ک. بەدووجۆر شمشێر هەڵدەگیرێت لەکاتی ڕێکردندا لەهەڵگرەکاندا (الحمالات):

یەکەم: هەڵگری چەرم کەجێگیر دەبێت لەسەر پشتێنی چەرمی بەدوو قۆڵ لەچەرم کە تەرەقە بیان بەستیت و بیانخەیتە ناو دووبازنەی کانزایی لەپشتێنە چەرمییەکەدا بەجۆرێك هەڵگرەکە جێگیر بێت لەسەر کەلەکەی چەپ لەژێر درێژبوونەوەی دەستی چەپ بەتەواوی وەکێلان بچێتە ناوی هەتا کاسی لولەی کێلانەکە.

دووەم: هەڵگری چەرمی یان قوماشی بەیەك قۆڵ وەك هەڵگری کێرد کە بەپشتێنی قوماشی لەژێر درێژبوونەوەی دەستی چەپ بە تەواوەتی لەسەر کەلەکەی چەپ وە کێلانی شمشێر دەچێتە ناوی هەتا کاسی لولەی کێلان .وەلەم کاتەدا دەتوانیت هەڵگری یەدەك ( اضافي ) ببەستیت لەبازنەی خوارەوەی کێلان شمشێر لەلاوە وە لە ناوەڕاستی پشتێن بەتەواوی لەناوەڕاستی پشت لەئەنیشکی تر بۆ زیاتر جێگیر بوون.




١. پشتێنی چەرمی .

٢. پشتێنی شان .

٣. هەڵگری چەرمی .

٤. پشتێنی قوماشی .

٥. هەڵگری قوماشی یان چەرمی .

وێنەی ژمارە ( ٥٨ )

( هلگری چەرمی لەگەڵ پشتێنی چەرمی هەڵگری قوماش )

## بەندی – ٨٩ –

## فێرکردنی شمشێر بە سواری – دەرهێنانی شمشێر و بە پێچەوانەوە

### ا. تێبینی یەکانی مامۆستا

**مەبەست :**

١. فێرکردنی سەرباز لەسەر چۆنیەتی دەرهێنان و دانانەوەی شمشێر بەسواری .

**کەل و پەلەکان :**

٢. ئەسپێکی زینکراو لەگەڵ شمشێرێک بۆ مامۆستا و هەر سەربازێک .

**رێگە نیشاندانەکانی مامۆستا :**

٣. ریزەکان بکەرەوە .

٤. نێوانەکان دەست نیشان بکە .



وێنەی ژمارە ( ٥٩ )



وێنەی ژمارە ( ٥٩ أ )



وێنەی ژمارە ( ٥٩ ب )

ب. بەڕێوەبردنی وانەکە

ش کردنەوەو ڕوونکردنەوە :

ە. بۆ دەرهێنانی شمشێر دەستی ڕاست بە گورجوگۆڵی لەبەردەم جەستەوە بگوازەرەوە لای چەپ وە شمشێرەکە ڕابکێشە بۆ سەرەوە بۆ جێگیربوونی گرمر لەسەر قۆڵ وەگریٚ جەرمی شمشێر لەناو لەپی دەستدا جێگیر دەبێت پاشان تێیەڕبوونی هەرچوار پەنجە بەبەشی ناوەوەی قەباغدا وەگرتنی گرمر لەلایەن هەرچوار پەنجە لەبەشی پێشەوە وە پەنجە گەورە لەبەشی دواوە { دانانی پەنجە گەورە لە شوێنی تایبەتی خۆی } { المبهم } وە قۆڵی ڕاست نوساوە بەجەستەوە وە هەردووشان لەسەر یەک هێڵی ڕاستن .

٦. شمشێرەکە بەلەسەر خۆیی دەربهێنە لە کیلانەکەیدا وە بیگوازەرەوە بۆ شێوەی دانان .

٧. شمشێرەکە بگوازەرەوە بە گورج وگۆڵی بۆ شێوەی هەڵگرتن بەمەرجێك قەباغ جێگیربێت لەسەرلای ڕاستی زینەکە بۆ شەوەی نێوانێك دروست ببێت لە نێوان ڕان و زیندا وە دەبێت شمشێر ستونی بێت وە قەباغەکەی ڕووی لە پێشەوە بێت .

**شمشێر بۆشان :**

٨. دەست بەرز بکەرەوە هەتا مەچەك ئاسۆی دەبێت لەگەڵ زەویدا و باڵ ستونی دەبێت لەگەڵ جەستەدا وە لەپی دەست لەگەڵ مەچەك لەسەر یەك هێڵی ڕاست دەبن وە قەباغ ڕوی لە پێشەوەبێت بە هێزێك شمشێرەکە بخەرە سەر شانت بە گەڕانەوەی بۆ دواوە وێنەی ژمارە ( ٥٩ ).

**پشودان :**

٩. دەستی چەپ بخەرە سەر بەشی پێشەوەی زین ڕێشمەکە بگرە و دەستی ڕاست بگوازەرەوە سەر دەستی چەپ بەبێ داگرتنی شمشێر لەسەر شان .

**ووریا بوون :**

١٠. بە خێرایی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ لابەرە لەگەڵ مانەوەی شمشێر لەسەر شانی ڕاست .

**لە کێلان نانەوەی شمشێر .**

١١. شمشێرەکە بگوازەرەوە لەسەر شان بۆ شێوەی هەڵگرتن پاشان بەرزی بکەرەوە بۆ چاڵایی شانی چەپ بە شێوەیەکی ستوونی وە تیژیەکەی ڕووی لە لای چەپ بێت پاشان لەپی دەست بسوڕێنە خولێکی خێرا وەکو شمشێر بخەرە جامی لولەی کێلانەوە وەك لە شێوەی جوولەی یەکەم لە دەرهێنانی شمشێر .

١٢. پاڵ بنێ بە شمشێرەکەوە بە لەسەر خۆیی بۆ ناو کێلان وە پاشان بەردانی دەست لە گرەو دەرهێنانی لە بازنەی قەباغ .



وێنەی ژمارە ( ٥٩ ج )

١٣. دەستی ڕاست بگوازەرەوە بۆ تەنیشت بە گورج و گۆڵی .

١٤. شێوەکانی سەلام کردن بە سواری :

أ. شمشێر لە شێوەی هەڵگرتن وێنە ژمارە ﴿ ٥٩ أ ﴾ .

ب. شمشێر لە شێوەی دانان وێنە ژمارە ﴿ ٥٩ ب ﴾ .

ج. سەلام کردن ﴿ شێوەی داگرتن ﴾ وێنە ژمارە ﴿ ٥٩ ج ﴾ .

**کۆتایی :**

١٥. پرسیار لە ڕەط بکە وە وەڵامی پرسیارەکانیان بدەرەوە .

١٦. دووبارەکردنەوەی خاڵە لاوازەکان .

## بەشی سیانزەهەم
## فێرکردنی نێشگگر

فێرکردنی نێشگگر ( یان پاسەوان ) زۆر گرنگە بۆ فێرکردنی سەربازەکان لەسەر جوڵە پێویستەکان بۆ ئەرکەکانی پاسەوانی وە ئەم جوڵانە بریتی یە لەژمارەیەکی زۆر لەجوڵەکانی بنەڕەتی فێرکردن، ئەم جوڵانە دەست پێ دەکەن و کۆتاییان پێ دێت.

ئەمانەی خوارەوە جوڵەکانی پاسەوانیکە لەشوێنی خۆی:

جوڵە دەست پێ دەکات بە ووریابوون وەهەنگاوێک ڕێکردن بۆ پێشەوە ( تا کێردەکە بەر چەتری پاسەوان نەکەوێت لەکاتی گواستنەوەی چەک بۆسەرشان.

پێویستە لەسەر نێشگگری ( پاسەوان ) دوای ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن لەکاتی پاسەوانی دا:

١.ڕێ بکە بەئاسایی وەچەکەکەت لەسەرشان بێت.

٢.بسوڕێ بۆ ناوەوە ( بۆ ڕاست یان چەپ ) لەکاتی گەیشتن بۆ کۆتایی شوێنی پاسەوانی.

٣. مەوەستە لەپێش چەتری پاسەوان تەنها بۆ وەستانت بۆ کردنی سڵاوو بانگکردن ( المنادات ) .

٤.بسوڕێ بۆلای ڕاست یان چەپ بەشێوەیەکی ڕاست.

وەپێویستە لەسەریان لەخاڵی پاسەوانی ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکەن.

٥.ڕووبەڕووبوونەوەی ڕوو ( جبهە ) وەوەستان لەشێوەی پشودان بەشێوەیەکی ڕاست.

٦.مەرەستە لەژێر چەتر ئەگەر کەش و هەوا باش بێت ئەگەر هاتوو ئەرکی پاسەوانی کردنت ڕێگا بەبەجێهێشتنی خاڵی پاسەوانی نەدات یان قسەکردن لەگەڵ یەکێکدا.

٧.نابێت پاسەوان خاڵی پاسەوانی بەجێ بهێڵێت و پێویستە لەسەری چاوەڕێ ی هاتنی پاسەوانی دوای خۆی بکات نەك بەپێچەوانەوە.

بەندی - ٩٠-

## سڵاوکردنی پاسەوانی تاك لەشوێنی خۆی

تێبینی یەکان :

١.ئەم فێرکردنەی داهاتوو ئامادە کراوە بۆ فێر کردنی ( رهط ) کاری پێویست لەسەر پاسەوانی تاك.

٢.دووسەلام دەکرێت یەکێکیان سەلام کردنە بەلێدانی قۆنداغ وەسڵاوکردن بەچەك. ئەم دوو سەلام کردنەش لەکاتی چەك لەسەرشان دەبێت.

٣.پێویستە لەسەر پاسەوان کەچاوکراوە بێت بۆ بینینی نزیك بوونەوەی هەر ئەفسەرێك لێ ی ئابتوانێت سەلامی پێویستی بۆ بکات لەکاتی گەیشتن بەدووری سێ هەنگاو لەشوێنەکەی دوای پێویستە لەسەری کەدەست بە خێرایی و گورج وگۆڵی دابگرێت وەبگەڕێتەوە سەرشێوەی چەك لەسەرشان لەهەنگاوی سێ هەم دوای دوورکەوتنەوەی ئەفسەر لێ ی.

٤.پاسەوان سەلام ناکات لەناو چەترەکەی بەلام تەنها دەچێتە شێوەی ووریابوون (ئەمەلەکاتی باران و گەرمای زۆردا)

٥.پێویستە لەسەر (خول پاسەوانی گەڕۆك) (دوريات الحراسه السياره) کەڕێ دەکەن و چەك لەشێوەی هەڵواسیندایە وەلەکاتی نزیك بوونەوەی

ئەفسەرێك لێیان پێویستە لەسەریان کەلەشوێنی خۆیان بوەستن رووبکەنە ئەفسەری هاتوو تاتێپەڕبوونی بەلایاندا.

٦. پێویستە لەسەر پاسەوان سەلام بەدەست بکات ئەگەر هاتوو چەکێکی ئاگرینی بچوکی پێ بوو (دەمانچە)

سەلام:

پاسەوان بۆ پێشەوە سەلام-بکە:

ئەم ایعازە لەکاتی پشوودان بۆ ( رهط )یکی وەستاو دەدرێت کەهەر ئەندامێك لیێ ی پاسەوانێکە لەشوێنی خۆی وەهەڵبستێت بەم کارانەی لای خوارەوە:

وورپابە، هەنگاوێکی ٧٥سم ڕێ بکە بۆ پێشەوە، چەك بگوازەرەوە بۆ سەرشان، سەلام بکە (بەلێدانی لەسەرقۆناغ) وەلەسەر ئەم شێوەیە بمێنەرەوە تا ئەفسەرەکە تێپەڕدەبێت، خێرایی ئەم جوڵانە دەبێت (٤٠ جوڵ/خولەك) بەچەکەو، دوای تێپەڕبوونی ئەفسەر وپاسەوان دەگەڕێتەوە سەر شێوەی پێشوو بەگواستنەوەی چەك بۆ تەنیشت وەگەڕانەوەی بەیەك هەنگاو بۆ دواوەو وەستانی بەشێوەی پشوودان.

سڵاوکردن بەچەك:

پاسەوان سەلام-کە: ئەم جوڵانە دەکرێت وەك لەپێشوو باسمان کردن بەلام سەلام کردن بەشێوەی سڵاوکردن بەچەك دەبێت (السلام بالسلاح).

هەڵە بەربڵاوەکان:

ا. پەلەکردن لەجێ بەجێ کردنی جوڵەکان.

ب. لەراندنەوەی چەك و کۆنترۆڵ نەکردن لەسەری لەکاتی ڕێنەکردنی هەنگاو بۆ پێشەوە.

ج. کورت کردنەوەی هەنگاو زیاتر لەپێویست.

## بەندی (٩١)

## پاسەوانی تاك بەشێوەی پشوودان

پاسەوان پشوو___بە: ئەم جوڵانە دەكرێت بەڕاگرتنی دەست لەلایەن (رهط)ەوە ئەگەر سەلام كردن لەسەر قۆناغی چەك بێت یان چەك دەگوازنەوە بۆسەرشان ئەگەر چەك لەشێوەی سڵاو كردندا بێت (سلام خذ) دوای چەكەكە دەگوازنەوە بۆ لاوە دەگەڕێنەوە وەهەنگاوێك بۆ دواوە وەبەشێوەی پشوودان دەوەستن.

## بەندی (٩٢)

## گەڕانی پاسەوانی تاك و سەلام كردنی لەكاتی جێ بەجێ كردنی ئەركەكەی

**تێبینی**: درێژی یان ژمارەی هەنگاوەكان لەشوێنی پاسەوانی دیاری دەكرێت لەفەرمانەكانی بنكەی پاسەوانی (اوامر موقع الحراسه).

١.پاسەوان بۆ ڕاست یان چەپ ئاسایی ڕێ-كە:

(رهط) وریادەبێت، هەنگاوێك دەنێت بەرەو پێشەوە، چەك بۆ سەرشان، دەسوڕێتەوە بۆ لای ڕاست یان چەپ دوای دەست دەكەن بەڕێكردنی ئاسایی.

٢.پاسەوان پشوو-بە: ئەم ایعازە دەدرێت وەك ایعازی (بوەستە) واتە لەسەر پێی چەپ وەلەكاتی وەستانی (رهط)(وەك وەستانی پاسەوان لەبەردەم چەترەكەیدا) دوای دەسوڕێت بەرەو پێشەوەو، سەربازەكان چەك دەگوازنەوە بۆ لاوە هەنگاوێك دەگەڕێنەوە بۆ دواوەو شێوەی پشوودان وەردەگرن.

هەڵـە بـەربڵاوەکان: ئـارەزووکردن لـەخێرایی هـەنگاونان لـەکاتی سورانەوە بۆ دواوە.

٣.لەوانەیـە پێویـست بێـت لەسـەر پاسـەوان لەشوێنی پاسەوانی کردنی سەلام یان سڵاو ئەگەر کاتی بەدەستەوە نەبوو بۆ گەڕانەوەی بۆ شوێنی خـۆی ئەواپێویـستە لەسـەری سـەلام بکـات بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەلەهەردوو کاتەکەدا پێویستە لەسەری بوەستێت وەڕوویکاتە پێشەوە دوای سەلام یـان سڵاو بکات پاشان دەگەڕێتەوە شوێنی پاسەوان یان شێوەی پشوودان وەردەگرێت.

٤.ایعازەکانی ( رهط ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

*پاسەوان بۆ پێشەوە سەلام بکە.

*پاسەوان سڵاو بکە. {ئەم ایعازانە دەدرێت وەك ایعازی بووەستە لەسەر پـێی چـەپ ، ( رهـط ) دەوەستێت و ڕوودەکاتـە پێشەوە دوای سـەلامی پێویست دەکات}

*پاسەوان بۆلای ڕاست یان چەپ ئاسایی ڕێ – کە .

*پاسـەوان پـشوو- بـە: {( رهـط ) هەڵدەوەسـتێت بـە جوڵـەکانی وەك لـە پێشوودا هاتووە}.

پەندی (٩٣)

**پاسەوانی جووت سەلام دەکات لەشوێنی خۆی**

١.پاسـەوانی جـووت پێـك دێـت لەدووسەرباز کـە بەیەکـەوە کاردەکـەن وە جوڵـەکانیان یـەك دەخـەن لەگـەڵ پاسەوانی لای ڕاستی پێشترەوە ئـەم سەربازەی پێشتر دەبێتـە فەرماندەی بنکـەکـە دەبێـت دەسـەڵاتەکەی تونـدو تیـژ بێـت، وەلـەکاتی تێپـەڕبوونی ئەفـسەرێك لـەلای چـەپی پاسەوانی جووت ئەوا کاتەکە دیاری دەکرێت لەلایەن سـەربازی لای

چەپەوە ئەویش بەلێدانی قۆناغ لەسەر زەوی چەند جارێك بەهێواشی.

٢. بۆ فێرکردنی جوڵەکانی پاسەوانی جووت ( رهط ) مەشق پێ دەکرێت بەشێوەیەکی کۆمەڵ لەسەر هەڵسان بەرۆڵی سەربازی لای ڕاست یاخود پێشتر دوای ڕۆڵی سەربازی لای چەپ دوای ( رهط ) دایەش دەکرێت دوای ژماردن (العد) بەدوو بەش نیوەی بەشی ڕاست لە ( رهط )ەکە جێگیر دەبێت وەایعاز دەدرێتە بەشی لای چەپ (چوار هەنگاو لەسەر چەپ ڕێك بە) واتە نێوانە لەنێوان هەردوو بەشەکەدا چوار هەنگاو دەبێت.

٣. لەگەڵ لێدانی قۆناغ بەسوکی بۆ زەوی نێوانەیەکی کاتی ڕێسایی ڕەچاو دەکرێت لەلایەن هەردوو پاسەوان پێش دەست پێ کردن بەجوڵە، واتە هەردووکیان ئامادەن بۆ جێ بەجێ کردنی جوڵەکان وەدوای سەلام کردن پێویستە لەسەر هەردوو پاسەوان کەسەیری ناوەوە بکەن (ڕوو بکەنە یەکتری) دوای پشوو دەدەن بە ایعاز لە لایەن سەربازی پێشتر دوای سەیر کردن بۆ پێشەوە.

٤. هێماکردن (لێدانی قۆناغ بەزەویدا بەسوکی) لەکاتی گەڕانی هەردوو پاسەوان ئەکرێت لەکاتی ڕێکردن تەنها بۆ ناوەوە.

## ڕێکردنی پاسەوان (هێما - یەك لێدان)

٥. پاسەوان بۆ دەرەوە ئاسایی ڕێ کە: دەسوڕێت بۆ دەرەوە ( رهط ) ووریادەبێت، چەك دەگوازێتەوە بۆسەرشان، دەست بەڕێ کردنی ئاسایی دەکات بەشوێنی دیاری کراوی پاسەوان.

تێبینی:

أ.پێویستە درێژای شوێنی پاسەوانی دیاری بکرێت.
ب.ئیعازی (پاسەوان بۆ دواوە-وەرگەڕێ) بەهیچ شێوەیەك نادرێ.

**سەلام کردن بەچەك (هێما-دوولێدان بێت)**

**وە سڵاوکردن بەچەك (هێما-سێ لێدان دەبێت)**

٦. پاسەوان بۆ پێشەوە سەلام بکە یان سڵاو بکە.
٧.پاسەوان پشوو بە (هێما بریتی یە لەسەیرکردنی هەردوو پاسەوان بۆ ناوەوەو پاشان ڕێك کردنەوەی سەریان بۆ پێشەوە)

**بەندی (٩٤)**

**پاسەوانی جووتی ڕێکردوو لەشوێنی پاسەوانی (موقع الحراسة)**

پاسەوان پشوو بە (هێما بەپەنجە گەورەی دەستی ڕاست دەبێت) ئەم هێمایە دەدرێت لەکاتێکدا هەردوو پاسەوانی ڕێکردوو بن بۆ وەستانیان لەپێش چەترەکەیان یان بنکەی پاسەوانێتی ئەم هێمایە دەدرێت لەکاتی گەیشتنی پێی چەپ بۆ سەر زەوی، وەئەم هێمایە دووبارە دەبێت لەگەڵ گەیشتنی پێی چەپ دووبارە بۆ سەر زەوی وەستان دەکرێت لەگەڵ گەیشتنی هەمان پێ بۆسەر زەوی بۆ جاری سێ یەم. دوای هەر دووپاسەوان سەیری پێشەوە دەکەن وەلەهەموو کاتەکاندا پەنجەگەورەی دەستی ڕاست بۆ سەرەوەو پێشەوە دەبێت.

## بەندی – ٩٥ –

## پاسەوانی جووتی ڕێکردوو سەلام دەکات لەشوێنی پاسەوان

سەلام لەسەر قوناغ ( بۆ ئەعوان ) سەلام–کە:

هێما –لەدوو پەنجەی دەستی ڕاست–پەنجەگەورەو پەنجەی شایەتمان

١- پاسەوان بۆ پێشەوە سەلام–کە: پێویستە لەسەر پاسەوانی لای ڕاست ڕەچاوی کاتی دەرکردنی هێما بکات بەمەرجێك هەردوو پاسەوان لەشوێنی خۆیان .. دەستی ئەویش بەکارهێنانی لێدانی پێی چەپ بۆ سەرزەوی و ئاماژە کردن بەپەنجەکان ( لەتوانادا نی یە هەموو کاتێك ئەمە بکرێت )

سەلام کردن بەچەك (بۆ فەرماندەکان ... سەلام کە) – ( هێما – درێژکردنی پەنجە گەورەکەو هەر چوارپەنجەو دەستی ڕاست ) .

٢- پاسەوان بۆ پێشەوە سلاوکە : ئەم جۆنەیە دەکرێت وەك لەخالی یەکەم .

٣- تاهەردوو پاسەوان بجولێنەوە بۆ ناوەوە پێویستە لەسەریان کە سەیری ناوەوە بکەن وە دوای سەلام کردن بەردەوام بن لە ڕێکردن لەسنووری پاسەوانیدا.

ئەگەر هەردووکیان لە : دووری زیاتر لەسێ هەنگاو لەشوێنەکەیان ئەوا دەسوڕێنەوە بۆ ناوەوە وە ئەگەر بەدووری سێ هەنگاو یان کەمتر بن لە شوێنەکەیان ئەوا دەسوڕێنەوە بۆ دەرەوە وە بەردەوام دەبن لە ڕێکردن .

تێبینی: فەرماندە لە ڕووتبەی مقدم بۆ سەرەوەیە ( ئەعوان ) لەڕوتبەی ( رائد ) بۆ خوارەوەیە .

## بەشی - ١٤ -

## پاسەوان و نیشکگر

مەبەست لەم بەشە ڕوونکردنەوەی شێوازێکی ئاسانە بۆ پاسەوان و نیشکگرو گۆڕینەوە یان بەشێوەیەکی باش و یەکگرتوو.

### بەندی - ٩٦ -

ئەم بەندانەی لای خوارەوە بۆ پاسەوانی هەستاو بۆ مەبەستەکانی ئاشتی نەك بۆ مەبەستە تەعبەوییەکان بۆیە پێویستە لەسەر فەرماندەی پاسەوان و نیشکگر سەلام بەدەست بکەن لەجیاتی سەلام کردن بەچەك لەکاتی ڕاهێنانەکانی تەعبەوی و جولاْنەوە بەرجەستەییەکان و هەروەها شمشێری ئەفسەران لەشێوەی هەڵگرتندا دەبێت لەکاتی شێوەی پاسەوانی.

ئەگەر پاسەوان سوار نەبێت شمشێری پێ بێت ئەوە هەموو ڕێنماییەکانی تایبەت بەشمشێر جێبەجێ دەکەن ، پێویستە لەسەر پاسەوان وەلەگەڵیاندا جێگرەوەکان ( بدیل )و نیشکگر کە ڕێبکەون بەشێوەی چەك لەسەرشان وە کێرد بەسترا بێت ( جگە لە نیشکگری جێگری ئەفسەر یان ئەفسەری پۆل کە کێردی پێ نی یە پێویستە لەسەر پاسەوان و دەوریات و نیشکگرو جێگرەوەکان سەلام بکەن وەك لەڕێنماکانی عەسکەریدا هاتووە).

### بەندی - ٩٧ -

چەند خاڵێك دەربارەی پاسەوانی یەکەکان

لەبەرئەوەی پاسەوانی یەکە ئاوێنەی پلەی ئاستی یاساییە لەیەکەدا بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەمانە بکرێت

١. گرنگی دان بەجل و بەرگی پاسەوان و بەژنەکەی وە لەبەر نەکردنی بەرگی نا ڕێسایی.
٢. دەبێت جولەکانی پاسەوانی یەکە جوان و ڕێك بێت لەکاتی کۆبوونەوە یان لەکاتی سەلام کردن یان بڵاوبوونەوە یان لەکاتی هەڵسانی پاسەوان بە ئەرکەکانی .
٣.فەرماندەی پاسەوانی یەکەکان ڕەچاوی ئەوە دەکەن وەك هاتووە لەڕێساکانی سوپا بەشێوەیەکی ڕاست دەربارەی پێش ئێشکگرتنی پاسەوان بۆ فەرماندەی بەرزتر ( الآمر الاعلى ) دوای تەواوبوون لە سەلام کردن ، هەروەها بۆ نموونە ( دیاری کردنی ژمارەکەی و ڕووتبەکەی و پایەکەی بۆ فەرماندە ) .
ژمارە - ٩٥١٢٢٤ ، جێگری عەریف (میران قادر ئەحمد) فەرماندەی پاسەوانی دەرگای ڕێسایی ( باب النظامي ) هی فەوجی یەکەم - لیوای پیادەی ٨-پاسەوان ئامادەیە بۆ پشکنین - گەورەم .
٤. نابێت فەرماندەی پاسەوان ایعازی ( سلاوبکە ) بۆ پاسەوان دەربکات بۆ فەرماندەی سەروتر تەنها ئەگەر خۆی وەستا بێت بەرامبەر پاسەوانان .
٥. فەرماندەی پاسەوان ایعازی ( پاسەوانی ئێشکگر جێگر بەو ئەوانی تر بە ڕۆیشتن ( انصراف ) دەردەکات دوای تەواوبوون لە سلاو کردن بۆ فەرماندەی سەروتر ( الآمر الاعلى ) .
٦. کەمکردنەوەی ئاڵی پاسەوان لەسەر بازگەکان بەپێی توانا وە بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت خاڵەکانی پاسەوانی نزیکن لەیەکتری.
٧. دەبێت ژووری کۆمەڵی پاسەوانی یەکە نموونە بێت بۆ ژوورەکانی تر لەپاك و خاوێنی و ڕێکخستن چونکە میوان یەکەم جار ئەم ژوورە دەبینێت بۆیە دەبێت :

أ- دەبێت بە بەردەوامی پاك و خاوێن بێت .
ب- دەبێت قەرەوێڵەو جێگای پاسەوانان بەشێوەیەکی باش ڕێکخرابێت لەناو ژووردا .
ج- هەڵواسینی کەرەسەی سەفەری ( تجهیزات – سفرية ) کۆمەڵی پاسەوان لەسەر دیوار بێت بەرامبەر جێگاکەیان هەروەها کارتێکیان پێوە گرێدرابێت وە لەسەری نوسرابێت ناو ژمارەی پاسەوان .
د. نابێت دووری نێوان قەرەوێڵەکانی جێگای پاسەوانەکان لە ژووری پاسەوان لەیەك یاردە کەمتر بێت .
هـ- دەبێت پەردە بەکاربهێنرێت و پەنجەرەی ژووری پاسەوان دەبێت پەردەکە لە کوتاڵێکی ئەتك بێت و ڕەنگێکی تاریك .
و- پێویستە ئاوێنەیەك لەهەر ژوورێکی پاسەواندا هەبێت بەپێوانەی (٣٠سم × ١٠٠سم) بێت وە لەناو چوارچێوەیەکی گونجاودا بێت و هەڵواسرابێت لەشوێنێکی نزم بە مەرجێك پاسەوان بەژنی خۆی بەتەواوی تێدا ببینێت .
ز- ڕەسمێکی بەڕێز سەرۆك کۆمار لەهەر ژوورێکی پاسەوان هەڵواسرا بێت .
ح- کات ژمێرێکی دیوار لەگەڵ هەڵواسگەیەکی بچوکی چەك ( مسلح ) لە هەر ژوورێکی پاسەواندا .
٨. پێویستە هەر ( ٢٤ ) کاتژمێر جارێك کۆمەڵی پاسەوان بگۆردرێت ، نابێت کۆمەڵی پاسەوان بۆ کاتێکی درێژ یان بەردەوام لەخاڵێك بمێنێتەوە .
٩. لەپرکەرەوە ( عینە ) چەترێك دابین دەکرێت بۆ خاڵی پاسەوان بۆ پێویستی .

١٠. کەرەسەکانی زۆوری پاسەوان جێگیرن وەپێویست ناکات بەهێنانی بەتانی و جێگای تازە .

١١. لەکاتی گۆڕینی پاسەوانی ئێشکگردا پێویستە ئێشکگری تازە بێتە لای ئێشکگری کۆن وە بۆ ماوەیەکی کەم بەیەکەوە دەبن بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك زانیاری بۆ ئێشکگری تازە.

بەندی – ٩٨ –

**پشکنینی کۆمەڵەکانی پاسەوان**

پشکنینی کۆمەڵی پاسەوان کەسەر بەسریەکانی یەکەن بەم شێوەیە دەبێت:

١- هەر فەرماندەیەکی پاسەوان هەڵدەستێت بەپشکنینی کۆمەڵی خۆی وە عەریفی ئێشکگری هەر سریەیەك هەڵدەستێت بەپشکنینی کۆمەڵی پاسەوانی سەر بەسریەی خۆی لەگەڵ لێدانی ( بوقی پشکنینی پاسەوان ) .

٢- عەریفی ئێشکگری هەر سریەیەك هەڵدەستێت بەبردنی کۆمەڵی پاسەوانی سریەی خۆی بۆ گۆڕەپانی نمایش کۆبوونەوەی پاسەوانانی یەکە لەگەڵ لێدانی ( بوق ) کۆبوونەوەی پاسەوان.

٣- کۆمەڵی پاسەوانان کۆدەبنەوە بەدوو ڕیز لەسەر هێڵی دیاری کراو ( ڕاکێشراو ) وە دەبێت فەرماندەی پاسەوانان لەلای ڕاستی پاسەوانەکانی خۆیان بوەستێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ( قدم )و سریەکان بۆ نموونە کۆمەڵی پاسەوانی سریەی یەك دەبێت لەلای ڕاست بێ‌و دوایی کۆمەڵی پاسەوانی سریەی دوو... هتد.

٤- عەریفی ئێشکگری هەرسریەك دوایی تەواوکردنی کۆبوونەوەی پاسەوان لەپێش و ناوەڕاستی کۆمەڵی پاسەوانی سریەی خۆی بە ( ٥ مەتر ) دەوەستێت .

٥- عەریفی ئێشکگری ( فوج ) کەلەم کاتەدا ئامادەیە لەگۆڕەپانی نمایش وەستاوە لەپێش هێڵی پاسەوان بەدووری (١٥ مەتر )و ڕووی لەپاسەوانان هەڵدەستێت بەدەرکردنی ایعازی (عەریفی ئێشکگرەکان لەبەردەمم - کۆبیەنەوە ) عەریفی ئێشکگرەکانی هەموو سریەکان کۆدەبنەوە لەسەرهێڵێك پاشان لەلایەن پێشترین عەریف ئێشکگری سریە ڕێ دەکرێت بۆلای عەریفی ئێشکگری (فوج) بۆئەوەی پێی ڕابگەیەنێت یەك لەدوای یەك کەپاسەوانەکانیان هەمووی تەواو ئامادەیە بۆ پشکنین.

٦-عەریفی ئێشکگری ( فوج ) بەم شێوەیە ایعاز دەریکات بۆ عەریفە ئێشکگرەکانی سریەکان.

(عەریفە ئێشکگرەکانی سریە شوێنی خۆتان) لەگەڵ ئەم ایعازە دەسوڕێنەوە بۆ دواوە کۆدەبنەوە لەسەرهێڵێك بەپێی پێشترین لەپێش و چەپی هێڵی کۆبوونەوەو وەستانی کۆمەڵەکانی پاسەوان بەدووری (٥م) وەڕوویان بۆ ناوەوەیە.

٧-عەریفی ئێشکگری ( فوج ) بەم شێوەیە ایعاز دەردەکات:

(پاسەوان ووریابە) یان ( کۆمەڵی پاسەوانی یەکەم و دووەم ووریابە ) وە پاشان عەریفی ئێشکگری ( فوج ) هەڵدەستێت بەپشکنینی کۆمەڵی پاسەوانان یەك بەدوایی یەکدا.

٨-لەم کاتەدا ئەفسەری ئێشکگر ئامادەیە لەگۆڕەپان وە لەکاتی تەواوبوونی پشکنین لەلایەن عەریفی ئێشکگری فەوجەوە ایعاز

دەردەكات بەمەبەستی كێردەكان و بەوورپابوون چەك بۆسەرشان و پاشان ئامادەبوونی پاسەوان پێشكەش دەكات بۆ ئەفسەری ئێشكگر.

٩-عەریفی ئێشكگری ( فوج ) دەچێتە شوێنی خۆی كە دەكەوێتە لای چەپ و دوایی ئەفسەری ئێشكگرەكە لەلای خۆیەوە ایعازی ( بۆلا چەك ) بۆ پاسەوانان دەردەكات وەپاشان هەڵدەستێت بەپشكنینان.

١٠-لەپاش تەواوبوونی ئەفسەری ئێشكگر لەپشكنینی پاسەوان بەم شێوەیە ایعاز دەدات:

( پاسەوان ووریابە ) ( بۆشان – چەك ) ( فەرماندەی پاسەوان شوێنی خۆتان ) وەپاش ایعازی ( فەرماندەی پاسەوان شوێن – خۆتان ) فەرماندەكانی پاسەوان هەنگاوێك بۆ پێشەوە دەردەچن وەپاشان بۆلای چەپ دەسوڕێن و هەنگاوێك ڕێ دەكەن و دەسوڕێنەوە بۆلای ڕاست وەلەم كاتەدا دەكەونە ناوەڕاستی كۆمەڵی خۆیان.

١١- ئەفسەری ئێشكگر بەم شێوەیە ایعاز دەردەكات : ( پاسەوان بۆ لای ڕاست وەرگەڕێ )، بۆ ئەركەكانی خۆتان ئاسایی ڕێ كەن

١٢-هەرفەرماندەیەكی پاسەوان بەم شێوەیە ایعاز بۆ پاسەوانی خۆی دەردەكات یەك لەدوایی یەكدا.

( پاسەوان بۆ چەپ – سەیركە ) وەسەلام بۆ ئەفسەری ئێشكگر دەكەن.

١٣- ئەفسەری ئێشكگر فەرمان دەردەكات بۆ عەریفی ئێشكگری ( فوج ) بەبلاوەكردنی عەریفەكانی ئێشكگری سریەكان بە بەكارهێنانی ئەم ایعازە (عەریفی ئێشكگری سریەكان بلاو بە . عەریفی ئێشكگری سریەكان دەسوڕێنەوە بۆ لای ڕاست و سەلام دەكەن بۆ ئەفسەری ئێشكگر پێش بلاوبونەوەیان یان ڕێكردن .

## بەندی – ٩٩ -

## گۆڕینی کۆمەڵی پاسەوان

لەکاتی گۆڕینی کۆمەڵی پاسەوان پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١- پاسەوانی کۆن کۆدەبنەوە وەچەکیان لەسەرشانەو کێرد بەستراوە لەسەرچەک ( جگە لەفەرماندەیی پاسەوان کە کێرد نابەستێن لەسەرچەک ) وەڕوویان لەپێشەوەیە وە ئەمەدەکرێت بەئیعازی ( پاسەوانی ئیشکگر ) لەگەڵ بینینی کۆمەڵی پاسەوانی تازە لەگەڵ نزیکبوونەوەیان.

٢-پاسەوانی تازە لە دووری (١٠) یاردە لەپاسەوانی کۆن دەوەستێت وەڕووی تێ دەکات ( وێنەی ژمارە ٥٩)

٣-فەرماندەی پاسەوانی کۆن ایعاز دەردەکات بۆ پاسەوانانی خۆی (پاسەوانی کۆن سلاٌوکە) وە لەگەڵ جوڵەی ( سلاٌوکە ) ( بوق لێدەر )و پاسەوانی کۆن (بوقی ئاشتی لێ دەدات)

٤-فەرماندەی پاسەوانی تازە ایعاز دەردەکات بۆ پاسەوانانی خۆی (پاسەوانی تازە سلاٌوکە) هەروەها ( بوق لێدەری ) پاسەوانی تازە (بوقی ئاشتی لێ دەدات)


٥-هەردوو پاسەوان چەک دەگوازنەوە بۆسەرشان (چەک بۆشان) (پاسەوانی کۆن دەست پێ دەکات پاشان پاسەوانی تازە)

٦-هەردووپاسەوان چەك دەگوازنەوە بۆلاو پشوودەدەن، پاسەوانی کۆن دەست پێ دەکات پاشان پاسەوانی تازە.

٧- هەردوو فەرمانەدەی پاسەوان ئامادەدەبن وەهەنگاوێك دەچنە پێشەوەو چەك دەگوازنەوە بۆسەرشان وەبەرەو خاڵی پاسەوانی ڕێ دەکەن بۆ ئەوەی فەرماندەی کۆنی پاسەوان کە خاڵی پاسەوانی

بسپێرێت بە فەرماندەی پاسەوانی تازە پاشان هەردوو فەرماندەی پاسەوان دەگەڕێنەوە بۆ لای پاسەوانەکانیان وەدەوەستن لە شوێنە تایبەتەکەی خۆیان بەشێوەی چەک لەسەرشان پاشان هەنگاوێك ڕێ دەکەن بۆ پێشەوە فەرماندەی پاسەوانی کۆن هەردوو پاسەوان ئاگادار دەکاتەوە بەدەنگێکی ڕوون کە ئەستۆپاکی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بەو چەك و کەرەسانەی لێی بەرپرس بووە بۆ ئەستۆی فەرماندەی پاسەوانی تازە نموونە _من ژمارە ٩٤٥١٩ عەریف تارق نامق شریف فەرماندەی پاسەوانی جبە خانەی کۆن هەموو چەك و کەرەسەکانی خاڵی پاسەوانم سپارد بە فەرماندەی جبە خانەی تازە بەتەواوی بەبێ کەموکوڕی تیایدا.

٨- فەرماندەی پاسەوانی تازە بەدەنگێکی ڕوون دان بەوەرگرتنی هەموو کەرەسەو چەك دادەنێت کەفەرماندەی پاسەوانی کۆن دیاری کردووە بۆ نموونە دەڵێت (( من جێگری عەریف (سەروەر جلال) فەرماندەی پاسەوانی تازەی جبەخانە هەموو کەرەسەو چەکم وەرگرتووە لەفەرماندەی پاسەوانی کۆنی جبەخانە بەبێ کەمو کوڕی وەپاشان دەگەڕێتەوە شوێنی خۆیان پاش چەك گوێزانەوە بۆ سەرشان .




گۆڕینەوەی پاسەوانی تازە بە کۆن

وێنەی ژمارە ( ٢٩ )

٩- فەرماندەی پاسەوانی تازە بەم شێوەیە ایعاز بۆ پاسەوانی خۆیی دەردەکات ( پاسەوان ووریا - بە - بۆشان - چەك ) خۆشی ئەم ایعازە جێ بەجێ دەکات.

١٠- فەرماندەی پاسەوانی کۆن ایعاز بەم شێوەیە دەردەکات ( پاسەوان ووریا - بە - بۆشان - چەك ، لەڕاستەوە ، ئاسایی ڕێکە )

١١- پاش تەواوبوونی فەرماندەی پاسەوانی کۆن لە ایعازەکەی، فەرماندەی پاسەوانی تازە ایعاز ( پاسەوان سڵاو - کە ) دەردەکات.

١٢- کەپاسەوانی کۆن کەبێتەلای پاسەوانی تازە بەدووری ( ٥ م ) فەرماندەی پاسەوانی کۆن بەم شێوەیە ایعاز دەردەکات:
( بۆ ڕاست یان چەپ وەرگەڕێ - بۆ ڕاست یان چەپ سەیر - کە )

١٣- دوای ئەوەی کەپاسەوانی کۆن دووردەکەوێتەوە فەرماندەی پاسەوانی تازە پاسەوانەکانی خۆی دەباتە شوێنی پاسەوانی کۆن وەدەرەستێت لەدووری دوو هەنگاو لەبەردەمو ناوەڕاستی پاسەوانەکان پاشان ایعازیان بۆدەردەکات بۆ لاچەکو پشوودان پاشان فەرمانەکانیان بۆ دەردەکات.

١٤- فەرماندەی پاسەوانی تازە ایعاز دەردەکات بۆ ووریابوون وەبۆ شان چەك وەپاشان کۆمەڵی پاسەوان دەسوڕێتەوە بۆلای ڕاست جگە لەپاسەوانی یەکەمو بلاودەبن بەڕێ کردن وەلەکاتی ڕێ کردندا سەلام ناکەن.

## بەندی – ١٠٠ -

## کۆبونەوەو بلاوبونەوەی پاسەوان

١- پاسەوان کۆ – بەرەوە ( ئەم ایعازە لەلایەن پاسەوانی ئێشکگر دەردەکرێت بۆ – ژووری پاسەوان ) هەموو پاسەوانەکان دەردەچن لەژووری پاسەوان بۆ مەبەستی کۆبونەوە بە – ڕاکردنی هاوسەنگ وەبەشێوەی بەرزی چەك ( الحمل العالي ) ئەگەر چەکەکان کێردیان پێوە بێت پاش کۆبوونەوەی پاسەوان چەکەکان دەگوازنەوە بۆ سەر شان بە گوێرەی بەرزی بالآکان بەشێوەیەکی ڕێك دەوەستێ . بەلآم ( بوق لێدەر) ئەگەر هەبێت ئەوە لەدووری دوو هەنگاو لەلای ڕاستی ئەفسەری پۆلی پێشتر ؛ دەوەستێت وە ئەگەر فەرماندەی پاسەوان ئەفسەر بێت ئەوە شوێنەکەی لەپێش ناوەندی پاسەوان دەبێت بەسێ هەنگاو.

٢- پاسەوان بلاو بە بەڕێنکردن ( انصرف ): ئەم ایعازە لەلایەن ئەفسەری پۆلی پێشتر دەدرێت و پاسەوان بلاو دەبێت بۆ ژووری پاسەوان وەپاسەوانی ئێشکگر لەهەمان کاتدا لەگەلْ پاسەوانان سەلام دەکات، پاشان دەلّێت ( بنکەی ژمارە (١) بەلێ گەورەم ) ئەگەر میوان ئەفسەر بێت.

٣-فەرماندەی پاسەوان هاوڕێتی ئەفسەری پشکنەر ( دەکات لەکاتی پشکنینی ژووری پاسەوان و ژووری بەندیخانە ) .

**تێبینی یەکان :**

**پاسەوانەکان بۆ ئەم مەبەستانە کۆدەبنەوە :**

أ- بۆ سەلام کردن بۆ سەرۆکی دەولّەت یان میوانانی سەرکردە یان ئەفسەری پێشتر ، یان یەکە چەکدارەکان ...هتد.

جگە لەماوەی نێوان ( بوق ) ی نوستن وە هەستان ئەوە کۆنابێتەوە تەنها بۆ خولی ئاسایی و گەورە یان بۆ کۆمەڵی چەکدارەکان .

ب . لەکاتی پشکنینی پاسەوان لەلایەن فەرمانددەی پاسەوان لەو کاتەدا گۆی بیستی بوقی نوستن دەبێت بەڵام بەردەوام دەبێت لەپشکنینی پاسەوانەکان.

جـ- لە کاتی کۆبوونەوەی پاسەوان بۆ فەرماندەی لیوا یان بۆ ئەفسەرێک گەورەتر بە ڕووتبە وە پێویستە فەرماندەی پاسەوان لەناو پاسەوانەکان بمێنێتەوە وهاوڕێتی ئەفسەری پشکنەر نەکات.

د- بۆ خولی ئاسایی و خولەکانی تر.

هـ- پێویستە لەسەر ئەفسەری پۆلی فەرماندەی پاسەوان جوڵەکانی خۆی یەکبخات بەچەك لەکاتی سەلام کردن.

و- لەوانەیە فەرماندەی پاسەوان لەژووری پاسەواندا بێت لەماوەی نێوان هەردوو بوقی نوستن و هەستان، لەم کاتەدا پێویستە لەسەر پاسەوانی ئێشکگر ( خفر ) بانگی فەرماندەیی پاسەوان بکات لەکاتی بینینی یەك لەخولەکان (دورات) یان لەکاتی نزیکبوونەوەی کۆمەڵێك چەکدار.

ز- سەلام بۆ ئەفسەری ئێشکگر دەکرێت بەڵام سڵاو بەچەك بۆ سەرۆکی پاسەوان دەکرێت لەکاتی هەڵسانی بەخولی گەورە ( الدورة الكبرى )

## بەندی - ١٠١ -

## دانانی ئێشکگرە جێگرەوەکان - ڕێکردنیان و ڕۆیشتنیان

### دانانی ئێشکگرەوەکان

١- لەگەڵ گەیشتنی ئێشکگری تازە بۆ خاڵێکی نزیك لەبنکەی تایبەتی دیاری کراو بۆی فەرمانی بۆ دەردەکرێت بوەستان وەپێویستە لەسەر ئێشکگر بوەستێت و ڕوبکاتە شوێنی خۆی پاشان لەلایەن

ئەفسەرێکی پۆل فەرمانەکانی بۆ دەخوێنرێتەوە وەمەبەست لە ئەرە پێسپاردن و سنووری شوێنەکەی وە سنووری پاسەوانی کردنەکەی گۆڕینەوەی پاسەوانەکان:

٢- جێگرەوە-بوەستە لەگەڵ گەیشتنی جێگرەوە ئێشکگری کۆن لەبەردەم چەتری پاسەوان دەوەستێت بەشێوەی چەك لەسەرشان ئەفسەری پۆلێك کەلەگەڵ جێگرەوەکە ڕوویان لەیەکترە وەئەفسەری پۆل فەرمانەکان دەردەکات بۆ پاسەوانی تازە.

٣- ئێشکگر ڕێکە_وە ئێشکگرانی کۆن ، دووهەنگاو ڕێدەکات بۆلای چەپ و ئێشکگری تازە دووهەنگاو بۆ پێشەوە دەڕوات و دەسوڕێت بۆ دواوە.

٤-جێگرەوە ئاسایی ڕێ کە : جێگرەوە دەردەچێت وەجێگرەوە سەلام دەکات بۆ ڕاست سەیرکە بەرامبەرەکەی وەڵامی سەلامەکەی دەداتەوە بەلێدانی لەسەر قۆناغ لەگەڵ ایعازی ( بۆ ڕاست – سەیرکە ) وە ( پێش – خۆت ) ڕێکردنی جێگرەوە.

٥-جێگرەوەکان ڕێ دەکەن بەرەتڵی تاکی. لەکاتی ڕێکردن جێگرەوەکان بەئەسەق ئەفسەری پۆل لەدووری دوو هەنگاو لەدوای سەنتەرەوە ڕێ دەکات بەڵام ئەگەر ڕێکردنیان بەرەتڵی تاکی بێت ئەوا لەلای ڕاستی سەربازی دواوە ڕێ دەکات ڕۆیشتنی جێگرەوە :

٦- لەکاتی ڕۆیشتنی جێگرەوە یان ئێشکگرێك ئەوا دەڕوات بۆ ژووری پاسەوان بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەئەفسەرێك یان ئەفسەری پۆل وەئەگەر ئەفسەرێك بینرا لەکاتی ڕۆیشتن ئەوا پێویستە لەسەر پاسەوان سەلامی بۆ بکات.

## بەندی – ١٠٢ –

## بانگ کردن

١- ئەگەر بانگ کردن ڕێگە پێ درا بۆ کەسێك یان کۆمەڵێك کەمافی تێپەڕبوونی هەیە لەسەر ئێشکگر پێویستە :

أ.شێوەی ئامادە باشی وەرگرێت لەکاتی نزیك بوونەوەی کەسێك یان کۆمەڵێك لەشوێنەکەی . وەکەگەیشتە ئاستێك کە گوێ یان لەدەنگی ئێشکگربێت ( خفر ) ئەوە ئێشکگر بەدەنگێکی گونجاو بانك دەکات ( بوەستە ) وە لەکاتی وەستانی ئەو کەسە یان کۆمەڵە ئێشکگر بۆ جاری دووەم بانگ دەکات ( پێشڕەوی بکە ) ( تقدم ) یان ( یەك کەسی پێشڕەوی بکات بۆ خۆناساندن ) وە لەکاتی دڵنیابوونی پاسەوانی ئێشکگر لەناسنامەی ئەو کەسە یان کۆمەڵە ئەو دەڵێت ( باشە تێپەڕە ) پاشان چەك بۆسەرشان دەبات و سەلام دەکات لەکاتی تێپەڕبوونی ئەو کەسە یان کۆمەڵە بەپێی ڕووتبەکانیان.

ب- ئەگەر پێویست بوو ووشەی تێپەڕبوون ( كلمة المرور ) ئاشکرا بکرێت ئەوە پێویستە لەسەر ئێشکگر شێوەی ئامادەباشی وەرگرێت ( وضع التهيوء ) پاشان کۆمەڵی هاتوو بوەستێت لەدووری دە هەنگاو وە لەوێ وە ئێشکگر بانك دەکات بوەستە پاشان دەڵێت ( یەکێك پێشڕەوی بکات ووشەی تێپەڕبوون بڵێت ) دوای یەکێکیان دێتە پێشەوە بۆ ووتنی ووشەی تێپەڕبوون وە ئەگەر ڕاست بێت ئەو ئێشکگر بانك دەکات ( باشە تێپەڕە ) وە لەکاتی تێپەڕبوونی ئەم کۆمەڵە لەپێش پاسەوان و ئەفسەری ئەم کۆمەڵە یان ئەفسەری پۆلەکەی ایعازی ( بۆ ڕاست یان چەپ – سەیرکە ) دەردەکات لەم کاتەدا ئێشکگر سەلام دەکات بەپێی پێویست .

ج- ئەگەر پاسەوانی ئێشکگر هیچ وەڵامێکی وەرنەگرت یان فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرا ئەوە پێویستە لەسەری پاسەوانەکانی تر کۆبکاتەوە یان هەرکارێکی تر کەلە فەرمانەکانی پاسەوانیدا هاتوون.

تێبینی: ئەم شێوازە دەگۆڕدرێت لەکاتی بانگ کردنی پاسەوانی دانراو بۆ مەبەستە تەعبەویەکان ( الأغراض التعبوية )

٣-شێوازی دیاری کراو لەکاتی بانگکردن (المنادات) لەخولەکانی ئاسایی و گەورە (الاعتيادية والكبرى) ئەمەی خوارەوەیە

أ.خولی ئاسایی (الدورة الاعتيادية)

یەکەم. ئێشکگر ایعازی ( بوەستە ) دەدات لەگەڵ وەرگرتنی شێوەی ئامادە باشی (الهيئوء) وە کۆمەڵی خول ( جماعة الدورة ) لەدووری دە هەنگاو وەستاون ( خولی ئاسایی - پێکهاتووە لە - ئەفسەری ئێشکگر،عەریفی ئێشکگرو ئینزباتی ئێشکگر )

دووەم. ئەفسەری ئێشکگر وەڵام دەداتەوە پاش وەستان- ( خولی ئاسایی ) عەریفی ئێشکگر لەلای ڕاستو دواوەی دەبێت وەئینزباتی ئێشکگر لەلای چەپو دواوە.

سێ یەم. ئێشکگری پاسەوان بانك دەكات (خولی ئاسایی- لە شوێن خۆت بوەستە - پاسەوان کۆبەرەوە - پاسەوان کۆبەرەو ... هتد تاکۆبوونەوەی پاسەوان )

چوارەم. پاسەوان کۆدەبنەوە بەڕاگردن بەپێی شوێنەکانیان وە لەسەر هێڵی پاسەوانی نەخشە بۆ ڕاکێشراو دەوەستێت لەبەردەم خاڵی پاسەوان وە بەشێوەی وورپابوون، چەك لەسەرشان پاشان فەرماندەی پاسەوان ایعازی ( ڕێك بە ) دەدات. دوای فەرماندەی پاسەوان پرسیار لەپاسەوانی ئێشکگر دەکات ( ئەوە کێ یە ) و پاسەوان وەڵامی دەداتەوە (خولی ئاساییە) پاشان فەرماندەی پاسەوان دەسوڕێت بەرەو خولی ئاسایی

وایعازی (خولی ئاسایی – وەرەپێشەوە دەردەکات وە لەگەڵ گەیشتنی خولی ئاسایی بەپێنج هەنگاو لە خوی ایعازی (بوەستە) بۆ خولەکە دەرنەکات لەگەڵ ئەم ایعازە خولی ئاسایی دەوەستێت.

پێنجەم. فەرماندەی پاسەوان پرسیار لەئەفسەری ئێشکگر دەکات (نهێنی شەو) ئەفسەری ئێشکگر وەڵامی دەداتەوە بۆ نموونە (هەرێم).

شەشەم. فەرماندەی پاسەوان ایعازی _وەرە پێشەوە) بۆ کۆمەڵی خول دەردەکات وەپاش دووهەنگاو ایعاز دەدات (بوەستە) لێرە بوەستە لەسەر فەرماندەی پاسەوان ووشەی تێپەڕبوون بڵێیت ئەویش بۆ نموونە (کوردستان) پاشان ئەفسەری ئێشکگر وەڵام دەدات بەبەشی سێ هەم لەنهێنی ئەو ئەویش بۆ نموونە ( فیدراڵ ).

حەوتەم. فەرماندەی پاسەوان ایعاز دەردەکات بۆ ئێشکگر کەلەشێوەی ئامادەباشیە (پاسەوان بۆشان چەک) دوایی سەلام دەکات وەئەفسەری ئێشکگر وەڵامی دەداتەوە ، پاشان فەرماندەی پاسەوان خۆی دەناسێنێت ( ژمارە – روتبە – ناوی سیانی – ئەرکەکەی – پاسەوان ئامادەیە بۆ پشکنین گەورەم ) دوای سەلام دەکات بەچەک جارێکی تر.

هەشتەم. ئەفسەری ئێشکگر ایعاز دەدات (بۆلاچەک) وەهەڵدەستێت بەپشکنینی پاسەوان و پرسیار دەربارەی چەند شتێك دەکات وەکو (نهێنی شەو یان کاتەکان و ناوی ئەفسەری ئێشکگر–هتد. پاشان ایعاز دەدات (بۆشان چەک) دوایی ایعاز دەدات (پاسەوانی ئێشکگر–شوێنی خۆت–ئەوانی تر ڕێکە (انصرف) وەئەگەر ویستی لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانی خاڵی پاسەوان یان ژووری پاسەوان بەسەر دەکات.

نۆهەم. ئەفسەری ئێشکگر دەگەڕێتەوە یان خاڵی پاسەوان بەجێ دەهێڵێت وەلەم کاتەدا فەرماندەی پاسەوان و پاسەوانەکانی سەلامی بۆ دەکەن.

دەیەم. لەگەڵ پشکنینی خاڵی پاسەوان پێویستە لەسەر عەریفی ئێشکگر ئینزیباتی ئێشکگر چاودێری خاڵی پاسەوان بکەن.

ب- ئەفسەری ئێشکگر:

یەکەم: پاسەوان بانگی ئەفسەری ئێشکگر دەکات ( بوەستە ) ئەفسەری ئێشکگر وەڵام دەدات ( ئەفسەری ئێشکگر )

دووەهەم: پاسەوان (ئەفسەری ئێشکگر وەرە پێشەوە) دوایی ( بوەستە ) وەداوای ( نهێنی شەو ) دەکات و پاسەوان بەشی دووەهەم لەنهێنی شەو دەڵێت و پاشان ئەفسەری ئێشکگر بەشی سێهەم، دوایی پاسەوان ووریادەبێت و سەلام دەکات بەچەکەو وە خۆی پێشکەش دەکات و دووبارە سەلام دەکات. لێرەدەکرێ ئەفسەری ئێشکگر عەریف و ئینزیباتی ئێشکگری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت وەلەوانەیە بەبێ ئەوانە و جیاوازی لەنێوان ( خولی ئاسایی )و کردەوەکانی ( ئەفسەری ئێشکگر ) ئەوە کەلەخولی ئاسایدا کۆبوونەوەی پاسەوانی تێدایە.

## بەشی پانزە

### فێرکردنی فەصیل و سریە

تێبینی: نابێت ئەم فێرکردنانە تێبگەیەنرێت ئەگەر هاتوو خوێندنەوەو تێگەیشتنی پێناسەکان و جوڵەکانی فصیل نەکرێت وەپاشان جوڵانەوەکانی سریەوفەرج.

پێناسەکان: بگەڕێوە بۆ بەندی (١)

## کلیلی نیشانەکان

## پێوستی نیشانەکان

### بگەڕێوە بۆ بەشەکانی (١٥-١٧)



- فەرماندە
- جێگر
- یاریدەدەر
- رەئیس عورەفای یەکە
- عریف مامۆستا
- فەرماندەی سریە { یان بەرامبەری لە پایەدا
- جێگری فەرماندەی سریە
- رەئیسی عورەفای سریە
- عریف ایعاشە سریە
- فەرماندەی فصیل یان بەرامبەری لە پایەدا
- ئەفسەرانی تر
- عریف فصیل یان بەرامبەری لە پایەدا
- فەرماندەی حضیرە
- کارمەندانی تر
- ڕیز ( یەکەم ، دووەم ، سێیەم )

## بەندی (١٠٢)

## فێرکردنی فەصیل

مەبەست لەفێرکردنی فەصیل:

١. مەبەست لەفێرکردنی فەصیل ئەوەیەکە فەصیل تواناى هەبێت لەکاتی وەرگرتنی شوێنی خۆی لەناو سریە دا لەجێ بەجێ کردنی هەر جوڵەیەك بەفەرمانی فەرماندەی فەصیل بەپێی ئەو ایعازانەی کەلەکوراسەکەدا هاتووە یان هەر ایعازێکی تر، هەروەها پێویستە هەر حەزیرەیەك ڕابهێنرێت لەسەر جوڵەکانی فێرکردنی ( رهط ) پێش دەست پێ کردن بەفێرکردنی فەصیل بۆ ئەوەی بتوانێت شوێنی خۆی لەناو فەصیلەدا وەرگرێت.

خاڵە گشتیەکان:

١. فێرکردنی فەصیل و سریە بەشێکە لەو فێرکردن و ڕێکخستنانەی کەبنەمایەکی بەهێزە بۆ دروست کردنی دسپلین و ڕێساوگیانی خۆبەخت کردن هەروەها بەشێکی گرنگە لەمەشقی پیادە.

٢. مەبەست لەفێرکردنی فەصیل و سریە ئەمانەی خوارەوەیە:

ا. چاندنی روحی مل کەچی لەلای هەموو کەسانی یەکەکە کەیارمەتی فەرماندە بدات بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی لەسەر کەسانی خوارووی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی بەتەواوەتی.

ب. چاندنی روحی شانازی کردنی سەرباز بەخۆی و یەکەکەی یەوە لەکاتی کردنی جوڵەکان ، کەسیمای ڕێساو ووردی پێوەبێت ( النظام والدقة )

ج. ئامادەکردنی فەصیلەکان بۆ هەستان بەجێ بەجێ کردنی هەر جوڵەیەکی خێراو نەترس پاشان ڕاهێنانی فەصیلەکان بۆ ئیش کردن بەکۆمەڵ وەك بەشێك لەسریە.

٢.مەرجەکانی سەرکەوتنی فێرکردنی.

أ. ئیعازی ڕوون و کورت

ب. گوێ بیستنی یەکە لەفەرمان و ئاعازەکانی دەرچوو لەفەرماندەکانیان.

ج . وەرگرتنی فەرماندە شوێنێك کە یارمەتی بدات بۆ فەرماندەیی و کۆنترۆڵ کردنی بەشێوەیەکی باش .

د. پارێزگاری کردن لە نێوانەکانی ڕێسایی لە کاتی کردنی هەر جوڵەیەك بۆ دورکەوتن لە خواریی و تێکەڵ بوونی یەکەکان .


هـ. خۆ ڕێککردنی هەر سەربازێك دوای تەواوبوونی هەر جوڵانەوەیەك بەخێرایی.

## بەندی (١٠٤)

## پێکهاتەو شوێنەکان و خاڵە گشتی یەکان

(التشكيلات والمحلات واموعامة)

١.پێکهاتەکانی فەصیل بەم شێوەیە دەبێت




أ.نەسەق

ب.ڕەتڵ ی ڕێکردن

ج.ڕەتڵی زەکایی

د.ڕەتڵی تاکی

٢.هەرکاتێك فەصیل بەتەنها شیش بکات یان بۆ دووریەکی کەم لە فەصیلەکانی دیکە پێویستە لەسەر فەرماندەی فەصیل و عەریفەکانی کەشوێنێك وەرگرن بۆ خۆیان کەبتوانن سەرپەرشتی فەصیلەکە بکەن بەشێوەیەکی باش. وەپاشماوەی ئەفسەرە پۆلەکان شوێنیان بۆ دەست نیشان دەکرێت وەك لەوێنەی ژمارە (١)ی خوارەوە هاتووە.



وێنەی ژمارە ( ١ )

٣.دەبێت لەلای ڕاست بەبەردەوامی ئاراستەی ڕەتڵی ڕێکردن بکەین جگە لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

ا.لەکاتێکدا کەلای چەپ بۆ پێچ کردنەوە بەکار دەهێنرێت.

ب.لەو وڵاتانە کەیاسای ڕێکردن لەلای چەپی ڕێگایە.


ج.لەکاتی فراوان کردنەوەی ڕوو (الجهة) بۆ لای ڕاست.

د. لەکاتێکدا فەصیل لەناو پێکهاتەی نەسەقدا بێت (تشكيل النسق) ئەوە فەرماندەی حضیرە لێپرسراوە وەکو لەپێشەوە (قدوە) کەشوێنەکەی لەلای ڕاستە، هەروەها لێپرسراوە لەپارێزگاری کردن لەسەر ئاڕاستە.

هـ. لەڕەتڵی ڕێکردن (رتل المسير) یان ڕەتڵی زەکایی ( الرتل الزكوي ) ئەوا فەرماندەی حضیرە کەلەلای ئاراستەکراوە (الجانب الموجة) کەلەلای ڕاستە جگە لەبڕگەی ( أ.ب.ج ) ی سەرەوە هاتووە کەلەلای چەپە وەکو پێشەوا دەبێت (قدوە)

و. لەفێرکردنی فەصیلەدا وەلەکاتی جێ بەجێ کردنی هەر جوڵەیەک ئەوا هەر سەربازێك لەشوێنی خۆی ڕێك دەبێت ئەویش بەسوڕانەوەی سەری بۆ لای ڕاست وەلەپاش تەواو بوونی ڕێك بوون دوبارە سەیری پێشەوە دەکاتو پشوودەدات.

ز. دەربارەی نمایشە عەسکەریەکان ئەوا پێویستە فەصیلەکان ڕابهێنین لەسەر ڕێك بوون بەایعاز، کاتێك کەفەرماندەی فەصیل ایعاز دەردەکات - ( لەڕاست یان چەپ -ڕێکبە ) ئەوا هەر عەریف فەصیلێك (٥) هەنگاو دەردەچێت بەڕێککردنی ئاسایی بۆ تەنیشت فەصیلی خۆی وەسەیری ڕیزی یەکەم دەکاتو چاودێری ڕێکبوونی دەکاتو پاشان دەسوڕێتەوە بۆلای چەپو هەنگاوێك ڕێ دەکات بەئاسایی و دەسوڕێتەوە بۆ لای ڕاستو دەست دەکات بەڕێکردنی ڕیزی دووەمو هەروەها هەمان شێوە بۆ ڕیزی سێیەم هەر کاتێك ڕێك بوون تەواو بوو ئەوە عەریف فەصیل ایعاز دەدات (پێش خۆت)و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی لەپشت فەصیلەوە.



ح.لەکاتی دەرکردنی ایعازی (بۆ ڕیزکردنەوە – بڕۆ ) ئەوا ڕیزی پێشەوە دوو هەنگاوو نیو ڕێ دەکات بۆ پێشەوەو ڕیزی سێ هەم دوو هەنگاوو نیو بۆ دواوە وە لەکاتی ایعازی (بۆ ڕیز داخستن-بڕۆ) هەمان جوڵە دەکرێت بەپێچەوانەوە.

پشکنینی فەصیل: فەصیل کۆدەبێتەوە بەنەسەق بۆ مەبەستی پشکنین لەلایەن فەرماندەی فەصیلەوە وەپشکنین بەم شێوەی خوارەوە دەکرێت:

١.فەصیل ووریابە، بۆ ڕیزکردنەوە بڕۆ،کێرد ببەستە، ووریابە، ئەم ایعازانە عەریفی فەصیل دەری دەکات پاشان سەرژمێری ئامادەبووان پێشکەش بەفەرماندەی فەصیل دەکات پاشان فەرماندەی فەصیل هەڵدەستێت بەپشکنینی کەرەسەو جل وبەرگەکان ، چەکەکان،

ط. کێزە - لێبکەرەوە ووریابە.
بۆ پشکنین –چەک-ڕایکێشە بۆ تێروانین –چەک (لەکاتی پێویست)
ی.فەصیل ووریا - بە بۆ ڕیز داخستن - بڕۆ ئەم ایعازە فەرمانەدەی فەصیل دەری دەکات

بەندی (١٠٥)

ڕێك بوون

١.هەر کاتێك کە فەصیل بەنەسەق وەستا بوو ئەوا ایعازی (بۆ ڕاست ڕێك بە)ی بۆ دەردەکرێت ئەمەش دەکرێت وەك لە فێرکردنی ( رهط )دا هاتووە، هەڵدەستێت بەڕێك کردنی هەموو ڕیزەکان (پێشەوە-ناوەڕاست-دواوە) وەدەگەڕێتەوە بۆ ڕیزی پێشەوەو ایعازی (پێش-خۆت) دەردەکات وەڕیٚ دەکات بۆ شوێنی خۆی بەڕێکردنی ئاسایی.

٢.بۆ بەفیڕۆنەدانی کات دەکرێت ایعازی (پێش-خۆت) خودی فەرمانەدەی فەصیل دەری بکات.

بەندی (١٠٦)

جوڵەکانی فەصیل لە نەسەق

١.شێوە (الوضع): فەصیلێکی بەنەسەق دەمانەوێ بجوڵێنین بۆلای ڕاست یان چەپ لەوەستان بۆ ڕێکردن (نەسەقی وەستان بۆ ڕەتڵی ڕێکردوو).

ایعاز: جوڵە بۆ ڕاست یان چەپ بەڕەتڵی ڕێکردن .... بۆ ڕاست یان چەپ وەرگەڕێ-ئاسایی .... ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: فەصیل دەسوڕێتەوە بۆ ئاراستەی داواکراو لەگەڵ ایعازی (وەرگەڕێ) وەدەست دەکات بەڕێکردن لەگەڵ ایعازی (ئاسایی-ڕێکە)

٢.شێوە: فەصیلێك دەمانەوێ ئاراستەی بگۆڕین بۆ ڕاست یان بۆ چەپ لەئەسەقدا لەڕێکردن بۆ وەستان (ئەسەقی ڕێکردوو بۆ ئەسەقی وەستاو).

ایعاز: بۆ وەستان ئەسەق ڕاست یان چەپ بسو-ڕێ

جێ بەجێ کردن: هەروەك لەفێرکردنی ( رهط )دا هاتووە.

٣.شێوە فەصیلێکی دەمانەوێ ئاراستەی بگۆڕین بۆ ڕاست یان چەپ لەوەستان بۆ وەستان (ئەسەقی وەستاو بۆ ئەسەقی وەستاو).

ایعاز: بۆ وەستان بە ئەسەق بۆ ڕاست یان چەپ بسوڕ-ێ ئاسایی ڕێ کە.

جێ بەجێ کردن: لەایعازی بۆ وەستان ئەسەق (بۆ ڕاست-بسوڕێ) پێشەوای لای ڕاست دەسوڕێتەوەو بازنەیەکی تەواو (دورة کاملة) بۆ لای ڕاست وەپاشماوەی ڕیزی پێشەوە نیو سوڕان دەسوڕێتەوە بۆ لای ڕاست (نصف دورة) بەڵام پاشماوەی فەصیل جێگیر دەبێت لەشوێنی خۆی بەبێ جوڵە وەلەدوای ایعازی (ئاسایی-ڕێ کە) ئەوا پێشەوا (قدوة) سێ هەنگاو ڕێ دەکاتو دەوەستێت . پاشماوەی ڕیزی پێشەوە دەجوڵێتەوە وەك لەفێرکردنی ( رهط )دا هاتووە وەڕیزەکانی دووەمو سێ هەم شوێنی خۆیان وەردەگرن لەپشت ڕیزی یەکەم.

٤.شێوە: فەصیلێکی ئەسەق دەمانەوێ بگۆڕین بۆ ڕەتلی تاکی (الرتل المفرد) لەسەر هەمان ئاڕاستە لەڕێکردن بۆ ڕێکردن _ئەسەقی ڕێکردوو بۆ ڕەتلی تاکی ڕێکردوو).

ایعاز: لەڕاستەوە ڕەتلی تاکی دروست-کە

جێ بەجێ کردن: سێ کەسی یەکەم بەردەوام دەبن لەڕێکردن بەهەمان ئاراستە وەپاشماوەی فەصیل لەشوێنی خۆیان ڕێ دەکەن وەلەکاتی گەیشتنی دوا سەربازی سێ هەمی یەکەم بۆ ئاستی یەکەم سەربازی

سێهەمی دووەم دەست دەکەن بەڕێکردن بەدوای سێ کەسی یەکەمدا وەهەروەها بۆ سێهەمەکانی دیکە تا فەصیل دەبێتە ڕەتلێکی ڕێکردوو.

٥.شێوە: فەصیلی تەسەق دەمانەوێ بگۆڕین بۆ ڕەتلێکی زەکایی لەسەر هەمان ئاڕاستە لەڕێکردن بۆ ڕێکردن (تەسەقێکی ڕێکردوو بەزەکایی ڕێکردوو.

ئیعاز: لەڕاستەوە ڕەتلێکی زەکایی دروست بکە.

جێ بەجێ کردن: سێ کەسی یەکەمو دووەم بەردەوام دەبن لەڕێکردن بەهەمان ئاڕاستە بەڵام پاشماوەی فەصیل لەشوێنی خۆیان ڕێ دەکەن وەلەکاتی گەیشتنی کۆتایی دوو سەرباز لە سێهەمی یەکەمو دووەم بەڕێکی یەکەم سەرباز لەسیانی سێهەم، سیانییەکانی سێهەمو چوارەم دەست دەکەن بەڕێکردن بەدوای سیانییەکانی یەکەمو دووەمدا وەهەروەها پاشماوەی فەصیل تا فەصیل دەبێتە ڕەتلی زەکایی.

٦.شێوە: فەصیلێکی وەستاو بەتەسەق دەمانەوێت پێشڕەوی پێ بکەین بەڕەتلی تاکی بە هەمان ئاڕاستە.

ئیعاز: (تەسەقی وەستاو بۆ ڕەتلی تاکی ڕێکردوو)

لەڕاستەوە: ڕەتلی تاکی دروست-کە-ئاسایی-ڕێکە

جێ بەجێ کردن: وەك لەخاڵی چوارەمدا هاتووە.

٧.شێوە: فەصیلێکی وەستاو بەتەسەق دەمانەوێ پێشڕەوی پێ بکەین بەڕەتلی زەکایی بەهەمان ئاڕاستە (تەسەقی وەستاو بۆ زەکایی ڕێکردوو)

ئیعاز: لەڕاستەوە -ڕەتلی زەکایی-دروست-کە-ئاسایی-ڕێکە

جێ بەجێ کردن: وەك لەخاڵی (٥)ی سەرەوە هاتووە.

٨.شێوە: فەصیلێکی ئەسەق دەمانەوێت بگۆڕین بۆ ڕەتلێکی ڕێکردن بۆیەکێك لەلایەکان لەوەستان بۆ وەستان (ئەسەقێکی وەستاو ڕەتلێکی ڕێکردنی وەستاو)

ایعاز: بۆ ڕاست یان چەپ – وەرگە – ڕێ.

جێ بەجێ کردن: فەصیل دەسوڕێتەوە بۆ لای داواکراو.

٩.شێوە: فەصیلی وەستاو بەئەسەق دەمانەوێت بگۆڕین بۆ ڕەتلێکی ڕێکردوو بەهەمان ئاڕاستە یان پێشڕەو یان ڕاکێشراو ( متقدم ومحسوب ) ( پێشڕەوی ئەسەق بۆ ڕەتلێکی ڕێکردوو بۆ پێشەوە یان دواوە) پێشڕەو ( المتقدم ) مانەوەی پێشەواکان بۆ دواوە. پێشڕەوی کردن ( التقدم ) پارێزگاری کردن لەهەمان ئاڕاستەی ڕێکردن کشانەوە ( الانسحاب ) ڕێکردن بەپێچەوانەی ئاڕاستەی ڕێکردن بەگۆشەی (١٨) پلە.

ایعاز: کشانەوە بەڕەتلی ڕێکردن لەڕاستەوە ( یان چەپ ) – بۆ لای ڕاست یان چەپ وەرگەڕێ بۆ لای ڕاست یان چەپ بسوڕی ئاسایی ڕێکە.

١٠.شێوە: فەصلێکی وەستاو بەئەسەق دەمانەوێت بۆ دواوە بکشێنین بە ڕەتلێکی ڕێکردن بۆ پێشەوە، یان دواوە (کشانەوەی ئەسەقی وەستاو بۆ ڕەتلێکی ڕێکردوو پێشڕەویان ڕاکێشراو)

ایعاز: کشانەوە بەڕەتلی ڕێکردن لە ( ڕاستەوە یان چەپ ) بۆ ( ڕاست یان چەپ ) وەرگەڕێ – بۆ چەپ بسوڕی ئاسایی ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: فەصیل دەسوڕێتەوە بۆ ئاڕاستەی داواکراو دوایی لەگەڵ ایعازی ئاسایی ڕێکە دەکشێتەوە.

## بەندی (١٠٧)

## جوڵەکانی فەصیل لەڕەتڵی ڕێکردن (رتل المسير)

١١.شێوە: فەصیلێك لەڕەتڵی ڕێکردن ئەسەقێك پێك دەهێنێت لەسەر ڕاست یان چەپ لەوەستان بۆ وەستان (ڕەتڵی ڕێکردنی وەستاو بۆ ئەسەقی وەستاو).

ایعاز: فەصیل . بۆ چەپ-وەرگە-ڕێ یان بۆ ڕاست-وەرگە-ڕێ.

جێ بەجێ کردن: فەصیل دەسوڕێتەوە بۆ لای ڕاست یان چەپ.

١٢.شێوە: فەصیل بەڕەتڵی ڕێکردن ئەسەقێك پێك دەهێنێت لەسەرهەمان ئاڕاستە لە وەستان بۆ وەستان (ڕەتڵی ڕێکردنی وەستاو بۆ ئەسەقی وەستاو بەهەمان ئاراستە)

ایعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ یان ڕاست فەصیل دروست-کە-ئاسایی-ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: لەگەڵ ایعازی بۆ وەستان لەسەر ڕاست فەصیل دروست-کە پێشەوای لای ڕاست جێگر دەبێت بەبێ جوڵە . پاشماوەی فەصیل دەسوڕێتەوە نیو بازنە (نصف الدورە) بۆ ڕاست یان چەپ ئەگەر ایعازەکە لەسەر چەپ بوو وە لەگەڵ ایعازی ئاسایی-ڕێکە پێشەوای لای ڕاست سێ هەنگاو ڕێدەکات بۆ پێشەوە و دەوەستێتو پێشەوای ڕیزی ناوڕاست لەپشتی دەوەستێت هەروەها پێشەوای ڕیزی لای چەپ وەپاشماوەی فەصیل دەجوڵێتەوە وەك لەفێر کردنی (رهط )دا هاتووە.

١٣.شێوە: فەصیل لەڕەتڵی ڕێکردن وەڕەتڵێکی زەکایی (جوت) پێکدەهێنێت لەسەر هەمان ئاڕاستە لەڕێکردن بۆ ڕێکردنی (ڕەتڵی ڕێکردنی ڕێکردوو بۆ زەکایی ڕێکردوو لەسەر هەمان ئاڕاستە)

ایعاز: زەتڵی زەکەوی دروست بکە.

جیٚ بەجیٚ کردن: حضیرە یەکەمو دووهەم ( ڕیزی چەپو ناوەڕاست) بەردەوام دەبن لەڕێکردن و حضیرەی سێهەم شەش سەربازی سیٚ هەمی پێشەوەی ( نیوەی پێشەوەی حەزیرە ) لەشوێنی خۆیان ڕیٚ دەکەن بەڵام پاشماوەکەی تری ئەم حضیرەیە بەردەوام دەبن لەڕێکردنداو دەکەونە دوای حضیرەی یەکەمو نیوەی پێشەوە (شەش سەربازی پێشەوە) دەکەونە دوای حضیرەی دووهەم.

١٤.شێوە: فەصیل لە ڕەتڵی ڕێکردندا ڕەتڵێکی زەکەوی پێکدەهێنێت لەسەرهەمان ئاڕاستە لەوەستان بۆ ڕێکردن (ڕەتڵی ڕێکردنی وەستاو بۆ زەکانی ڕێکردوو بەهەمان ئاڕاستە)

ایعاز: ڕەتڵی زەکەوی دروست کە-ئاسایی-ڕێکە.

جیٚ بەجیٚ کردن: وەك لە (١٣) هاتووە.

١٥. شێوە: فەصیل لەڕەتڵی ڕێکردن ڕەتڵێکی تاکی پێك دەهێنێت لەسەر هەمان ئاڕاستە لەڕێکردن بۆ ڕێکردن ( ڕەتڵی ڕێکردنی ڕێکردوو بۆ ڕەتڵی تاکی ڕێکردوو).

ایعاز: ڕەتڵی تاکی دروست-کە.

جیٚ بەجیٚ کردن: ڕیزی لای چەپ بەردەوام دەبێت لەڕێکردن وەدوو ڕیزی تر ( ناوەڕاستو لای ڕاست ) لەشوێنی خۆیان ڕیٚ دەکەن وەلەگەڵ گەیشتنی دوا سەربازی ڕیزی چەپ لەڕێکی یەکەم سەربازی ڕیزی ناوەڕاست، ڕیزی ناوەڕاست دەردەچێت وەهەروەها دەربارەی ڕیزی لای ڕاست تا فەصیل دەبێتە ڕەتڵی تاکی.

## بەندی (١٠٨)

## جوڵەکانی فەصیل لەرەتڵی زەکایی (الرتل الزكوي)

١٦ شێوە: فەصیل لە رەتڵی زەکایی ئەسەق پێک دەهێنێت بە هەمان ئاراستە لەرێکردن بۆ وەستان (رەتڵی زەکایی رێکردوو بۆ ئەسەقی سێ ریزی وەستاو بەهەمان ئاراستە)

ایعاز: بۆ وەستان (واقفا) لەسەر چەپ فەصیل دروست-کە.

جێ بەجێ کردن: سێهەمەکانی یەکەم و دووەم دەوەستن وەپاشماوەی فەصیل لەرێکردن پێچ دەکەنەوە (نیوەی لای چەپ) وەلەگەڵ گەیشتنی سێهەمەکانی سێهەم و چوارەم بەرێکی سێهەمەکانی یەکەم و دووەم دەوەستن و رێک دەبن وەبەم شێوەیە هەردوو سێهەمەکانی پێنجەم و شەشەم بەردەوام دەبن هەروەها دەربارەی پاشماوەی فەصیل تا فەصیل دەبێتە ئەسەق.

تێبینی: ئەم ایعازە دەردەکرێت کاتێک کەرەتڵی زەکایی پێک هێنرابێت لەئەسەق (برگەی ٥)

١٧ شێوە: فەصیل لە رەتڵی زەکایی رەتڵێکی رێکردن پێک دەهێنێت بەهەمان ئاراستە لەرێکردن بۆ رێکردن (رەتڵی زەکایی بۆ رەتڵی رێکردن بەهەمان ئاراستە).

ایعاز: رەتڵی رێکردن دروست - کە .

جێ بەجێ کردن: ریزی یەکەم (چەپ) وەریزی دووەم (ناوەراست) و بەشی دواوە لە ریزی سێهەم ئەوانەی کەوتوونەتە لای چەپ لەشوێنی خۆیان رێ دەکەن، بەلام سەربازەکانی پێشەوەی نیوەی ریزی سێهەم ئەوانەی کەوتوونەتە لای راست بەردەوام دەبن لەرێکردن بەرێکی لای راستی ریزی دووەم و لەگەڵ گەیشتنی یەکەم سەربازی (نیوەی پێشەوەی

ڕیزی سێیەم) لەڕێکی سەربازی یەکەم لەڕیزی دووەم لە شوێنی خۆیان ڕێ دەکەن لەگەڵ ڕیزی یەکەم و دووەم لە کاتی گەیشتنی دوا سەرباز لەنیوەی پێشەوە لەڕێکی سەربازی یەکەم لەنیوەی دواوە ، نیوەی دواوە دەردەچێت و دەکەوێتە دوای نیوەی پێشەوە وەدوایی کە فەصیل دەبێتە ڕەتلێکی ڕێکردن بە ڕێکردنی ئاسایی دەردەچێت بۆ پێشەوە بە ئیعازی (بۆ پێشەوە) لەلایەن فەرماندەی فەصیل.

### بەندی (١٠٩)

### جوڵەکانی فەصیل لەڕەتلی تاکی

١٨.شێوە: فەصیل لە ڕەتلی تاکی ڕەتلێکی ڕێکردن پێک دەهێنێت لە ڕێکردن بۆ ڕێکردن (ڕەتلی تاکی ڕێکردوو بۆ ڕەتلی ڕێکردنی ڕێکردوو)

ئیعاز: ڕەتلی ڕێکردن دروست-کە.

جێ بەجێ کردن: حضیرەی یەکەم (ڕیزی یەکەم) لەشوێنی خۆی ڕێ دەکات و ڕیزی دووەم (پێشڕەوی دەکات لەلای ڕاستی ڕیزی یەکەم و ڕێ دەکات بە پەنایەوە وەلەشوێنی خۆی ڕێ دەکات هەروەها ڕیزی سێیەم بەم شێوەیە دەجوڵێتەوە تا هەرسێ ڕیز دەگاتەوە لای یەکترەوە دوایی فەرماندەی فەصیل ئیعاز دەدات بۆ (پێشەوە).

تێبینی: ئەم ئیعازە جێ بەجێ دەکرێت لەکاتێکدا کەڕەتلی زەکایی پێک هاتووە لەڕەتلی ڕێکردن ( ١٦)

١٩.شێوە: فەصیل بەڕەتلی تاکی ئەسەق پێک دەهێنێت لەسەر هەمان ئاراستە لەڕێکردن بۆ ڕێکردن (ڕەتلی تاکی ڕێکردوو بۆ ئەسەقی ڕێکردوو بەهەمان ئاراستە)

ئیعاز: لەسەر چەپ فەصیل دروست- کە.

جێ بەجێ کردن: سێ کەسی یەکەم لەشوێنی خۆیان ڕێ دەکەن و پاشماوەی پێنج دەکاتەوە لە ڕێکردن بەرەو نیوەی لای چەپ وە لەگەڵ گەیشتنی سێ کەسی دووەم بەپەنای سێ کەسی یەکەم لەگەڵیان لەشوێنی خۆیان ڕێ دەکەن هەروەها دەربارەی سێ کەسی دوای ئەوان تا پێکهاتەی ئەسەق دروست دەکرێت دوای فەصیل ڕێ دەکات لەگەڵ ایعازی (بۆ پێشەوە) لەلایەن فەرماندەی فەصیل.

تێبینی: ئەم ایعازە جێ بەجێ دەکرێت لەکاتێکدا کەفەصیل پێك هاتووە لەرەتلی تاکی لەئەسەق (خاڵی ٤).

## بەشی شانزەهەم

## فێرکردنی سریە

ئەم جوڵانە پێویستن لەفێرکردنی سریە کە بریتییە لە ئەرکە سەرەکییەکانی باس کراو لەم کوراسەیە.

فێرکردنی سریە کە بڕێوەدەچێت بەشێوەیەکی جوان و باش زۆر گرنگە بۆ ئاوادان کردنی گیانی تەبایی و ورە بەرزی بۆ سریە هەروەها زۆرباشە بۆ گەشەپێدانی فەرماندەی بۆ ئەفسەرە تازەکان.

پێویستە پێش فێرکردنی سریە چەند وانە بۆ ئەفسەرو ئەفسەری پۆلەکان بگوترێت هەروەها پێشەواکان دەربارەی پێکهاتەکانی سریەو ئەو جوڵانەی کەپێویستە لەسەریان بیکەن بۆ فێرکردنی سریە.

## بەندی (١١٠)

## پێکهاتەکانی سریە

ئەمانەی خوارەوە پێکهاتەکانی سریەن

١-ئەسەق

٢-ڕەتڵی ڕێك‌و پێکی فەصیلەکان


٣. ڕەتڵی ڕێکردن

٤. ئەسەقی سیانی فەصیلەکان

٥. ڕەتڵی فەصیلەکان

١. ئەسەق: پێکهاتەیەکە لەسێ فەصیل سێ هەنگاو لەنێوان هەر فەصیلێك.

هەر فەصیلێك دەوەستێت وەك لەفێرکردنی فەصیل دا هاتووە وە فەرماندەی سریە پێش سریە دەوەستێت‌و لەپێش فەرماندەی فەصیلی ناوەڕاست‌و جێگری فەرماندەی سریە دەوەستێت لەدووری سێ هەنگاو لەپێش سەربازی لای ڕاستی سریەو ڕەئیسی عەریفەکان دەبێت بەشێوەیەکی تەریب بێت لەگەڵ عەریفی فەصیلی ناوەڕاست‌و لەلای ڕاست‌و بەدووری یەك هەنگاو بەڵام عەریفی (اعاشة)ی سریە لەسەر هەمان هێڵ دەوەستێت بەدووری یەك هەنگاو لەلای چەپی عەریفی فەصیلی ناوەڕاست.



٢. ڕەتڵی ڕێك و پێكی فەصیلەكان

ئەو پێكهاتەیە كەفەصیلەكان دەكەونە دوای یەكتر بەپێكهاتەی نەسەق وە لە نێوان هەر فەصیلێك (١٢) هەنگاو تا هەر فەصیلێك بتوانێت ڕیزەكانی بكاتەوە بۆ مەبەستی پشكنین.

٣. ڕەتڵی ڕێكردن: سریە شێوەیەك وەردەگرێت كەفەصیلەكان بەڕەتڵی ڕێكردنی بن وە لەنێوان هەر فەصیلێك سێ هەنگاو دەبێت ئەم پێكهاتەیە دوو شێوەی هەیە شێوەی یەكەم ڕەتڵی ڕێكردن بە ( ڕێكردنی ووریابوون ( سیر الاستعداد ) وەشێوەی دووهەم (ڕێكردنی پشوودان (سیر الاستراحة) شێوەی یەكەم پێ ی دەگوترێت ڕەتڵی

سیانی (رتلی ثلاث)و هیچ جیاوازی لەگەڵ شێوەی دووهەم نی یە تەنها دەربارەی شوێنی ئەفسەرو ئەفسەری پۆل/ بۆ نموونە لەڕەتلی ڕێکردن (ڕێکردنی ووریابوون) یان ڕەتلی سیانی ئەفسەر دەبێت لەلای چەپی یەکەی خۆی بێت وە ئەفسەری پۆڵ دەبێت لەلای ڕاستی یەکەکە بێت یان سریە بەڵام لەڕەتلی ڕێکردنی پشوودان ئەفسەرو ئەفسەرە پۆلەکان لەناو ڕیز دەبن.

بۆ نموونە فەرماندەی سریە لەپێش سریە دەبێتو رەئیسی عەریفەکان لەگەڵ فەرماندەی فەصیلی پێشڕەو دەبێت (المتقدم) وەجێگری فەرماندەی سریەو عەریفی (اعاشە)ی سریە لەدوای فەصیلی دواوە ڕێ دەکەن بەڵام فەرماندەی فەصیلەکان ئەوا لەپێش فەصیلەکانی خۆیان دەبنو عەریف فەصیل لەدوای فەصیل دەبن.




ڕەتلی ڕێکردوو وە دووری نێوان فەصیلەکان سێ هەنگاوە

٤- نەسەقی سیانی فەصیلەکان :

سیانی فەصیل: ئەوە پێکهاتەیەکە دەبێت فەصیلەکان بەڕەتڵی ڕێکردن کەتەریب یەکتری بن نێوانیان ۱۸ هەنگاو فەرماندەی فەصیلەکان لەپێش فەصیلەکان دەبن و عەریفەکان لەدواوە وەك لە.

۱-کاتێك کە سریە بەنەسق یان بەڕەتڵی ڕێك و پێکن فەصیلەکان دەوەستێت ئەگەر پێویستیان بەڕێك بوون هەبوو بەایعازی لەسەر ڕاست ڕێك بە بەم شێوەی خوارەوە.



نەسەقی سیانی فەصیلەکان

**سریە بە ئەسەق:**

٢-لەکاتی دەرکردنی ایعازی لەسەر ڕاست ڕێك بە سریە هەڵدەستێن

بەم کارانەی خوارەوە:

أ. سەربازەکان لە ڕاستەوە ڕێك دەبن.

ب. ئەفسەرەکانی سریە دەسوڕێنەوە بۆ دواوە کاتێك سەربازەکان سەیری لای ڕاست دەکەن بەیەك جوڵە بۆ سەرپەرشتی کردن لەسەر ڕێك بوون.

ج. جێگری فەرماندەی سریە دەسوڕێتەوە بۆ لای ڕاست بۆ ڕێك بوون و ئەفسەرانی سریە پاشان دەسوڕێنەوە بۆ ڕووبەرو بوونەوەی ڕیز.

د. ڕەئس عورەفای سریە دەسوڕێتەوە بۆ لای ڕاست وەڕێ دەکات پێنج هەنگاو بۆ تەنیشتی سریە پاشان دەسوڕێتەوە بۆ لای چەپ وەدەوەستێت لەبڕنکی ڕیزی یەکەم بەدوری پێنج هەنگاو پاشان دەسوڕێتەوە بۆ لای چەپو هەڵدەستێت بە ڕێکردنی هەر سێ ڕیزەکە بەدوای یەکدا وەپاش تەواو بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزی یەکەم تا ایعازی پێش خۆت دەربکات. وەلەکاتی دەرکردن ئەم ایعازە ئەم کارانەی خوارەوە دەکرێت:

یەکەم: سەربازەکان سەر دەسوڕێنن بۆ پێشەوە.

دووەم: ئەفسەران دەسوڕێنەوە بۆ دواوە.

سێ هەم: ڕەئس عورەفای سریە دەسوڕێتەوە بۆ لای چەپ وە بەڕێکردنی ئاسایی لەشوێنی خۆی ڕێ دەکات.

سریە بەڕتڵ و ڕێکو پێکی قەصیلەکان

٣- لەگەڵ دەرکردنی ایعازی لەسەر ڕاست ڕێك-بە سریە بەم کارانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

ا-سەربازەکان ڕێك دەبن لەسەر ڕاست.


ب-ئەفسەران دەسوڕێنەوە بۆ دواوە جگە لە جێگری فەرماندەی سریە.

ج-عەریف فەصیلەکان دەسوڕێنەوە بۆ لای ڕاست وەڕێدەکەن بەدووری پێنج هەنگاوی بۆ تەنیشت فەصیل وە دەوەستێت پاشان دەسوڕێتەوە بۆ لای چەپ وە هەڵدەستێت بەڕێك کردنی ڕیزەکان وە پاش ڕێك کردنی هەرسێ ڕیزی فەصیلەکان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان لەدووری پێنج هەنگاو لەبەردەم ڕیزی پێشەوەی فەصیلەکان وە ڕوویان لەناوەوەیە.

تێبینی: بۆ ئەوەی عەریف فەصیلەکان جوڵەکانیان یەك بێت لەبەرئەوە ژمارەی هەنگاوەکانیان کە ڕوو لەدەرەوەیە دەستنیشان دەکرێت.

د- ڕەئس عورەفای سریە دەردەچێت لەگەڵ دەست پێکردنی ایعازی ( لەسەر ڕاست ڕێك بە)وە دەوەستێت لەدووری شەش هەنگاو لەبەردەم سریەو ڕوو دەکاتە سەربازی لای ڕاستی سریە بۆ ڕێك کردنی لای ڕاستی هەر فەصیلێك پاشان دەسوڕێتەوە بۆ لای چەپ وە دەردەچێت بۆ چاودێری کردنی ڕێك بوونی عەریف فەصیلەکان.

هـ- لەگەڵ تەواو کردنی ڕێك بوونی فەصیلەکان عەریف فەصیلی پێشڕەو ایعازی (فصیل – پێش خۆت) دەردەکات هەروەها ئەم ایعاز دەرکردنە هەمان فەصیلەکانی تر دەری دەکەن، وە لەگەڵ تەواو بوونی ایعازی پێش خۆت ڕێك بوون بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.



سرِيە بە ڕەتڵی فەسیلەکان

و- فەرمانەكان دەسوڕێنەوەبۆ دواوە.
ز- ڕەتس عورەفاى سريەو عەريف فەصيلەكان دەگەڕێنەوە شوێنى خۆيان.

٥. ڕەتلى فەصيلەكان:
سريە بەڕەتلى فەصيلەكان هەمان پێكهاتەى ڕوونكراوەى سەرەوەى هەيە بەلاًم دوورى لەنێوان فەصيلەكان يەكسانە لەگەڵ درێژى فەصيلى دووەم لەگەڵ ( سێ سێ هەنگاو) ئەم دوورى يەش دەگۆڕدرێت بەپێى ئامادەبوانى فەصيل.
بەلاًم بەشێوەيەكى بەربلاًو دەبێت (١٨) هەنگاو بێت (١٥) هەنگاويان بۆ ڕووى فەصيل وە (٣) هەنگاوەكەى تر بۆ نێوانى فەصيل و فصيلێكى ترە.

## بەندى (١١١)

## ايعازەكانى لەئەسەق

١- شێوە: سريە بەئەسەق دەمانەوێت بيكەين بەڕەتلى فەصيلەكان بەهەمان ئاراستە لەوەستان بۆ ڕێكردن.

لەسەر فەصيلى يەكەم ( ڕاست ) :

ايعاز: پێشڕەوى بەڕەتلى فەصيلەكان لەڕاستەوە-ئەوانيتر بۆ ڕاست وەرگەڕێ-ئاسايى ڕێ كە.

جێ بەجێ كردن: فەصيلى يەكەم دەردەچێت دواى دەركردنى ايعاز بەلاًم فەصيلى دووەم (ناوەندى) لەشوێنى خۆى ڕێ دەكات دوو هەنگاو ئاوەرگرتنى نێوانەيەك لەگەڵ فەصيلى لاى ڕاست پاشان دەست دەكات بە ڕێ كردن وە لەگەڵ گەيشتنى پێشەواى فەصيلى دوو بۆ ڕێكى ئاوەڕاستى فەصيلى يەكەم فەرماندەى فەصيلى دوو ايعاز دەدات.

(نیوەی چەپ-وەرگەڕێ) وەلەگەڵ گەیشتنی کۆتایی فەصیلی یەکەم بەپێشەوای فەصیلی دوو فەرماندەی فەصیلی دوو دوبارە ایعازی (نیوەی چەپ - وەرگەڕێ) دەردەکات وە فەصیلی سێ بەهەمان شێوەی فەصیلی دوو دەکات .

٢- فەصیلی ناوەندی:

ایعاز: پێشڕەوی بەڕەتڵی فەصیلەکان لەناوەندەوە ئەوانی تر بۆ ناوەوە وەرگەڕێ-ئاسایی ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: فەصیلی یەکەم دەسوڕێتەوە بۆ لای چەپ وەفەصیلی چەپ بۆ لای ڕاست وە لەگەڵ ایعازی ( ئاسایی ڕێکە ) فەصیلی دووهەم دەردەچێت بەهەمان ئاڕاستەی خۆی فەصیلەکانی دیکە پێشڕەوی دەکەن بەپێی پێشترینیان (حسب القدم) واتە یەکەم دوایی سێیەم وە جوڵە دەکرێت وەك لە بڕگەی ﴿ ١ ﴾ دا هاتووە کە فەرماندەی فەصیلی یەکەم دوو جار ایعاز دەدات ﴿ نیوەی ڕاست وەرگەڕێ ﴾ وە فەرماندەی فەصیلی سێ جارێکی دیکە ﴿ بۆ چەپ وەرگەڕێ ﴾ .

٢. فەصیلی لای چەپ :

ایعاز : پێشڕەوی بە ڕەتڵی فەصیلەکان لە چەپەوە - ئەوانی دیکە بۆ لای چەپ وەرگەڕێ - ئاسایی ڕێکە .

جێ بەجێ کردن : فەصیلی لای چەپ ﴿ سێیەم ﴾ دەردەچێت دوای ایعازی ﴿ ئاسایی ڕێکە ﴾ وە فەصیلی دووەم لە شوێنی خۆی ڕێ دەکات دوو جار وەك لە بڕگەی ﴿ ١ ﴾ دا هاتووە بەڵام لێرە فەرماندەی فەصیل ایعاز دەدات دوو جار ﴿ نیوەی ڕاست - وەرگەڕێ ﴾ هەروەها فەرماندەی فەصیلی یەکیش .

٤. شێوە : سریە بەتەسەق ئەماتەوێ ڕەتڵی فەصیلەکان لێ ی دروست کەین بەهەمان ئاراستە لە وەستان بۆ وەستان .

ایعاز : بۆ وەستان لەسەر ڕاست ڕەتلی فەصیلەکان دروست کە ئەوانی دیکە بۆ ڕاست دەرگەڕێ – ناسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن : فەصیلەکان دەسوڕێنەوە بۆ لای ڕاست جگە لە فەصیلی لای ڕاست وە دوایی ایعازی ﴿ ناسایی ڕێکە ﴾ فەصیلی دوو و سێ ڕێدەکەون وە شوێنی خۆیان وەردەگرن لە دوایی فەصیلی یەکەم وە دوایی فەرماندەیی فەصیلی دوو و سێ ایعاز دەردەکەن ﴿ فەصیل – بوسە بۆ لای چەپ وەرگەڕێ ﴾ وە لەم حاڵەتە پێشڕەوای هەردوو فەصیلی دوو و سێ دەدەچن وە دووری دروست دەکێشن بۆ فەصیلەکانیان .

ە. لەسەر فەصیلی ناوەندی :

ایعاز ﴿ أ ﴾ بۆ وەستان لەسەر فەصیلی دوو – ڕەتلی فەصیلەکان دروست کە – ئەوانی دیکە بۆ ناوەوە وەرگەڕێ – ناسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن : دوای ایعازی ﴿ بۆ ناوەوە ﴾ فەصیلی یەک دەسوڕێتەوە وە بۆ لای چەپ وە فەصیلی سێ بۆ لای ڕاست لەگەڵ ایعازی ﴿ ناسایی ڕێکە ﴾ فەصیلەکان پێشڕەوی دەکەن بۆ شوێنی خۆیان دوایی فەصیل دەوەستێ بە ﴿ ایعاز ﴾ لەلایەن فەرماندەکانیان و دەسوڕێتەوە بۆ ئاراستەی بنەڕەتی خۆی وە ئەگەر پێویست بو سریە بکرێت بە ڕەتلی فەصیلەکان لەسەر فەصیلی ناوەندی ئەو وەستانی فەصیلەکان ڕێك دەخرێت لەلایەن خودی فەرماندەی سریە .

ایعاز ﴿ ب ﴾ بۆ وەستان لەسەر فەصیلی دوو ڕەتلی فەصیلەکان دروست کە بە پێی زنجیرەی فەصیلی دوو و فەصیلی سێ – فەصیلی یەك – ئەوانی دیکە بۆ ناوەوە وەرگەڕێ – ناسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن : وەك لەبڕگەی ﴿ ٤ ﴾ ی سەرەوە .

٦. لەسەر فەصیلی لای چەپ :

ئیعاز : بۆ وەستان لەسەر چەپ ڕەتڵی فەصیلەکان دروست کە – ئەوانی دیکە بۆ چەپ وەرگەڕێ – ئاسایی ڕێ کە .

جێبەجێ کردن : فەصیلی یەك و دوو دەسوڕێنەوە بۆ لای چەپ وە لەگەڵ ئیعازی ﴿ ئاسایی ڕێکە ﴾ هەردوو فەصیل شوێنی خۆیان وەردەگرن دوای فەصیلی سێ جوڵەکان وەردەگرن وەك لە بڕگەی ﴿ ٤ ﴾ ی سەرەوە .

٧. شێوە : سریەی ڕێکردوو بە نەسەق دەمانەوێ پێشڕەوی پێ بکەین بە ڕەتڵی فەصیلەکان لە فەصیلی ڕاستەوە .

ئیعاز :بە ڕەتڵی فەصیلەکان بەدوای یەکدا لە ڕاستەوە – ئەوانی دیکە بۆ ڕاست وەرگەڕێ .

جێبەجێ کردن :فەصیل بەردەوام دەبێت لە ڕێکردن بە ئاراستەی خۆی بە نەسەق بەڵام فەصیلی دووەم و سێ هەم دەسوڕێتەوە بۆلای ڕاست لەگەڵ ئیعاز دوای جوڵە کە جێبەجێ دەکرێت وەك لە ئیعاز ژمارە ( ١ ) واتە فەرماندەی فەصیلی دوو و سێ دووجار ئیعاز ئەدەن ( نیوەی چەپ وەرگەڕێ ) .

٨– لەفەصیلی ناوەندی یەوە :

ئیعاز : بەڕەتڵی فەصیلەکان بەدوای یەك بەپێی ئەم ئەریتیە :

فەصیلی دوو – فەصیلی یەك – فەصیلی سێ – ئەوانی دیکە بۆ ناوەوە .

جێبەجێ کردن : فەصیلی دوو بەردەوام دەبێت لە ڕێکردن بۆ پێشەوە وە فەصیلەکانی دیکە ئیعازی ژمارە ( ٢ ) دەردەکەن واتە فەرماندەی فەصیلی یەك دووجار ئیعازی ( نیوەی ڕاست وەرگەڕێ ) دەردەکات و

فەرمـــــاندەی فەصـيلی سـێ دووجـار إيعـازی ( نيـوەی چـەپ وەرگەڕێ ) .

٩- لە فەصیلی چەپەوە :

إیعاز : بەڕەتڵی فەصیلەکان بە دوای یەك لە چەپەوە - ئەوانی دیکە بۆ چەپ وەرگەڕێ .

جێبەجێ کردن : فەصیلی سێ و دوو بەردەوام دەبن بـۆ لای چەپ وە جێبەجێ کردن دەکرێت و پێکهاتە تەواو دەبێت وەك لـە إیعازی ژمارە ( ٣ ) هـاتووە واتـە فەرمانـدەی فەصيلی دوو يـەك دوو إيعازی ( نيوەی ڕاست وەرگەڕێ ) دەدەن .

١٠. شـێوە : ﴿ سـریەی سـیانزە ﴾ سریەی ڕێکـردوو بەئەسـەق ڕەتڵی فەصیلەکان لەسەر یە کێك لە لایەکان لێ ی دروست دەکرێت کە وەستان بۆ وەستان .

إیعاز : بـۆ وەسـتان فەصـیلەکانی ئەسـەق بـۆ ڕاسـت - یـان چـەپ - بسوڕێ - ئاسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن : جوڵە دەکرێت لەناو فەصیل وەك لە فێرکردنی فەصیل هاتووە .

١١. شێوە : سریەی ڕێکردوو بەئەسەق دەمانەوێت بیوەستێنین بە ڕەتڵی فەصیلە کان لەسەر یەکێك لەلایەکان .

ایعاز: بۆ وەستان فەصیلەکانی ئەسەق بۆ ڕاست - یان چەپ - بسوڕێ .

جێبەجێ کردن :جوڵەی ناو فەصیل دەکرێت وەك لە فێرکردنی فەصیلدا هاتووە .

١٢. شێوە :سریەی ئەسەق دەمانەوێت ڕەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان پێك بهێنین لەسـەر هـەمان ئاراستە لـە وەستان بـۆ وەستان لەسەر فەصیلی ڕاست .

ئیعاز : بۆ وەستان لەسەر ڕاست ڕەتلی ڕێك و پێك دروست كە - ئەوانی دیكە بۆ ڕاست وەرگەڕێ - ئاسایی ڕێكە

جێبەجێ كردن : فەصیلی دوو و سێ دەسوڕێنەوە بۆلای ڕاست - هەر فەصیلێك لەوانە ڕێدەكات بۆ وەرگرتنی شوێنی خۆی دوای فەصیلی یەك ڕە فەرماندەی فەصیلی دوو و سێ ئیعاز دەدەن « فەصیل - بوەستە - بۆ چەپ وەرگەڕێ » دوایی پێشەوای « قدوة » هەر فەصیلێك دەردەچێت بۆ پێوانی دووری ڕاست كە « ١٢ » هەنگاوە .

١٣ -لەسەر فەصیلی ناوەندی :

ئیعاز :بۆوەستان لەسەر فەصیلی دوو ڕەتلی ڕێك پێك ( رتل منظم ) دروست كە - ئەوانی دیكە بۆ ناوەوە وەرگەڕێ - ئاسایی ڕێ كە .

جێ بە جێ كردن : فەسلی یەكەم دەسوڕێنەوە بۆلای چەپ وسێ یەم بۆ لای ڕاست دوای هەردووكیان ڕێ دەكەن بۆ شوێنی خۆیان دوای فەصیلی دووەم دوایی هەر فەصیلێك دەوەستێت بە ئیعاز لە لایەن فەرماندەی خۆیەوە دوایی دەسوڕێت بۆ ئاراستەی پێشوی خۆی دوایی دوری ڕاست دیاری دەكرێت كە(١٢) هەنگاوە .

١٤-لەسەر فەصیلی ڕاست

ئیعاز : بۆ وەستان لەسەر چەپ ڕەتلی ڕێك و پێك دروست كە - ئەوانی دیكە بۆ لای چەپ وەرگەڕێ ئاسایی ڕێكە .

جێ بەجێ كردن: فەصیلی یە ك و دوو دەسوڕێنەوە بۆ لای چەپ دوای ڕێ دەكەن بۆ شوێنی خۆیان پشتی فەصیلی سێ دوای فەرماندەی هەریەكێكیان ئیعاز دەدەن ( فەصیل - بوەستە بۆلای ڕاست وەرگەڕێ ) دوای دوری پێوانە دەكرێت (١٢) هەنگاو

١٥-شێوە : سریە بەئەسەق پێشڕەوی دەكات بەرەتلی ڕێكردن .

ئیعاز: پێشڕەوی بەرەتڵی ڕێکردن لەڕاستەوە – بۆ ڕاست وەرگەڕێ – بۆ لای چەپ بسوڕێ – ئاسای ڕێکە .

جێبەجێ کردن : سریە دەسوڕێتەوە بۆ لای داواکراو ( فەرمان پێکراو ) وە لەگەڵ ئیعازی (ئاسایی ڕێکە ) دەردەچێت بۆلای داواکراو .

١٦. شێوە : سریە بەئەسەق – دەمانەوێ کشانەوەی پێ بکەین بە ڕەتڵی ڕێکردن ئیعاز : کشانەوە بە ڕەتڵی ڕێکردن لە ڕاستەوە – بۆ ڕاست وەرگەڕێ – بۆ ڕاست بسوڕێ – ئاسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن : وەك لە خاڵی ﴿ ١٥ ﴾ ی سەرەوە هاتووە .

١٧. شێوە : سریە بەئەسەق دەمانەوێ بجوڵێن بە ڕەتڵی ڕێ کردن بۆ یەکێك لە لاکان لە ڕەستان بۆ ڕێکردن .

ئیعاز : جوڵە بۆ ڕاست بە ڕەتڵی ڕێکردن لە ڕاستەوە – ئاسایی ڕێکە یان جوڵە بۆ چەپ بەرەتڵی ڕێکردن – بۆ چەپ وەرگەڕێ ئاسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن : سریە دەسوڕێتەوە بۆ ئاراستە داوا کراو وە دەردەچێت لەگەڵ ئیعازی ﴿ ئاسایی ڕێکە ﴾ .

١٨. شێوە : سریە بە ئەسەق پێشڕەوی دەکات بە ئەسەقی سیانی فەصیلەکان.

ئیعاز : پیشڕەوی بە ئەسەقی فەصیلەکان – بۆ ڕاست وەرگەڕێ فەصیلەکان بۆ چەپ بسوڕێ ئاسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن : سریە دەسوڕێتەوە بۆ ڕاست دوایی فەصیلەکان دەردەچن بەرەو لای چەپ .

١٩. شێوە : سریە بەئەسەق کشانەوە دەکات بە ئەسەقی سیانی فەصیلەکان .

ئیعاز : کشانەوە بە ئەسەقی سیانی فەصیلە کان – بۆ ڕاست وەرگەڕێ – فەصیلەکان بۆ ڕاست بسوڕێ ئاسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن وەك لە خاڵی ﴿ ١٨ ﴾ ی سەرەوە هاتووە .

٢٠ . شێوە : سریە بەنەسەق دەمانەوێت ئاراستەی بگۆڕین بۆ یەکێك لە ئاراستەکان لە وەستان بۆ وەستان .

ایعاز: بۆ وەستان نەسەق بۆ ڕاست بسوڕێ - ناسایی ڕێکە - یان وەستانی نەسەق بۆ چەپ بسوڕێ یاسایی ڕێکە .

جێبەجێ کردن :وەك لە فێرکردنی فەصیلدا هاتووە .

٢١ . شێوە : سریەی ڕێکخراوی نەسەق دەماوێت بوە ستێت بەنەسەق لەسەر یەکێك لەلاکان .

ایعاز : بۆ وەستان نەسەق بۆ ڕاست یان چەپ - بسوڕێ .

جێبەجێ کردن : وەك لە فێرکردنی فەصیلدا هاتووە .

٢٢ . شێوە سریە بە نەسەق دەمانەوێت ئاراستەی ﴿ جهة ﴾ بگۆڕین بۆ یەکێك لە ڕووەکان ﴿ جهة ﴾ لە ڕێکردن بۆ ڕێکردن .

ایعاز : نەسەق بۆ ڕاست یان چەپ - بسوڕێ .

## بەندی (١١٢)

## ایعازەکانی لە ڕەتلی فەصیلەکانەوە

١-شێوە: سریە لە ڕەتلی فەصیلەکان نەسەقێك پێك دەهێنن لەسەرهەمان ئاراستە لە وەستان بۆ وەستان.

ایعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ نەسەق دروست کە- ئەوانی دیکە نیوەی چەپ وەرگێڕێ-ئاسایی ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: فەصیلەکان دووەمو سێهەم دەسوڕێنەوە بۆ نیوەی چەپ لەگەڵ ایعازی (ئاسایی ڕێکە) هەر فەصیل ڕێ دەکات بە ئاراستەی خۆی بەرەو نیوەی چەپ وە لەکاتی گەیشتنی ڕیزی یەك لەهەر فەصیلێك بەرێکی دوا ڕیز لەفەصیلی یەکەم فرمانەدەی فەصیلی دووەمو

سێیەم ایعاز دەدات (نیوەی ڕاست وەرگەڕێ فەصیل بوەستە) دوای ڕێکبوون ئەنجام دەدرێن.

٢-شێوە: سریە لە ڕەتلی فەصیلەکان پێکهاتەی نەسەق دروست دەکات بەمەمان ئاراستە لەڕێکردن بۆ ڕێکردن.

ایعاز: لەسەر چەپ نەسەق دروست کە-ئەوانی دیکە نیوەی چەپ وەرگەڕێ-هاوسەنگ-ڕا-کە.

جێبەجێ کردن: فەصیلی یەکەم بەردەوام دەبێت لەڕێ کردن بەڵام فەصیلەکانی کە ڕاکردنی هاوسەنگ دەکەن (هرولة) بۆ نیوەی چەپ وەچەکیان لەسەرشان ئاگەیشتنیان بە نزیکترین شوێنی لەڕێکی فەصیلی یەك (فەرماندەکەی ایعاز دەدات (فەصیل-نیوەی ڕاست وەرگەڕێ-ئاسایی ڕێکە)

٣-سریەی ڕێکردوو بەڕەتلی فەصیلەکان دەمانەوێت بەنەسەق بوەستێت لەسەرھەمان ئاراستە.

ایعاز: بۆ وەستان لەسریە لەسەر چەپ نەسەق دروست کە-ئەوانی دیکە نیوەی چەپ وەرگەڕێ.

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی فەصیلی یەکەم ایعاز دەدات (فەصیلی یەکەم بوەستە) بەڵام فەصیلەکانی دووەم و سێیەم دەسوڕێنەوە بۆ نیوەی لای چەپ لەگەڵ ایعاز وەلەگەڵ گەیشتنی هەر فەصیلێك بۆ نزیك شوێنی خۆی لەڕێکی فەصیلی یەکەم فەرماندەکەی ایعاز دەدات (فەصیل-نیوەی ڕاست وەرگەڕێ-فەصیل بوەستە)

٤-سریەی ڕێکردوو بەڕەتلی فەصیلەکان دەمانەوێ بوەستێت بەنەسەق لەسر یەکێك لەڕووەکان.

ایعاز: بۆ وەستان فەصیلەکانی نەسەق بۆ ڕاست یان چەپ بسو-ڕێ ئاسایی ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: جوڵە دەکرێت وەك لەفێرکردنی سریەدا هاتووە.

٦-شێوە: سریەی ڕێکردوو بەرەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان دەمانەوێ بوەستێن بەرەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان.

ایعاز: بۆ وەستان ڕەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان دروست کە.

جێ بەجێ کردن: ایعاز دەدرێت بۆ فەصیلی یەکەم-بوەستە، فەرماندەی فەصیلی دووەم دوای وەرگرتنی پێوانەیەکی ڕێسای ایعاز دەدات-فەصیلی دووەم بوەستە. هەروەها فەرماندەی فەصیلی سێهەم.

٧-شێوە: سریە بەرەتڵی فەصیلەکان پێکهاتەی ڕەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان دروست دەکات لە ڕێکردن بۆ ڕێکردن.

ایعاز: لەسەر فەصیلی یەکەم ڕەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان دروست کە-ئەوانی دیکە هاوسەنگ-ڕاکە.

جێ بەجێ کردن: هەرسێ فەصیل وەردەگەڕێن بۆ ڕاست دوایی دەسوڕێنەوە بۆ لای چەپ بەڕێکردنەوە واتە بەرەو ئاڕاستەی بنەڕەتی خۆی.

٩-شێوە: سریە بەرەتڵی فەصیلەکان دەمانەوێت بجوڵێن بۆ ڕاست بەرەتڵی ڕێکردن.

ایعاز: جوڵە بۆ لای ڕاست بەرەتڵی ڕێکردن بۆ ڕاست وەرگەڕێ-فەصیلی یەکەم پێش دەکەوێت-ئەوانی دیکە بۆ چەپ بسوڕێ-ئاسایی ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: دوای ایعازی (ئاسایی ڕێکە) فەصیلی یەکەم پێشڕەوی دەکات بەئاڕاستەی خۆی دوای فەصیلەکانی تر دەکەونە دوای یەوە بەپێی تەریبی ڕێکردن دوایی کەدەسوڕێنەوە بۆلای چەپ. پاشان فەرماندەی فەصیلەکانی دووەم و سێهەم هەڵدەستن بەدەرکردنی ایعازی (بۆ ڕاست بسوڕێ) بۆ پێشەوە بردنی بەرووی فەصیل لەسەر فەصیلی یەکەمی پێشەوە.

۱۰-شێوە: سریە بەرەتلی فەصیلەکان پێکهاتەی نەسەقی سیانی فەصیلەکان دروست دەکات لەسەر یەکێك لە ئاراستەکان (جبهة)

ایعاز: سریە بۆ ڕاست وەرگەڕێ-یان بۆ چەپ وەرگەڕێ.

جێ بەجێ کردن: وەك لەسوورانەوەی ئاسایی دا هاتووە.

۱۱-شێوە: سریە بەرەتلی فەصیلەکان کشانەوە دەکات بۆ دواوە بەرەتلی ڕێکردن لەوەستان بۆ ڕێکردن.

ایعاز: کشانەوە بەرەتلی ڕێکردن لەڕاستەوە (یان چەپ) بۆ ڕاست وەرگەڕێ یان (بۆ چەپ وەرگەڕێ) بۆ ڕاست یان چەپ بسوڕێ ئاسایی ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: سریە دەسوڕێتەوە بۆ ئەو لایەی داواکراو دوایی فەصیلەکان دەسوڕێنەوە بەپێی ایعازی فەرماندەی سریە.

۱۲-شێوە: سریە بەرەتلی فەصیلەکان پێشڕەوی دەکات بەهەمان شێوە.

ایعاز: سریە بەئاسایی ڕێکە.

۱۳-شێوە: سریە بەرەتلی فەصیلەکان-کشانەوە دەکات بەهەمان شێوە.

ایعاز: سریە بۆ کشانەوە-بۆ دواوە ئاسایی ڕێکە.

۱٤-شێوە: سریەی ڕێکردوو بەرەتلی فەصیلەکان ڕووی خۆی دەگۆڕێت بۆ ڕاست.

ایعاز: ڕووی بگۆڕە بۆ ڕاست.

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی فەصیلی یەکەم ایعاز دەدات (نەسەق بۆ ڕاست بسوڕێ) وە دوایی کە فەصیلەکەی سوڕانەوە تەواو دەکەن لەشوێنی خۆیان ڕێ دەکەن و ڕووی تازە وەردەگرن دوایی ایعاز دەدات (بۆ پێشەوە)، فەصیلەکانی تر ڕووی تازە وەردەگرن دوایی ایعاز دەدات (بۆ پێشەوە) فەصیلەکانی تر جولە دەکەن وەکو فەصیلی یەکەم لەکاتی چوونە ژوورەوەیان بۆ شوێنی سوڕانەوە (موضع الاستدارة)

١٥-سریە بەرەتڵی فەصیلەکان ڕووی خۆی دەگۆڕێت بۆ لای چەپ.

ایعاز: لەچەپەوە ڕووی خۆت بگۆڕە بۆ چەپ.

جێ بەجێ کردن: جوڵە دەکرێت وەک لەبڕگەی (١٤)ی سەرەوە هاتووە بەڵام بۆلای چەپ.

## بەندی (١١٢)

## ایعازەکانی سریە لەرەتڵی ڕێک و پێکی فەصیلەکان

١-شێوە: سریە بەرەتڵی ڕێک و پێکی فەصیلەکان دەمانەوێت پێکهاتەی ئەسەقی لێ دروست بکەین بەهەمان ئاراستە لە وەستان بۆ وەستان.

ایعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ ئەسەق دروست کە-ئەوانی دی کە بۆ چەپ وەرگەڕێ.

جێ بەجێ کردن: فەصیلی دوو وسێ دەسوڕێنەوە بۆلای چەپ و لەگەڵ ایعازی ئاسایی ڕێکە هەر یەکێکیان پێشڕەوی دەکات تا دێنە ئاستی فەصیلی یەکەم وە لەم کاتەدا فەرماندەی فەصیل ایعاز دەدات ( فەصیل - بۆ ڕاست وەرگەڕێ ) وە کە فەصیل گەیشتە شوێنی وەستانی خۆی ایعاز دەدات ( فەصیل - بوەستە ).

٢-سریەی ڕێ کردوو بەرەتڵی ڕێک و پێکی فەصیلەکان دەمانەوێت بوەستێن بەئەسەق لەسەر یەکێک لەڕووەکان.

ایعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ ئەسەق دروست کە-ئەگەر ویستمان پێکهاتە لەسەر چەپ بێت، بۆ وەستان بۆ لای ڕاست ئەسەق دروست کە-ئەگەر ویستمان پێکهاتە لەسەر ڕاست بێت.

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی فەصیلی سێ دەست دەکات بەدەرکردنی ایعاز لەپێش فەصیلەکانی تر، (فەصیلی سێ بۆ وەستان ئەسەق بۆ ڕاست یان چەپ بسوڕێ) دوای ئەمە فەرماندەی فەصیلی دوو دەست

دەكات بەهەمان ایعاز دەرکردن بۆ فەصیلی خۆی تا پێوانەیەکی ڕێسایی وەربەگرێت پاشان فەرماندەی فەصیلی یەك.

٣-شێوە: سریە بەرەتلی ڕێكو پێکی فەصیلەکان دەمانەوێت بکرێن بەرەتلی فەصیلەکان لەوەستان بۆ وەستان (دوانزە هەنگاو بۆ هەژدە هەنگاو لەنێوان هەر فەصیلێك).

٤. سریەی ڕێکردوو بە ڕەتلی ڕێكو پێکی فەصیلەکان دەمانەوێت بوەستێن بەرەتلی فەصیلەکان لە دوانزە تا هەژدە هەنگاو لەنێوان هەر فەصیلێك.

ایعاز: بۆ وەستان لەسەر فەصیلی سێ ڕەتلی فەصیلەکان دروست-کە.

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی فەصیلی سێ ایعاز بۆ فەصیلەکەی خۆی دەردەکات (بوەستە) پاشان فەرماندەی فەصیلی دوو هەمان ایعاز دەردەکات دوای وەرگرتنی ئێوانەیەکی ڕێسایی وە هەروەها فەرماندەی فەصیلی یەکیش.

٥-شێوە: سریە بەرەتلی ڕێكو پێکی فەصیلەکان پێکهاتەی ڕەتلی فەصیلەکان دروست دەکات لە ڕێکردن بۆ ڕێکردن (لە ١٢ هەنگاو تا ١٨ هەنگاو)

ایعاز: لەسەر فەصیلی سێ ڕەتلی فەصیلەکان دروست-کە ئەوانی دیکە هاوسەنگ - ڕاکە.

جێ بەجێ کردن: فەصیلەکانی دوو و یەك ڕادەکەن بەهاوسەنگی بەشێوەی بەرزی چەك وەلەگەڵ وەرگرتنی ماوەیەکی ڕێسایی دەوەستن بەفەرمانی فەرماندەی فەصیل پاشان ایعازی (بۆشان چەك دەدرێت)

٦-شێوە: سریەی وەستاو بە ڕەتلی ڕێكو پێکی فەصیلەکان دەمانەوێت پێشڕەوی پێبکەین بەرەتلی ڕێکردن.

ایعاز: پێشڕەوی بە ڕەتلی ڕێکردن لە ڕاستەوە-بۆ ڕاست وەرگەڕێ

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی هەر فەصیلێك ایعاز دەدەن یەك لە دوای یەك (فەصیل-بۆ چەپ بسوڕێ-ئاسایی ڕێ کە)

٧-شێوە: سریەی وەستاو بە ڕەتلی ڕێك و پێکی فەصیلەکان دەمانەوێت بکشێتەوە بە ڕەتلی ڕێکردن.

ایعاز: کشانەوە بەڕەتلی ڕێکردن لە ڕاستەوە (یان چەپ) بۆ ڕاست (یان چەپ) وەرگەڕێ

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی فەصیلی سێ دەست دەکات بەدەرکردنی ایعازی (فەصیلی سێ بۆ ڕاست یان بۆ چەپ بسوڕێ-ئاسایی ڕێ کە بە پێی ایعازی فەرماندەی سریە لەپاشان فەصیلی دوویەك هەڵدەستن بەدووبارەکردنەوەی ئەم جوڵەیە)

٨-شێوە: سریەی وەستاو بە ڕەتلی ڕێك و پێکی فەصیلەکان دەمانەوێت بیان کێشینەوە بە ڕەتلی فەصیلەکان.

ایعاز: بە ڕەتڵ بکشێوە-سریە دەکشێتەوە-بۆ دواوە وەرگەڕێ

جێ بەجێ کردن: سریە وەرگەڕێ بۆ دواوە - فەرماندەی فەصیلی سێ ایعاز دەدات (فەصیلی سێ دەکشێتەوە لەلای چەپەوە ئاسایی ڕێ کە) وەلەکاتێکدا نێوانەی فەصیلی دوو وە فەصیلی سێ نێوانەیەکی ڕێسایی بوو ئەوا فەرماندەی فەصیل هەمان ایعازی سەرەوە دەردەکات هەروەها فەرماندەی فەصیلی یەکیش بەهەمان شێوە دەبێت.

## بەندی (١١٤)

## ایعازەکانی سریە لە ڕەتلی ڕێکردن

١.سریەی وەستاو بەڕەتلی ڕێکردن دەمانەوێت بیکەن بە ڕەتلی وەستاوی فەصیلەکان لەسەر هەمان ئاراستە.

ئیعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ ڕەتڵی فەصیلەکان دروست کە-ئاسایی ڕێ کە.

جێ بەجێ کردن: ئەم جوڵەیە دەکرێت وەك لە فێرکردنی فەصیلدا هاتووە کە هەر فەصیلێك دەبێتە ئەسەق لەشوێنی خۆی.

٢.سریەی ڕێکردوو بەڕەتڵی ڕێکردن دەمانەوێت بوەستێن بەڕەتڵی فەصیلەکان لەسەر هەمان ئاڕاستە.

ئیعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ ڕەتڵی فەصیلەکان دروست کە.

جێ بەجێ کردن: ئەم جوڵەیە دەکرێت لەناو فەصیلەکان وەك لە فێرکردنی فەصیلدا هاتووە.

٣.سریەی ڕێکردوو بەڕەتڵی ڕێکردن دەمانەوێت بوەستێنین بە ڕەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان لەسەر هەمان ئاڕاستە.

ئیعاز: لەسەر چەپ ڕەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان دروست کە.

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی فەصیلی یەك ئیعاز دەدات (فەصیلی یەك بۆ وەستان لەسەر چەپ فەصیل دروست کە) فەرماندەی فەصیلی دوو و سێ هەمان ئیعاز دەدەن دوای وەرگرتنی نێوانیەکی ڕێسایی.

٤.سریەی ڕێکردوو بە ڕەتڵی ڕێکردن دەمانەوێت بیوەستێنین بۆ ئەسەقی سیانی فەصیلەکان لەسەر هەمان ئاڕاستە.

ئیعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ ئەسەقی سیانی فەصیلەکان دروست-کە ئەوانی دیکە نیوەی چەپ وەرگەڕێ.

جێ بەجێ کردن: فەرماندەی فەصیلی یەك ئیعاز دەدات بوەستە بەڵام فەصیلی دوو و سێ دەسوڕێن بۆ نیوەی چەپ هەروەها پێشڕەوی دەکەن بەلادان بەرەو لای چەپی فەصیلی یەك تا وەرگرتنی ماوەیەکی ڕێسایی بۆ ئەسەقی فەصیلەکان دوایی فەرماندەی هەر فەصیلێك ئیعاز دەدات (فەصیل نیوەی ڕاست وەرگەڕێ ئاسایی ڕێ کە)

٦. شێوە: سەریەی وەستاو لە پەتڵی ڕێکردن دەمانەوێت بیگۆڕین بەئەسەقی سیانی فەصیلەکان لەسەر هەمان ئاراستە لە وەستان بۆ وەستان.

ایعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ ئەسەقی سیانی فەصیلەکان دروست کە- ئەوانی دیکە نیوەی چەپ وەرگەڕێ-ئاسایی ڕێکە.

جێ بەجێ کردن: فەصیلەکانی دووەم و سێ یەم دەسوڕێنەوە بۆ نیوەی چەپ پاشان پێشڕەوی دەکەن بۆ لای چەپی فەصیلی یەکەم وەلەگەڵ گەیشتنی هەر فەصیلێك بۆ شوێنی خۆی فەرماندەکەی ایعاز دەدات (فەصیل-نیوەی ڕاست وەرگەڕێ-فەصیل بوەستە)

٧.شێوە: سەریەی ڕێکردوو بەپەتڵی ڕێکردن دەمانەوێت بوەستێنین بەئەسەق لەسەر هەمان ئاراستە.

ایعاز: بۆ وەستان لەسەر چەپ یان لەسەر ڕاست سریە دروست-کە.

جێ بەجێ کردن: وەك لە فێرکردنی فەصیل دا هاتووە.

## بەشی حەڤدەهەم

## فێرکردنی فەوج

ئەم جولانەوەی خوارەوە زۆر گرنگە بۆ مەشق پێ کردنی فەوج وەدووبارە پێك هێنانەوەی، پێشترینی ( قدمی ) سریەکان لەڕاستەوە دەبێت سریەی بارەگا-یەکەم-دووەم-سێ یەم-چوارەم-پاشان سریەی پاڵپشت (اسناد) جولانەوەکان دەکرێن لەناو سریەکاندا وەك پێشتر لەفێرکردنی سریەدا هاتووە ئەو ووردەکاریەی لە نمونەی فێرکردنی فوج داهاتووە ئەوە بۆ چوار سریەی یەکسانە لەڤەبارەدا وە پێویستە ئەم ووردەکاریە ڕەچاو بکرێت وەك بنچینەیەك بۆ مەشق پێکردنی یەکەکە لەهەموو ڕشتەکاندا لەگەڵ ڕەچاوکردنی میلاکی فەوج-کەئیبە لەسریەکان.

## بەندی (١١٥)

## پێکهاتەکان-شوێنی ئەفسەرەکان-جێگری ئەفسەرەکان-عەریف فەصیلەکان

ئەمانەی خوارەوە پێکهاتەکانی فەوجن لەکاتی مەشقدا:

نەسەق (هەر سریە یەك وەستاوە بە نەسەق)

ڕەتلی سیانی (هەر سریە یەك دەبێت لە ڕەتلی ڕێکردندا بێت وەئەفسەرو جێگری ئەفسەر لەسەر لاکان بن.

ڕەتلی ڕێکردن (هەر سریە یەك لە ڕەتلی ڕێکردن وەکەسەکان لە پێش و لەدواوەن)

ڕەتلی سریەکان (هە ر سریە یەك بەنەسەق)

ڕەتلی ڕێز و پێکی سریەکان (هەر سریەیەك وەستاو بەنەسەق لەگەڵ کەم کردنەوەی پێوانەکان)

پارچە (کتلة) (هەر سریەیەك لە ڕەتلی فەصیلەکان وەنێوانی هەر سریەیەك پێنج هەنگاوە)

نەسەق:

١-پێك دێت لە چوار سریەی وەستاو لە تەنیشت یەك بەنێوانی سێ هەنگاو لەنێوان هەر فەصیلێك وەهەر سریەیەك، وەشوێنی ئەفسەرو جێگر ئەفسەر ئەفسەری پۆل وەك هاتووە لە فێرکردنی سریە بەڵام لێرە فەرماندەی فەوج لە دووری (١٥) هەنگاو لەپێش سەنتەری فەوج دەوەستێت وە جێگر لە دووری (٦) هەنگاو لە پێش سەربازی لای ڕاستی فەوج دەوەستێت وەیاریدەدەر لە دووری (٦) هەنگاو لە پێش سەربازی لای چەپ دەوەستێت وە رئیس عرفای یەکە لە دووری سێ هەنگاو لە دوای سەنتەری ڕیزی دواوەی فەوج لە ڕێکی فەرماندەی فەوج دەوەستێت وەك لە کلێشەکەدا هاتووە.

رەتڵی سیانی


٢-وەکو پێکهاتەی نسەقە بەڵام رووی لەلایە بەدەر لە فەرماندەی فەوج کەلە دووری (٩ هەنگاو) لەپێش ڕیزی ناوەندی فەصیلی پێشڕەودا وە جێگری فەرماندەی فەوج دەوەستێت لە دووری (٣ هەنگاو) لە کۆتایی ڕیزی سەنتەری فەصیلی دواوە بەڵام یاریدەدەر لە دوری دوو هەنگاو لە ڕاستو دواوەی فەرماندەی فەوج دەوەستێت وە رئیس عرفای یەکە لەدوری سێ هەنگاو دەوەستێت لەپێش ڕیزی ناوەڕاستی فەصیلی پێشڕەو.

رەتڵی ڕێکردن

٣.ڕەتڵی ڕێکردن هەمان شێوەی ڕەتڵی سیانی هەیە بەڵام لێرە هەموو ئەفسەر و جێگری ئەفسەرو ئەفسەری پۆل لە ڕیزەکاندا دەوەستن وەك لە فێرکردنی سریە .

ڕەتڵی سریەکان :


٤. ئەو ڕەتڵەیە کە هەر سریەیەك لەناوی دا پێك دێت بە نەسەق وەك لە فێرکردنی سریە ، وە سریەکان لە دوایی یەکدا دەوەستن بە شێوەی هێڵەکانی تەریب بە یەکتر نێوانیان یەکسانە بە ڕووی سریە ﴿ جهة السرية ﴾ لەگەڵ سێ هەنگاوە وە شوێنی ئەفسەران و جێگری ئەفسەر لە فێرکردنی سریەدا هاتووە .



بەلام لێرەدا فەرماندەی فەوج لە دوری (١٥) هەنگاو دەوەستێت لەپێش سەنتەری سریە پێشڕەو وە جێگرەکەی لە دوری (٦) هەنگاو لەپێش سەربازی لای ڕاستی ڕیزی پێشەوەی سریەی پێشەوە بەلام یاریدەدەر شوێنی دەبێت لەدوری (٦) هەنگاو لەپێش سەربازی لای چەپی ڕیزی پێشەوەی سریەی پێشەوە وە رەئیس عورەفای فەوج لەدوری دوو هەنگاو لە دوای عەریف فەصیلی ناوەندی هی سریەی دوو کەدەکەوێتە دوایی سریەی پێشەوە وەك لەکلێشەکەدا هاتووە .


**ڕەتلی ڕێك و پێکی سریەکان.**

ه.شێوەی وەك شێوەی ڕەتلی سریەکان بەلام نێوانەکان لەنێوان سریەکان کەم دەبێتەوە بۆ ئاستێکی گونجاو بەمەرجێك یەکسان بن لە نێوان سریەکان.



فەوج بەرەتلی سریەکان

٦. فەوج پێك دەهێنرێت لەکوتلە بەمەرجێك سریەکانی بەشێوەی ئەسەقی سریەکان بوەستن. و هەر سریە یەك دەوەستێت بەڕەتلی ڕێك و پێکی فەصیلەکان، بە نێوانەیەکی (٥) هەنگاو لە نێوان هەر سریە یەك شوێنی ئەفسەرو جێگری ئەفسەرو ئەفسەر پۆلی هەر سریەیەك دەبێت وەك لە ڕەتلی ڕێك و پێکی فەصیلەکاندا هاتووە لەگەڵ ئەوە فەرماندەیی فەوج دەبێت بوەستێت لەدووری (١٥) هەنگاو لەپێش سەربازی چەپی ڕیزی پێشەوەی فەصیلی پێشڕەوی سریەی لای چەپ وە ڕەئیسی عورەفای فەوج (یەکە) لە دووری (٦) هەنگاو لەلای ڕاستی ڕیزی ناوەندی فەصیلی دوو لە سریەی لای ڕاست.



فەوج بەشێوەی کوتلە

## بەندی (١١٦)
## ڕێك بوون (التراصف)

نەمەق:

١- ڕێك بوون جیّ بەجیّ دەکرێت وەك لە فێر کردنی سریەدا هاتووە تەنها ئەوە نەبێت کە ڕەئسی عورەفای یەکە (فەوج) بەهەمان ئەرکی ڕەئیس عورەفایی سریە هەڵدەستێت لە فێرکردنی ڕێك بوون لە سریەدا بەڵام ڕێك بوونی ئەفسەران یان جێگری فەرماندەیی فەوج سەرپەرشتی دەکات.

ڕەتڵی فەصیلەکان و ڕەتڵی ڕێك و پێکی سریەکان.

٢-ڕێك بوون دەکرێت وەك لە فێرکردنی سریەدا هاتووە بەڵام لێرە ڕەئیس عورەفایی سریە بەئەرکی عەریفی فەصیل هەڵدەستێت لەفێرکردنی ڕێك بوون لەسریەدا تێوانەکان لەنێوان سریەکان پێوانە دەکرێت لەلایەن ڕەئیس عورەفای یەکەکە بەهەمان جوڵەکانی ڕەئیس عورەفای سریە هەڵدەستێت لە فێرکردنی ڕێك بوون لە سریەدا.

کوتلە (پارچە)

٣-ڕێك بوون دەکرێت وەك لە فێرکردنی سریەدا هاتووە بە ڕەتڵی فەصیلەکان یان ڕەتڵی ڕێك و پێکی فەصیلەکان وە لەگەڵ دەرکردنی ایعازی (بۆ ڕاست سەیرکە) لەلایەن عەریف فەصیلەکان ووشەی (فەصیل) لەگەڵ بەشی ئاگادارکردنەوە لە ایعاز دەدرێت ئەویش (بۆ ڕاست)ە لەلایەن عەریف فەصیلی پێشرەو لە سریەی لای ڕاست و عەریفی دوا فەصیل لەسریەی لای چەپ، پێویستە لەسەر ڕەئیسی عورەفای یەکە سەرپەرشتی ئەمە بکات.

### بەندی (١١٧)

### جوڵە بە ڕەتڵی سیانی (یان ڕەتڵی ڕێکردن)

### لە پێکهاتەی پارچە (کوتلە)

### فەوج لەشێوەی پشوودان

فەرماندەی فەوج ایعاز دەدات (ووریابە) دوایی ایعازی (بۆشان چەك) دەربەکات پاشان (پێشڕەوی بە ڕەتڵی سیانی لە ڕاستەوە / یان چەپ- سریەی (بۆنموونە یەکەم) پێش دەکەوێت – فەوج بۆ ڕاست وەرگەڕێ) فەوج دەسوڕێتەوە بۆ ئاڕاستەی داواکراو لە هەمان کاتدا هەر یەکێك لە جێگری فەرماندەی فەوج و فەرماندەی سریەکان و یاریدەدەر دەسوڕێتەوە بۆ دواوە فەرماندەی سریەی یەك ایعاز دەدات (فەصیلەکان بۆ لای چەپ بسوڕێ – ئاسایی ڕێکە) پاشان سریەی دووەم... هتد لەوانەیە ایعاز بەم شێوەیە دەرچێت .

کشانەوە بە ڕەتڵی سیانی (ڕەتڵی ڕێکردن) لە ڕاستەوە/یان چەپ سریە ... پێش دەکەوێت) هەموو کارەکانی لای سەرەوە جێبەجێ دەکرێت جگە لە ڕێکردن کە لە دواوە دەست پێ دەکات نەك لە پێشەوە.

### بەندی (١١٨)

### جوڵە بە ڕەتڵی سیانی یان (ڕەتڵی ڕێکردن)

### لە ڕەتڵی ڕێك و پێكی سریەکان

**فەوج لەشێوەی پشوودانە :**

١- پێشڕەوی (یان کشانەوە) بە ڕەتڵی سیانی (یان ڕێکردن) لەچەپەوە فەرماندەی فەوج ایعاز دەدات (ووریابە) پاشان (بۆشان چەك) پاشان لە ڕاستەوە سریە... پێش دەکەوێت جێگری فەرماندەی فەوج و فەرماندەی سریەکان و یاریدەدەر هەموویان دەسوڕێنەوە بۆ دواوە

فەرماندەیی سریەی پێشەوە یان دواوە ایعاز بۆ سریەکانیان دەردەکەن (بۆ چەپ یان ڕاست بسوڕێ ئاسایی ڕێکە) فەرمانی سریەکانی دیکە هەمان شێوەو شوێنی خۆیان دەگرن یان ڕەتڵی ڕێکردن.

٢-ئەگەر جوڵە بریتی ئەبێت لە سوڕانەوەی سریەی پێشڕەو یان دواوە ئەوا فەرماندەیی فەوج ایعاز دەدات (جوڵانەوە بۆ لای ڕاست یان چەپ بە ڕەتڵی سیانی یان ڕەتڵی ڕێکردن) لەچەپەوە ئاسایی-ڕێ کە، سریەی یەکەم دەجوڵێتەوە بۆ پێشەوە لە ڕێکی خۆی بەڵام سریەکانی تر دەسوڕێنەوە تا شوێنی خۆیان وەردەگرن لە ڕەتڵ.

### بەندی (١١٩)

پێکهێنانی ڕەتڵی ڕێەو پێکی سریەکان لە ڕەتڵی سیانی (ڕەتڵی ڕێکردن) بۆ وەستان ڕووت لەلای چەپ ڕەتڵی ڕێەوپێکی سریەکان دروست کە.سریەکان وەکو فەصیلەکان کار دەکەن وەك لە فێرکردنی سریەدا هاتووە.

## بەشی هەژدەهەم

### ئاڵاکان - کەمەربەندەکان - قەیتانی شان - ڕەنگی یەکەکان و پشتەکان

### بەندی (١٢٠)

### ئاڵای یەکەکان

١-ئاڵایەك دەست نیشان دەکرێت بۆ هەر فەوجێکی شەڕکەر (فوج المقاتل) وە کەتیبەکانی تانك زرێپۆش وەکەتیبەی ئەسپ سوار (خیال) وەکەتیبەی تۆپ خانەوە کۆلێژەکانی عەسکەری وەکۆلێژەکان هێزی ئاسمانی و دەریایی.

٢-پێوانەکان ئاڵا دەبێت (١٠٠سم) درێژی (٨٥سم) یان جگە لەقەراغی چەماوەو ڕیشاڵەکان.

٣-دەبێت پانی قەراغی چنراو (٢سم) بێت وەدرێژی ڕیشاڵەکان (١٠سم) بێت بۆ سێ لای ئاڵا وە ئەو لایەی کەتەریبە بە ستوونی ئاڵایە (ساریە) دەبێت قەراغەکەی لەچەرم بێت بەپانی (٥سم) بۆ مەبەستی چوونەناو ستونی ئاڵاوە.

٤- لە گۆشەی سەرەوەی لای ستوونی ئاڵاکە بە ناوی قەوج چنین دەنوسرێت وە لە گۆشەی خوارەوەی لای ساریە بە هەمان شێوە بەرواری پێشکەش کردنی ئاڵا بە چنین دەنوسرێت .

٥-ڕەنگی ئاڵاکان بەم شێوەیە دەبێت.

أ/ ڕەنگی ئاڵای فەوجی شەرکەر ئاوریشمی سەوز بێت.

ب/ ڕەنگی ئاڵای کەتیبەکانی ئانەو زرێپۆش دەبێت ئاوریشمی خۆڵەمێشی بێت.

ج/ ڕەنگی ئاڵای کەتیبەکان تۆپخانە دەبێت ئاورشمێکی سوری تۆخ بێت.

٦.دەبێت ڕەنگەکانی قەراغ و ڕیشاڵەکان وە نوسینی سەر ئاڵاکانی فەوجی شەرکەرو کەتیبەکانی ئانە و زرێپۆش ڕەنگی ئاڵتونی بێت وە کەتیبەکانی تۆپخانەو کۆلیژی هێزی ئاسمانی ڕیشاڵەکانی سپی بێت .

٧-درێژی ستونی ئاڵا دەبێت (٢،٥م) بێت گوڵە نێرگز (زهرە الشهید) کەتیرەکەی (٩سم) بە بەرزی (١٨سم) بێت.

٨-دەبێت ستونی ئاڵا دروست کرابێت لەئەلەمنیۆم بەتیرەی (٥سم) وە پێچرابێت بەچەرم لەبەشی خوارەوەی بەرەو سەرەوەی بەدرێژی (٦٠سم).

٩- دەبێت بەرگی ئاڵا دروست کرابێت لەچەرم بەدرێژی (١م) وەتیرەکەی بەئەستووری بەشەلولەکەی ئاڵا بێت لەسەر ستونەکە.

١٠- دەبێت هەڵگری ئاڵا (حمالة) دروست کرابێت لە چەرم.

١١- دەبێت بەبەردەوامی ئاڵا دانرابێت بەشێوەیەکی باش و پاک و ئوتوکراو لەبەرئەوەی هێمای یەکەیە پێویستە شانازی پێوە بکەین و پارێزگاری لێبکرێت و گیان ببەخشیت لەپێناویدا.

### بەندی (١٢١)

### ڕەنگی ئاڵای سریەکان لە یەکەکان

١- ڕەنگی ئاڵای سریەی یەکەم: سپی

٢- ڕەنگی ئاڵای سریەی دووەم: ڕەش

٣- ڕەنگی ئاڵای سریەی سێ یەم: زەرد

٤- ڕەنگی ئاڵای سریەی چوارەم: وەنەوشەی

٥- ڕەنگی ئاڵای سریەی پاڵپشت: شین

٦- ڕەنگی ئاڵای سریەی بارەگا: سور.

### هەڵگرتنی ئاڵاکان

ئاڵاکانی کۆماری عێراق و دەوڵەتەکانی تر وە ئاڵای یەکەکان و ڕشتەکان هەڵدەگیرێت لەنمایشەکان کەدەکرێت لەیەکەکان و ڕشتەکان یان لەناو سوپادا. وە لێرەدا دوو شێوازی هەڵگرتنی ئاڵامان هەیە کە ئەمانەن:

١- هەڵگرتنی ئاڵا بەهۆی هەڵگرەوە (حمالة)

أ. هەڵگرە دروست کراوە چەرمەیە کەلەبەر دەکرێت بەشێوەی بازنەیەکی یان کەجێگر دەبێت لەسەر کەلەکەی ڕاست دا بەپێی درێژ بوونەوەی دروستی ڕاستی ئاڵا هەڵگرەکە (حامل العلم) ئەم

بازنەیە پێك دێت لەچاڵاییەك بۆ چوونە ناوەوەی ستونی ئاڵا ناوپۆش کراوە بەمادەیەکی کانزایی وە ئەو چاڵیە تیرەکەی فراوانترە لەستونی ئاڵا وە ئەم چاڵیە لەبەشی سەرەوەی گەورەترە لەبەشی خوارەوەی وە بەدرێژی (١٠سم-١٥سم) وە ئەم چاڵاییە جێگرترە بەشێوەیەکی باش لەسەر ڕووی دەرەوەی بازنەی هەڵگر، ئەم بازنەیە کۆتایی پێ دێت لە هەردوو لاکانی بەپشتێنێکی چەرمی پێکهاتووە لەزنجیرەی ڕاکێشان بۆ مەبەستی توندوتۆڵکردن وە هەڵدەواسرێت لەسەر شانی چەپ وە بەم شێوەیە هەڵگرەکە یەکتر برە لەسەر جەستە بەمەرجێك کەپشتێنەکە لەسەرشانی چەپ بێت وەبازنەی هەڵگرەکە لەسەربەشی سەرەوەی ڕانی ڕاست بێت.

ب. ستونی ئاڵا دادەنرێت لەشوێنی تایبەتی خۆی کەبازنەی هەڵگرەکە جێگرە لەسەر بەشی سەرەوەی ڕانی ڕاست وەستونەکە دەگیرێت بەدەستی ڕاست لەبازنەی هەڵگرەوە بەمەرجێك هەرچوار پەنجە ڕووی لەخوارەوە بێت و پەنجەگەورە ڕووی لەپێشەوە بێت.

جـ. دەبێت ستونی ئاڵا بەشێوەیەکی ستونی بێت (عمودی) لەگەڵ درێژبوونەوەی قۆڵی ڕاست وەستونی ئاڵاکە بەرەو سەرەوە.

د. ستونی ئاڵا دەگیرێت لەپێش کۆتایی شانی ڕاست (رمانة الكتف) بەدەستی چەپ بەمەرجێك پشتی لەپی دەستی چەپ ڕووی لەشانی ڕاست بێت و وە پەنجەگەورە دەوری ستونی دابێت لەپێشەوە وە مەچەکی دەستی چەپ تەریب بێت لەگەڵ زەوی دا.



هەڵگرتنی ئاڵا بەهۆی هەڵگردوە ژمارە (٦٠)

٢-هەڵگرتنی ئاڵا بەبێ هەڵگر:

ستون ئاڵا دەگیرێت بە هەمان ڕێگای پێشوو لە هەڵگرتنی ئاڵا بە هەڵگر بەڵام دەستی ڕاست بخەرە ژێر کۆتایی ستون ئاڵاکەوە لە خوارەوە بۆ جێگیربوونی ستونی ئاڵاکە لەسەری وە هەرچوار پەنجەکەی تر چەماوەتەوە بەرەو سەرەوە وەپەنجەگەورە بۆ سەرەوە .



هەڵگرتنی ئاڵا بەپێی هەڵگر ژمارە (٦١)



وێنەی ژمارە (٦٢)

## بەندی (١٢٢)

## کەمەربەند

١-بریتی یە لەپارچەیەکی لاکێشەیی لەقوماش بە درێژی (١٨٠سم) وەپان (١٠سم) ڕەنگەکەی بەپێی ڕەنگی ئاڵای یەکەکان دەگۆڕێت ئەمە دەربارەی یەکەکانی فەرعی (سەریەکان) هەروەها بەپێی ڕەنگی پشتەکان دەبێت ئەمە دەربارەی یەکەکانی لەئاستی فەوج یان کەتیبە وەهەڵدەگیرێت لەلایەن ئێشکگرەکان (عەریفی ئێشکگری یەکەکان یان یەکە فەرعی یەکان).

بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی لەیەکتر وەناسینەوەیان لەلایەن هەر ئاکێکی یەکەکان.

٢-کەمەربەند دروست دەکرێت لەقوماشێکی جۆری باش و ئەستور وەک قوماشی قەیفە وەشتێکی ئەستور لەناویدا دادەنرێت ڕێگری دەکات لەنوشتانەوەی وە بەشێوەیەکی ڕێکوپێکی دەدورێت وە دەبێت هەردوو ڕووەکەی لەهەمان قوماش و لەهەمان ڕەنگ بێت.

٣-هەردوو کۆتایی کەمەر بەند پێکەوە دەبەستێن لەسەرشێوەی سێگۆشە بەمەبەستی زیاتر جێگیربوون لەسەر جەستە وە لەبەیەک گەیشتنی هەردوو کۆتاییەکەدا ڕیشاڵ دێتە خوارەوە لەسەر ڕێکی ڕانی هەنگر بەدرێژی (٥٠سم) کەدروست دەکرێت لەدەزووەوە بەهەمان ڕەنگ.

٤-لەسەر ڕووی نیوەی پێشەوەی دەنوسرێت بۆ نموونە (عەریف ئێشکگر ف.ل.) واتە نوسینی ناوی یەکە بۆ مەبەستی ناسینەوەو جیاکردنەوەی لەعەریفە ئێشکگرەکانی تر بەتایبەت لەکاتی کۆبوونەوەی ئێشکگرەکان بۆ وەرگرتنی نهێنی شەوی ڕۆژانە.

٥-کەمەربەند لەبەر دەکرێت لەسەرشانی چەپ و کەمەری ڕاست بەیەکتر بڕی لەسەر جەستە دەوەستێت وە دەخرێتە ژێر کەتافیەوە وە

نوسراوەکەی سەری ڕووی لەپێشەوە دەبێت و ناڕاستەی نوسینەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەبێت واتە لەشانەوە بەرەو لای کەمەرکە ڕیشاڵەکانی پێوەیەو کۆتایی سێ گۆشەکەکە بەستراوە بەڕیشاڵەکانەوە دەبێت لەسەر لای ڕانی ڕاست بێت بەتەواوەتی بەمەرجێك ڕیشاڵەکان لەسەر ڕانی ڕاست بێت بەپێچەوانەی سوپاکانی بێگانە کە کەمەربەند لەبەردەکەن بەناڕاستەیەکی پێچەوانە لەبەرئەوەی نوسینەکەیان لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەست پێ دەکات.

٦-پێویستە کە مەربەند بە بەردەوامی پاك و خاوێن بێت وەنوسینەکەشی ڕوون و ئاشکرا بێت.

٧-نابێت کەمەر بەند لەژێر پشتێن دابنرێت لەکاتی لەبەرکردنی لەلایەن ئێشکگرەکانەوە.

٨-دەکرێت هێمایان ( شعاری ) ڕشتەیان یەکە لەسەر کەمەربەند ببەسترێت.

٩-دەکرێت لەجیاتی کەمەربەند پارچە قوماشێك لەسەر قۆڵی ڕاست ببەسترێت و لەسەری بنوسرێت (لا.ئینگلیزی ف.ر) بۆ نموونە.

١٠-هەڵگری کەمەربەند نوێنەرایەتی یەکەکەی خۆی دەکات بۆیە پارێزگاری کردن لەکەمەربەند شانازی کردنە بە یەکەکەوە.

١١-کێ کەمەربەند لەبەردەکات لە سوپا:

مەبەست لەکەمەربەند جیاکردنەوەی کەسی عەسکەری کەبەرپرسێتیەکی کاتی سەربازی پێ دەدرێت.

أ.عەریفی ئێشکگر

ب.کارمەندانی جوق و مۆسیقی لەکاتی نمایشی ئاهەنگە سەبازیەکاندا



وێنەی لەبەرکردنی کەمەربەند (٦٣)

## بەندی (١٢٢)

## قەیتانی شان

١-بریتیە یە لەچوارپەتی بادراو بەیەکدا بەشێوەیەکی بازنەی یان چوارگۆشەیی کەتیرەکەی (١ سم )ە وەدرێژی (١٢٠سم )ەکە پێك هاتووە لەچەند ڕەنگێك بەپێی ڕەنگی ڕشتەکان یان یەکەکان.

٢-دەبێت قەیتان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

أ. بەشی سەرەوەی لەسەر شێوەی بازنەی بێت وەدرێژی چێوەی بازنەکە(٦٠سم ) بێت.

ب.بەشی خوارەوەی دەبێت لەسەر شێوەیەکی ڕێك بێت وەکۆتایی بێت بەتەلقەیەك لەهەمان قەیتان بۆ مەبەستی چوونە ژوورەوەی قۆپچەی گیرفانی پێشەوەی لای ڕاست یان بۆ مەبەستی هەلواسینی شاور.

ج.بەشە ڕێکەکەی خوارەوە دەبەسترێت لەگەڵ بازنەی سەرەوە بەگرێ یەك کە درێژییەکەی (٣سم)ەوە دەکرێت چنراو بێت بەهەمان ڕەنگ بۆ ڕێگری کردن لە کردنەوەی.

٣-قەیتان لەبەر دەکرێت بەدانانی بازنەی سەرەوە لەشانی ڕاست لەژێر کەتافیەوە بەمەرجێك گرێکەی شۆڕبێتەوە لەژێر باڵی ڕاستیدا وەبەشە ڕێکەکەی خوارەوە شێوە بازنەیەك دروست دەکات بەدانانی لەگیرفانی ڕاستی سنگدا لەبەدلەی نمایش یان کراس دا.

٤-لەکاتی لەبەرکردنی بلوزی جەرسی کە گیرفانی نی یە لەشوێنی گیرفانەکە قۆپچەیەك دەبەستێت بۆ پێوە بەستنی قەیتان بەلام بەبێ شاور.

٥-دەبێت ڕەنگی قەیتانی سریەکان تەنها یەك ڕەنگ بێت ئەو ڕەنگەش هەمان ڕەنگی ئاڵای یەکەکانە ئەمەش لەناو سەربازگەکاندا، بەلام

قەیتانی یەکەکانی کەلەئاستی فەوج یان کەتیبەدان یان سەروتر ڕەنگی ڕشتەکەیان هەڵدەگرن لەگەڵ ڕەنگی تایبەت بەیەکەکەوە.

٦-دەبێت قەیتان بەبەردەوامی پاك و خاوێن بێت وەبگۆڕدرێت لەکاتی پیس بوونیدا.

٧-ئەمانەی خوارەوە ڕەنگی ڕشتەکان و خزمەت گوزاری یەکانە بەپێی پێشترینیان (قدم) لەهێزە چەکدارەکاندا:

| | |
|---|---|
| ا.هێزی ئاسمانی | ڕەنگی ئاسمانی |
| ب.هێزی دەریایی | ڕەنگی شین تۆخ |
| ج.تانك | ڕەنگی خۆڵەمێشی |
| د.هێزە تایبەتەکان (قواط خاصة) | ڕەنگی سووری جگەری |
| هـ.پیادە | ڕەنگی سەوز |
| و.تۆپخانە | ڕەنگی نیللی |
| ز.بەرگری ئاسمانی | ڕەنگی شینی تۆخ |
| ح.هەندەسەی عەسکەری | ڕەنگی شین |
| ط.هەواڵ‌دێری | ڕەنگی شینی کاڵ |
| ی.پێداویستی یە هونەریەکان | ڕەنگی |
| ك.ڕشتەی کیمیاوی | ڕەنگی پرتەقاڵی |
| ل.دابین کردنی گواستنەوە | ڕەنگی کاکاوی |
| م.طبابة | ڕەنگی سەوزی تۆخ |
| ن.البيطرة | ڕەنگی ڕەش |
| س.العينة | ڕەنگی سەوزی کاڵ |
| ع.هـ.ا.ك | ڕەنگی پرتەقاڵی |
| ف.اشغال عسكري | ڕەنگی شین |
| ص.ڕشتەی یاسایی | ڕەنگی سپی |

| | |
|---|---|
| ق. ئەسپی سوار | ڕەنگی خۆڵەمێشی |
| ر. مۆسیقا | ڕەنگی وەنەوشەیی |
| ش. دەرمانخانە | ڕەنگی سوری تۆخ |
| ت. ئینزباتی عەسکەری | ڕەنگی سووری ئاسایی |
| پ. ئاگرکوژێنەوەی عەسکەری | ڕەنگی کاکاوی |

## بەندی (١٢٤)

## بوق لێدان

١-لەسەربازگە هەمیشەییەکاندا (بوق لێدانی ئاسایی ڕۆژانە)

أ. بوقی هەستان.
ب. بوقی پێشکەش کردنی ئامادەبوان.
ج. بوقی دەست پێ کردنی مەشق
د. بوقی پشوودان (سەرەتاو کۆتایی)
هـ.بوقی کۆتایی هێنان بە مەشق.
و.بوقی نان خواردنی بەیانی.
ز.بوقی وانەکان (سەرەتا و کۆتایی).
ح.بوقی کۆبوونەوەی نەخۆشەکان (عیادات).
ط.بوقی نان خواردنی نیوەڕۆ.
ی.بوقی وەرزشی ئێواران.
ك.بوقی خوێندنی ئێواران.
ل.بوقی خوێندنی شەوان.
م.بوقی سەرژمێری ئێواران.
ن. بوقی کۆبوونەوەی ئەرکەکان.
س. بوقی گۆڕینەوەو پشکنینی پاسەوان.

ع. بوقی نوستن.

ف. بوقی کوژانەوەی ڕووناکی.

٢- بوق لێدان و ناناسایی لەسەر بازگە هەمیشەییەکاندا:

أ. بوقی ئاگادار کردنەوە.

ب. بوقی ئاگرکەوتنەوە.

جـ. بوقی سەلام کردنی پاسەوان لەکاتی هاتنە ژوورەوەو چونە دەرەوەی فەرماندەی یەکە یان میوانێکی گرنگ.

د. بوقی کۆبوونەوەی سزادراوەکان.

هـ. بوقی کۆبوونەوەی ئەفسەران.

و. بوقی کۆبوونەوەی ڕەئیسی عورەفای یەکەکان.

ز. بوقی کۆبوونەوەی عەریفەکان و ئەفسەری پۆل بۆ ئەرکەکان.

ص. بوقی بەرزکردنەوەو داگرتنی ئالا.

ط. بوقی امراء.

ی. بوقی سڵاوی کۆماری لەکاتی ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆک کۆمار یان نوێنەرەکەی.

ك. بوقی پۆستە گەیاندن.

٣- بوق لێدانەکانی تر:

أ. بوقی بەخاك سپاردن.

ب. بوقی درێژ لێدان دوای بەخاك سپاردن.

جـ. بوقی دەست پێکردنی تەقەکردن و کۆتایی پێکهێنانی لەگۆڕەپانی تەقەکردن.

د. بوقی یەکخستنی کاتژمێرەکان.

هـ. بوقی هێماکانی لیواکانی یەك و دوو و سێ ....هتد.

و. بوقی ئامادەبوونی بوق لێدەر و تەپڵ لێدەر.

ز. بوقی ئامادەبوونی چاو ساغەکان.

ح. بوقی فێرکردنی جوڵەکانی تۆپخانەو پیادەی هەڵگیراو.

ط. چەند جۆرە بوق لێدانێك هەیە لە گۆڕەپانی شەڕدا وەك ( هێرشکردن ، بەردەوام بوون لەسەر هێرش کردن ، کشانەوە ، وەچەند فەرمانێکی تر )

## بەندی ( ١٢٥ )

## شێوازی پاسەوانی رێزلێنان

## دانانی گوڵ لەسەر گۆڕی سەربازی وون

١-کۆمەڵی پاسەوانی رێزلێنان (جماعە حرس الشرق)

أ- پاسەوانی رێز لێنانی پلە یەك:

یەکەم:

پێك دێت لەفەرماندەی پاسەوان بەپلەی ڕائد یان نەقیب وە دوو ئەفسەری پاسەوانی تر بەپلەی ملازم یەکەم یان ملازم وە سەد لە کارمەندان وە کۆمەڵی ئالا کەپێك هاتووە لەئەفسەرێك بەپلەی ملازم وەدوو ئەفسەری پۆل بەپلەی عەریف.

دووەم:

پاسەوانی پلەیەك بۆ ئەمانەی خوارەوە ئەردەچێت.

١) سەرۆك کۆمار.

٢) پادشاو سەرۆك دەوڵەتەکان.

٣) نوێنەری دەوڵەتەکان بە پلەی سەفیر.

ب- پاسەوانی رێزلێنان پلە دوو:

یەکەم: پێک دێت لەفەرماندەی پاسەوان بەپرووتبەی نەقیب یان ملازمی یەکەم لەگەڵ سێ ئەفسەری تر بەپرووتبەی ملازم لەگەڵیاندا هەڵگری ئاڵا لەگەڵ (٥٠) کارمەندی تر.

دووەم: پاسەوان دەردەچێت بۆ:

١) سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتانی بێگانە.

٢) وەزیری سەرپشککراو


٣) سەرۆک ئەرکانی سوپاو سەرکردەی تیپەکان (قادە الفرق) لەکاتی سەردانیان بۆ شوێنگەو پارێزراوە سەربازیەکان (الحاميات العسكرية)

٢-ڕێکخستنی پاسەوان:

پێش دانانی پاسەوان دەست دەکەین و ڕێکخستنیان بەگوێرەی بەرزی بالآکانیان وەبەم شێوەیە:

(بالآ بەرزترینیان بۆلای ڕاست و کورت ترینیان بۆ لای چەپ لەیەک ڕیزی تاکی دا – بوەستە )


هەموویان بلآودەبنەوە وە ڕیزدەبنەوە لەیەک ڕیزی تاکی دا بەگوێرەی بالآ بەرزی، بەجۆرێک دەوەستن درێژترین لەلای ڕاست و کورت ترین لەلای چەپ و وەچەکەکانیان هەڵگرتووە بەشێوەی (بەرزکردنەوە) وە شێوەی ڕێکبوون وەردەگرن لەڕاستەوەو ایعازیان دەدرێتێ (بەژماردن) وەک لەم شێوەی (١)




شێوەی ( ١ )


سەربازەکان دەست بەژماردن دەکەن  لە ڕاستەوە بۆ چەپ
( بۆشان - چەپ - ژمارەتاکەکان یەک هەنگاو بۆ پێشەوە وە ژمارە جوتەکان یەک هەنگاو بۆ دواوە - ڕێ کە ) .

ژمارە تاکەکان دەست دەکەن بەهەنگاونان بەیەک هەنگاو بۆ پێشەوەو ژمارە جوتەکان یەک هەنگاو بۆ دواوە وەک لە شێوەی (٢)دا هاتووە .




شێوەی ( ٢ )

( ژمارەیەک جێگیر بێت - ڕیزی یەکەم بۆ ڕاست و ڕیزی دووەم بۆ چەپ - وەرگەڕێ هەردوو ڕیزەکە دەسوڕێن هەریەکەیان بۆ ڕووی دیاری کراو وەک لە شێوەی (٣)دا هاتووە:




**شێوەی ( ٢ )**

پاسەوان دروست کە – ئاسایی – ڕێکە )
هەمووان هەنگاو دەنێن بۆ ئەوەی بسوڕێنەوە وەژمارە جوتەکان بۆ ڕاستو چاودێری سەربازی چەپ دەکەن لە ژمارە تاکەکان.

**جوق و مۆسیقا:**

مەبەست لە جوقو مۆسیقا بۆ مەشق پێکردنی هەموو یەکە سەربازیەکان بۆ چۆنێتی ڕێکردنی ڕاست لەکاتی ئاهەنگو نمایشە سەربازیەکان وتنەوەی سرودی نیشتمانی یە، وە هەروەها بۆ پێشوازی لێکردنی بەپرسانی وولاّتانی تر (سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، وەزیری بەرگری، نوێنەری فەرمی سەرۆک کۆمار)

**تیپی جوقو مۆسیقا لەچەند پلە پێك دێت:**

**پلەی یەکەم:** لە (٨٥) ئەندام پێك دێت

**پلەی دووەم:** لە (٤٥) ئەندام پێك دێت

**پلەی سێ یەم:** لە (٣٠) ئەندام پێك دێت

جوق پێك دێت بەگوێرەی ئالەتە مۆسیقیەکان لەگەلّ مایستڕۆ (فەرماندەی تیپ)

| ژ | ناو | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | بکلۆ | ٤ |
| ٢. | تۆبۆ | ٤ |
| ٣. | فلوت | ٤ |
| ٤. | کلارنێت Bb | ١٠ |
| ٥. | کلارنێت Eb | ٤ |
| ٦. | ترامپێت | ١٠ |
| ٧. | کۆرنێت | ٤ |
| ٨. | ترامبون | ٨ |
| ٩. | هۆرن | ٣ |
| ١٠. | سکسیفۆن Bb | ٤ |
| ١١. | سکسیفۆن Eb | ٤ |
| ١٢. | E فۆنیتۆم | ٤ |
| ١٣. | بێسمس ﴿ تۆبە﴾ | ٤ |
| ١٤. | سمبل ﴿ صنج ﴾ | ٢ |
| ١٥. | سایدرام | ٦ |
| ١٦. | بیس درام | ٢ |
| ١٧. | بیس کلارنێت | ١ |
| ١٨. | بسون ﴿ فاجوت ﴾ | ٢ |
| ١٩. | زایلۆفۆن | ١ |
| ٢٠. | فابریفۆن | ١ |
| ٢١. | سیلیست | ١ |
| ٢٢. | جرس | ١ |

چۆنێتی دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕی سەربازی وون یان مۆنۆمێنتی شەهید یەکەم.

بۆ دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕی سەربازی وون یان مۆنۆمێنتی شەهید بۆ ئەم پایانەی خوارەوە مەرجە تاجەگوڵینە کە لەلایەن دوو ئەفسەرەوە هەڵبگیرێت کەهەردووکیان یەك پلەیان هەبێت و هەموو ئیعازەکانیش لەلایەن پێشترینیانەوە دەدرێت.

١-سەرۆك کۆمار

٢-سەرۆك پەرلەمان

٣-سەرۆك وەزیران.

٤-وەزیری بەرگری.

٥-سەرۆکی ئەرکانی گشتی.

جێبەجێکردن:

لەکاتی هەڵگرتنی تاجەگوڵینە لەلایەن دوو ئەفسەرەکەوە پێشترینیان ایعازی لەسەرخۆ ڕێ – کە) دەدات تا دەگەنە شوێنی دانانی تاجە گوڵینە بەدوو هەنگاو پاشان ایعازی (بوەستە) دەدرێت، پاشان هەردوو ئەفسەر بەپێنج هەنگاوی لەدوایەك دەست دەکەن بە ڕێکردن بۆ شوێن گۆڕکێ پێ کردنی خۆیان بۆ ئەوەی ڕووی تاجەگوڵینەکە بکەنە میوانەکە، پاشان ایعازی بۆ ناوەوە وەرگەڕێ دەدرێت ( واتە هەردوو ئەفسەرەکە ڕوودەکەنە یەکتری پاشان ایعازی (بنوشتێرەوە) (انحنی) دەدرێت هەردوو ئەفسەرەکە کە جوڵەی یەکەم دەکەن لەڕێ کردن بۆ لاکان و پاشان دەنوشتێنەوە بۆ دانانی تاجەگوڵینەکە لەسەر کەژاوەی شەهید وەپاشان بەایعاز دەگەڕێنەوە دواوەو جارێکی تر بۆ ناوەوە وەردەگەڕێن لەگەڵ لێدانی بووقدا دەست دەکەن بەسەلام کردن هەتا کۆتایی بوق لێدانەکە پاشان بۆ دواوە وەردەگەڕێن و بە ایعاز دەست دەکەن بەڕێ کردن بۆ بەجێ هێشتنی کەژاوەی شەهید.



وێنەی ژمارە ( ٦٤ )

ڕێ کردن بەتاجە گوڵینەکەوە



وێنەی ژمارە ( ٦٤ آ )

شوێن گۆڕگێ هەردوو ئەفسەر لە دوای وەستانیان



وێنەی ژمارە (٦٤ ب)

سەلام کردنی هەردوو ئەفسەر لە دوای دانانی تاجە گوڵینە

# ناوەڕۆک


| بەشەکان | | بەندەکان | پەڕە |
|---|---|---|---|
| | | پێشەکی | ٢ |
| یەکەم | ١ | پێناسەکان | ٤ |
| | ٢ | ڕاسپاردە بۆ مامۆستاکان | ٨ |
| | ٣ | ڕۆڵی مامۆستایان | ٩ |
| | ٤ | چۆنیەتی بەدەست هێنانی بەرزترین کاریگەری لە (رهط) | ١٠ |
| | ٥ | ڕاست کردنەوەی هەڵەکان | ١١ |
| | ٦ | شێوازی فێرکردن | ١٢ |
| | ٧ | ئیمازەکان | ١٣ |
| | ٨ | کاتەکانی ئیماز | ١٦ |
| | ٩ | فێرکردنی ئاڵوگۆڕ بۆ ئیمازەکان و جێبەجێ کردنی | ١٧ |
| | ١٠ | یانکردن بە کات | ١٨ |
| | ١١ | کات و هەنگاو | ١٩ |
| | ١٢ | کەرەستەکانی میکانیزمی بۆ فێرکردن | ٢٠ |
| | ١٣ | چەند ئەزموونی یەک لە پشکنین | ٢٢ |
| | ١٤ | نموونەی پرۆگرامی مەشق لەسەر جوڵەکانی نمایش کردن و پاسەوان | ٢٩ |
| دووەم | | فێرکردنی: رهط (لە وەستان- بەبێ چەک) | ٣٦ |
| | ١٥ | وریا بوون | ٣٧ |
| | ١٦ | پشوودان | ٤٣ |
| | ١٧ | پشوو | ٤٤ |
| | ١٨ | دروست کردنی ڕیزێک و دوو ڕیز وە سێ ڕیز | ٤٤ |
| | ١٩ | ڕێک بوون | ٤٥ |
| | ٢٠ | ژماردن و جێگیربوون (العدد والثبات) | ٤٩ |
| | ٢١ | کردنەوەو داخستنی ڕیز | ٥٠ |
| | ٢٢ | سوڕانەوەو لادان | ٥٢ |
| | ٢٣ | پەرشبوون و بڵاو بوونەوە (الانصراف و التفرق) | ٥٤ |
| | ٢٤ | ڕێکخستنی بالاکان (التنسيق القامات) | ٥٥ |
| سێیەم | | ڕێکردن | ٥٨ |
| | ٢٥ | ڕێکردنی ئاسایی و وەستان | ٦١ |
| | ٢٦ | درێژ کردنەوەو کورت کردنەوەی هەنگاو | ٦٢ |
| | ٢٧ | هەنگاو بۆ پێشەوە و بۆ دواوە | ٦٣ |
| | ٢٨ | هەنگاو بۆ لاکان | ٦٤ |
| | ٢٩ | پێچ کردنەوە (الاستدارة) | ٦٦ |
| | ٣٠ | سوڕانەوەو ڕێکردنی ئاسایی لاراو (الدوران و السير الاعتيادي المنحرف) | ٦٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٣١ | لە شوێنی خۆ ڕێکردن – بۆ پێشەوە – وەستان لە کاتی ئاساییدا | ٦٩ |
| | ٣٢ | گۆڕینەوەی هەنگاو لە ڕێکردنی ئاسایی و لە شوێنی خۆت ڕێکردن | ٧١ |
| | ٣٣ | ڕێکردن بە هاوسەنگی ( هرولة ) لە ڕێکردنی ئاسایی لە شوێنی خۆت ڕێکە و لە وەستان | ٧٢ |
| | ٣٤ | کردنەوە و داخستنی ڕیز لەکاتی ڕێکردندا ) | ٧٦ |
| | ٣٥ | گۆڕینەوەی ڕوو بەگۆڕینی ئاراستە لە ڕێکردن و لە وەستان | ٧٧ |
| | ٣٦ | ڕێکردنی ئاسایی بە ئەسەق و گۆڕینەوەی ئاراستە | ٧٩ |
| چوارەم | | دروست کردنی ( رهط ) | ٧٩ |
| | ٣٧ | پێکهێنانی ( رهط ) لە وەستان بە ڕێکردنی لەسەر خۆ | ٧٩ |
| پێنجەم | | پێک هێنانی ( رهط ) لە دوو ڕیز | ٨٠ |
| | ٣٨ | دروست کردنی دوو ڕیز لە سێ ڕیز | ٨١ |
| | ٣٩ | پێک هێنانی سێ ڕیز لە دوو ڕیز | ٨٢ |
| شەشەم | | ڕێکردن بە ڕەتڵی تاکی | ٨٣ |
| | ٤٠ | ڕێکردن بە ڕەتڵی تاکی بۆ رهط یکی ڕێکراوی بە ڕەتڵی سێیانی ڕووەو یەکێک لە لاکان | ٨٤ |
| | ٤١ | ( رهط ) یکی ئەسەق ڕێ دەکات بە ڕەتڵی تاکی | ٨٥ |
| حەوتەم | | سەلام کردن | ٨٦ |
| | ٤٢ | سەلام کردن لە وەستان | ٨٧ |
| | ٤٣ | سەلام کردن لە ڕێکردن | ٩٢ |
| | ٤٤ | سەلام کردن لە کاتێکدا سەرباز سەرپۆشی لەسەردا نەبێت | ٩٩ |
| | ٤٥ | سەلام کردن لەکاتێکدا کەیەکەکان بەکۆمەڵ ڕێ دەکەن | ١٠٨ |
| هەشتەم | | فێرکردنی دار ( العصا ) | ١١٣ |
| | ٤٦ | ووریا بوون بەدار | ١١٥ |
| | ٤٧ | پشوودان بەدار | ١١٩ |
| | ٤٨ | ڕێکردن بەدار | ١١٩ |
| | ٤٩ | وەستان | ١٢٢ |
| | ٥٠ | سووڕانەوە بۆ دواوە | ١٢٣ |
| | ٥١ | ڕۆیشتن ( الانصراف ) | ١٢٥ |
| | ٥٢ | سەلام کردن بەدار | ١٢٦ |
| نۆهەم | | ڕاهێنانی چەک لە وەستان و ڕێکردن جگە لە سەلام کردن | ١٢٩ |
| | ٥٣ | ووریا بوون | ١٣٠ |
| | ٥٤ | پشوودان و پشوو | ١٣٢ |
| | ٥٥ | بۆشان چەک لەلاچەکەوە و بە پێچەوانەوە | ١٣٥ |
| | ٥٦ | ڕێکردن لەکاتی لەسەر شان چەک و لەلاچەکدا | ١٤٦ |
| | ٥٧ | سەلام کردن بە چەکەوە | ١٤٦ |
| | ٥٨ | سڵاوکردن لەشان چەکەوە بە پێچەوانەوە | ١٤٩ |
| | ٥٩ | بۆ زەوی چەک – هەڵگرە چەک | ١٥٦ |
| | ٦٠ | گێرە بەستن و لێکردنەوەی لە چەکی کلاشینکۆف | ١٦٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٦١ | شێوەی پشکنینی چەك لەلاچەکەوە و بە پێچەوانەوە | ١٦٨ |
| | ٦٢ | شێوەی پشکنین لەشێوەی شانی چەك و بە پێچەوانەوە | ١٦٨ |
| | ٦٣ | لەشێوەی پشکنینەوە بۆ شانی چەك | ١٧٢ |
| | ٦٤ | لەلاچەکەوە بۆ ئاسۆیی چەك و بە پێچەوانەوە | ١٧٨ |
| | ٦٥ | لەشانی چەکەوە بۆ ئاسۆیی و بە پێچەوانەوە | ١٧٩ |
| | ٦٦ | لەشێوەی لەشانی چەکەوە بە پێچەوانەوە | ١٨٢ |
| | ٦٧ | ئامادە باشی لەلاچەکەوە بە پێچەوانەوە | ١٨٤ |
| | ٦٨ | لە ئامادە باشی و شانی چەك و لاچەکەوە بۆ بەرزی چەك | ١٨٦ |
| | ٦٩ | دانانی چەك (النصب) لەشانی چەك و بە پێچەوانەوە | ١٩١ |
| | ٧٠ | لەدانانەوە بۆ لاچەك و بە پێچەوانەوە | ١٩٢ |
| | ٧١ | ڕێکردن بە پشوودانەوە (چەك لەسەر شان) ڕێکردن بە وورياپوون | ١٩٥ |
| | ٧٢ | ڕێکردنی پشوودان - هەڵواسینی چەك | ١٩٨ |
| دەهەم | | ڕاهێنانەکانی چەك بۆ ژن و ڕەسمی بە خاك سپاردن | ٢٠٠ |
| | ٧٣ | ڕێکردن و وەستانی لەسەرخۆ | ٢٠٠ |
| | ٧٤ | سووڕان و ڕێکردنی لادراوی لەسەرخۆ | ٢٠٣ |
| | ٧٥ | لەشوێنی خۆت ڕێکردن - بۆ پێشەوە - وەستان یەکانی لەسەرخۆیی | ٢١٢ |
| | ٧٦ | گۆڕینەوەی هەنگاو لە ڕێکردنی لەسەرخۆ و ئاسایی | ٢١٣ |
| | ٧٧ | گواستنەوە لە ڕێکردنی لەسەرخۆ و ئاسایی و ڕاکردنی هاوسەنگ | ٢١٥ |
| | ٧٨ | ڕێکردنی لەسەرخۆ بەدەستەوە | ٢١٧ |
| | ٧٩ | گۆڕینی ڕوو بە گۆڕینی ئاراستە لەکاتی ڕێکردن و وەستان بە ڕێکردنی لەسەرخۆ | ٢١٨ |
| | ٨٠ | پێچکردنەوە بە ئاسەق بە ڕێکردنی لەسەرخۆ | ٢٢٠ |
| یانزە | | ڕاهێنانی چەك لە ژن و ڕەسمی بە خاك سپاردندا | ٢٢٠ |
| | ٨١ | لەشانی چەکەوە بۆ چەك لەسەر شان | ٢٢٢ |
| | ٨٢ | بۆ شانی چەك لە چەك لەسەر شانەوە لە ژن و ڕەسمی بە خاك سپاردن | ٢٢٧ |
| | ٨٣ | وەستان لەسەر چەك لە لەشانی چەك و وەستانی بە خاك سپاردن | ٢٤٣ |
| | ٨٤ | بۆشانی چەك لەشێوەی وەستان لەسەر چەك لە وەستانی بە خاك سپاردندا | ٢٤٨ |
| | ٨٥ | ڕاهێنانەکانی شمشێر لە ژن و ڕەسمی بە خاك سپاردن بە ملی مێ | ٢٥٢ |
| دوانزە | | فێرکردنی شمشێر بە پێ ڕێکردن | ٢٥٣ |
| | ٨٦ | گرتنی شمشێر (وصف السيف) ، وورياپوون و پشوودان | ٢٦٢ |
| | ٨٧ | دەرهێنانی شمشێر لەکێلان و بە پێچەوانەوە | ٢٦٩ |
| | ٨٨ | سەلام کردن و ڕۆیشتن | ٢٧٢ |
| | ٨٩ | فێرکردنی شمشێر بە سواری - دەرهێنانی شمشێر و بە پێچەوانەوە | ٢٨٥ |
| سیانزەهەم | | فێرکردنی ئێشکگر | ٢٩٠ |
| | ٩٠ | ئاڵوگۆڕکردنی پاسەوانی تاك لەشوێنی خۆی | ٢٩١ |
| | ٩١ | پاسەوانی تاك بەشێوەی پشوودان | ٢٩٢ |
| | ٩٢ | گەڕانی پاسەوانی تاك و سەلام کردنی لەکاتی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی | ٢٩٢ |
| | ٩٣ | پاسەوانی جووت سەلام دەکات لەشوێنی خۆی | ٢٩٤ |
| | ٩٤ | پاسەوانی جووتی ڕێکراوو لەشوێنی پاسەوانی (موقع الحراسة) | ٢٩٦ |
| | ٩٥ | پاسەوانی جووتی ڕێکراوو سەلام دەکات لەشوێنی پاسەوانی | ٢٩٧ |
| چواردە | | پاسەوان و ئێشکگر | ٢٩٨ |
| | ٩٦ | پاسەوانی هەستاو بۆ دەبەستەکانی ئاشتی | ٢٩٨ |
| | ٩٧ | چەند خاڵێك دەربارەی پاسەوانی یەکەکان | ٢٩٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٩٨ | پشکنینی کۆمەڵەکانی پاسەوان | ٢٠١ |
| | ٩٩ | گۆڕینی کۆمەڵی پاسەوان | ٢٠٤ |
| | ١٠٠ | کۆبوونەوەو بڵاوبوونەوەی پاسەوان | ٢٠٨ |
| | ١٠١ | دانانی ئیشکگرە جێگرەکان - ڕێکردنیان و ڕۆیشتنیان | ٢٠٩ |
| | ١٠٢ | بانگ کردن | ٢١١ |
| پانزە | | فێرکردنی فەسیل و سریە | ٢١٤ |
| | | فێرکردنی فەسیل | ٢١٦ |
| | ١٠٤ | پێکهاتەو شوێنەکان و خاڵە گشتی یەکان | ٢١٧ |
| | ١٠٥ | ڕێک بوون | ٢٢١ |
| | ١٠٦ | جوڵەکانی فەسیل لە نەسەق | ٢٢١ |
| | ١٠٧ | جوڵەکانی فەسیل لەڕەتڵی ڕێکردن (رتل المسير) | ٢٢٤ |
| | ١٠٨ | جوڵەکانی فەسیل لەڕەتڵی زەکایی (الرتل الزكوي) | ٢٢٧ |
| | ١٠٩ | جوڵەکانی فەسیل لەڕەتڵی تاکی | ٢٢٨ |
| شانزەهەم | | فێرکردنی سریە | ٢٢٩ |
| | ١١٠ | پێکهاتەکانی سریە | ٢٣٠ |
| | ١١١ | ئیعازەکانی لەنەسەق | ٢٣٣ |
| | ١١٢ | ئیعازەکانی لە ڕەتڵی فەسیلەکانەوە | ٢٤٤ |
| | ١١٣ | ئیعازەکانی سریە لەڕەتڵی ڕێك و پێکی فەسیلەکان | ٢٤٨ |
| | ١١٤ | ئیعازەکانی سریە لە ڕەتڵی ڕێکردن | ٢٥٠ |
| حەڤدەهەم | | فێرکردنی فەوج | ٢٥٢ |
| | ١١٥ | پێکهاتەکان-شوێنی ئەفسەرەکان-جێگری ئەفسەرەکان-عەریف فەسیلەکان | ٢٥٤ |
| | ١١٦ | ڕێك بوون (التراصف) | ٢٥٩ |
| | ١١٧ | جوڵە بە ڕەتڵی سیانی (یان ڕەتڵی ڕێکردن) | ٢٦٠ |
| | ١١٨ | جوڵە بە ڕەتڵی سیانی یان (ڕەتڵی ڕێکردن) | ٢٦٠ |
| | ١١٩ | ڕەتڵی سیانی (یان ڕێکردن) | ٢٦١ |
| هەژدە | | ئاڵاکان – کەمەربەندەکان – قەیتانی شان – ڕەنگی یەکەکان و ڕشتەکان | ٢٦١ |
| | ١٢٠ | ئاڵای یەکەکان | ٢٦١ |
| | ١٢١ | ڕەنگی ئاڵای سریەکان لە یەکەکان | ٢٦٤ |
| | ١٢٢ | کەمەربەند | ٢٧١ |
| | ١٢٣ | قەیتانی شان | ٢٧٤ |
| | ١٢٤ | بوق لێدان | ٢٧٦ |
| | ١٢٥ | شێوازی پاسەوانی ڕێزلێنان | ٢٧٨ |

نابێت ئەم کوراسەیە بەکاربهێنرێت
لەدەرەوەی هێزە چەکـــدارەکـــان

کوراسەی فەرمی
ژمارە / ١



# کوراسەی
# فێرکردنی جوڵەکانی نمایش و پاسەوان
# بۆ هەموو ڕشتەکان



ئامادەکردن و وەرگێڕانی


مقدم
فاروق حسن محمد

عقید
گوهدار محمد سعید







ژمارە / ١ کوراسەی فێرکردنی جوڵەکانی نمایش و پاسەوان بۆ هەموو ڕشتەکان ت١ / ٢٠٠٧